بە ڕای زمانناسی کوردی سۆفیەتی جاران (زارا یوسوبۆف ئێلینۆڤا) زمانی کوردی لەسەر بنەمای ئیتنیکی لە دوو زاری سەرەکی(کورمانجی و گۆران) پێکهاتووە، واتە کرمانجی ژووروو و کرمانجی ژێری بە بنزارەکانیانەوە، زاری گۆران(زازاکی- هەورامی، بە بنزارەکانی شەبەک و باجەلان و زەنگنە..تد)، بەڵام بە ڕای زانایەکی کوردی فەیلی وەک د.ئیسماعیل قەمەندار کە ئەندامی ئەکادیمیای زانستی فرەنسایە، نووسەری کتێبی(زارە کوردییەکانی خوارین- اللهجات الکوردیە الجنوبیە)ە، ئەو زارەکانی(لەک و لوە و کەهوور و گەروسی..تد)، بە کەمەڵەی سەیەمی زارە کوردییەکان دەناسێنێت، مخابن ئەو زارە هەستەنە کوردییانە لە بەشەکانی کوردستاندا، سەبارەت بە زەر هەکاری ئایدەلۆژی و سیاسی کە پێشتر ئاماژەم پێکردوون، دووچاری نکۆڵی لێکردن و هەڕەمەتی جینۆسایدی کەلتووری هاتوون، ئەویش لە ڕێی قەدەغەکردنی قسەپێکردن و نەخوێندنی لە بوارێیلی پەروەردە و فێرکردندا، لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە، ساڵانەش بوودجەیەکی قەبەیان بە پلان و بەرنامەڕێژی کردنی ئاسمیلەکردنی ئەو زارە کوردییانە تەرخان کردووە، تەنانەت چەندان نووسەر و زمانناسی ئەکادیمی لە خودی ئەو خەڵکانەیان هانداوە بە ئەوەی تۆژینەوەو کتێبەکانیان لەسەر جیاوازی و سەربەخۆیی ئەو زارانە بە چاپ بگەیەنن و بانگەشەی ئەوەش بکەن کە زارەکانیان زمانی سەربەخۆن و کوردی نین.
کاتێک کەمەڵگەیەک پێدەزانێ زمانەکەی لە مەترسی لەناوچووندایە، دەتوانێ تەکەشانەکانی بەدەر لە ئایدۆژیای سیاسی و حیزبایەتی و ناوچەگەرێنی بکاتە یەک و هەنگاوی ئەوتۆ هەبێنێت کە بە ڕاستی بکرێ زمانەکەی ببۆژێنێتەوە، بە سەرکەوتن لەو کارەشدا هەبێت هەموو خەباتێک دەبێ بە ئاوایەکی نەتەوەپەروەرانە دروست بکرێ، واتە تاک و کەی کەمەڵگەکە خەی دەبێت ویستی ڕزگارکردنی زمانەکەی هەبێت، واتە ئەو کولتوورەی کە پارچەیەک پێویستی بەوە هەیە کە ڕەزی زمانەکەی خەی بگرێت، ئەو کارەش دەرفەت و دەرەتانی مادی و مەعنەوی و میدیایی پێویستە، دیارە پێویستی بە هەبوونی زمانناسانیش هەیە، کە بە ئەرکی سەرەتایی گردەوەکەیی و بە بەڵگەیی کردنی زمانانەوە خەریک بن.
د.فوئاد حەمە خورشید لە پێشکی کتێبی(زمان و زارە کوردییەکان) یدا دەڵێت: لەم سەردەمەدا زمانی کوردی لە نەو باهەزی بە جیهانیبوون و سەدەی مردنی زمانەکان و بادەستی زمانی ئینگلیزیدا، بە ڕەوەکی سەخت و پڕ لە کێشە و هەڕەشەت تێدەپەڕێت. ئەم زمانە بە درێژایی

مژوو هەر بە زیندوویی ماوەتەوە، ئەمە هەر چەندە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە لایەن دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا و ئێران و عیراق و سووریاوە زۆر بە تووندی نکۆلی لە کراوە و بە زۆر شێواز هەوڵی لەناوبردنی دراوە، مەگەر تەنها لە بەشێکی کوردستاندا کە باشووری کوردستانە، دوای خەباتێکی بوچان و قوربانییەکی زۆر، ئازادیی بەکارهێنانی بە ڕەخساو هەتا ڕادەیەکی بەرچاویش گەشەی کردووە.

لە کوردستاندا کە پتر لە سی و چوار ساڵە خاوەنی حکومەت و دەیان دەزگەی تەڤزنەوەو ناوەندی کەلتوورین، تا ئێستا وەکو پێویست بە شێوەیەکی زانستی تەڤزینەوە لەسەر ئەم زارە کوردییانە نەکراوە، کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی زارەکییش لە نێو زارەکاندا هەیە و بە میتۆدێکی زانستی کۆنەکراوەتەوە، ئەمە ئەم گەنجینە ئەدەبییە لەبەردەم مەترسی لەناوچوونداید، ئەمە لە کاتێکدا ئەمە لە سەردەمی کۆکردنەوەی زانیاریداین و تەکنەلۆجیایەکی پێشکەوتووی تەمارکردن و نەخشەسازیمان لەبەردەستدایە، کەچی تا ئێستا ئەتڵەسی زارەکانمان نییەو ناشزانین ژمارەی ئاخێوەری زارەکانیشمان چەندن، نەک هەر زارەکان، بەکو هەتا ئێستا نازانین لەسەر نەخشە جوگرافیای زمانی کوردی لە کوێوە هەتا کوێ درێژ دەبێتەوە، هەندێک تەڤژەری کورد بە کاریگەری هەندێک لە ڕەڤەڵاتناس و کوردناسە ئەوروپییەکان گومان لە ناسنامەی کوردبوونی زمان و ناسنامەی لوە و لەک و زازا و هەورامییەکان دەکەن، چاوەڕێ دەکەن ئەوان بە ئەمە بڵێن ئەم زارە کوردییە و ئەو شێوەزارە کوردی نییە، ئەوان بە ئەمە بڵێن کە زمانی کوردی چەندان زاری هەیە، ئەوسا ئەمەش بە خۆشحاڵییەوە بڵێین ئەدی ئەوە نییە ئەوروپییەکان دڵنیان ئەوانە کوردن، کەواتە ئەوانە زاری کوردیین، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمە بە خەمان لە زارەکانی کوردی بکەینەوە و لەسەر بنەمای مژووی گەشەکردنی زمانی کوردی و بنەماکانی زمانەوانی نوێ ناسنامەیان دیار بکەین، هەروەها دابەشکردنێکی سەردەمییانە بە زارەکان بکەین و نەخشەی ورد و زانستییانەیان بە بکێشین.

ئایا زمانی کوردی هێشتا لە سنووری مان و نەمان دایە؟

ئەمە زمانی کوردی ئەو سنووری بڕەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە و مەترسیە سەرەکییەکانی سەر ئەم زمانە لە سەردەمی گلۆباڵ و تەکنەلۆژیای زانیاریدا کامانەن، چەن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بڕۆ و گەشەکردن و بەخشینی توانای هووبوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندییە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فۆرم و ناوەکۆ دەوڵەمەندتری بکەین، چەن دەتوانین بارودۆخ و توانستەکانی ئەم

زمانە بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین، بە گومان چ زمان بە خانەی هەستیی بزانین یان بە ئامرازی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، چ بە دیاردەیەکی مێژوویی دابنێین یان وەکوو سیستەمێک لە نیشانەکان بیبینین و بە شێوەیەکی هەنووکەیی سەیری بکەین، ناتوانین خەمان لەم ڕاستییە بشارینەوە کە زمان و هزری مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوی یەکترن، بە واتایەکی دیکە زمان ئامرازی هزرکردنە و هزریش بنەمای زمانە.

زمانی کوردی و گوتاری ناسیۆنالیزم

هزری نەتەوەیی، کەلەکەی سەرکی ڕزگارکردنی ئەم زمانەیە، کە لە ژێر پەنجە نۆگریسەکانی سەینەوەی کولتووریی ئەو دەسەڵاتە پاوانخوازانەی کە سەردەمانێک خۆنیان بە درووستکردنی یەک نەتەوە و یەکزمان دەبینی. بەڵام ئێستاکە بە ئاشکرا و بە تەواوی پێیکەری ئەم ئاوات نامرۆڤانەیان ڕووخاوە، ئەم حکومەتانە بە ناچاری ئاراستەی سیاستەکەیان گۆڕیوە بە سیاستی برایەتی ڕەتیی و ڕازی کردنی ڕووکەشیانە، پێیان خۆش بێت یان نا، ئێستە زمانی کوردی یەکەکە لەو زمانە زیندووانەی کە تەنانەت لە غیابی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیشدا ڕووبەڕکی سیاسی و کولتووریی بەرین و بەرفراوانی هەیە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە دەرکەوتە ئایدیۆلۆژیکەکەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەشتا قەناعەتی بەم وەرچەرخانە مێژووییە نەهێناوە و هەر لە هەڵەندی دووانەی مەرگ و ژیانەوە مێژی زمانی کوردی دەکات، بەم پێیەش تا ڕادەیەکی زۆر ئاگەر و دەخەکانی گۆشەی زانستیی لەبەرگرتنەوە و ڕێگەی بە هەر چەشنە دەستەوەردانێکی نازانستیی خۆش کردووە؛ ئەو دەستەوەردانەی کە بە دروشمی ڕەسەنایەتی و پاراستن و دەوڵەمەندکردنی زمان و کتێبخانەی کوردی پاساو دەدرێن، بە گشتیی دوو گرووپ خاوەندارێتی ئەم دەستێوەردانە ئایدیۆلۆژیک و نازانستییە دەکەن:

یەکەم- ئەوانەی تا ئێستەش ئاگاداری ئەم ڕاستییە نین و بە شێوازەکانی ڕابردوو هەشتا هەر پاراستنی زمان بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

دووەم- ئەوانەی بە تەواوی ئاگادارن، بەڵام ئەم دەخۆیان پەخشترە و شکڵی دەستکرد و نانی خۆ هەڵواسین بەم زمانەدا بە ئاسانی ڕادەستی پرسەی بە پسپۆڕیی بوون و زانستیی کردنەوەی زمانی کوردی ناکەن، بە داخەوە نموونەیان کەم نییە ئەوانەی کە هەرچەند توانستی وەزیفی و دارایییان قەرخکردووە، هەشتا گرفتی سەرکییان لە نووسینی کوردیدا هەیە، کتێبی فەرکاریی زمانی کوردی بەاودکەنەوە.

بە ئایدیالیزەی کردن یەکەکە لەو مەترسیانەی دەتوانێت پەوەندیی ئاستەوخۆی نێوان زمان و هزر تووشی دابەزان بکات، ئایدیالیزەی وەکوو دەزگایەکی هزریی سیاسیی پشتر داڕێژراو و بە پیرۆزکراو، ئاراستەی گۆڕانکارییەکانی زانستیی زمان دەگۆڕێت و سیستەمێکی چەقبەستوو لە نیشانەکان بەرهەم دەهێنێت، کە دەروازەکانی زمان لەسەر گۆشەکردن و نوێبوونەوە دادەخات، لە ساتەوەختێکدا بە دووپات بوونەوەی دروشمگەلی وەکوو "هەرچی بێت هەر کوردی بێت" زمان دەبەستێتەوە بە ستراتیژیی ناشارەزایی و لە ئەنجامدا دەقی لاواز و نزیک بەرهەم دەهێنێت. بە نموونە دوای ڕاپەڕین و لە ژێر کاریگەریی ململانێی سیاسیی و ئایدیۆلۆریی و فەرهەنگیی نێوان حیزبەکانی باشووری کوردستاندا کە بوو بە هۆی هەڵتەقانی دەیان زانکۆی ئاهلی و بەخشینی سەدان بڕوانامەی باڵاو دامەزراندنی دەیان مامۆستای زانکۆی بێ بەهرە و بوونی چەندان دەزگا و ڕێکخراو بە زمان و کەلتووری کوردی، دیاردەی وەرگێڕانێکی بێ لێشاو هەموو ڕووبەری زمان و هزری داگیر کرد، کە بە داخەوە لە غیابی میکانیزمی زانستیی و چاودێریی پەویستدا تا ئێستاش بەردەوام و خراپترین شێوە تێنیوەتەوە. ڕاستییەکی تاڵ کە بووتە هۆی زمانبڕیی بێشکی بەرچاو لە خوێنەران و هەگرانی زمانی کوردی.

(بەشی دووەم)

هەر جارە هەوڵدانێک بە گۆڕینی پێڕۆیەکی پەروەردەیی وەک ئامرازێک بە دووبارە نووسینەوەی مێژوو و هەڵوەشاندنەوەی زمانی کوردی، کە لەسەر ڕاستگۆیی لەگەڵ مێژووی نەتەوەکەماندا بنیات نراون، نێک لەسەر داهێنانی ناوی نوێ بە خزمەتکردنی ئامانجەندا سیاسییەکانییەکان، کە خزمەت بە ئامانجیندای داگیرکەرانی کوردستان دەکەن، بە نموونە ماوەیەکە باس لە زمانی ئیزیدی و خوێندن بە زمانی ئیزیدی دەکرێت، لە ڕاستیدا کەس ناڕازیاتی نییە بەرامبەر بە کردنەوەی قوتابخانە یان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، بە خوشک و برا ئیزیدییەکانمان، بەڵکو ئەمە بە زەروورەتێکی کەلتووری و نەتەوەییشی دەزانم، بەڵام گوتنی ئەوەی کە "یەکەم قوتابخانەی زمانی ئیزیدی" کرایەوە، بە ڕای من ئەوەندەی دەستکەوت نییە، بەڵکو ساختەکردنی مێژووی نەتەوەکەمانە، چونکە ئیزیدی ئایینێکی کۆنی کوردستانە، زمانەکەشیان سەر بە زاری کورمانجییە، واتە زمانێکی سەربەخۆ نییە، بەپێی ئەوەی لە توێژینەوە زمانەوانیدا ناسراوە، سەبارەت بە زمانی زارەنەی ئیزیدییەکان بە درێژایی مێژوو، هەر زمانی کوردی-زاری کرمانجی بووە، کە تێیدا میراتی ئایینی و کولتووری ئیزیدی نەوە لە

دوای نەوە پارێزراوە، جا ئەگەر زمانەکی سەربەخۆی ئێزیدی هەبووبێت، کەواتە کتێبە مێژوویەکانیان لە کوێن؟ کوا یاسا زمانەوانییەکانی؟ لە کوێ میراتی نووسراوەکەی کە بە درێژایی سەدەکان درێژ بووەتەوە، بەچی دەقە ئایینی و میراتی زارەکی ئێزیدی بە زاری کرمانجی پارێزراو بوون؟ ئێزیدییە نوێنەکان، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ئەرمەنستان، بەشێک لە کوردانی ئێزیدی لەناکاو و موجیزەیی ئەو بیرکەوتەیان پەرەپێدا، کە گەلەکی سەربەخۆن و هیچ پێوەندییەکیان بە کوردەوە نییە، تەنانەت کوردیان بە دوژمنی سەرسەختی ئێزیدییەکان دەزانی و کوردستانیان بە تابو دەزانی. باشووری کوردستانیان بە "باکوری عێراق" و بەشی باکووری کوردستانیان بە "ڕۆژئاوای ئەرمینیا" ناوبرد، ئەم بیرکەیە لەلایەن ناسیۆنالیستە ئەرمەنییەکان و بەشێک لە ئێندامانی پەرلەمانی ئەرمەنستان و هەندێک نووسەر و ئەکادیمی ئەرمەنستانەوە پشتیوانی لێکرا. ڕۆژانە پەخشی ڕادیۆیی ٣٠ خولەکی تایبەت بە سووکایەتی کردن بە کورد و کوردستانیان پەدەدرا و جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئێزیدییەکان گەلەکی سەربەخۆن و کوردنین و کورد دوژمنی هەردوو گەلی ئێزیدی و ئەرمەنستانن. تەنانەت ئەوەندەش ڕۆیشتن کە بانگەشەی ئەوە بکەن کە زمانی کوردی نییە، تەنیا زمانەکی ئێزیدییە.

- لە ساڵی١٩٨٩ بەشی ئاماری ئەرمەنستان ڕایگەیاند کە ئێزیدییەکان گەلەکی جیاوازن لە کورد و هیچ پێوەندییەکیان بە کوردەوە نییە. پەرلەمانی ئەرمەنستانیش دانی بە زمانی ئێزیدیدا نا و دەستی کرد بە چاپکردنی کتێبی خوێندن بە زمانی ئێزیدی و بە شێوەیەکی موجیز، زمانی کوردی بوو بە زمانی ئێزیدی. ئەو ئێزیدییانەی دژایەتی ئەو بەمانایانیان دەکرد، کەوتنە بەر هەرشی جەستەیی. ئەکادیمیستەکان شاکر خدە و کارلین چاچان و ئەوانی تر لەلایەن ئەم گروپەوە لەیاندرا بەهەی ئەوەی ڕایانگەیاند "ئەمەی کوردی ئێزیدین". تەنانەت هەرشیان کردە سەر کەسایەتییە ئایینییە ئێزیدییەکان و میر تەحسینیان بە خائین ناوزەدکرد، بەهەی پەداگری لەسەر کورد بوونی ئێزیدییەکان دەکرد، ئەم ئێزیدییە نوێیانە پاڵپشتی سەرکردایەتی سیاسی ئەرمەنیان هەیە. بە نموونە کاتێک پترۆسیان سەرۆک کۆماری ئەرمینیا بە بەشداری کردن لە پرسەی تورگوت ئۆزال سەردانی تورکیای کرد، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، "لە ئەرمینیا کورد نییە؛ ئێزیدی هەیە، ئەوانیش کورد نین".

ئەوەی گرنگە لە سەرەتاوە جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەم جۆرە پرسە زمانەوانییانە پەیوەستیان بە خوێندنەوەیەکی بابەتییانەی هەیە، نەک سیزدارانە و دوور لە سادەکردنەوە یان حوکمدانی نادادپەروەرانە، چونکە زمان لە جەوهەرەکەیدا، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، کە مێژوو و کولتوور و سیاسەت تێکەڵە دەکات و ئەمەش وای کردووە ئەم باسە لە ئادەبدەر گرنگ بێت، بە تایبەت کاتێک باس لە ناسنامەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەی کوردستان و سیستەمی زمانەوانییان دەکرێت.

بەیەکدیاردەی ناساندنی پرسی ئێزیدییەکان وەک نەتەوە و ناساندنی زارەکەیان وەک زمان(زمانی ئێزیکی)، جگەلە پیلانێکی قێزەونی ناحەزانی نەتەوەکەمان، پرسێکی تازەش نییە و سانسکرێتی زۆر لایەت ناسیونالیستی ئەرمەن و تورک و عەرەبەوە کاری بە دەکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی گۆران لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتەکانیاندا بەربەڵاوترین زارەکانیان لەبەرچاو دەگرن، وەک زمانی ستاندارد وەریاندەگرن، کە دواتر بە زمانی فەرمی دەوڵەت دەناسرێن، بەڵام ئەم شێوەزارانە، لە جەوهەردا، بەشێک لە سیستەمی فراوانتری زارە لەناو یەک زماندا دەمێنێنەوە، نەک بە تەواوی بوونەکی جیاواز، ئەم شێوازە لە زۆربەی ئەزموونە زمانەوانییەکان لە سەرانسەری جیهاندا دووبارە دەبێنەوە، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەوەی لە دەزی زمانی کوردیدا ڕووەدات، هەڵاوێر نییە، بەڵکو یاسایەکی گشتییە کە بە هەموو گۆران کاری پێدەکرێت.

ئەگەر ئەمە گەلێ کوردیش دەوڵەتێی نەتەوەیی خۆی دامەزراندبا، لە نموونەی گۆرانی دیکەی جیهان و بەرفراوانترین زاری خۆی هەڵدەبژارد، وەک زمانی ستاندارد، هەبەتە دوای پاککردنەوەی لە وشەو زاراوە بیانییەکان، ئەمەش لەسەر بنەمای ئاو زاخیرە بەرفراوانەی وشەسازیی هەسەنی کوردی کە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا دەبینرێن. پاشان ئەم زارە لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان و لە بڵاوگەنامەکردنی بەرهەمە هزرییەکانیاندا بەکاردەهێنرێن. دواتر پێیان دەڵێن زمانی فەرمی کوردی، هەروەک چۆن گۆرانی دیکەی ناوچەکە و جیهان کردوویانە.

ئەمە ڕەوتی سەروشتی و لۆژیکییە بە وەرگرتنی یەکێک لە زارەکانی وەک زمانی ستاندارد و فەرمی خۆی، گۆران بە زۆری لە کاتی بنیاتنانی دەوڵەتە مۆدێرنەکانیاندا دەیکەن، کە پێویستیان بە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو هەیە بە ئیدارە و

پەروەردەو فەرکردن، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەوان بە زمانێکی نوێ هاتوون کە ئەوانی بە زاری دیکە قسەیان دەکرد نەیاندەتوانی لەگی تێبگەن. ئەمەش بەو واتایەیە کە ئاگەر ئەمە مامەڵە لەگەڵ بەربەڕاوترین شۆڤێنیزمی کوردی بکەین، بەمان دەردەکەوێت کە گەلی کورد خاوەنی هەموو توخمێکی پێویستە بۆ ئەوەی زمانێکی کوردی ستانداردی هەبێت، کە بتوانێت هەموو کورد یەکبخات و وەک زمانی هاوبەشی خەڵکی خزمەت بکات. ئەو بەربەستەی لە ئێستادا ڕێگری لە کورد دەکات بۆ گەیشتن بەم کارە سیاسییە نەک زمانەوانی، زمانی کوردی زمانێکی بەهێز و دەوڵەمەندە و چەندان زار و شێوەزار و وشەسازی هەیە.
ئاشکرایە کە هەزی هەر زمانێک تەنیا بە ژمارەی ئاخێوەرەکانی ناپەورێت، بەڵکو بە توانای بەرهەمهێنانی مەعریفە و پانایی وشەسازییەکەی و هەمەجۆریی پێکهاتە ناوخۆییەکەی، جگە لە توانای گونجاندنی لەگەڵ زانستە مۆدێرنەکاندا، زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە وشەسازی، نەرم و نیان و خاوەنی میکانیزمی دروستکردنی وشەی نوێ، کە لە خودی جەوهەر و ڕەحی زمانەکەوە وەرگیراوە، وەک زمانێکی ئاگلۆتیناتیڤ پێڵێن دەکرێت، وەک زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ئەوانی تر، واتە زەرجار دوو وشە کەدەکرێنەوە و وشەیەکی نوێ بە مانایەکی نوێ پێکدەهێنن. زمانی کوردی خاوەنی ئەم توانایەیە کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ زاراوەی مۆدێرنی ڕەژئاوایی کە بە وەسفکردنی داهێنان و دۆزینەوەکان بەکاردێت.
زمان بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت. بۆیە بە هەرشکردنە سەر زمانی کوردی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەرش دەکەنە سەر خودی شوناسی نەتەوەیی و ئەمەش لە ڕەچاوکردنی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەربەستی بابەتیی تریش هەن کە ڕەگەزن لەوەی کورد شارەزا بێت لە هەموو ئەو وشە زمانەوانییانەی کە لە سەرانسەری کوردستاندا قسەی پێدەکرێن. گرنگترینیان ئەو سنوورە سیاسیانەیە کە کوردستانیان دابەش کردووە بەسەر چوار وڵاتدا، ئەم سنوورانە بەهەی هەلومەرجی مێژوویی و کەلەنیالیزمەوە سەپێندراون، پەیوەندی زمانەوانی و کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان سنووردار کردووە، ئەمە فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ نەتوانینی کورد لە زاڵبوون بەسەر هەموو زارە کوردییەکاندا، جیاوازی شێوەزاری دیاردەیەکی سروشتییە و کاریگەری لەسەر یەکگرتوویی زمان و یەکیتی نەتەوەیی نییە.

ئەگەر جیاوازی زۆر لە وشەسازی لە نێوان ناوچەیەکی تردا بدۆزینەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە کورد لە ناوچەیەکدا بە زمانێکی جیاواز قسە دەکەن، جیاوازە لەو زمانەی کە کورد لە ناوچەیەکی دیکەدا قسەی پێدەکات، ئەم جۆرە ئارگیومێنتە یان دەرئەنجامە لە هاوبەشەر بەمانایە و یان لە نزانینیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو کەسە لە جیاوازیی نێوان زمانێک و زارێک تێناگات یان لە هاوبەشکی بە مەبەست بە تێکدانی خودی زمانی کوردی و گومان خستنە سەر بوونی زمانی کوردی. بەڵام جیاوازییە بەرچاوەکانی بکارهێنانی وشەسازیی دیارکراو لە ناوچەیەکی کوردییەوە بە ناوچەیەکی دیکە، دەرخەری دووەمێندی و فرەچەشنی زمانی کوردییە، هەر ناوچەیەک خاوەنی وشەسازی تایبەتی خۆیەتی، جیای دەکاتەوە لە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی یەک زماندا دەمێنێتەوە و لە زمانی هاسەنی کوردییەوە لک و پۆپ دەکات. زمان سەرچاوەیە، زاراوەش لک و پۆپن. ئەم فرەچەشنییە لە شێوەزارەکاندا، لە واقیعدا، لاوازی نییە، بەڵکو هێزەکە بە زمانەکەمان، چونکە هەنگدانەوەی زیندوویی و دووەمێندی و فرەچەشنی زمانە، توانای بەرگەگرتنی لە سەرانسەری جوگرافیایەکی فراوان و لە ژێر بارودۆخی سیاسیی جیاواز و ئاهەزدا. بەیە بەمان دەردەکەوێت کە وشەسازیی کوردی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دابەش بووە، ئەگەر لە یەک ناوچەدا قەتیس بوایە، بەشکی زۆری دووەمێندی خۆی لەدەست دەدا و بەشکی زۆری بە تەپەبوونی کات نەدەما. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە نەیاندەتوانی هەموو وشەسازییەکانی ناو فەرهەنگی کوردی بکاربهێنن؛ بەڵکو شێوازێکی تایبەتی وشەیان هەڵدەبژارد و ئەوانی دیکەیان بەجێدەهێشت، کە دواتر لەگەڵ کاتدا دەبووەوە و نەدەما، دابەشبوونی جوگرافی و هەروەها دابەشبوونی کتێبخانەی زمانەوانی بەرفراوانی کوردی لە سەرانسەری هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، بەشداری کردووە لە پاراستنی ئەم میراتە زمانەوانییە دووەمێند و بەرفراوانە. سەرەڕای ئەو شەڕ و سیاسەتانەی کە زمانی کوردییان کردە ئامانج، و ئەو قەناغانەی کە بکارهێنانی قەدەغەکرابوو و سەرەڕای هەمەتەکانی شێواندن و ئینکاری، هەر وەک زمانێکی زیندوو و بەهێز دەمێنێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر توانای مانەوە و بەرگەگرتن و ئەوەی کە زمانێکە بەرگەی لەناوچوون دەگرێ.

زمانی کوردی خاوەنی دەوڵەمەندی و فرەچەشنییەکە کە وای لێدەکات بتوانێت زمانێکی یەکگرتوو پێکبهێنێت، بە مەرجێک مەرجە مێژوویی و سیاسییە گونجاوەکان جێبەجێ بکرێت، هەروەک چۆن لەگەڵ زمانەکانی دیکەی جیهاندا ڕوویداوە، جگە لەوەش جیاوازییە شێوەزارییەکانی ناو خۆی، یەکێتییەکەی نکۆڵی ناکات، بەڵکو زیندوویی و وشەسازی دەوڵەمەند و قووڵی مێژوویەکەی دووپات دەکاتەوە.

شەڕی ئەمریکاو ئیسرائیل لە گەڵ ئێران!.. حەسەن ڕازانی

ئەمریکاو ئیسرائیل ئەو شکستیان لەسەرچی لەگەڵ ئێران دەست پێکرد؟ شکۆ ئامانجی هەیە. کەواتە ئایا ئامانجەکانی ئەو شەڕە هاتوونەتەدی؟
ئایا شکستیان بە تەواوی کۆتایی هاتووە؟

ململانێی سیاسیی و سەربازیی لە نێوان ئەمریکاو ئێراندا شتێکی تازە نیەو مێژوویەکی هەیە. کاتێکیش کە ڕووبازی سیاسیی و دیبلۆماسیی شکست دەهێنێت و ئامانجەکانی بە تەواویی بەدەست ناهێنێت، ئیتر ڕووبازی شەڕو توندو تیژیی دەگیرێتەبەر!
لەو ململانێیەدا ئیسرائیل وەک بەڕێی پشتەوەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەردەکەوێت نەک تەنها وەکو پرۆکسیەکی ئەمریکاو بەس! مێژووی سیاسی و سەربازیی ئەمریکا بریتییە لە هەوڵی مانەوەی وەکو تاکجەمسەری جیهان و تا ڕادەیەکیش تاکو ئەم دواییانەش ئەمریکا توانیوێتی لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو بێ!
ئەمریکا زۆر دەمەکێ وەک تاکە جەمسەری بەهێزی جیهان مامەڵە لە گەڵ دەوڵەتاندا دەکات بە تایبەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەمەوە!
ئێستا جیهان لە ڕووی سیاسیی و سەربازییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە بەرامبەر ئەمریکادا هێزی زۆر کاریگەری تر سەری هەڵداوە بە نموونە چین کە بەتە مەتەکە بەسەر دەی کەمپانیا زبەلاحە سەرمایەدارییەکانی ئەمریکاوە! چین لە ڕووی ئابووری

وسەربازیی و تەکنەلۆژیاوە توانیویەتی بە ئاشکرایی ترس بخاتە ناو هەناوی سیاستمدارە تاک جەمسەر ویستەکانی ئەمریکاوە!
ئێستا کێشەی سەرەکی نێوان ئەمریکاو ئیسرائیل لە گەڵ ئێران، لە بنەڕەتدا ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکیی و ئایدۆلۆژیی قوواڵە کە بە زەقی لە دوای ١٩٧٩وە کە کەماری ئیسلامی دامەزرا سەریهەڵداوە. ئەمریکا دژایەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی و بەرژەوەندی و سەقامگیریی هاوپەیمانەکانیشی، کە ئیسرائیل بە پلەی یەکەم دێت، لە ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا بپارێزێت.
ئێران لەو نێوەدا هێگرەکی گۆڕیە لەبەردەم ئەمریکاو ئیسرائیلدا. چونکە ئێستا چین و ڕووسیا بە تایبەتی چین لە ڕووی ئابووریی و سەرمایەو بازارو تەکنەلۆژیاوە خەریکە تەنگ بە ئەمریکا هەڵبچنێت. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێ لە سەرچاوەی سرووشتیی بەتابەتی نەوت و گازی شل، کە چین زۆری پێویستن و ئەمریکاش ئاگای لەمە هەیە و دژایەتی هێگریی بە چین دروست بکات، بەتام لەو نێوەدا ئێران هێگرە. ئێرانیش لەبەرامبەردا زۆر بە ئاشکرایی دژی هەژموونی ئەمریکایە و هەوڵدەدات نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا فراوان بکاتو وەک تاکە جەمسەریش لە ناوچەکەدا دەربکەوێت!
بەهانە سەرەکیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل کە شێیان لەگەڵ ئێراندا دەستپێکردووە هەندێکیان کە بە ئاشکرا باسیان لەوە دەکەن بریتین لە:
ئێران بەرنامەی ئەتۆمی هەیەو چەکی ئەتۆمیی دروست دەکاو لە دژی بەرژەوەندیی و دەستەکانی ئەمریکا، کە مەبەستی بە پلەی یەکەم لە ئیسرائیلە، بە کار دێنێت!
ئێران بەرنامەی مووشەکی باڵیستیکی هەیەو پەرەی پێدەدات و مووشەکی باڵیستیکی دروستکردوون و ئامانجی هێرشیە بە سەر ئەمریکاو ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا! بە تایبەتی ئیسرائیل ترسی زۆری لە ئێران هەیە.
ئیران بە ئاشکرایی شیعاری مەرگ بە ئەمریکای بەرزکردەتەوە.
ئێران ئەمریکا بە شەیتانی گەورە ناودەبات و هەر بۆپێش مامەڵەگەڵ ئەمریکاو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو دەستەکانی ئەمریکا بە تایبەتی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا دەکات!
ئەمریکا دەڵێت کە ئێران دەست وەردەداتە نێو کاروباری دەوڵەتەکانی ناوچەکەو لە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل لە ڕووی سەربازیی و سیاسیی و ئابووریەوە هەنگاوی کرداریی ناوە!
ئێران، بە قسەی ئەمریکاو ئیسرائیل، پاڵپشتیی لە تیرۆرو پشگیریی لە گرووپە تیرۆریستەکان دەکات و گرووپی تیرۆریستیش لە دژی دەستەکانی ئەمریکا بە تایبەتی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا دروست

دەکات کە ئیسرائیل دەمکە بەدەست ئەو گرووپانەوە گیری خواردووە!
ئێران نیازی سەینەوەی ئیسرائیلی هەیە بە تەواوی دیارە لە یەگەی ئەو گرووپ و تاقمانەوە کە ئەمریکاو ئیسرائیل بە تیرۆریستیان ناودەبەن.
بەیە کەشەی ئەمریکاو ئیسرائیل لە گەڵ ئێران نابێت تەنها وەک کەشێکی ئابووری یان سیاسیی ئاسایی چاوی لێبکرێت، بەڵکو ئەو کەشیە ململانێیە لەسەر دەسەڵات و بڕژەوەندییە ستراتیژییەکان لە ناوچەیەکی هەستیاری وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا!

ئەمریکاو ئیسرائیل وا بەدووجار دەچێت کە شەیان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕووی دەریایی و ئاسمانییەوە لە دژی ئێران دەست پێکردووە بە مەبەستی ڕووخاندن یان لابردنی ئەو هەڕەشانەی کە بە هەی ئێرانەوە دەکرێنە سەر ئەمریکاو ئیسرائیل و بڕژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا. کە لەو نەوەدا هەندێک لە دەوڵەتەکانی کەنداویش وەک دەست و پرەکسی ئەمریکاو ئیسرائیل ناویان دەهێنرێت کە ترسیان لە ئێران هەیە!
ئەمریکاو ئیسرائیل لەو شەڕەدا توانییان لە ڕووی سەربازیی و ئابووریەوە زەرەرو زیانێکی زەر بە ئێران بگەێنن. بە نموونە :
هێزی ئاسمانیی و دەریایی ئێرانیان بە تەواوی لە کارخستووە،
توانییان ڕیزی یەکەم و دووەم و سێهەم و تەنانەت چوارەمی فەرماندە هەرە باڵاکانی هێزی سەربازیی ئێران بکوژن،
توانییان زووربەی هەرە زۆری زانا ئەتەمیەکانی ئێران بکوژن،
توانییان بەرنامە ئەتەمیی و مووشەکیەکەی ئێران لە کاربخەن یان وێران بکەن، توانییان ژێرخانی سەربازیی و تەکنیکی و تەکنەلۆژیای ئێران لە ناوبەرن یان لەکاری بخەن،
توانییان سەرکردەکانی حەماس و حیزبوللە و هەندێکیش لە فەرماندەکانی حوسییەکان بکوژن.
توانییان حەماس لە ناوبەرن و حیزب اللەش بەتەواویی لاواز بکەن.
توانییان گەمارۆی ئابووریی لەسەر ئێران زیاتر بکەن و نەوت و بەرهەمەکانی نەوتیش هەم هاوردەو هەم بردنەدەرەوە لە ئێران ببرن،
توانییان زەرەرو زیانی داخستنی گەرووی هورمز، کە ئیران دەڵێت لە ژێر دەسەڵاستی خۆیدایە، بەسەر ئێراندا زیاتر بشکێننەوەو داخستنی ئەو گەروە لە لایەن ئێرانەوە چەندە زیانی بە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هەیە ئەوەندەش داخستنەکەی بە ئێران خودی خۆی زەرەری هەیە،
توانییان بەشار ئەسەد لابەرن و جەلانی کە دارەستی خیانە بهێنن شوێنی.

زەر شتی تریش کە ئەمریکاو ئیسرائیل لەدژی ئێران کردیان و هەشتاش بەردەوامن بە تایبەتی ئیسرائیل وەستانی نیە .

بەڵام ئێران هەشتا وەک سیستەم و وەک حکومەت و وەک دەوڵەت و وەک هێزی سەربازیی لە ناوخۆ بە تاگرتنی بارودۆخی ناوەوەی ئیران نەووخاوەو هەروا خۆی قایم دەکاتەوە!
ئیران هەشتا وەک ئەمریکا مەرج دادنەنت و لە مەرجە سەرەکیەکانی خۆی واز ناهێنەت! بە نموونە گەرووی هورمز دەبە لە ژێر دەستی ئێراندا بێت،
بەرنامەی ئەتۆمی و بالیستیکی هەر درێژە پێدەدات،
هاوکاری پرۆکسیەکانی لە ناوچەکەدا بە تایبەتی حیزبەللەی لوبنان درێژە پێدەدات و هاوکارییان دەکات.
هەشتا ئێران هێرشە دەکاتو زیرەکانە دانووستانەکان بەڕێوەدەبات و یەکەوتن لە پێناوی یەکەوتندا ئەنجامدەدات و مەبەستی سەرەکیشی یەکەوتن نیە بەڵک و کات بەدەست هێنانە! کە ئەمەیان ئەمریکا بە قازانجی نیە!
ئێران تاکو ئێستاش هیچ بەڵێنێکی بە ئاستی نەداوە کە بەرنامە ئەتۆمیەکەی لە ناودەبات و مووشەکی بالیستیکی ناوەت و هاوکاری پرۆکسیەکانی ناکات و گەرووی هورمز وازلێدێنێت.
ئێران زەر بە ناڕوونیی دەچێتە ناو دانووستانەکان و ئاشکرا نیە چی دەکات و چی دەبن سەریەوە!
ئێستا ئێران ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە داواکەی خومەینی جێبەجی بکات کە دەیگوت "پاراستنی کەماری ئیسلامی ئێران لە نوێژو ڕۆژوو فەرزتر!"

بەیە شێ کەتایی پێنەهاتووە چونکە ئەو ئامانجانەی کە شەریان لە پیناویدا هەڵگیرساندووە هەشتا بە تەواوی بە هەردووک لایەنی شەڕکەرەهاتوونەتەدی، بە تایبەتی بە ئەمریکاو ئیسرائیل و بە تایبەتیتریش بە حکومەتە ڕاستەوەکەی ئیسرائیل .

ئیسرائیل پێی وایە ئەو لە دەرەوەی ئەو ڕکەوتنەدایە!
ناتانیاهۆ،سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل،لە ٢٢ی حوزەیران لە کەبوونەوەیەکی گشتی دا بە ئاشکرا گوتی: ئێگەر ئەمریکا لە شوێنی ئیمە بایە هەمان کاری ئەمەی دەکرد لەدژی حیزب اللە. بەیە ئیمە بەردەوام دەبین لە پاراستنی ئاساییشی ئیسرائیل و خەڵکی خەمان و ریگە نادەین لە هیچ شوێنکەوە هێرشە بکرێتە سەر ئاسایشی ئیسرائیل و خەڵکی ئەمە.
لەژی ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٦ لەژنامەی ئیندیپێندەنتی بەریتانیا

سووربوونی ئیسرائیلی لە بەردەوامیدان بە شێوە لە گەڵ حیزبوللادا دووبارەکردەوەو هێرشەکانی خۆی لە ناو لوبنان و فەلەستیندا ناکشێتەوە!.
بۆیە بە بۆچوونی من چاوەڕوان کە شێوەکە کۆتایی نەهاتووە . من پێم وایە شێوەکە کۆتایی دێت کە ئێران بتوانێت هێرشەکانی داخوازیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل ببیت.. ئەگەر ئێران وا نەکات ئەوا بە سوودوو دەبە یان چاوەڕێی شێوە بکات لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل، جا پێی بکرێت یان پێی نەکرێت ئەوە شتێکی تر، یاخود دەبە ئێران چاوەڕێی هەڵگایەکی تر بکات کە ئەمریکاو ئیسرائیل دەیگرنە بەر بۆ ڕوخاندنی یەکجارەکی دەسەڵای کۆماری ئیسلامیی لە ئێران!

ئەوتە ئەمڕۆ ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٦سەرەکی تازەی موسادی ئیسرائیل دەڵێت:" دەبە لە هەڵگەیەکی تر بگەڕێین بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران" واتە شێوە کۆتایی نەهاتووەو نەهێشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەر مێزی شێوانگەزیی سیاسەتمەدارانی سەربازیی و سیاسیی ئیسرائیل و و ئەمریکادایە.
ئەوەی کە جێی تێڕامانیشە ئەوەیە کە هەشتا خەڵکی ئێران زیاتر باوەڕیان بە ئەمریکاو ئیسرائیل نیەو دەزانن کە هەر ئەمریکاو هاوڕێکانی ئەو سیستەمیان بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند!
هێرشەکانی ئێران دەزانن کە ئەمریکاو ئیسرائیل لەبەر خاتری خەڵکی ئێران نیە کە شێوە بە دژی کۆماری ئاخوندەکان دەکەن، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی خۆیانەو بەرژەوەندی ئەوان و خەڵکی ئێرانیش دوو شتی زۆر لیک جیان.

مژووی ناوچەکەش ئەوە نیشان دەدات و هەر ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر هەر هێزو دەوڵەت و گرووپێک لەگەڵ ئیسرائیل ناکۆکی دروستبکات و ناتەبا بێت، دەبە باش بزانێت کە جێگەی خۆی لەژدەکات و ناتوانێت دەوام بکات! جا درەنگ بێت یان زوو!.

(ئەو شاعیرانەی چیرۆك دەنووسن) و تەنگـــــــوچەمەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە*.. سەلاح شوان

لێشاوی ئەدەبی نوێمان وا بە دەساڕ دەچێت بەرپا بووە, تاکو ئێستایش کەفوکوڵی, ئاگڕ لە زیادیبشدا نەبێت، بڕۆ نیشتنەوەیش نەچووە، ئەمەیش بەگومان سەرەڕای ئەوەی دۆرکی ئەجگار گەورەی لە پەرەسەندنی ئەدەبەکەماندا هەبووە و هەیە، بەڵام هەرگیزیش لە لایەنی بەسوود و بگرە تا زیانبەخشیش خاڵی نییە.
یەکێك لەو لایەنە زیانبەخشانەی ئەم لێشاوەیش نیمچە دیاردەیەکە جاروبار بەئاستەم و هەندێك جاری تریش زۆر بە زەق و ناهەموار دەردەکەوێت, لەو ئاوماڵکە دەچێت کە بەدەم ئاوێکی خوێناوە هاتووبێت و هەندێك جار ئەوەندە پووش و پەڵاشی بەڕگ و ڕیشە لە خۆی کەبکاتەوە، کە مەترسیی ئەوەی لێبکرێت ئەو ئاوە خوێنە بپەنگەنێتەوە و لە ئاوەڕۆگەکەی خۆی دەری بکات و بەڵایەکدا بیبات زیانی لە قازانجی زیاتر بێت، بۆیە پێویستی بە پاککردنەوە دەبێت. ئەم نیمچە دیاردەیەیش جارە نووسینەکە جاروبار بە ناوی (ڕەخنە) و هەندێك جاری کەمتریش بە ناوی(لێکۆڵینەوە)وە بەرچاو دەکەون.
ئەمجارە نووسینە ئاگڕچیش ڕووی کردووەتە مەیدانی ئەدەب، بەڵام حەقیقەتەکەی ئەدەب نییە و لە ناچارییە. چونکە ئەدەب ئەوەندە بەربڵاوە، دەکرێت بە بیانووی "ناوەڕۆك"ـەوە ئەو جۆرە نووسینانە وا پیشان بدرێن کە دەربارەی ئەدەبن. زیاتریش لەبەر ئەوەی ئەدەبی هەندێك نزیکەوەی تر لەبەر هەی جیا لەمەی ئێستای ئەمە شتی وەهایان بە خەیاڵەوە دیوە، بەڵام گشت ئەو ڕەیانەیش هەر بە بانە دەچن و هەر لە یەك قەڵەمڕەوە ڕووی تێدەکەن، کە ئەویش ئەرکی ڕۆژانەی ئەدەب و ئاڵاستەکردنێتی بە خزمەتی ئەو فیکرەی ئەوان بانگی بە هەڵدەدەن.
تەنانەت لە هەندێك شوێن و کاتیشدا ئەم بەچوونانە وایان لە ئەدەب ویستووە ببێت بە سوخرەکێشکی بەدەسەڵات و کارێستەیکی بەگیانی پەڕپاگەندە، بەمەیش ئەدەبی هەندێك لەو نزیکانەی تووشی ئەم دەردە هاتوون، وایان لێهاتووە بە چەندین قۆناغ لە پلەکەی پێشوویان دوابکەون. ئەدیبە ڕەسەنەکانیشیان تووشی بارێکی دوو سەرەی ناهەموار بوونە, یان مەری ناپاکیی پەوانان و پاراستنی داهێنانەکانیان و یانیش سەرشۆڕکردن بە (توانەوە) و نووسین بە پێی پەوانە و کێشانە بزڕ سەپێنراوەکان. کە ئەمیشیان بەڵای

زوربەیانەوە ئەوندە گرانبووە پێیان نەچووتەسەر و زیاتریش هەر بە خەڵناوبردن لەو دەردە ڕزگاریان بووە.(١)
بەیە ئەم دیاردەیەی لای خەمان شتێکی سەیر و دەگمەن نییە، بەڵام دەنیام ئەم کردەوەیە لەگەڵ ئەدەبێکی ئەمەدا ناگاتە ئەم ڕادەیە، چونکە ئاووهەوای وڵاتەکەمان بە تەگەداکوتانی گشت ووڵکێك دەستنادات، بە تایبەتیش ئەگەر دەکودالێك بێت بەدەم بایەکی ناوەختەی لە دوورەوە هاتووەوە هاتووبێت.
بەگومان من لەڕەدا مەبەستم نییە و نایشکرێت گشت لایەنێکی وەها دیاردەیەك ووبنکەمەوە و چاریشی بە دابنێم، چونکە ئەمە کاری تەنیا کەسێك و تەنیا نووسینێکی وەك ئەمەی من نییە و کاروانی ئەدەبەکەمان بە تەسەنایەتیی خەی دەتوانێت – زوو یان درەنگ – چارەسەری بکات. بەیە من هەر تەنیا گەشەیەك دەگرم و ئەوندەی لە بارمدا هەبێت ووونی دەکەمەوە.
*ئاشکراترین مەرکی ئەم دیاردەیە مەسەلەی فیکرە لە ئەدەبدا، کە بەگومان مەسەلەیەکی بەبایەخ و کەم نییە، بەڵام بەگومانیشە کە دەوترێت فیکر لە ئەدەبدا، پەیوەندیی ئەم دوو لقەی ڕەشنبیریی تاڕادەیەك دەستنیشان دەبێت، کە ئەویش مەسەلەی فیکرە وەکو بەشەك لەو کەرەستانەی ئەدەب بە زیاتر خە بەهەزکردن بەکاری دەهێنێت..ئەمە ڕەك وەکو ئەویش وایە بوترێت: کەمەایەتی لە ئەدەبدا و دەروونناسیی لە ئەدەبدا و ئایین لە ئەدەبدا و فەلکلەر لە ئەدەبدا و..هتد. واتە گشتەکە ئەدەبە و ئەوانی تر بەش و لقە بەشن..باوەیش ناکەم پەویست بکات بەیین لق و بەش هەرگیز ناشێت لەم مەسەلانەدا جەگای گشتەکە بگرنەوە بەبەئەوەی گشتەکە بشەوێت، یان ببێت بە بەشەکی تر..بە نموونە با بەیین: ئەگەر هاتوو دەروونناسیی لە ئەدەبدا بوو بە گشت شتێکی ئەدەبەکە، ئیتر ئەدەبەکە لە ئەدەبیی دەکەوێت، ئینجا نووسینەکە با کەش و قافیە، یان مۆنۆلۆج و دیالۆجیشی تیا بێت..ئەمە دەربارەی کەمەایەتیی و زانست و فیکر و گشت لقەکانی تریش لە ئەدەبدا هەر وەهایە، واتە ئەگەر ئەدەب تەنیا وەکو فیکر، یان هەر یەکەك لە بەش و لقەکانی تری سەیرکرا نرخە ئەدەبییەکەی نامێنیت و لە ئەدەبایەتیی دەکەوێت و نایش بێت بەوانەیش. هەروەهایش ناشێت پەودانگەکانی ئەدەب بەسەر یەکەك لەواندا بسەپێنین، با بە ووونکردنەوەی مەبەستەکانی خەی پەنایشی بردووبێتە بەر ئەدەب..بە نموونە"فرەید" لەگەڵ ئەویشدا زەر لە تیەرەکانی لە ڕەگەای ئەدەبەوە ساغکردووتەوە، بەڵام نووسینەکانی هەرگیز نەبوونە بە ئەدەب و هەر بە دروونناسیی ماونەتەوە. یان"زەردەشت وای وت"ی"نیتشە"ی فیلەسووف ئەگەرچیش لە شەوی چیرەك یان ڕەماندا داڕژراوە، بەڵام هەرگیز لەسەر ئەدەب

دانەراوە و ئەگەر وەکو ئەدەب سەیر بکرێت لە بەرهەمی ئەدیبێکی تازە پێگەیشتوو زیاتر نابێت.
ئەمانە بەدیهییاتن و هەر بە بیرخستنەوە و سوود وەرگرتن لەم نووسینەدا دەیانخەینە پێش چاو. ئەگینا باوەناکەم کەس هەبێت ئەوەندە خەی گەل بکات داوا لە بولبول بکات فەردە گەنمی بە هەبگرێت و دەنگخۆشییشی لە گوەدرێژ بوێت!
*پەیوەندیی نێوان ئەدەب و فیکر پەیوەندییەکی – زیاتر لە گشت شتەکانی تر – پەکخەبووە و هەر لە سەرەتاوە بگرەوبەردەی زەری لەسەر کراوە و دەکرێت. چونکە مەسەلەکە کەشەی نێوان دوو لای بەهێز و قووە و فراوانی هەشنبیرییە و هەر لایەیش شەسواری خەی هەبووە داکەکیی لەسەر بکات و هەوڵبدات ئەو لایەکەی تر بە سوودی خەی دەستبەر بکات. بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی هەردوو زیاتر هەر یەک کەرەستە بە بەدیهەنانی مەبەستەکانیان بەکاردەهێنن، کە ئەویش زمانە.
بەڵام لەبەر ئەوەی ئەدەب هونەرە و هونەریش لە ڕووی کاتەوە زەر پێش فیکر و فەلسەفە کەوتووە و فراوانتر و قووەتریش هەگی لە ناخی مرۆڤایەتییەدا داکوتاوە، بەیە فیکر و فەلسەفە بە چەسپاندنی چەمکەکانی خەی پەنای بردووەتە بەر ئەدەب و هەر کە ئەدەب بە هانای نەهاتووبێت و لە قاڵبەکانی فراوانتر بووبێت و پەلوپۆی بەاوتر هاویشتووبێت، فیکر ویستوویەتی بە جەرەک ئاستی بکات بشێت ببێت بە کەرەستەیەک بە چەمکەکانی.
لەرێشەوە کێشەیەک سەریهەداوە کە زیاتر کێشەی نێوان دەستەمکەر و دەستەمنەبوو بووە. تەنانەت ئەم کێشەیە لەلای هەندەک لە خاوەن بیران و فەیلەسووفە وشکەکان بووە بە هەی پەکدادان و ساردجەنگ. بەیە دووهەزار ساڵ زیاترە"ئەفلاتوون"ی فەیلەسووف هیچ چارەکی نەماوە لەوە زیاتر کە شاعیران لە کەمارە داتاشراوە هەرگیز بەدینەهاتووەکەی دووربخاتەوە و وەرزشوانەکانی لەوان پە پەسەندتر بێت. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی وەرزشوانەکان لە شاعیران بە پیل و بازوو و بەکارترن، بەڵکو لەبەر ئەوەیش شاعیران بیر و هەشی خەکیش والەدەکەن بە یاسا و ڕێژیمی کەمارەکەی دانەکەون.."چیخەف"یش وەکو ئەدیبەکی داهێنەری مەزن لەم بگرەو بەردەیدا بەشداریی کردووە و دەڵێت:"فیکر بدەرە لاوە..چ سوودەکی هەیە؟! ئەمە پەویستە لەسەرمان ڕاستگۆیانە و دەسەزانە دەربارەی ئەو شتانە بنووسین کە دەیانبینین و هەستیان پەدەکەین"(۲) ئەم وتەیە بە دەمی پاڕاوانی بەرهەمکەوە نێوتراوە تا بڕێین مەرج نییە ڕای نووسەرەکە خەی وابێت، بەڵکو لە گفتوگۆیەکدا دەربارەی ناوەڕۆکی چیرەک وای وتووە. ئاشکرایشە "چیخەف" ئەدەب بە زادەیەکی ڕەسەنی ژیان دەزانێت و لە کاروباری

ئەقڵیی ڕووت جودای دەکاتەوە. بەڵام هەر بە بەچوونە هونەرییەکەی خۆی لەکێشیان دانابڕێت و خاوەن بیر و فەیلەسووفان لە دنیاکەی خۆی دەرناکات، چونکە دەزانێت ژیان لەوە فراوانترە لە جێگای یەک لا زیاتری تیا نەبێتەوە. ئەمەیش جیاوازیی نێوان بەچوونی بەربەاوی پەلکەنگینەئاسای ئەدەب و بەچوونی وشکی لە قاڵب دراوی فەلسەفەیە، بۆیە دەڵێت:"من چونکە دەژیم و بیردەکەمەوە و لە کێشە و ئێندێشەدام، دیارە گشت ئەو شتانە لە نووسینەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، ئیتر ئاگڕ نووسەرەکی بەهرەمەندبم چ پەیستیەکم بە وشەی(فیکرە) و (نموونە)هەیە؟خۆ من نە مامۆستا و نە شێخ و نە پیاوی پەڕپاگەندەنیم. من ڕاستگۆیانە وێنەی ژیان دەکێشم"(٣) ..ئینجا ئاگڕ بزانین هەردوو وشەی"فیکرە" و "نموونە"وشەی "ناوەڕۆك"ی ئێستا دگڕێتەوە، بە تەواوی مەبەستەکەمان بە ڕوون دەبێتەوە.

بەڵای منەوە گشت ئەدیبەکی ڕاستەقینە ئاگاڕ وایشی نەوتووبێت، بە ئەدەبەکەی هەر ئەمەی چێسپاندووە، چونکە وەکو چۆن هیچ ئەدیبەك فیکرەکی دانەشتووە، ئەوهایش هیچ فیکرەك ئەدیبەکی ڕاستەقینەی دروست نەکردووە. بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت ئەدیبە ڕاستەقینەکان سەر بە هیچ فیکرەك نەبن و کەم تا زۆر تەعبیر لەو فیکرەیش نەکەن کە باوەڕیان پێیەتی. ئاگاڕچیش زۆرجار هەبووە ئەدیبەك سەر بە فیکرەك بووە و بە ئەدەبەکەیشی شتەکی تری دەربەیووە، باشترین نموونەی ئەمەیش"بەلزاك"ی سەر بە مەلیك و دارودەستەکەیەتی ، کە بە ئەدەبەکەیشی ڕوونترین شێوەی کێشەی نێوان ڕەنجدەران و چەوسێنەرانی کێشاوە…(٤) "یەسینین"یش دەربارەی خۆی بەدەم گەڕەکەنکەوە دەڵێت:

لە ژیانیدا کەم بەدەستیی نەکردووە
بەڵام هەرگیز نەیتوانیووە
پێنج لاپەڕە
لە"سەرمایە" بخوێنێتەوە.(٥)

ئینجا ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە هەندەك لەو نووسەرانەی ئەو جۆرە بە ناو ڕەخنە و لەکەینەوانە لای خەمان دەنووسن بە خەیان بزانن و نەزانن لە دانیشتوانی کەمارکی وەك ئەوەی"ئەفلاتوون"ن و دەیانەوێت ئەو ئەدەبەی لە قاڵبکانیان زیاتر پەلوپۆی هاویشتووبێت و لەگەڵ ڕەژیم و پەیڕەوکانیاندا نەگونجێت، کەمار بەدەر و ڕیسوای بکەن جا بە هەر شێوەیەك و بە هەر نرخەك بێت.

*خاڵکی تری گرنگیش لەم دیاردەیەدا مەسەلەی ناوی"ڕەخنە"و"لەکەینەوە"یە و ئاشکرایشە ئەم دوو وشەیە لە ئەدەبەوە هەڵقوڵاون و بۆشکن لەی، ڕەخنەگرانیش هەمیشە بەوە ڕازی

خەیان لە دڵی ئەدیبان و خەکیشدا چەسپاندووە کە شارەزایەکی تەواوی ئەدەبی زمانەکەی خەیان و پاشانیش گشت ئەدەبی جیهانیی بوونە و بە تەواوی سەریان لە هونەرەکانی ئەدەب و وردەکارییەکانی بەرهەمی ئەدەبی دەرچووە، ئینجا سەرەتای ئەمەیش هەشنبیرەکی هوشیاری گشت کەسەکانی تری هەشنبیریی بوونە. ئەوەی لە هەندەك لەو هەخنە و لەکەینەوانەدا دەبینرێت کە من لەرەدا مەبەستمن، ئەوەیە هەرە چاکەکانیان باسی گشت شتەکی تیایە تەنیا ئەدەب نەبێت! خەئگەر بەهین پەنا دەبەرێتەبەر گشت ئەو شتانە بە تیشك خستنە سەر ئەدەبەکە، وەهایش نییە. بەکسو بە پێچەوانەوە ئەدەبەکە تەنیا کەرەستەیەکی بە سوخرە گیراوە بە ئەو مەبەستانەی تر، جا هەوابن یان ناهەوا.
بەهام هەندەکی تری – وەکو لەم نموونەیەی دەیخەینە پێش چاو- لە چەند کلیشە و وتەیەکی سواو زیاتر، کە وەکو قسەوانی شکاو دووبارە دەبێتەوە، هیچی تری تیا نییە. ئەمەیش دیاردەیەکە کەمەهك هەی جیاجیای هەیە، لە سەرووی هەموشیانەوە ئەوەیە"نان بە نانەوا و گۆشت بە قەساب"لەم سەردەمە جەنجاڵ و زەر لایەنەدا کە زیاتر پێویستی بە خەترخانکردن هەیە، باوی نەماوە و هەندەك لە قەسابەکان لەبەر هەر هەیەك بێت بە خەیان و کەردەکانیانەوە هەوویان کردووەتە تەنووربانە سپیەکەی ئەدەبەکەمان و بە شێوەی پێشووی خەیان هەفتار لەگەڵ نانی ئەدەبەکەماندا دەکەن.

دوای ئەم پێشکیەە گشتیی و ئەجگار کورتە, حەزدەکەم چەند خاڵەك دەربارەی ئەم نووسینەی خەم بخەمە پێش چاو:
١ــــــ بە شێوەیەکی گشتیی بەرپەرچەکانم بە پەی ەیزی نووسینەکەی نووسەر دەبێت، جا لەبەر ئەوەی ئەو هیچ مەنهەج و هەڵ و گونجاندنەکی بەکارنەهێناوە، بەڵە ئەمەی منیش تەنیا بریتییە لە چەند خاڵەکی جیاجیای لەرە و لەوە.
٢ــــــ شیکردنەوەی ئەو چیرەکانەی نووسەر باسی کردوون و خەدان لە لایەنە هونەرییەکانیان زەر بە کورتی و بە شێوەیەکی گشتییە و هەر تەنیا بە دەرخستنی هاستی و ناهاستی و هوونکردنەوەیە.
٣ــــــ بە پەی توانا هەوڵەم داوە بەچوونەکانی خەم بە وتە و نموونەی گەورە ئەدیبانی دنیا پاڵپشت بکەم، بە ئەوەی نەوترێت منیش قسە لە گیرفانی خەمەوە دەردەهێنم و بە پەی بەچوونی نەشارەزایانەی خەم شتەکان لەك دەدەمەوە.
٤ــــــ دوایین ئەم گفتوگۆیە خاە بە خا و هەنگاو بە هەنگاوی

نووسینەکەی نەگرتووەتەوە، بەڵکو زیاتر شتە سەرەکیی و زەقەکانی گرتووەتەوە.

ئینجا با بە نموونەیەکی بچووکی لەو جۆرە بەرخنانەدا بچینەوە کە ئاوێشتەی نووسینەکەی"حەمەسەعید حەسەن"_____ بە ناونیشانی "ئەو شاعیرانەی چیرۆك دەنووسن"(٦)
*بەر لە گشت شتێك ئاوەندەی من ئاگام لەبەت ئەم ناونیشانە پەژڕەیەکی چیرۆکنووس "بەئووف حەسەن" بوو، لە کاتی خۆیدا هەندێك سەرنجیشی دەربارەی ئەم پەژڕەیە بە من و چەند هاوڕێیەکی تریش باسکردووە.. بەڵام هەرگیز سەرنجەکانی ئەو لەم نووسینە نەدەچوون.
*"حەمەسەعید"پاش سەرەتایەکی کورت دەتە سەر"کەمەڵە لەو چیرۆکانەی لەدوای ١٩٧٠وە بەاوکراونەتەوە و نووسەرەکانیان شاعیرن".(٧) یەکەم کەسیش "دڵشاد محەمەد ئەمین"ی شاعیر و چیرۆکنووسی هەبڕاردووە و هەر خۆیشی دەڵێت:"دڵشاد شاعیرە، بەڵام چیرۆکنووسێکی بە تواناشە". کەوابوو "دڵشاد"لەو شاعیرانە نییە کە جاروبار چیرۆکیش دەنووسن، بەڵکو سەرەڕای شاعیرێتییەکەی چیرۆکنووسیشە و بە پێچەوانەی ئەوانی تریشەوە دوو کەمەڵە چیرۆکیشی بە ناونیشانەکانی"بە پەنجەکانم دەتبینم"و"دەر یاسین"_____وە لەچاپ داوە، ئەمە لەکاتێکدا هەندێك لە چیرۆکنووسەکانیشمان ئەمەیان نییە. بەمەیش لەوانی تر جودا دەبێتەوە و ناکەوێتە ژێر ناونیشانی نووسینەکەوە.
*نووسەر یەکەم چیرۆکیش"بووکەخان"ی هەبژاردووە، کە "محەدین زەنگنە"یش لە ژمارە"٤٥"ی گۆڤاری "هەشتەبیری نوێ"دا کورتە ڕۆخنەیەکی بە زمانی عەرەبی لەسەر ئەم چیرۆکە نووسیوە لەگەڵ چوار چیرۆکی تردا، کە لە ژمارەی پێشووی ئەو گۆڤارەدا کرابوون بە عەرەبی و بەاوکرابوونەوە.(٨) "حەمەسەعید"ئاگەرچی هەر ئەو شتانەی "محەدین زەنگنە"ی بە سەروگوێ شکاوی، یان بە ئاوەژووکراوی وتووەتەوە کەچی هیچ پەنجەیەکی بە ئەو نووسینە دڕژنەکردووە!
*ئاشکرایشە ئەوەی "محەدین زەنگنە"ناوی"چەند سەرنجێکی خەڕا"ی لەناوە زۆر وردتر و قووڵتر و تەنانەت بە قەوارەیش لەمەی ئەم زیاترە کە ناوی"لێکۆڵینەوە"ی لەناوە!
*جگە لەمانەیش"حەمەسەعید"ئەو چیرۆکە وەکو چیرۆکێکی پەروەردەیی لە قەڵەم دەدات، بەمەیش گیانی چیرۆکەکە-کە دراماییەکەیتی-لە ناخەوە دەردەهێنێت، ئەمە بەڵای خۆیەوە پێیاهەڵداوە!
*"حەمەسەعید"ەای وایکە"یەکە لە مەرجەکانی چیرۆکی سەرکەوتوو ئەوەیە تا ماوەیەکی دوورودرێژ لە یادی خوێنەر ناچێتەوە"..بەگومان

ئەمیش لایەنی کارتێکردن و تام و لەزەت و دەروون وروژاندنەکەی هونەر دەگرێتەوە، کەچی هەر خەیشی دەمك نییە بەوە تانە لە "سامی شەش"دەگرێت کە وتوویەتی:"شیعر لەززەتێکە لە سەرووی هەموو لەززەتکانەوە".(٩) قەیدی چییە. شتێکی چاکە و چیرك و گشت هونەرکانی تریش ئەم لایەنە بەدی بهێنن، بەڵام ئەمە هەرگیز مەرجی چیرکی سەرکەوتوو نییە و دەشێت چیرکی وا هەبێت کە دەستت دایە تا تەواوی نەکەیت وازی لێنەهێنیت و کەچی نە چیرکێکی چاك و نە سەرکەوتوویش بێت. جگە لەوەی ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بە کەمەڵك لایەنی هونەریی و فیکریی و دەروونیی و هۆشبەریی و کەمەایەتیی و..شتی ترەوە هەیە و بەڵای هەر کەسەوە بە جەرکە. بە نموونە چیرکە پۆلیسیەکانی"ئەگاسا کریستی"لەو چیرکانەن کە هۆشە خوێنەر هەر ئەوەندەی دەستی دایە تا تەواوی نەکات وازی لێناهێنێت و لە بەرهەمی تێکەا گشت گەورە ئەدیبانی ئەم جیهانەیش لەناو زوربەی خوێندەواراندا بەاوترن. چیرك و هۆمانکانی"فرانسوا ساگان"یش لە فەرەنسادا لە گشت ئەوانی تر زیاتر دەخوێنرێنەوە. هۆمانی"باوکی هۆحیی"ماریە پووزە"یش تا ئێستا زەرترین دانەی لە چاپکراوە و فرۆشراوە و هۆنگە هەرگیزیش لە بیری هیچ خوێنەرێك نەچێتەوە، بەڵام ئەمانە لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ نرخێکی ئەوتەی نە ئەدەبیی و نە هونەریی و نە فیکریی و نە هیچی تریان نییە. بە پێچەوانەیشەوە زەر لە شاکارە جیهانییەکان هەن بە کەم کەس دەخوێنرێنەوە، وەکو هۆمانی"گەان لە کاتە ونبووەکە"ی"مارسیل پرۆست"و هۆمان و زەربەی چیرکەکانی "جەمس جۆیس"و چیرك و هۆمانکانی"ئالان هۆب-گرە"و..زەری تریش. ئەمە سەرەای ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا کەم کورتە چیرك هەیە بە ماوەیەکی دوورو درێژ لە بیری خوێنەردا بمێنێتەوە، چونکە کورتە چیرك وەکو چێشن خەی ئەو توانایەی زەر کەمە و ئەم قسەیە تەزەك زیاتر بە هۆمان دەستدەدات.

نووسەر بە نموونەی ئەم قسەیەی"کوەرەوەری"(١٠)دەهێنێتەوە..ئەوی ڕاستی بێت من بە ئەم نووسینە بەو چیرکەدا چووم، بەڵام کەس سوێندی لەسەرم نییە، تا تەواوم کرد چوار پێنج جار لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە بە ئەوەی بزانم چەندی ماوە تەواو بێت. من نازانم ئەو چیرکە لە کاتی خەیدا پێ بە پێستی سەردەمکەی نەبووە، بەڵام ئێستا"تەنیا چمکێکە لە مەژوو، مەگەر بایەخی سەرکی چیرکەکە لەمەدابێ. دەنا ئەو واقیعە ئێستا نموونەی نەماوە و ئەگەر مابێتیش شێوەیەکی زەر جیاوازی وەرگرتووە و تەواو گەاوە"(١١)ئەم وتەیەی "حوسێن عارف"لەرێشەدا پێ بە پێستێتی. دەربارەی ئەو جەرە شێوەیەیش، "محەدین زەنگنە"دەربارەی چیرکی "خازە"(١٢)، کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ"کوەرەوەری"دا نییە، دەڵێت:"..نموونەیەکی

دواکەوتووی نووسینەوە. تەنیا ئەو مژووەی هەیگرتووە، ئەگەر بە هانای بێت، وای لێداکات ناوی چیرۆکی لێبنرێت..چونکە سەر بەو سەردەمەیە کە هەشتا سنووری نێوان چیرۆك وەکو هونەر و چیرۆك وەکو وتارێکی ئینشایی(اصلاحي)ووون نەبووە بووە". (١٣) بەمەیشدا دەردەکەوێت"حەمەسەعید" بە چڕ و بە بڕچوونیش لەگەڵ ئەو هەنگاوە پشکەوتووانەی ئەمڕۆی هونەری چیرۆکنووسین و بگرە زیانی پشکەوتوویشدا نییە، بەڵە هیچ نموونەیەکی نوێ، یان نەمری نەهێناوەتەوە. هەنانەوەی ئەم نموونەیەیش دیارە پێنج درێژ کردنەکە بە نووسینی چیرۆکی وەها، کە"..لە ئاستی تەکنیکی تازەدا ئەو بایخەی نەماوە و بەکارهێنانی لە ئەستادا جارێکە لە دواکەوتن لە کاروان". (١٤)

*"حەمەسەعید"لەمسەر تا ئەوسەری نووسینەکەیدا ئەوەندەی پەی بکرێت خەی لە لایەنە هونەرییەکانی چیرۆکەکان پاراستووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە بە چەند قسەیەك ئەم چیرۆك بە سەرکەوتوو ئەوی تر بە سەرنەکەوتوو لە قەڵەم دەدات، بە بڕوای بە هیچ بەڵگەیەك ئەو ڕایانەی بچەسپێنێت، یان ئەو سەرکەوتن و نەکەوتنە دەربخات..دەڵەم لەگەڵ ئەوەیشدا-وەکو لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە-لە زوربەی بڕچوونەکانیدا بە هەڵەدا چووە.

بە نموونە دەربارەی چیرۆکی"محازەرەیەك دەربارەی کورتە چیرۆك و سەوڵت"(١٥) دەڵێت:"..ئەو شێوە تەکنیکەشی دڵشاد فیکری چیرۆکەکەی پێ دەربەیووە شێوەیەکی تازەی تایبەتە بە دڵشاد و..هتد". کامە شێوە تەکنیك؟ سیمای ئەو شێوەیە چییە؟ کامانەن ئەو بناغە تەکنیکییانەی کاك"دڵشاد"چیرۆکەکەی پێ دەربەیووە؟ تازەیی و تایبەتییەکەی لە چی و لە کوێدایە؟..هتد. نووسەر خەی لە هیچ یەکێك لەم پرسیارانە نەداوە. بە نموونەی بە هەڵەدا چوونەکانیشی، سەرەڕای ئەوەی دەربارەی دراميەتە بە پەروەردەیی کراوەکەی چیرۆکی "بووکەخان"وتمان، لەڕیشەدا کە بە"..سەی وت"دا زیاتر لە"بووکەخان"هەڵەدات، هەر بە هەڵەداچووە و ڕایەکەی بە پچەوانەوەیە! چونکە"..سەی وت"جگە لەوەی هەمووی بە"دیاگ"داڕاوە، تەنیا چەند دەڵێکی سەرەتاکەی و کۆتایەکەی نەبێت، سەرەتاکەیشی تووشی ئیپەرتاژکاریی هاتووە، بەوەی باسی هونەری کورتە چیرۆك دەکات، ئینجا با چیرۆکەکە بە دەمی مامۆستایەکەوە بێت و جگایش ژووری موحازەرەی کۆیجەك بێت. "دڵشاد"خەیشی هەستی بەمە کردووە و لە ناونیشانەکەیدا ئیشارەتی داوەتە کە نووسیویەتی:"محازەرەیەك دەربارەی کورتە چیرۆك و…"بەڵام"بووکەخان":"بینایەکی هونەریی کەکی هەیە..چونکە هەر ئەنجامی لێدەبڕێتەوە و..ئەنجامیش دەبڕێتەوە بە هەر بە ئەوەی

ئەنجامەکی تری لەبەتاوە، بەمجۆرە حیکایەتی چیرۆکەکە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی پڕرسەندنای جدلییانەدا بە ڕێچکە درامییە توند و تیژەکەیدا دەڕوات..تا دەگاتە ئەنجامەکەی..".(١٦)

---

*نووسەر هەرچەند خەی لە قۆڕی لەکێنەوە و ڕەخنەی ئەدەبیی نەداوە و زیاتر پەنای بردووەتە بەر ئەو قسانەی کە هەر بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژانەی ئاژانسەکراو دەست دەدەن، نەك بە ئەدەبەکی نەمر و بە پەز..بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کارەکەی بە نەچووەتە سەر و لە هەر شوێنەکدا زانیبەتی ڕاستیی بەرهەمەکان لەگەڵ بەیارە پێشوەخت دراوەکانی خەیدا ناگونجێن، دەستی کردووە بە بەهەبەستن-وەك لەڕدا و دواییش ڕوونی دەکەینەوە-، دیارە ئەمەیش بە مەبەستی زاندنی ناوی هەندەك لەو ئەدیبانەیە.
*نووسەر دەربارەی چیرۆکی"کاوقووچ"(١٧)ی "شەرکە بکەس"ئاوەها دەست پەدەکات:"ئافرەتەکی قەیرە کە (ڕەزپەیی!)هەیە و بە دامرکاندنەوەی ئاگرشکەی پەنا دەباتە بەر پشیلەیش..هتد". من لەڕدا داوا لە خوێنەران دەکەم بگەڕێنەوە سەر ئەو چیرۆکە و جارەك و دوان و دەیش بیخوێننەوە و بزانن ئەم قسەیە ڕاستە، یان وەك وتمان بەهەبەستنە. بە ئەوەی خەیان بەیار لەسەر نیازی نووسەر بدەن لەم قسەیەی.
نازانم"باجی ئامە"ی قوربانیی دواکەوتن و نەخشیی ئاوەڕۆ دەبەت چ(ڕەزپەیی)یەکی هەبەت ئەگەر حەز بکات وەکو گشت ئافرەتانی ئەم دنیایە شووبکات و ببەت بە دایك و دەورە سروشتییەکەی خەی لە ژیاندا بگەڕێت؟خە ئەگەر بایەخدانەکەیەتی بە پشیلەکە، کە بە پەکردنەوەی بە منداڵییەکەیەتی، ئەوە ئاشکرایە هەرگیز وەکو سەگەکەی چیرۆکی"ماسییەکی تاز"ی چیرۆکنووس"جەلیل ئەلقەیسیی"بە کاری سەکسیی بەکاری نەهێناوە.(١٨) بەڵکو وەکو منداڵی خەی ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات و هەر لەو خەشویستییە دایکایەتییەیشەوە هەندەك جار نوقوچیشی لەدەگرێت، وەکو چۆن دایك زەرجار لەگەڵ ماچکردندا گازیش لە منداڵەکەی دەگرێت، کە ئەمەیش شارەزاییەکی تەواوی بارە دەروونییەکەی ئەو ئافرەتە شەعبییەیە. خە ئەگەر ئەو هەستەیش بە (ڕەزپەیی)دانەنێت کە دەڵێت: "..کە دائەنیشت پشیلەکە ئەچووە سەر ڕانی مەت ئەبووە، ئەویش هەواش..هەواش دەستی بە پشت و کلکە قاوییەکەیدا ئەهێنا، پشیلەکە کلکی ڕاپ ئەکرد، ئینجا هەڵی ئەگرتایەوە و ئەیخستە سەر پشتی.."هتد. ئەوا دیسانەوە ئەگەر بە هەڵداچوون نەبێت، بەهەبەستنە، چونکە گشت کەسێك پشیلە دەخاتە

سەر ڕانی خۆی و دەست بە پشتیدا دەهێنێت، پشیلەیش کە دەست بە پشتیدا هێنرا هەر کلکی وا لەدەکات، جا ناوبردنی ئەم کارە بە"ڕزپەیی"لەوە زیاتر نییە کە"چەپاندنی سەکسیی"زەرجار وا لە ئادەمیزاد دەکات شتەکان بە جۆرێك لێکبداتەوە کە لەگەڵ خەیاڵە نائاساییەکەی خۆیدا بگونجێت و ڕاستییەکە بە بارێکی تردا دەخات. تەنانەت لەزەت وەرگرتنەکەی"باجی ئامە"لەوەی منداڵەکەی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەستی دەخستە سەر مەمکە"وەك لەفکە شامیێکانی"هەر لە ئارەزووی دایکایەتییەکەوەیە، چونکە هیچ منداڵێکی نەبووە مەمکی بمژێت، خۆ ئەگەر وا نەبوایە بە جۆرێکی تر بەکاری دەهێنا.
بەم گفتوگۆیە دەموەست ڕاستی و ناڕاستی ئەو قسەیە دەربخەم، ئەگینا خۆدان لەم بابەتانە هیچ نەنگیی و ناشیاوییەکی تیا نییە و بە دڵگەمن لە ئەدەبیاتی دنیا هەن جۆرێك لەو گێڕوگرفتە ئادەمیزادانانەیان نەکردووەتە بە بابەتی چەند بەرهەمێکیان، مەگەر ئەدەبیاتی وڵاتە دواکەوتووەکان، کە دەیانەوێت زەرشت هەر لە ژێر پەردەی ئەستووردا بکرێت و کەس نەیخاتە پێش چاوان بە چارەکردن، یان هەر هیچ نەبێت بە وەرگرتنی وەکو تاقی کردنەوەیەکی نەرێنیی. ئەگەر ئەدەب هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانەوە هەبێت و بە چاوی"چیخۆف"و زوربەی گەورە ئەدیبان سەیری بکەین، کە دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە و دەسەزانەی ژیان بێت، بگومان وایش پەویست دەکات هەردوو دیوەکەی ژیان بگرێتەوە، چاك و خراپ، چاك بە پەیڕەوکردن و خراپیش بە چارەسەرکردن، یان خۆ لەلادان، بگومان کەمێگای ئەمەیش لە دنیادا تاك نییە و هەشتا نۆگەیشتووینەتە ئەو لوتکەی پشکۆتنەی کە هەموو "سوپەرمان"و بە کەموکوڕی بین، بەڵێ زەر ئاساییە ئەو کەموکوڕیانەمان لە ئەدەبەکەشماندا ڕەنگبداتەوە، چونکە ئەرکی ئەدیب ئەوە نییە"مامەستا، یان شێخ، یان پەڕپاگەندەچی"بێت و هەرگیزیش ئەدیبی دەسەز و بەرچاو ڕوون وەکو"وشترمەل"ی پەناکرێت، بەڵێ گەورە ئەدیبانی دنیا تا ئێستا زیاتر لە پیشاندانی لایەنە نەرێنییەکاندا سەرکەوتوون وەك لە لایەنە ئەرێنییەکان. چونکە ژیان لە چاو ئەو دنیایەوە کە هونەرمەند دەیەوێت زیاتر نەرێنییە و هەرگیز بەو تەزە ئەرێنییانە ڕازی نابێت. "جۆرج لەکاچ"ی خاوەن بیر و ڕەخنەگر ئەم مەسەلەیە دەخاتە چوارچێوەی چینایەتییەوە و لە کەمێگای بەرژوازییەدا حەز لە پاڵەوانی ئەرێنیی کردن بە بەشێك لە ئایدیەلۆژیای بەرژوازیی دادەنێت، کە دەڵێت:"ئەم مەیلە لە مەیلەکانی ئایدیەلۆژیای بەرژوازیی زەر ڕوونتر لە مەسەلەی پاڵەوانی ئەرێنیی دەردەکەوێت".(١٩)ئەم مەیلەیش بەڵێ لە کەمێگایەکی بەرژوازییدا وەهایە چونکە: "دەستنیشانکردنی ئەو ناکۆکییانەی هیچ چارەکیان لە

کەمێگای بەرژوازییدا بێ نییە، گشت داوای پاڵەوانی ئەرێنیی کردنەك لە کەسێ سەرکەوتووکان لە گەروودا دەخنکێنێت".(٢٠)جا نازانم مەسەلەکە بەلای"حەمە سەعید"ـەوە چۆن کەوتووەتەوە، کە ئاوەها بەکارهێنانی پاڵەوانی نەرێنیی لە بەرهەمکانماندا تاوانبار دەکات؟!! بە هەرحاڵ..ئەمەیش لەگەڵ"گۆگڵ"دا دەڵێین:"هیچ غەمکمان نییە ئەگەر پاڵەوانکانمان بە دڵی خەڵکی نەبن"(٢١) چونکە ناتوانین بە زەوق و ئارەزووی هیچ کەسێك بە کاغەزی زەرد و سوور بیانازێنینەوە، ئەوە وتمان ووکەشکانیشیانمان پێوازایەوە، ئەی چی لە ناخیان بکەین؟! خۆ ناخ لە قاڵب نادرێت!

*چیرۆکی"کاوقووچ"سەرەڕای ئەوەی وەکو گشت چیرۆکێکی خەسکی تر، پشوەخت وەکو قاڵبێکی وشك بە دەربەینی فیکرێك، یان دروشمێك دانەنراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا خاڵی نییە لە کەمێك مەبەستی کەمایەتیی و خەماڵێتیی و دەروونیی و شتی تر. ئەم چیرۆکە زیاتر وێنەکێشانی هەندێك لایەنی جوان و دووهەند لایەنی ناهەمواری ئەوسای گەڕەکێکی هەژاری شارێکی کوردستانە، کە"سلەمانی"یە و بە زمانێکی ساکاری گونجاو لەگەڵ ئادەی تێگەیشتنی وەها منداڵێکدا، کە ئاگەر زیاتری لەداوابکرێت لەگەڵ(لەژێك)ی چیرۆکەکەدا ناگونجێت، چونکە بەرهەمی ئەدەبیی لەژێکی خاوەن خوێندەوارێکی بەهێنجرێت و ناشێت قاڵبێکی بەسەردا بسەپێنرێت هیچ پێوەندییەکی پێوەی نەبێت.

بەڵام شێوەی گشتیی چیرۆکەکە بە تەوژمی هۆش و بە تایبەتیش بە مانەلەژی ناوەوەی ئاستەوخۆ(٢٢)و بە دوو مانتاژی گەورەی زەمانیی کە یەکێکیان لەمەوە بە ئابوردووە و ئەوی تریشیان بە پێچەوانەوە، لەگەڵ کەمێك مانتاژی لێك نزیکدا داڕژراوە..کەچی"حەمەسەعید"لای وایە "لەسەر شێوەی ئیپەرتاژ نووسراوە"، ئینجا نازانم چاوی بە سەرەتای چیرۆکەکە نەکەوتووە کە دەڵێت:"نازانم چۆن لەم کەوتوە ئەو پیرە گەڕەکەی خواروەی شار.."تا دەڵێت:"..لاشەی نوقم بووی بیرەوەرییەکەم وردە وردە کەوتوە سەر ئاو.."ئەمەیش گشت خوێندەرێکی ئاسایش دەزانێت گەڕانەوەیە بە دواوە و زیندووکردنەوەی هەندێك"بیرەوەری"یە. بیرەوەرییەش شتێی ناخە و ناخیش بە ئیپەرتاژکاریی هیچی لەدەرناکەوێت و لێك بە پێچەوانەی ئەم چیرۆکەوەیە. جا بۆیە دەڵێم لەنگ بێت "حەمەسەعید"ئیپەرتاژکاریی لە شێوەی هونەری شێپڵی هۆش جودا نەکاتەوە و نەزانێت ئەمیان لێبازێکی گەورەی ئەدەبە و ئەویان کەموکوورییەکە و هیچ پێوەندییەکی بە ئەدەبەوە نییە و نە گەڕانەوە بە دواوە و نە چوونە ناخی پاڵەوانکەوە و نە دەربەینی هەست و نەستیانی تیا نییە، کە گشت ئەمانەیش هەموو خوێندەرێکی ئاسایی بە ئاسانی لە"کاوقووچ"دا هەستی پێدەکات..جا نازانم"حەمەسەعید"چۆن هەستی

پەنەکردووە!؟خۆ بەکارهێنانی هەندێك شتی واقیعیش وەك"قاوەخانەی سەرچیمەن"هەرگیز چیرۆکەکە ناخاتە چوارچێوەی ڕیپۆرتاژکارییەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بتوێی و باوەشکی زیاتر بە چیرۆکەکە دەستبەردەکات، بە دەگمەن چیرۆك و ڕۆمانیش هەیە هیچ ناو و ووداوێکی واقیعی تیا نەبێت، هیچیشیان بوونە نەبوونە بە ڕیپۆرتاژ..من وای بۆ دەچم ئۆگەر"حەمەسەعید"پێشوەخت بیاری لەسەر ئەم چیرۆکە نەدایە، جا لەبەر هەر هەیەك بێت، ئۆگەر ڕاستیی شێوەکەیشی نەزانیایە، هەر هیچ نەبوایە بە واقیعی و کوردەواری لە قەڵەمی دەدا نەك ڕیپۆرتاژکاریی؟!…

- کۆتایی چیرۆکەکەیش بە هیچ جۆرێك وەها نەکەوتووەتەوە وەکو ئەو دەڵێت، چونکە بەکارهێنانی ژمارەیەك کە لە واقیعدا نەبێت بە هیچ جۆرێك چیرۆکەکە لە ڕیالیزمیی ناخات، خۆ "شەرکە بەکەس"ڕیپۆرتاژی نەنووسیوە تا گشت شتەکان بەبێ هیچ دەستکارییەك باس بکات، بە تایبەتی ئۆگەر لە شوێنەکدا بە زیاتر شتێك خستنە سەر چیرۆکەکە پێویست بکات وەکو لەم چیرۆکەدا وایە و لەلایەن چیرۆکنووسەوە ئیشارەتێکی زیرەکانەیە بە ئەو سەردەمەی پاڵەوانەکە بە فلاشباك بۆی گەڕاوەتەوە. ئیتر نازانم ڕەمزی چی؟! و ووداوی گەورەی مێژوویی چی؟!و بوون و نەبوونی ئەو ژمارەیە لە"بەڵەوبەرێتی گواستنەوە و هاتوچۆ"ی سەلەمانیدای چی؟!..وادیارە "حەمەسەعید"ئەم خاڵەی لەگەڵ"غەفڵەت"دا لە لا تەکەبووە، کە ئاسمان و ڕەسمانیشیان نەوانە..ئیتر لەم بڕیارەی هەڵەیشەوە کەمێك ئۆگەری ناشیاوی ڕیزکردووە، کە پێویست بە باسکردن ناکەن چونکە بناغەکەیان هەڵەیە. پاشان دەڵێت:"کۆتایی هەنانیش بە ژیانی پاڵەوانەکە بەو جۆرە ناماقوولە..."، ئەوەی ڕاستی بێت لە یەکەم خوێندنەوەدا منیش ئەم کۆتاییەم زۆر بە دڵ نەبووە، نەك لەبەر ئەوەی بە"ناماقوول"م دەزانی، بەڵکو لەبەر ئەوەی وامدەزانی لە پێکدا هاتووە و هیچ ڕەخنەشکردنێك لە چیرۆکەکەدا بە ئەو کۆتاییە نییە، بەڵام هەر کە تەزێك لەی وردبوومەوە دڵنیابووم کە ئەوە تەنیا کۆتاییەکی شیاوە بە "باجی ئامە"-نەك پاڵەوانەکە، چونکە منداڵەکە پاڵەوانە-و بە چیرۆکەکەیش. بە"باجی ئامە"، چونکە لە چیرۆکەکەدا ڕەی بە خۆشکراوە کە هەر خۆی دەڵێت، "-شل بوونی چی..دنیا پێنج و دوو ڕەژەکە، گەنجین با بە دڵیی خۆمان نەکەین". چیرۆکەکەیش خۆ هەر دەبوو

کەتایی بێت، هەواڵی نەمانی"باجی ئامۆ"یش باشترین لەنگەرە بۆ چیرۆکەکە، ئەمە جگە لەوەی شتێکی سەیر دەبێت بە نووسەر بڵێین چیرۆکەکەت وا لەمەکە و وا لێبکە! چونکە ئۆگەر وەها بە فیتەر و دارتاشیش بڵێیت شاربەدەرت دەکات. بە بەرهەمی ئەدەبییش پێویستە بڵێگە بە نیشانەی گونجاویی و نەگونجاویی لایەنێك لە دەقەکە خۆیەوە هەڵبهەنجرێت، لەرەدا ئۆگەر پێنا ببینە بەر واقیعیش هەر ئەو ئەنجامە زۆر نزیکە لە ووداوەو و هەرگیز نێك ناماقوول نییە، بڵێکو زۆر ئاسایییە ئافرەتێکی ئەوسا، کە ئێستا بەگومان پیرەژنێکی پەککەوتەی بەکەس و هەژارە، بیوەت لە جادەیەکەوە بپەڕێتەوە و یەکەك لەو ئەتەمبەڵە بە پەلە و گوندەرانە بیکەن بە ژێرەوە..جا ئۆگەر ئامۆ ناماقوول بێت دەبێت بە هەندێك شتی تر چی بڵێین کە هەژانە لە ژیانماندا ووددەن؟!

*سەیریش ئەوەیە"حەمەسەعید"بە دەنگێك کە تادێت زیاتر هەدەچێت دەڵێت:"تەنیا مەبەست ختووکەدانی عاتیفەی خەڵکییە"، لە کاتێکدا "شەرکە بەکەس"هیچ جۆرە سەزکی دەربارەی ئەو سەرئەنجامە دەرنەبڕیو و مەسەلەی سەزکەی بە تەواوی داوەتە دەستی خوێنەران خۆیان. ئەمە لە کاتێکدا دەربارەی هەندێك لەو چیرۆکانەی لە فیلمە هیندیی و میسرییە فرمێسك سواکەرەکان دەچن هیچ شتێکی وەها ناڵێت و بگرە بە دڵنیشین! لەم "بانگە و دوو هەوایە"یش سەیرتر ئەوەیە ئۆگەر لە ووی"ختووکەدانی عاتیفەی جەماوەر"ەوە بڕاوردێکی هەر ئەم نووسینەی"حەمەسەعید"خۆی لەگەڵ ئەو چیرۆکەدا بکەین..

*لە هەموو ئەمانەیش سەیرتر ئەوەیە کە دەڵێت:"بە لابردنی دوا پەرەگرافیش نێك هەر کەڵەن ناکەوێتە چیرۆکەکەوە، بڵێکو چیرۆکەکە لە کۆتاری ڕاستەقینەی خۆیدا ئارام دەگرێ"، نازانم بە چ ئەقڵێك دەشێت ئادەمیزادێك لە ساڵی ١٩٧٨دا-کە ساڵی نووسینی چیرۆکەکەیە-لە شوێنێکدا هەندێك ووداوی ساڵی١٩٤٨ی بیر بکەوێتەوە و چەند دەقیقەیێك بە خەیاڵ و بە هۆنەری چیرۆك بگێڕێتەوە بە سەردەمی منداڵیی خۆی و ئیتر هەر بە منداڵیی بمێنێتەوە و مژووویش"٣٠"ساڵی ڕەبەق بگێڕێتەوە دواوە! ئۆگەر ناماقوول لە دنیادا هەبێت هەر ئەمەیە.

*خاڵێکی تریش لەو سەیرانە ئەوەیە نووسەر دوای ئەوەی چیرۆکەکە بە ڕیپەرتاژکاریی گوناهبار دەکات، هەر دوای نیو لاپەڕە بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و دەڵێت:"..گوانەوەی چیرۆکەکە لە شوێی نوەدایە..."! بڵام لەرێشدا خۆی ئاسایی نە جۆری نوێیکە دەردەخات و نێش دەیسڵمێنێت ئایا ئەم

قسەیەی دوایی ئاستە، یان ئەوی پێشووی؟!

---

*لە چیرۆکی"ئەو شەوانەی بەت ئۆگریم و ئەو هۆزانەی لە بیرم ناچێتەوە"(٢٣)ی "عەبدوڵا عەباس"دا، نووسەر لەبەر هەر هەیەك بەت کردك(تەم)ی چیرۆکەکە پشتگوێ دەخات و بە هەندێك لەیەنی لاوکییەوە دەنووسێت، بە ئەوەی ئەو قسانە دووبارە بکاتەوە کە ئەوەندە وتراونەتەوە بەتام بوونە، بەیە بە پێویستی نازانم لەسەری ئابوەستم و تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە هەرگیز مەرج نییە تیرۆکان بە گشت سەردەم و لە گشت شوێنکدا لەگەڵ واقیعدا بگونجێن.
*دواییش نازانم"حەمەسەعید"بە لە پێکدا لە "عەبدوڵا عەباس"دەبەت بە"کاسلیکیی"و باوەڕ بە ژن و مەردایەتیی هەتا هەتایی دەهێنێت، ئۆگەر ئەو پێوەندییە سەرنەکەوتوویش بەت؟! ئەوەندەی من بیزانم لە مانیفێستەکەدا بە پێچەوانەوەیە..لەرەیشدا دەڵێم ئۆگەر ئەم چیرۆکەی "عەبدوڵا عەباس"نەبوایە و نووسەر هەوەسی هەبوایە دەیتوانی وا لەکیبداتەوە کە هەوڵەکە بە گەینی واقیعیکی تاڵ و ڕزگاربوون لە کەت و پێوەندێك کە پاڵەوانەکە هەوەی پچڕاندنی دەدات..
پاشان نووسەر حەماسەتکی تەواو دیگرێت و نەبرەی وتارەکەی تەواو بەرز دەکاتەوە و دەڵێت:"لەرەدا ئەودەکەمە ئەوانەی کە وا تەدەگەن ئاستگەیی لەوەدایە کە چیرۆکنووس، یا شاعیر بەرهەمەکانی ئاوێنەی ئاستەقینەی هەڵسوکەوت و تەنگوچەڵەمە و ئاوات و خواستی کەسییانەی خەی بن کە ئەمە ئەوپەڕی (نەرگزییەتە). یان لە چاکترین حاڵەتدا دەربەینکی فەتەگرافییانەیە لە واقیعێکی مەییو"..پەش ئەوەی ئاستیی ئەم قسەیە ئەوون بکەینەوە، حەزدەکەم لەسەر وشەی"فەتەگرافی"ئابوەستین، بە ئەوەی بزانین ئەم نووسەرە چەند لە سەرەتا و بناغەکانی نزیك چیرۆك و لەکۆڵینەوە و ڕاخنە، بەکو زانیاریی گشتیی دەزانێت؟..وشەی"فەتەگرافی" وەنەی ئاسایی سەر کاغەز دەگرێتەوە، کە لە ئەدەبیشدا شتێك بە فەتەگرافییانە لە قەڵەم دەدرێت، وا دەگەیەنێت ئەو بەرهەمە وێك وەنەیەکی ئاسایی کە بە کامیرە گیرابێت وایە، واتە نە جووڵە و بزوان و نە شیکردنەوەی ناخی پاڵەوانکان و نە هەست و سۆزیان و نە هیچ شتێکی تری وەهای تیا نییە، بەکو بریتییە لەوەی بە چاو دەیبینیت و دەیخەیتە سەر کاغەز..کەچی ئەم ڕێك بە پێچەوانەوە، ئەو وشەیەی بە شتە زۆر ورد و تایبەتییەکانی ناخی پاڵەوانکان بەکارهێناوە! بە ئاستی کامیرایەکی سەر سووەهێنەر و داهێنانکی تەکنەکۆژیی مەزنە ئەوەی بتوانێت وەنەی"تەنگوچەڵەمە و ئاوات و خواست"و ئەمجارە شتانەی ناخ

بخاتە سەر کاغەزی وێنەی فۆتۆگرافی؟!
ئەمە هیچ، با بڕوانە سەر مەبەستەکە، کە بە تۆندوتیژییەکەیدا دیارە تاوانبارکردنە، با وشەکان لە جێی خۆیاندا نەبن. من پێش ئەوەی خۆم هیچ بڵێم شاکارە هەرە مەزنەکانی ئەم دنیایە بە نموونە بە پووچکردنەوەی ئەو قسەیە دەهێنمەوە، وەکو "پیرە و دەریا"و گشت بەرهەمەکانی "هەمینگوای"(٢٤) و "یۆلیسیس"ی "جەمس جۆیس"(٢٥)و "گۆدان لە کاتە ونبووەکە"ی "مارسیل پرۆوست"(٢٦) و زۆر تا کەمی سەرتاپای بەرهەمەکانی "دیستۆیڤیسکی"و "لیۆ تۆلستۆی"و "شەکسپیر"(٢٧) و زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکانی گەورە ئەدیبانی دنیا، کە بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسەرەکانیانی پڕە دیارە و ئەویش ئای گەورە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی دنیایە، کەسێك مەبەستی بێت زۆر بە ئاسانی دەگاتێ و سەریان، وێك لە پڕاوپڕکانەدا دیاریمان کردوون..ئینجا ئەدیب و خوێنەری کورد نازانێت بە کلکی کۆشرەکە باوێ بکات، یان بە قسەکەی مەلای مەزبوور؟! هەر کەس و ئارەزووی خۆیەتی. بەڵام من باوەڕناکەم ئەدیبی ڕەسەن ئەگەر لە تاقیکردنەوەیەکدا قاڵ نەبووبێت و بە تەواوی ئاگاداری گشت لایەنەکانی ئەو بابەتە نەبێت کە لەسەری دەنووسێت و گشت خەشیی و ناخۆشییەکانی ئەو بارەی نەچەشتووبێت، باوەڕ ناکەم بتوانێت بەرهەمێکی ڕاستگۆ و پوخت بهێنێتە بەرهەم. دارتاش و بەرگدروو و ئاوانی تر دەتوانن بە پێی کەتەلۆگ و پێوانە و کێشانە چێت بووێ بەتی دروست بکەن، بەڵام ئەدەب هەشتا ئەوەندە بازاڕی نەبووە وەهای لێبێت و ئەدیبی ڕاستگۆ و دڵسۆزیش بڕ لە گشت کەسێك بە خێی دەنووسێت و داهێنانی ئەدەبییش کارەکی تەواو تاقەکەسییە(٢٨) و هەرگیزیش بە خوێندنەوەی چەند سیپارەیەك وەدەست نایەت. بەڵام ئەویش هەیە پێویستە ئەو تاقیکردنەوە و هەست و نەستە خودییانە-نەك شەخسییانە-پڕزەکی ئەوتۆیان بدرێتە تا ببن بە شتەکی گشتیی، ئەگەرچی زۆربەیشیان هەر خۆیان لە خۆیاندا گشتییشن.(٢٩) مەگەر یادگارنامە و نامە تایبەتییەکان نەبێت، کە ئەوانیش زۆرجار لە سنووری تایبەتی دەردەچن و دەبن بە شتەکی بە کەڵك بە گشت کەسەك، وەکو یادگارنامەکانی "پاپلۆ نیرۆدا"و "کازانتزاکی"و نامە تایبەتییەکانی "کافکا"و "سەیاب"و زۆر و زۆری تر..
لە شیعریشدا داوا لە نووسەر دەکەم با شیعرەکانی "گۆران"ی نەمری خۆمان و "یەسینین"ی ڕووسیی و هەر کەسێکی تر کە ئەو لەم دنیایەدا هەیدەبژاردبێت بخوێنێتەوە، بە ئەوەی بە چاوی خێی ببینێت جوانترین و ڕاستگۆترین و کاریگەرترین پارچە شیعر هەر ئەوانن کە "ئاوێنەی ڕاستەقینەی هەستوکەوت و تێنگوچۆمە و ئاوات و خواستی"خودیی شاعیرەکەن و ئەو قسە زۆر باوە بە خێی ئەو پووچ دەکەنەوە، کە

نازانم لە کوێوە هێناوە و..ئەگەر بڵێت لە ئەدەب لە چییەوە پێی گەیشتووە؟!

---

*"حەمەسەعید"دەربارەی چیرۆکی"چاوەڕوانی"(٣٠)ی منیش دەڵێت:"..بە (مانگڵۆژی)ناڕاستەوخۆ دەست پێدەکات"، ئاشکرایە کە"مانگڵۆژی ناڕاستەوخۆ وا لە خوێنەر دەکات بەردەوام هەست بە نووسەر بکات"(٣١)، واتە پاڵەوانەکە خەی نادوێت، بەڵکو نووسەرەکە خوێنەر دەباتە زەینی پاڵەوانەکەوە و هەست و بیر و لێکدانەوەکانی بەی دەردەخات، بە پێچەوانەی چیرۆکەکەی منەوە کە لە یەکەم وشەوە تا دوا وشە بە مانگڵۆژی ناوەوەی ڕاستەوخۆی تەواو نووسراوە، واتە نووسەر خەی پاڵەوانە و لە ڕوانگای ئەویشەوە خوێنەر ڕاستەوخۆ بە چاوی پاڵەوانەکە دەبینێت و بە مەشکی ئەو بیردەکاتەوە و لە ناو زەینی ئەودایە(٣٢)، واتە خوێنەر خەی دەبێت بە پاڵەوانەکە، ڕاستەوخۆییەکەیشی لەمدایە، سەرەڕای چەند وردە بناغەیەکی تری ئەم تەکنیکە کە کات و شوێن و کەسانی ناوەوەی پێدەگەڕێت(٣٣). خۆ ئەگەر نووسەر ئەو قسەیەی دەربارەی"کاوقووچ"، یان"شاو" بکردایە، دەوترا لەی تەکچووە و تا ڕادەیەك چاوی لێدەپۆشرا، بەڵام بە ئەم چیرۆکە..هیچ بیانوویەکی بە نیێە نەشارەزایی نەبێت..خۆ نایشکرێت منیش وەکو ئەو بڵێم"عەرزی عەزەاتە"، چونکە هەر گەشتیشی پێوە نیێە!

*پاشان دەڵێت:"پاڵەوانی چیرۆکەکە مرۆڤێکی بەزار و بێئومێدە، لە جێیەکی دیاری کراودا ڕاوەستاوە و چاوەڕێیە (قاپی)(ڕەحمەتی) بە بخرێتە سەرپشت.."گشت ئەو شتانەی دەربارەی پاڵەوانی نەرێنیی و ئەرێنیی و وازهێنانی نووسەر لە کرێکی چیرۆکەکە و بە هەندەك لایەنی لاوکییەوە نووسان و ئەو شتانەی تری دەربارەی هەندەك لایەنی"کاوقووچ"و چیرۆکەکانی "عەبدوڵا عەباس"وتم لەڕیشدا هەر وان و پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکەن. بە نموونە"حەمەسەعید"دەڵێت:"..ڕاوەستاوە..."، منیش دەڵێم تە بەیت چیرۆکەکەی خوێندبێتەوە؟! ئەگینا چ خوێنەرێك-نێك لەکەڕەوێك-هەیە نازانێت ئەم"دانیشتن"دەگەیەنێت"ئا ئەڕەی وت. ئەو پێناێە باش، هەوبارەکە و دیمەنی خەرنشین لەو دیو جامەکەوە. سەر دەنێم بە سەرییەوە و..هتد"؟ باشە باوکم ئەوە وتمان ئەم ڕستەیە لەوە ئاڵزتر"حەمەسەعید"بتوانێت لێکیبداتەوە..خۆ ئەو"مەتیف"واتە ڕەسمەی لە ژێر ناونیشانی چیرۆکەکە چاپکراوە ئاشکرایە. بەهەرحاڵ، ئەم باێخکی ئەوتەی نیێە لەوە زیاتر کە دەردەکەوێت ئەو چەند

لەو بارەمانە وردبوونەوە، ئینجا نووسینەکەی نووسیوە و چەند هەست بە لێپرسینەوە بەرامبەر بەو شتانە دەکات کە وتوویەتی، پووچگرایی هەرگیز نەگەیشتووەتە ئەم ئادیەی گوتەدان! هەر بۆیەش هیچ سەیر نییە بۆ ئەو بە ژووانەکەی دەداریی بڕیت(قاپی)(ڕەحمەت)، ئەگەر هەر زانیبێتی کرێکەکە چاوەڕوانی کردنەکی دەدارەکە! چونکە ئەو لەبەر سەرقاڵیی بە شتی تر وە ماوەی دەداریی کردنی نەبووە و بەڵایەوە شتەکی ناهەموارە ئادەمیزادێك دەداریی بکات، یان هەر لە چیرەکەکدا باسی ژووانەکی دەداریی بکات، چونکە ئەم کارە خزمەتی لایەنە فیکرییەکەی ناکات!

*ئینجا نازانم پیاو لە کاتی چاوەڕوانی کردنی دەدارەکەیدا کە لەسەر ژووانێك لە گەیدا ڕێك کەوتووبێت دەبێت چ ڕێکی هەبێت، یان نەبێت، کە ئەو دەڵێت:"..بە بە ئەوەی هیچ ڕێکی هەبێت"، بە تایبەتی ئەگەر چیرەکەکە هەواڵدانێك بێت بە دەربەینی ئەو تاقیکردنەوەیە بە گشت پژارە و نیگەرانییەکییەوە.. تە بڕیت"حەمەسەعید" داوا لەو ئاشقە بەدبەختە بکات بە ئەوەی"ڕێی هەبێت"دەست بداتە چەك و بچێت دەدارەکەی بە زەر بکەش بکات و هەر بە زەری چەك گشت ئاز و نیازەکی دەڵ پەرشەکەی بە باس بکات؟!

*"حەمەسەعید"دەڵێت:"کەسە باوەی بە توانای مرۆڤ هەبێت دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە مرۆڤ دەتوانێت هەموو کەسپەکانی بەردەمی تەخت بکات و ئەم دامودەزگایە بووخێنێ کە دەیکاتە بورغەویەك لە ئامرێکدا"بەڵام "جەرج لەکاچ"لە هەمان ڕوانگەوە دەڵێت:"خێکی هەموو یاریی دەستی هەزە کۆمەڵایەتییە-ئابووریەکانن و ویست و بگرە نیازە هۆشت بەرزەکانیشیان هیچ کارەکی ئەوتە ناکاتە سەر چارەنووسیان"(٣٤). منیش لەگەڵ "هەمەنگوای"دا دەڵێم:"دەشێت ئادەمیزاد تەك بشکێت، بەڵام هەرگیز نابەزێت". ئەمەوتەی ئەدیبەکە کەم تاقیکردنەوەی جیهانیی و تایبەتی هەبووە لە ژیانیدا خی تێنەهاویشتووبێت و ئەوی تریشیان وتەی خاوەنبیرەکی پشکۆتنخوازی بەناوبانگ و لەکەڕەوێکی سەرکەوتووە و ئەوێش قسەی یەکەکە لەو ڕۆخنە و لەکەینەوە نووسانەی بوونە بە تووشی ئەدەبەکەمانەوە! جیاوازیی نێوان سەرنجی یەکلایی و ووکار و سەرنجی فیکریی مولتەزیم و سەرنجی قووە و گشتگیرانەی مرۆڤانەیش لە نێوان ئەم سێ وتەیەدا زەر ئاشکرایە. ئینجا نازانم پشویست دەکات بڵێم ئەو قسەیەی نووسەر لەو جەرە قسە زیاد لە پشویست خێش باوەڕانەیە کە زیاتر بەڵای گەلەکەیدا دەدات و بە فریودانی ساویلکەکان دەست دەدات نەك بە ئەدیبەك، یان مرۆڤەك هەردوو دیوەکەی ژیان ببینێت.

*پاشان دەڵێت:"(فیکری)چیرەکەکە لەوەدا کەدبەتەوە کە سەاح پەمان دەڵێت: هەموو ڕۆژ و مانگ و ساڵکان وەك جۆهەر لە یەك

دڕچن.."باوەڕتان بێت کە ئەم خوێندەوە خۆرا بە چیرۆکەکەدا چووەوە، وتم نەوەکو لە چاپکرندا وەها ڕستەیەکی نووسینەکی تری تێکەوتووبێت! بەڵام دوایی بەم دڕکاوت ئەمەیش یەکێکە لەو بە هەڵبەستنانەی کە چەند جارێك لەو نووسینەدا دووبارە بووتەوە، مەبەستەکەیش ئاشکرایە بە ئەوەیە ئەوەی لە دواییدا وتوویەتی بیەێت، ئەگینا وەك هوونمان کردەوە مەبەستی چیرۆکەکە ئاشکرایە و وشەی (فیکر)یش هەرگیز بە ئەم چیرۆکە دەست نادات، وەکو بە زەربەی هەرە زەری بەرهەمی ئەدەبیی و هونەریی ئەم دنیایە دەست نادات(٣٥)، ئەمەیشیان هەر هوونکردنەوە.

*دوایی بە هەوایەکی تر لەسەر هەمان ئاواز دەڵێت:"سەڵاح لەم چیرۆکەیدا تازەترین تەکنیکی بەکارهێناوە، بەڵام تازەگەریی و نوێکردنەوە و داهێنان ئەوە نییە تەنیا شتوە بگرێتەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ناوەرۆك دگرێتەوە، بەیە تازەگەریی و نوێکردنەوە تەعبیرکردنە لە فیکری پێشکەوتووخوازترین هەزی ئەم سەردەمە". منیش لەگەڵ تێکەای هونەرمەندانی ئەم دنیایەدا دەڵێم:"تازەگەریی و نوێکردنەوە" بە پلەی یەکەم و دووەم و سەدەمیش هەر پەیوەندیی بە تەکنیك و هونەری بەرهەمەوە هەیە(٣٦)، جا ناوەرۆك بەڵای ئەم، یان ئەوەوە چاك بێت، یان خراپ. بە پێچەوانەیشەوە هیچ ناوەرۆکێکی بەرز نیك هەر نووسەر ناکات بە تازەگەر و نوێخواز و داهێنەر، بەڵکو نووسینیش ناکات بە بەرهەمی ئەدەبیی، یان هونەریی، چونکە دەشێت نووسەرێك بە وتارێك باشترین ناوەرۆك و بەرزترین فیکر دەربڕێت و نووسینەکەیشی هەرگیز نیك"تازەگەریی و نوێکردنەوە و داهێنان"نەبێت، بەڵکو ئەدەبیش نەبێت، بە پێچەوانەی ئەمەیشەوە دەشێت بەرهەمێك ناوەرۆکێکی زەر ئاسایی، یان بەکەڵك، بگرێ تا خراپیشی هەبێت و کەچی بەرهەمەکەی تازەگەریی و نوێکردنەوە و داهێنانیش بێت..نموونەی بابەتی یەکەم گشت مرۆڤێرۆرێ(نائەدیبەکان)ی دنیا دگرێتەوە، هەر لە پەغەمبەرانەوە تا بە فەیلەسووف و سیاسیی و گشت ئەوانی تر دگات، کە بە وتە و بە نووسین خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە، بەڵام هەرگیز نەبوونە بە ئەدیبیش تا بە تازەگەر و نوێکەرەوە و داهێنەری ئەدەبییان دابنەین. بە نموونەی"تازەگەریی و نوێکردنەوە و داهێنان"بە ناوەرۆکی ئاسایی، پێش گشت کەسێك"گەران"ی نەمر دەهێنمەوە، کە ناوەرۆکی زەر لە شیعرکانی جوانیی ئافرێت و سروشتە و شیعر لەوتەی هەیە بکاریان دەهێنێت، کەچی"گەران"ئەوپەڕی داهێنان و نوێکردنەوە و تازە- گەرییشی تیا بەدیهێناوە، بگرێ"گەران"زیاتر بە ناوەرۆکە ئاساییەکان نوێیی و داهێنانی وەدەست هێناوە وەك لە شیعرێ بە ناوەرۆك بەناوبانگەکانی.."هیگەل"ی فەیلەسووف لەم

بارێوە دەڵێت:"کاری هونەریی بریتییە لە لایەنە تەکنیکییە ووتەکەی"(٣٧). ئەگەر وا نەبێت چۆن ناوەڕۆکەکی بکەکەی وەك ئاوەڕۆی تابلۆی"ئافرەتانی ئۆفینیۆن"ی هونەرمەند"پابلۆ پیکاسۆ"دەبێت بە"شۆشکی ڕەسەن"لە هونەری نیگارکێشاندا؟!(٣٨) خۆ "ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە پیشانگای بەر دەرگای سەزانی خانەیەك"(٣٩)کە وێنەی چەند ئافرەتێکی ڕووتی ناشیرینن. تازەگەریی و نوێکردنەوە و داهێنان لەم تابلۆیەدا تەنیا لە تەکنیکەکەیدایە کە"پیکاسۆ"بە یەکەمجار سەرکەوتووانە شێوەی کیووبیزمیی بەکارهێناوە. ئیتر نازانم پێویست بە نموونەی تر دەکات بۆ ئاوەڕۆی بیسڵمێنین کە داهێنان بە پلەی یەکەم و ئینجایش نوێکردنەوە لاوەدایە: چۆنی دەبێت، نەك چی دەبێت؟! لایەکی تری ئەم مەسەلەیەیش ئاوەیە بەرهەمی تر زۆرن بە بە نوێکردنەوە و تازەگەرییەکی ئاوتە جۆگای شایستەی خۆیانیان لە دڵی خوێنەران و ڕەخنەگران و لەکەڕوانیشدا کردووەتەوە، بەڵام بە نوێکردنەوە لە قەڵەم نەدراون، ڕەمانی "زۆربای یۆنانی"ی"نیکۆس کازانتزاکی"و"دایك"ی"مەکسیم گۆرگی"و زۆری تریش هەن لەم نموونەیەن.

دیسانەوە دەڵەم:نازانم"حەمەسەعید"ئاو قسەیی لە کوێوە هێناوە؟ ئەگەر هی خۆیەتی بە چی دەیسڵمێنێت و ئاو نموونانەی هێناماناوە چیێان لەدەکات؟!سەرەڕای ئەمانەیش نازانم ئاو"فیکری پشکۆووتووخوازترین هێزی ئەم سەردەم.."بەڵای ئاوەوە کام قەناعەتیانە؟ و کامیان تەواو و کامیان ماماوەندیی و کامیان لە لەواری پشکۆوتنخوازییدایە؟! دواییش کە ئەم پلەی پشکۆوتنخوازییانە دەستنیشان دەکات؟!بە هەرحاڵ، من چاوەڕوانی وەڵامی ئەم پرسیارانە ناکەم، بەڵام دەڵەم هەق و ڕاستیی پێویستی بە هەرا هەرا نییە و دەسزیەیش بە کردەوەیە نەك بە سینگ دەرپەڕاندنی سەر کاغەز..

*لە کۆتایی ئاو بگەڕێیشدا نووسەر دێتە سەر ئاوەی دەڵێت:"..دوا سەرنجم دەربارەی ئەم چیرۆکە ئاوەیە: وەك چۆن هەوە دەدرێ بە خاوەن ڕاگرتنی دەوروبەری مرۆڤ و هەموو خەرخوازێك دژی پیسکردنی دەوروبەری مرۆڤ، ئەم جارە ئەدەبش دەوری هەیە لە پیسکردنی بیری مرۆڤدا و دژایەتی کردنی ئەرکی سەرشانی هەموو خەرخوازێکە (١٣)".

هەر کەسێك ئەمە بخوێنێتەوە و بە پێی ژمارەی پەراوێزەکە کە(١٣)یە سەیری پەراوێزەکان بکات کە نووسراوە"پشکیی ڕەمانی-کاتە نەهەنگەکان کۆچ دەکەن-ی-یەری ڕایتخیە-گۆڤاری ئۆقلامی-ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٨٠"، هەر کەسێك سەرنجی ئەمە بدات وا دەزانێت لە دوو خاڵەکە":"ی دوای وشەی"ئاوەیە"وە ئەم وتەیە هی ئاو ڕەمانووسەیە.. کۆچی وایش نییە و هەرگیز ئاو ئەدیبە بەو زمانی"پیس"ـــــە نەدواوە…!ڕاستە ئاو باسی "پاراستنی پاکیی سەرچاوەکانی ئاوی

سازگار و جەنگ و دارستانەکان و تا باندە و ئاژەڵ-دگمانەکان-
دکات"، بەڵام ئاشکرایە"یەری ڕایتخیە"بناغەی پاراستنی دەوروبەر
دزانێت چییە و چۆن بە پاراستنی هاوسەنگیی سروشت بەدی دێت، نەك
بە لەناوبردنی جۆرەك و زۆرکردنی جۆرەکی تر-وەك ئەم وای لەکردووە-
چونکە زانستی دەوروبەر پاراستن-هەر بە نموونە دەیەم-دەڵێت:ئەگەر
لە ناوچەیەکدا ئاژەڵ گەشتخۆرەکانت قەکرد، ئاژەڵ گیا و گژ
خۆرەکان زۆردەبن و کاردەکەنە سەر سەوزایی زەویی و لە دواییدا
ناوچەکە دەووتێتەوە و ئاژەڵ گیا خۆرەکانیش لەناودەچن. چونکە
سروشت بە درێژایی هەزاران ساڵی تەمەنی جۆرە هاوسەنگییەکی بە خۆی
دروستکردووە و گشت دەستکارییەکی لەلایەن ئادەمیزادەوە دەبێت بە
هۆی سەنگەلابوون و لە دواییشدا هەرەس هێنانی و قاتوقڕیی..ئەم
مەسەلەیە لایەنەکی تریشی هەیە، ئەویش لەوتاندنی هەوا و ئاوە بە
دووکەڵی کارگەکان و دەرمانە کیمیاوییەکانی لەناوبردنی مێرووی
زیانبەخش بە کشتوکاڵ و تەندروستیی، ئاوەستان لە ڕووی ئەم لایەنەیش
وا دەگەیەنێت کارگەکان دابخرێن و لەگەڵ کولێژ و مێرووی تر وەك
جاران کشتوکاڵ بخرێن. ئەمەیش دەبێت بە هۆی گەڕانەوەی مژوو بە
دواوە و دواکەوتنی پیشەسازیی و کشتوکاڵ و زیاتر برسیی کردنی
کرێکاران و جوتیاران.. بە هەرحاڵ ئەم مەسەلەی پاراستنی دەوروبەر
زۆر لەمە زیاتری دەوێت و منیش داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم
کە هەندێك لە مەسەلەی ئەدەبەکە دوورم خستنەوە، بەڵام مەبەستم
ڕوونکردنەوەی نەزانیی و بە هەڵەدا بردن و چەواشەیی زانیارییەکانی
نووسەرە. "یەری ڕایتخیە"ئەم مەسەلە سروشتییە زۆر شارەزایانە و بە
زمانێکی ناسك و"شاعیرانە"دەباتە سەر ئەدەب و دەڵێت:"بەڵام
ئادەمیزاد ژیانی ناوەوەیشی هەیە، کە ژیانە ڕووحیی و فیکریی و
هونەرییەکەیتی"(٤٠)، واتە جگە لە بەرژەوەندییە ئابووریی و
کۆمەڵایەتیی و ئۆکانی تر، ئادەمیزاد ئەو لایەنە ناوەوەییانەیشی
هەیە و بایەخدانی یەکلایی بە دیوی دەرەوەی ئادەمیزاد ئەو
لایەنانە"لە دنیای تازەدا تووشی لەوتان و ڕووتانەوە و شواندنی
ئەنقەست دەکات.."بە نموونەی ئەمەیش"ئەدەبی تۆندو تیژیی و
ڤەڕایەتیی و ڕەگەزپەرستیی"لە وەاتە ڕەژاوەییەکانەدا
دەهێنێتەوە. ئەم بۆچوونەیش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مەبەستی
بەرهەمکانی"ئەلبەر کامۆ"و "ساموێل بکیێت"و ئەو دوای
پشڵەوکاندا نییە(٤١)، کە لێرەدا "حەمەسەعید"دەیەوێت چیرۆکەکەی
من بداتە پاڵیان و لەو ڕەگایەیشەوە بەوپەڕی"تۆندوتیژیی و
ڤەڕایەتییەوە"-کە"یەری ڕایتخیە"نفرەتی لەدەکات، هەر بە دەمی
ئەوەوە-ئەدەبی دژ بە شارستانیی ڕووکەش و ئادەمیزاد بە بورغوکەر
بە زمانی"پیس"باس دەکات..نازانم تە بەڵێت ئەم داوا لەو نووسەرانە

بکات لەناو ئەو زەلکاو و ناهەمواریی و لەوتاوییەوە ئەدەبکی پە لە گوە و گوەزار و شەنەیی بهەننە بەرهەم و چاو لە ئاستی ئەو ژیانە نامرۆڤایەتییە بچووقەنن و هەر بە خەیاڵ بڵێن: ئەخەی دنیا چەند خەش و ڕەنگینە! یان مەروولە هەر پەی خەشە بچێت بگژ قوللەی قافدا؟!

---

*"ئەرستە"ی فەیلەسووف دووهەزار ساڵ زیاترە وتوویە:"تا زەرتر بزانم، زیاتر بەم دەردەکەوێت کە کەمتر دەزانم ".حەمەسەعید"یش دیوەکەی تری ئەم وتەیە دەچەسپێنێت، کە ئەویش لە خەڵازیبوون و خەڵکی بە هیچ نەزانە، بەیە وەکو بەرپەرچدانەوەیەکی وتە چەوپە بە پەستەکەی "حوسێن عارف"دەربارەی چیرۆکی "ڕەشەاو" (٤٢)ی "سەلام محەمەد"کە وتوویە:"شەوەی موناجات و مەنەلەژە ناوخەکە لە دەربەینی مانا و مەبەستدا یاریدەی زەر داوە.."(٤٣)، ئەم بە نیمچە دڵنیاییەکەوە دەڵێت:"من پەموایە چیرۆکەکەی سەلام شتێکی تەقلیدییە، بەڵام بە شەوەیەکی نوێ نووسیوەتی، بەیە نوێترین تەکنیك ئەو باسە تەقلیدییە ناکاتە کارێکی ئەدەبیی سەرکەوتوو"، بەر لەوەی لەم قسەیە وردبینەوە، با بزانین وشەکانی چەند لە جێی خەیاندان: جارێ نووسەر بە "پەموایە"قسە دەکات، واتە زەر دنیا نییە و هەر بە قیروسیا وتوویەتی. لەکەینەوە بناغە و بنچینەی زەی هەیە و ناشێت وەکو مەتەڵ هەڵهێنان بنووسرێت، بەڵام بە هەرحاڵ لە سەرەتاوە دەزانین نووسینەکە لەکەینەوە نییە و با ئەمەیش بچێتە پاڵ ئەوکانی تر. جگە لەمەیش وشەی"تەقلیدیی"وەکو وشەی"فەتەگرافی"بە جۆرێك بەکار هێناوە کە هەرگیز وا ناگەیەنێت. خۆ ئەگەر بە"تەقلیدیی"مەبەستی بابەتی چیرۆکەکە بێت، ئەوە بەگومان هەیە و هیچ بابەتێك نییە"تەقلیدیی"بێت ئەگەر دەربەینەکەی سەرکەوتووبێت، ئەگەر وا نەبێت چی لە دەداریی و بە جوانیی ئافرێت و سەروشتدا شیعر وتن و لاواندنەوە تەقلیدیی تر هەیە، کە"گەران"بەرزترین شیعریشی پە وتوون. ئەمەیش ئەوەندە ئاشکرایە پەویست بە نموونە هێنانەوە ناکات. خۆ ئەگەر مەبەستیشی شەوەی ئەو چیرۆکەیە، ئەوە هەر هەڵەیە، چونکە"تەقلیدیی"واتە لاسایی کردنەوەی ئەو شەوانەی ئەوەندە بەکارهێناون گیانیان تیا نەماوە..ئەمە لە چیرۆکدا ئەو شەوەیە دەگرێتەوە کە مەرجە باوەکانی چیرۆك پەیڕەو دەکات. وەك سە قۆناغەکەی سەرەتا و لوتکە و کۆتایی. سەرەای ڕووداو و پاڵەوان و کات و شوێنکی دیار و چەند وردە شتێکی تر. جا نازانم تە بڵێیت چیرۆکی"ڕەشەاو"وەها بێت؟!..نەخێر. بگرە هەر لە

شـوڕ کـم ناسـراوەکانی چیـرکـ و ئـگـر "حوسـێن عارف"سـەرنجی بـ"شـوەی موناجات"(٤٤)-کـ لـقـ تـکنیکـکی زەر تایبـتی و تـسکی شـپـلی هـشـ(٤٥)-انـکـشایـ، ڕەنگ بوایـ نـك هـر بـ تـقلیدیی دانـنـرایـ، بـەکـو لـسـەر چیـرکـی ئاسـایـیش حیسـاب نـکـرایـ.. ئـگـرچیش"د.شـ"ای وایـ هـر نووسینـك شیعر نـبـت چیـرکـ.

*"حـمـسـعید"کـ دـەـت:"بـ شـوـیـکی نـوـ نووسـیوـیـتی"، لـگـەـ ئـوـیشدا ئـم قسـیـ زەر گشتیـ و کـم بـرهـمی ئـمـەـ ناگـرـتـوـ و لـگـەـ ئـوـیشدا خـی واتـنی"مالی بـ دانـ"، بـەـام بـ نـگبـتی ئـم چیـرکـ ناگـرـتـوـ! چـونکـ شـوـی"موناجـات"ەـگـکـ لـو ەـگـانـی تـوزمی هـش لـسـەری ەـواوـ. تـنانـت شاعیری مـزنمان"ئـحـمـدی خانی"ش نـسـدسـاـ بـەر لـ ئـستا لـ کـتایی"مـم و زین"ـــکـیدا بـکاری هـناوـ و هـر بـ هـمان زمانی کـسی دووـم-واتـ صیغـی مخاطبـ-وـك چـن "سـلام محـمـد"لـگـەـ خـیدا دـدوـت، "خـانی"ش ئاوـهـا لـگـەـ قـەـمـکـیدا-کـ هـر خـیـتی-دواوـ و وتوویـ:

ئـی ەـاکیبی واقیعی پیادـ
وـی عاشقی صـفحـی دـسادـ..هتد

*ئـم شـوـیـ زیـاتر نـاخ و نیگـرانییـکـانی پـەـوان-نووسـری پـدـردـ بـدرـت و"ولیـم فـکنـر"ـەوداوی ەـمانی "لـو کاتـدا کـ بـ گیانـەـایی ەـادـکشـم"ی بـم شـوـیـ داشتووـ، "ڤـرجینیا ووـف"یش ەـمانی "شـپـلـکان"ی هـر بـم شـوـیـ نووسیوـ. "سـلام محـمـد"یش توانیـوـیـتی بـم شـوـ هونـریـ سـودایی شاعیرـکمان بـ دـربـەـت کـ بـ درـژایی ەـژـك لـ پـلـیـکی شاعیرانـی هـستونـستدا دـژـت و لـ بیرکـردنـوـ زیـاتر هیـچ کارـکی تـری نییـ و دیارـ قوتـابییـکی ەـشنبیرـ و یـکـم ەـژی پشوودان گـەـاوـتـوـ بـ دـیـکـی خـیان..ئـم پـەـوانـ لـو ەـژـدا وا هـسـت دـکـات زەر لـ"فـتیـس"ی پـەـوانی"مـسـیح سـەرلـنوـ لـ چـوارمـخـ دـدرـتـوـ"ی"نیـکـس کازانتزاکی"یـوـ نزیـکـ و هـندـك ناوی تریشی بـ مـشکدا دـت کـ ئـوانیـش هـریـکـ و لـ لایـکـوـ لـم پـەـوانـوـ نزیکـن، بـمـیـش نووسـەر تیشکـکـی زەری بـو چـنـد نـاوـ خسـتووـتـ سـەر نـاخی پـەـوانـکـی. ئیتر نازانم"عـرزی عـزـەـات"و کـشـی نـوان هـژاران و چـوسـنـران و ئـم بـابـتـ قسانـی "حـمـسـعید"دـربـارـی ئـم چیـرکـ نووسیوـیـتی چی پـیوـندییـکی بـ کـرـك و مـبـستی ئـم چیـرکـوـ هـیـ؟! ئـمـیـ پـی دـوـترـت: "گـوـ بـ پـیین لـکدـداتـوـ"(٤٦). ئـو ـستـیـی ئـو دـستـویـخـی بـووـ و بـ ئامان و زـمان لـی نـابـتـوـ، تـەنیا ئیشارـتـکـ بـ نـریـتـکـی کوردـواری و دیارـ ئـو گـشت و برنجـ بـ بـنـی گـەـانـوـی پـەـوانـکـوـ لـنـراوـ و ئاشکرایـ حالـی ئـمانیش لـ حالـی مالـی"پوورـ مـنیج"هیچ باشتر نییـ، ئـگـینا بـلای

ماکەو ئەو خواردنی ئاساییان بێت هەرگیز ئەوندە بە بایخەو سێر ناکرێت تا ناوی ببرێت و دراوسێی پێ بیربکەوێتەو و بڕشیانی لێبدرێت. جا لەبەر ئەوەی نەك ئەم چیرۆکە، بەڵکو هەرچی ئەدەب و هونەری دنیا هەیە تاقە منداڵێکی لە برسێتیی پێ ڕزگار ناکرێت(٤٧)..بۆیە بە پێویستی نازانم لەمە زیاتر لێسەری بدەم.

---

*"حەمەسەعید"دەربارەی چیرۆکەکەی "موحسین ئاوارە"دەڵێت:"من هەرچەندە لەگەڵ ئەوانەدا نەکناکەوم کە لە هەڵسەنگاندنی هەموو کەمێک چیرۆکەکدا یەکە یەکە چیرۆکەکان کورت دەکەنەوە و..هتد"، جارێ ئەو کارە لە ڕۆخنە و لێکۆڵینەوەدا کورت کردنەوەی پێناوترێت، بەڵکو گەڕانەوەی حیکایەتی چیرۆکەکەیە بۆ کورتی، لەگەڵ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی هەندێك لایەنی سەرەکی لە چیرۆکەکەدا بۆ دەرخستنی کرۆکەکەی. کورت کردنەوە تەنیا بۆ ڕەچاوکردنی درێژکان دەبێت، کە ئەویش زیاتر کارێکی بازرگانییە، بەڵام کورتە چیرۆك خۆی کورتە ئیتر چۆن کورت دەکرێتەوە(٤٨)؟!جگە لەمەیش وەنەبێت ئەمە بە کارێکی شەواندنی بەرهەمەکە دابنێت، بەڵکو بە کارێکی ئاسان و"ماڵی بە دانە"ی لە قەڵەم دەدات، کەچی گەورە ڕۆخنەگران بە خۆیانەدا ڕانابینن ئەم کارە بکەن، چونکە دەزانن بەرهەمەکە ئەوەیە کە بەو شێوەیە دەربڕاوە و هیچ داشتنەوە و گەڕانەوەیەکی چیرۆکەکە نابێت بەو بەرهەمە خۆی، چونکە چیرۆك حیکایەت نییە تا هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی بیگێڕێتەوە. ئەم سەرنجەیش بۆیە بە پێچەوانەی ڕای گشت گەورە ڕۆخنەگرانەوەیە چونکە لە یەکەکەوەیە شتە هەرە باو و گشتییەکانی ڕۆخنەیشی پێیەو نەکردووە..دیارە بگومان دیاردەیەکی نوێیە لە ڕۆخنە و لێکۆڵینەوەدا تا ئەو ڕادەیەی هیچ پێوەندییەکی پێیانەوە نەماوە! وەکو ڕوونیشمان کردەوە نووسەر بە درێژایی نووسینەکەی یەك خاڵی نەگرتووە"ماڵی بە دانە"نەبێت و کەچی لە هیچیشیاندا بەی نەهاتووە، بەڵام کە هەندێك لەو چیرۆکانە باس ناکات، یان لەبەر ئەوەیە ئەوەندە لێیان وردنەبووەتەوە تا بزانێت چی دەڵێن، وەك لە"کاوقووچ"و"چاوەوانیی"و "ڕەشەاو"دا دەرکەوت وەهایە، ئەمەیش چونکە ئەو پشوخت بەیاری خۆی داوە چی دەربارەیان بنووسێت و ئیتر هەقی بەسەر ڕاستییەوە نەبووە..یانیش-ئەگەر زۆر نیازپاك بین-دەبێت بڵێین نەیتوانیوە لێیان تێبگات، لەم حاڵەتیشدا نادەبوو لەسەریانی بنووسیبایە. خۆ ئەگەر ئەم دوو ئەگەرەیش نەبێت، ئەوە خراپتر، چونکە دیارە دەزانێت چیرۆکەکان چییان دەربڕیوە و گەڕانەوەیان چەندیش بشوێنرێت هەر سەرنجەکی

وەها بە خوێنەر دەدات کە ڕاستیی و ناڕاستیی قسەکانی ئەویان بە دەربکەوێت!

---

*"حەمەسەعید"کە دەڵێت:"..مەبەستی نووسینەکە لە چوارچێوەی ڕاژەی ئەدەبی هەڵسانی کوردی نەچێتە دەرەوە و هەرش بردنی ناڕەوای بە سەر هیچ شاعیرێ نەکردەتە دروشم"، خۆی زۆر چاك زانیویەتی کە ئەو پاکانەیە زۆر پێویستە و گشت کەسێك تەدگات مەبەستی ئەو نووسینەی ئەو هەك بەو شتانە گوناهبار دەکرێت کە دەیەوێت هەروا بەو قسەیە لە خۆی بتەکێنێت، ئەگینا چ پێویستی بە وتنی ئەوە دەکرد؟! چونکە ئەگەر وەها نەبوایە ئەو هەموو ئاوڕوو کردن و بەهەبەستنەی بۆچی بوو؟! ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ئەو چیرۆکانەی من و :"شەرکە بکەس"و" "سەلام محەمەد"وەهابوون. خۆ هەر یەکە و چەند چیرۆکێکی تری بەاوکراوەمان هەیە..بەڵام دەنیام ئەوانیشی بە دەردی چیرۆکانی "عەبدوڵا عەباس"هەر بە یەك گوناهـ تاوانبار دەکرد، کە وابوو مەسەلە خاوەنی چیرۆکانە و هەڵەکی ساکارە بە ناو زاندنیان، کە وەکو دەریش کەوت بەسەر خەیدا کەوتووە. چونکە ئەم دیکتاتۆرییەتی هەر وا بە ئارەزوو ئەم پاداشت دەکات و ئەوی تر لەناودەبات، ئەگەر لە گشت کەسێکیشدا جێگای ببێتەوە، لە کەماری ئەدەبدا جێگای نابێتەوە.

سەرچاوە و پەراوێزکان

١-بە نموونە لەم ڕووەوە بڕوانە: گۆڤاری "الثقافة الاجنبية"ژمارە"٢"١٩٨١، "رأيان في باسترناك".ل"٦٦".

-"مایکۆفسکی"کە شاعیرێکی"فیووچەریستیی"بوو لە تەمەنی"٣٧"ساڵیدا خۆی کوشت، بڕ لەوە وتوویە: "پاپەی خۆشویستیی خۆی لەسەر تاشەبەردەکانی ژیانی ڕۆژانەدا تێکشکاند".

-خاتو"تسڤێتایڤا"پاش ماوەیەکی دوورودرێژ لە دوورخستنەوە گەڕایەوە، لە ئەنجامی تووشبوونی بە کەمەڵك کارەساتەوە لە سەرتای جەنگدا خۆی کوشت.

-"یاشفیلی"شاعیرێکی جۆرجییە، لە"٤٢"ساڵیدا خۆی کوشت.

-"قادیف"پەسەندترین شاعیر بوو بەلای"ستالین"و"ژدانۆف"ەوە، پاش ئەوەی لەلایەن هاوڕێکانییەوە لە سەردەمی"توانەوە"دا تووشی ڕەخنەی تۆندوتیژ بوو، لە ساڵی ١٩٥٦دا خۆی کوشت.

-"بۆریس پاستەرناك"شاعیر و ڕۆمانووسێ، دوای بەاوکردنەوەی

ەمانی"دکتەر ژیڤاگۆ"-کە خەڵاتی "نۆبڵ"ی وەرگرت-ویستڕا دووربخرێتەوە، دوای مردنی مەری لەعنەتی لەسەر هەڵگیردرا.
-"یەسینین"لە کەمەڵە شیعری"کەمەڵەك شیعری هەڵبژاردەی وەرگێڕانی"حەسەب ئەلشێخ جەعفەر"دا دەڵێت: "من وەك شاعیرێکی هەمانتیکی ناتوانم بە کاروانی شیعری شۆشگێڕیدا بگەم"ل"٢٣"، چونکە "کەشتیەکەی حاڵی ئێجگار بەربادە". پاشانیش خۆی کوشتووە.
٢-گۆڤاری"الأقلام"ژمارە"٩"، حوزەیرانی ١٩٨٠،ل"٧٣".
٣-سەرچاوەی پێشوو.
٤-"دراسات في الواقعية الاوروبية"، "جورج لوكاتش"وەرگێڕانی"أمير اسكندر"، بەشی یەکەم، ل"٤٣-٦٩".
٥-"يسينين، قصائد مختارة" وەرگێڕانی "حسب الشيخ جعفر"، ل "١٢٣".
٦-گۆڤاری "بەیان"، ژمارە"٦٩"، شوباتی ١٩٨١، ل "٣٧".
٧-سەرچاوەی پێشوو. لێرە بەدواوە پێنجە بە ئەم سەرچاوەیە درێژ ناکەین چونکە ئاشکرایە.
٨-گۆڤاری"هەشتبیری نوێ"، ژمارە "٤٥"، تشرینی دووەمی ١٩٧٥، بەشە عەرەبییەکەی، ل"١١"، "انطباعات سريعة عن قصص العدد الماضي".
٩-گۆڤاری"نووسەری کورد"، ژمارە"٥"، خولی دووەم، تشرینی دووەمی ١٩٨٠، "شیعر لە نێوان لەرزەت و هەوەستا"، "حەمەسەعید حەسەن"، ل"١٣٢".
١٠-کەمەڵە چیرۆکی"کۆترەوەری"،"بڵە"، ل"٧٥".
١١-گۆڤاری"بەیان"، ژمارە"٤٢"، "چیرۆکەکانی ژمارەی پێشووم خوێندەوە""حوسێن عارف"، ل"٤٢".
١٢-کەمەڵە چیرۆکی"کۆترەوەری"، ل"٤٧".
١٣-بەوانە پڕاوێزی ژمارە"٨".
١٤- بەوانە پڕاوێزی ژمارە"١١".
١٥-کەمەڵە چیرۆکی"بە پێنجکانم دەتبینم""دڵشاد محەمەد ئەمین"، ل"٥٣".
١٦- بەوانە پڕاوێزی ژمارە"٨".
١٧-گۆڤاری"هەشتبیری نوێ"ژمارە"٧١"، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٧٨، ل"١١".
١٨-کەمەڵە چیرۆکی"زلیخة..البعد يقترب"،"جليل القيسي"، ل"٤٥".
١٩-"الرواية كملحمة بورجوازية"،"جورج لوكاش"وەرگێڕانی"جورج طرابيشي"، ل"١٣".
٢٠-سەرچاوەی پێشوو، ل"٧٢".
٢١-سەرچاوەی پێشوو، ل"٧٣".
٢٢-"تيار الوعي في الرواية الحديثة"،"روبرت همفري"، وەرگێڕانی"دكتور محمود الربيعي"، ل"٤٤".

٢٣-گۆڤاری "بەیان" ژمارە "٤٤"ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٧، ل"٥٨".
٢٤-گۆڤاری "الآداب الأجنبية" ژمارەی چوارەم، ساڵی پێنجەم، نیسانی١٩٧٩"هل كان همنغواي بطل رواياته ؟!"، ل"٤٦"، "فیلیپ یەنگ" دەربارەی "پیرە و دەریا" لە ل"٥٩"دا دەڵێت:"دەشێت ئەو ڕەمانە وەکو چیرۆکەکی ڕەمزیش بخوێنرێتەوە، کە سەرتاپا وێنەی کەسێتیی نووسەرەکەیەتی..". شایانی باسیشە "زادوق ئادەم" ئەم لێکۆڵینەوەیەی کردووە بە کوردی و لە "هاوکاری" ژمارە "٥٨٦" و "٥٨٧"دا بڵاوی کردووەتەوە.
٢٥-"موسوعة جيمس جويس"، "د.طه محمود طه"لە ل"٣٧٣"دا دەڵێت:"باوکەکە لەرەدا ڕەمزی ئەو هونەرمەندەیە(شەکسپیر، یان جەیس)کە خەی دەخاتە ناو کارە هونەرییەکانییەوە..".
٢٦-"مارسيل بروست و التخلص من الزمن" وەرگێڕانی "نجيب المانع"، خاتو "جەرمین برە" لە ل"١٨"دا دەڵێت:"ڕەمانی(گێڕان لە کاتە ونبووەکە) زۆر توندوتۆڵ بە ژیانی نووسەرەکەیەوە بەستراوەتەوە تا ڕادەیەك گشت ئەو ڕووداوانەی باسی دەکات لەو ڕووداوە واقیعییانەوە هاتوون کە لە ژیانی (پڕوست) خەیدا ڕوویان داوە".
٢٧-بڕوانە پەراوێزی ژمارە "٢٥".
٢٨-"نحو رواية جديدة"، "ئالان ڕب گرە" وەرگێڕانی "مصطفى ابراهيم مصطفى". نووسەر لە ل"٢٦"دا دەڵێت:"مۆزووعییەت بە واتا باوەکەی، واتە ناخودیەکی ببەای ببە لە سەرنجداندا شتێکی خیاڵییە".
٢٩-"جماليات المكان"، "جاستون باشلار" وەرگێڕانی "غالب هلسا"، "هەسرل"ی فیلەسووف لە ل"١١"ی ئەو کتێبەدا دەڵێت:"مۆزووع نییە بە بە خود".
٣٠-گۆڤاری "ڕەشنبیری نوێ"، ژمارە "٦٤"ی ١٩٧٨، ل"٢٥".
٣١-"تيار الوعي في الرواية الحديثة"ل"٤٩".
٣٢-سەرچاوەی پێشوو، ل"٤٦" و "٤٩".
٣٣-بە زیاتر زانین بڕوانە سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم "جەرەکانی تەکنیك"ل"٤٢-٨٥".
٣٤-"الرواية كملحمة بورجوازية"، ل"٦٠".
٣٥-أشكال الرواية الحديثة"، "فردريك ج. هوفمان"لە "ألدوس هيكسلي و رواية الافكار"ل"٢٥٢"ی ئەو کتێبەدا دەڵێت:"عەیبی سەرەکیی لە ڕەمانی فیکردا لەوەدایە کە پێویستە لەسەرت دەربارەی خەڵکێك بنووسیت بیروباوەڕی ئەوتیان هەبێت دەری ببڕن. ئەمەیش ئەو دگەیەنێت گشت خەڵکی لابەدەیت و تەنیا یەك کەس لە هەزاردا لە خەزانی مرۆڤایەتی بگریت". لە ل"٢٦٣"یشدا دەڵێت:"کاتێك وتارنووس هەوەدەدات گیانێك بکات بە بەر بیروڕاکانیدا، ڕەمانی فیکر سەر هەڵدەدات".

٣٦-"كاكە مەم بەتانى" دە ساڵ بەر لە ئێستا ئەمەی لە گفتوگۆیەكدا لە ڕۆژنامەی"هاوكاری"دا وتووە، بەڵام داخەكەم ئەو ژمارەیەم لەبەر دەستدا نەبوو تا ژمارە و مژووەكەی دابنێم.
٣٧-"المدخل الى علم الجمال"، وەرگێڕانی"جورج طرابيشي"، ل"٦٤".
٣٨-"واقعية بلا ضفاف"، "روجيه غارودي"وەرگێڕانی"حليم طوسون"ل "١٠٥-١٣٥".
٣٩-سەرچاوەی پێشوو، ل"٣٥".
٤٠-گۆڤاری"الاقلام" ژمارە"٩"ی ساڵی ١٩٨٠، پێشكەشی ڕۆمانی"عندما تغادر الحيتان"، ل"١١٢".
٤١-بە نموونە بڕوانە شانۆگەریی"سوء تفاهم"و"چاوەڕوانیكردنی گۆدۆ".
٤٢-گۆڤاری"بەیان" ژمارە"٤٠-٤١" ئازاری ١٩٧٧، ل"٦٦".
٤٣-بڕوانە پەراوێزی ژمارە"١١".
٤٤-"تيار الوعي في الرواية الحديثة"، "روبرت همفري" لە ل"٥٨"دا دەڵێت:"موناجاتی دەروون"یان ئازو نیاز لەگەڵ خودا-ئەگەر بشێت وەهای ناوبنێین-"تەكنیكی سەركەوتووانەیە لە شێوەلی هەش و لە كرداری دەرەوە". لە ل"٥٦"یشدا دەڵێت:"ئەم تەكنیكە ناوەوەی زەین و كارە زەینییەكانی پاڵەوانەكە ئاستوخە لە پاڵەوانەوە بە خوێنەران دەردەبڕێت، بەڵام بە جۆرێك كە وەها دانرابێت جەماوەرێكی بەدەنگ هەیە"،" مەبەستیشی گەیاندنی هەست و نەست و بیرە پەیوەندەكانە بە داشتنە هونەرییەكە و كردارە هونەرییەكەوە".
٤٥-"چوار جۆرە تەكنیكی سەرەكی هەیە لە شێوەلی هەشدا بەكاردەهێنرێن ئەوانیش: مۆنۆلۆژی ناوەوەی ئاستوخە و مۆنۆلۆژی ناوەوەی ناڕاستوخە و وەسف لە ڕێگای زانیاریگەلێكی ئەجگار زۆرەوە و ئازونیاز لەگەڵ خودا"..سەرچاوەی پێشوو، ل"٤٢".
٤٦-"جماليات المكان"، "جاستون باشلار"، ل"٣١".
٤٧-"قضايا الرواية الحديثة"، "جان ريكاردو" وەرگێڕانی"صياح الجهم"، ل"١٨ و ١٩".
٤٨-"عشر روايات خالدة"، "سومرست موم"، پێشكیەكەی، ل"١٣".

*سەرچاوە: گۆڤاری بەیان، ژمارە(٧٢)، ١٩٨١. ل: ٢٠-٣٩.

هەموو ژنێك لە ژووانی کتێبدا.. سەدیق سەعید وەندزی

هەفت ساڵ زیاترە، سەیری هیچ کام لە تیڤی و کەناڵە ئاسمانییەکان ناکەم و گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی، مەعریفە تەنە لە نێو کتێب و دنیای خوێندنەوەدایە، بۆیە سێ لە سەر چواری ژیانی ژنانەم، بە کتێب و خوێندنەوە بە سەر دەبەم و هیچ کات ئامادەنیم گوێ لە گفتوگۆی بە ناو هووناکبیرێك لە کەناڵەکی ئاسمانی بگرم، کە ژنێك گەلانە، ژنی دواتر نەوەی نوێ، ژنی سەیەم پەسنی ئیبسلامییەکان دەدا یاخود بە دەنگی بەرز ڕەخنە لە حکومەت دەگرێت و بڕوای وایە گەندەڵە، کەچی خۆی بە پلەی عەقید مووچەی حانەنشینی سەربازیی لە حکومەتە گەندەڵە وەردەگرێت ! ئامادە نیم کاتەکەم بە هونەرمەندێکی نەناسراوی کورد، کە لە دە کەس نۆ کەس ناینناسن تەرخان بکەم، کە لە ترسی ژنەکەی وازی لە گەرانی گوتن هێناوە، یان گوێ بدەمێ گفتوگۆی بە ناو بیرمەندێك، کە بڕوای وایە ژنەکەی دەست و پێیەتی و هەموو شتێکیەتی لە ژیان، ئەی ئەوانەی بە نموونە وەك من ژنیان نییە؟ دەبێ ناتەواو بن و مرۆڤ نەبن؟ ئەم جۆرە بەرنامە و گفتوگۆ بە مانایانەی کەناڵەکان، شایەنی ئەوە نین گوێشنبیر کاتی خۆیانی پێ بە هەدەر بدات. من بە سرووشت شەوان زۆر زوو دەنووم، هەندێکجار کاتژمێر هەشت بە تایبەتیش زستانان، ئەمە دەستووری خۆی ژیانی منە لە هەر چوار وەرزەکەدا، کە هیچ کام لە تەڵە کەمەایەتی و چات و فەیسبووك و ئەم جۆرە پەیوەندییانەشم نییە تاکو تا بەرەبەیان لە سەر هەڵە بم، بۆیە زوو دەنووم بە یانیانیش کاتژمێر پێنج لە خەو هەڵدەستم. دوای هەستانم، دەچمە ژوورەکەم و یەك بە یەك تەزی سەر کتێبەکانی نێو کتێبخانەکەم دەتەکێنم و پاشان دەست بە خوێندنەوە دەکەم، تا ئەو کاتەی برسی دەبم و ئینجا چایەك ئامادە دەکەم و نان دەخەم، بە ئەوەی دایکم و خوشکەکەم لە خەو بکەم . تەنانەت گەر دەوامی قوتابخانەشم هەبێت و دەڵێم بۆچی ئەوان لە خەو بکەم لە کاتێکدا خەم بە ئاگام؟ مەگەر ژن خزمەتکاری پیاوە؟ ئیدی ئەمە بەرنامەی ژیانی ژیانی منە و هەر کتێبێك نەرەی هاتبێت دەیخوێنمەوە و هەندە جاریش لە سەر داخوازی نووسەران و هاوڕێیان، ڕەزبەندییەکە دەگەڕێم چونکە لوتف دەنوێنن کە کتێبەکەیان زوو بخوێنمەوە و گەر سەرنجەکم هەبێت، بۆیانی بنووسم. لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، دووکتێبی دکتەر (کەمال میراودەلی)م خوێندنەوە بە

ناوەکانی: (فەلسەفەی ئەز و ئەریکەلەژی فەکە) ئەم دوو کتێبە، بە زمانێکی کوردییانەی یەکجار جوان و ڕەوان نووسراون و هەوڵێکی سەرکەوتووانەی بە کوردیکردن و کوردانەنی فەلسەفەن و ئاماژەیەکی گرنگن بەوەی کە زمانی کوردی لەو زمانانەیە، دەتوانێت لە فەلسەفە بدوێت . لە نەوەندی ئەدەبی کوردیا، گەلێك نووسەر و هەوڵی ناساندنی کاری فەلسەفیانە هەن و دەبینرێن، بەڵام بەدگمەن ئەو کارانە، لە ڕووی بابەتی و زمانییەوە دەتوانن فەلسەفە لە خوێندنەری کورد کە تەنها زمانی کوردی دەزانێت بگەیەنن، بۆیە ئەم دوو کتێبە، بە زمانێکی جوان و ڕەوان، بابەتکانی خود و ڕەهەندە فەلسەفییەکانی فەکە باس دەکات و دوای تەواوبوونیان، هەست دەکەی زانیارییەکی زەرت لە بارەی بە نموونە فەکە، دەست کەوتووە، پێچوانەی ئەوانەی سەدان لاپەڕەی لە سەر دەنووسن، بە ئەوەی دواجار تەمان بگەیەنن فەکە کەیە و کارەکانی چین؟ بۆیە ئەوەی لە کتێبەو دەست دەکەوێت، مەحاڵە لە بەرنامەی پێشکەشکارێکی نەخوێندەوار و دەستت بکەوێت، کە لە خولەکەکدا دەیان جار لە بە مەعریفەی زمانی وشەی (باشە باشە) بەکار دەنێت! کەواتا تا کتێب هەبێت، من چەن ئامادە گوێ لە بەرنامەی نەرێك بگرم، کە سنگی ژنان بە شووتی و لیمە دەچوێنێت ! چەن گوێ لە پێشکەشکارێکی سەر ڕووتی هەواَلەکانی کەناڵێك دەگرم، کە مووچەکەی دە بارتەقای مووچەی منە، کە سی ساڵە مامەستام. ئەو کەناڵ و تیڤییانەی بە پارەی نەوت و داهاتی ئەو میللەتە پێخش دەکرێن، نێك هەر نابە سەیر بکرێن، بەڵکو دەبە بایکەتیش بکرێن. کەمەگەی ئەمە، خراپ ئاوودەی شاشە بە هەموو جۆرەکانییەوە بووە، شاشەش جۆرە خوێنەرێکی ڕاگوزەر و تێپەڕو بیرنەکەرەوە دروست دەکات، بۆیە هوشیار نابێتەوە. بە کولتوریکردنی خوێندنەوە، هەنگاوەکانی هوشیاربوونەوەی کەمەگە، مەعریفەی ڕاستەقینە لە نەو کتێب دایە، نێك بەرنامە بە ماناکانی تیڤییەکان، کە فەکسیان هەر لە سەر کەباب و زەڵاتە و کوێچە و شیرینی و پرسیاری کەسی بە مانایە !

ڕواندز

خەبات لە پەناوی ئازادیدا.. رەزا شوان

لە سەرهەدانی مەهاباد، بە درێژایی مێژوو، ئازادی گرنگترین و پیرۆزترین پێویستی هەر مرۆڤێک بووە جیاوازی. یەکێک لە گەورەترین بەها مرۆییەکان. مرۆڤ بێ ئازادی لەدایک دەبێت. ئازادی مافێکی زگماکی و ڕەوایە. هەرگیز ناکرێت سازش لەسەر ئازادیمان بکەین و دەستی لێهەڵبگرین. چونکە ژیان بێ ئازادی، هیچ چێژ و خۆشییەکی نییە. بگومان نەهێنی بەختەوەری ئازادییە، نەهێنی ئازادیش ئازاییە.
ئازادی بریتییە لە توانای بیاردان بە ئازادی یان هەڵبژاردنی ئەو ئەو شتەی ژیانێک کە خەمان دەماڵوێت بێ سانسەر و بێ بەربەست. هەر شتێک لەوە کەمتربێت، شتەیەکە لە شتەکانی کۆیلایەتی. بەڵام ئازادیی ڕەها و بێ سنوور نییە، تا ئەو سنوورە ئازادین، کە پێشێلی ئازادیی کەسانی تر نەکەین.
(نێلسۆن ماندێلا) دەڵێت:"ئازادیت تەنها رزگاربوونت نییە لە کۆت و پێوەند. بەڵکو بە شێوەیەک بژیت، کە ڕێز لە ئازادیی ئەوانی تر بگرێت و بەرز رایبگریت".
ئازادی دیاریێک نییە کە بدرێت، بەڵکو مافێک دەبێت وەربگیرێت. نرخی ئازادیش گرانە. ئەوەی کە ئازادی بووە پێوەستە باجی ئازادی بدات. ئازادی کاوەژنەیەکی کراوەیە، کە لە ڕەگەیەوە تێشکی خەڵتە سەر ڕح و شکەداری مرۆڤ.
مێژوو پڕە لە کاتە سەختەکان و لە خەبات و گیانبەخشین لە پێناوی ئازادی بەرامبەر بە ستەمکاری و سەرکوتکردن و چەوسانەوە. هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت، کە ستەمکار و سەرکوتکار ئازادیی بە ستەملێکراون ببەخشن. دەبێت خۆیان وەریبگرن.
ئەوەی ئێمە لێم نووسینەماندا مەبەستمانە، خەباتە لە پێناوی ئازادی گەل و نیشتمان. ئازادیی گەلی قارەمانی کوردمان و کوردستانی نیشتمانی خۆشەویستمانە.
خەباتێش لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری و مافی چارەی خۆنسین، مافێکی ڕەوای هەموو گەلانی ماف زەوتکراو و نیشتمان داگیراوە. کەمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە فەرمی دانی بەم مافەدا ناوە. بێ ڕزگاربوون و بێ بەدەستهێنانی مافەکانیان. بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و خەبات لە دژی سەرکوتکردن و چەوسانەوە، لە هەزاران ساڵەوە سەری هەڵداوە و تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. ڕەگی

ستەمکاری بە شارستانییەکانکان دەگەیەنێت. بە نموونە، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانییدا، چەندین راپەڕین لە دژی حوکمڕانی ستەمکاری، لە لایەن کۆیلەکانەوە بەرپاکران، بە رزگاربووونیان لە کێت و کێشەلایەتی و لە چەوسانەوە و بە بەدەستهێنانی ئازادییان.
گەلی کوردمان، زۆرترین ستەم و چەوسانەوەی بە دەستی داگیرکەرانی کوردستان چێژتووە. بەڵام هەرگیز نەچەمیوەتەوە و دەستی لە خەبات و لە راپەڕین و شۆڕش هەڵنەگرتووە. تا ئەمڕۆش سەرسەختانە درێژە بە خەبات دەدەین بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانمان. لەم پێناوەشدا، گیانبەخشین و باجێکی زۆرمان داوە. بەڵام ئەمەی کورد گەلێکی قارەمان و نەبەردین، کۆنەدەر و خەباتگێڕین. هیچ کاتێک
لە گیانبازی نەترساوین و ناترسێین. هیچ کاتێکیش شەڕانی و شەڕخواز نەبووینە و نین، هەمیشە ئاشتیخواز بووینە و ئاشتیخوازین. شەڕشە چەکدارییەکانیشمان بۆ بەرگری لە مانەوەمان و لە ناسنامەی نەتەوەییمان و لە کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان بووە. نەیارانی کورد پێش دەستکانمان، دان بەم راستییانەدا دەنێن.
لە ئەمڕۆدا کە ژمارەی کورد لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستاندا، زیاتر لە (٧٥) ملیۆن کوردە. گەورەترین گەلین لە جیهاندا، کە تا ئێستا نەبووینە بە خاوەنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ. ئەمە خەون و خەیاڵ نییە، بەڵکو هیوا و خواستی هەموو کوردێکی دڵسۆز و کورد و کوردستان پەروەرێکە. کە زووبێت یا درەنگ، دەوڵەتی کوردستان ببینین. ئەمەش مەترسی نییە بە سەر ئاسایشی هیچ نەتەوە و دەوڵەتێکی هاوسێی کوردستان، کە بە ناڕەوا کوردفەبیایان دروستکردوون و کردوویانە بە بیانوویەکی بۆ بنەما، بە دژایەتیکردنی گەلی کوردمان. دەوڵەتی کوردستان، لەسەر خاکی کوردستان دروست دەبێت. سەز و خەشوێستی و هاوبەستبوونمان بە کوردستان، ئەو هەست و ئاوینە پاک و بێگەردەیە، کە لە ناخی دەماندا ڕوواوە. هیچ هێزێک ناتوانێت لەدەماندا دەریبکات. کوردستان بووە گروپی خوێنمان. هیچ بەختەوەرییەک، لە ئازادیی کوردستان بەلامانەوە گرنگتر و شیرینتر نییە. یان بە سەربەرزی دەژین، یان لە پێناوی کوردستاندا دەمرین. دروشمی کرداریشمان "کوردستان یان نەمان"ە. دەڵێن، ئازادی لە لوولەی تفەنگدا هەیە. بەڵام پێنووس و تفەنگ، یەک لوولە و یەک ئامانجنیان هەیە.

(ئەفلاتوون) دەڵێت:" هیچ خۆشویستییەک، ناگاتە خۆشویستی نیشتمان".
لە ئەمەدا شەوازەکانی خەبات و تێکۆشان و بەرگری زۆرن. خەبات تەنیا لە کایەی چەکداری و سیاسیدا سنووردار و قورخکراو نییە. جگە لە بزووتنەوەی چەکداری و سیاسی، خەباتی کولتووریش زۆر پەویستە. نووسەرانی پێنووس بەدەستی دەسەز و بووەر، مامۆستایانی پەروەردەکاری کوردستان پەروەر، هونەرمەندانی وێنەکێش و موزیکژەنان و سروودچەانی دڵەر، لەگەڵ پشمەرگەی گیانبەخشدا، شان بە شان و دەست لەناو دەست، لە سەنگەری کوردایەتی و کوردستان پەروەریدا، بەرگری لە کوردستان دەکەن و درێژە بە خەبات دەدەن. دەکرێت هەنراوێک، سروودێک، یان تابلۆیەکی وێنە، چیرۆکێک، کاریکاتێرێکی تەنزئامێزی سیاسی، لە فیشەکێک زیاتر، نیشانەی کورد و کوردستان بپێکن و بیانهەژینن. مەبەستم ئەوەیە کە هەریەکەمان، بە شێوەیەک لە شێوەکان و لە سەنگەرێک لە سەنگەرەکانی کوردایەتی و کوردستان پەروەریدا، دەتوانین درێژە بە خەبات بدەین، لە پەناوی رزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دا. ئەمەش پیرۆزترین و لەپێشترین، ئەرکی هەر کوردێکی دەسەز و کوردستان پەروەرە. راستە ژیان خۆش و ڕەح شیرینە، بەڵام کوردستان لە ڕەح و ژیانمان بەنرختر و شیرینترە. بە هەزاران ڕەحی ئازا و دەسەزی و کورد و کوردستان پەروەرمان، گیانی خۆیان بە کوردستان بەخشین. چونکە ئازادی بەبێ گیانبەخشین نایەتەدی. سەز و خۆشویستیمان بە کوردستان، لە سەروی هەموو خۆشویستیەکمانەوەیە. خۆشویستییەکی زگماکییە و لەگەڵ لە دایک بوونمان بە سروشتی لە ناخی دەروونماندا دەوەت.
کوردستان گەر تە نەبی، تۆیرەکم بەبێ ئاسمان
بە ناوی تەی پیرەز سەربەندم لەناو جیهان
(بەمارشە) دەڵەت:"جوانە کە مەرەف لە پەناوی نیشتمانەکەیدا بمرێت، بەڵام لەوە جوانتر، ئەوەیە کە لە پەناوی ئەم نیشتمانەدا بژیت"

کوردستان ناسنامەمانە، جوگرافیا و مێژوومانە. رابەردوو و ئەمڕۆ و داهاتووەمانە. کوردستان دایکی دڵەقان و شیرینی هەموومانە. نیشتمانی شیرین و پیرەزمانە. هەموومان پشمەرگەی کوردستانین. ئەمەش تەنیا دروشم نییە، بەڵکو بە کردارە ڕاستەقینەکانمان، گوزارشتمان لە خۆشویستی و هاوبەستبوونمان بە کوردستان کردووە و دەکەین.
لە ئەمەدا، لە جیهانێکی جەنجاڵ و ئاڵۆزی پڕ لە ئاژاوە و

توندوتیژی و شۆڕ و لە سەردەمی جیهانگیری و هەژموونیدا دەژین. بمانەوێ و نەمانەوێت، پریشکی ئەم شۆڕانە کوردستانی ئەمشی گرتووەتەوە. بە ئەمەی کورد باشترین چەک، چەکی ڕەحی خۆڕاگری و درێژدانمانە بە خەباتی نەتەوەییمان لە پێناوی سەروەری و شکۆداری کوردستان. بە لوژیکێکی زانستی و هاوسەنگی، و بە سیاسەتێکی ژیرانە، مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە زۆر هەستیار و چارەنووسازدا بکەین. بەرژەوەندیی باڵای گەلەکەمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە بێت. لە ئەمەدا لە هەموو کاتێک زیاتر، پێویستیمان بە ئاشتەوایی و یەکڕیزی و یەکدەنگی و یەک وتاری سیاسی هەیە. پێویستییەکی زیاترمان بە داشتنی پلانێکی تەکەمەل و ستاتیژیی نەتەوەیی و بە نەخشەگایەکی بەرنامەداڕێژراوی دوورخایەن هەیە. پێویستە بەهەند بین و بە وردبینییەوە ئەمڕۆ بخوێنینەوە و بە وردبینیترەوە، پێشبینی گۆڕانکارییە خێراکان و گریمانە و ئۆگرەکانی داهاتوو بکەین. دەبێت بە وردیش ناخ
لە نیاز و لە پیلانە گەاوەکانی نێیارانی کورد و کوردستان تێبگەین و ئاشکرایان بکەین. کە بە گەلەکەمەیی دژایەتیمان دەکەن بە ئاوەی مافەکانمان بەدەستهێنین.
خەبات لە پێناوی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی و هاومافی دا، پرسەیەکی بەردەوام و وەستانی نییە. بەپێی هەلومەرجەکان و داخوازییەکان، چەندین شێوە وەردەگرێت. خەبات قوتابخانەیەکە، کە تێیدا تەکۆشەران فێری تەکۆشان و بنەماکانی دیالۆگ و گوێگرتن و نیشتمان پەروەری و دەسەزی و بەخشین و فێری هونەری دیپلۆماتی دەبن.
دوبەی: ٢٠٢٦

هەندێ شتی سەیر.. نەوزاد بەندی

— یەکەم —

جاران، لە ئەوروپای کەندا، گەشتیانی هەمانیی هەبووە کە ئەمە ناومان لێناوە شانەی هەمانیی و لە پارکی هەواری شاردا، بیناکەپیمان کردووە .. لەو گەشتیانانەی هەماندا، دوو کەیلەی

بەهەزی ڕێشپێست بۆ شێت دەدران و .. بینەرێکی زۆر تەماشایان دەکردن و قوماریان لەسەر دەکردن، لە پێشی بینەراندا، پاشا و ژنی پاشا و کچی پاشا و کاربەدەستە باڵاکان ئامادە دەبوون..
شێتی ئەو دوو جەنگاوەرە بە مردن کۆتایی دەهات یان ئەگەیشتنە سنووری کانی مردن..
ئەگەر ئەمڕۆ تەماشای وەرزشکان و بە تایبەت وەرزشی فتبۆڵی جیهانیی بکەین، هەست ئەکەین ساڵ بە ساڵ، ڕێشپێستەکان جێگای سپی پێستی هەبژاردەی ووڵاتان و یانە ئەوروپییە بەناوبانگەکان ئەگرنەوە، تەماشا ئەکەین هەبژاردەی فتبۆڵی ووڵاتانی ئەوروپا، زۆرینەیان ڕێشپێستی ئەفریقیی و ئەمەریکای لاتینیین .. یانەکانیش بە هەمان شێوە ..
ئایا ئێم دەخێ درێژکراوەی شێت کوشندەکانی ڕەمانی کۆن نییە؟ هەتا بە تەماشاکەران زیاد ئەکەن و قومارکردن لەسەر ئەنجامی یارییەکان گەورەتر ئەبن .. بازرگانیکردن بەم یارییانەوە زیاتر دەبێت و دەگاتە تریلیۆنەها دۆلار، لە بەرامبەردا ڕەژ بە ڕەژ یاریزانی ڕێشپێست دەنێ مەیدانەکانەوە .. هەتا ئادەی مردن خۆیان ماندوو دەکەن، بە ئەوەی نرخەکانیان لە یانە بەناوبانگەکانی ئەوروپادا بەرزتر بێتەوە .. وەک کۆیلەکانی جاران، کۆین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن، ئەو پارەیەی کە دەیاندەنێ زۆر زۆر کەمترە لەو پارەیەی کە بە ڕیکلام و تکێت و تێچی میدیایی پێیان پەیدا دەکەن.. لەوەیش ناخۆشتر، کاتێ بە هەی پێکدادان و بریندار بوون و هەڵکشانی تەمەنیانەوە، ئاستی هێز و توانایان دادەبەزێت، پەڕاوێز و بەرەکا دەکرێن، بەیە زۆرینەیان لە دوای ئەوە ئاوودەی مادە هۆشبەرەکان ئەبن.. ئەبنە بنەشتە خۆشەی دەمی جەماوەر و کەناڵە وەرزشییەکان .. هەموومان ڕەناڵدینەمان بینیی، کە چۆن بە هەکاریی کەسیی، لە یانەکان دوور خرایەوە و پاشان بە کۆیسی تاوانکاریی ڕووبەڕووی دادگاکان کرایەوە ..یان حاتەم بن عەرەفە بە هەی سەربەخۆیی و نەتەوە و ئایینەکیەوە، پەڕاوێز دەخرێت لە کاتێکدا ئاستی هونەریی لە لیگەنێل میسی بەرزتر بوو ..
وەک چۆن مناڵ لە دایک دوور دەخرێتەوە، ئاوا بە کۆین و فرۆشتن لە یانەیەکەوە بە یانەیەک، بە گریان و فیغانەوە دوور دەخرێنەوە..
ئایا ئەمەی لە مەیدانی فتبۆڵدا ئەگوزەرێ، فەرژنی تازەی شێتی خوێناوی ڕێپێستەکانی مەیدانی ڕەمانیی کۆن نییە؟

ـــ دووەم ـــ

یەکێک لە نەریتەکانی کۆنیالیزمی جیهانیی، سەرقاڵکردنی کەمەگا

قوربانییەکانەتی بە کەشە و بابەتی لاوکییەوە بە ئاوەی کەشەی نەتەوایەتیی و ئابووریی نیشتمانیی و زانست و کولتووریی میللییان لە بیر بچێتەوە ..هەتا زۆرترین کات و قۆناغ، بە ژێر چەپۆکیی بەمننەوە ..بە گومان ئەم سیستەمە ستەمکارە، لە ڕێگای سیمبوە و کاراکتەرە ناودارەکانی کەمەڵگاکانەوە، ئەم سەرقاڵکردنەی کەمەڵگاکان بە ئەنجام دەگەیەنن، ئەو سیمبوانەی کە فرانتز فانون لە کتێبی ئەشکەنجەدەرانی زەویدا بە بۆزوازییەکانی نیشتمانیی پێیناسەی کردوون.
بە نمونە لای خەمان، کەسمان ناپرسین بۆچی کاتێ حیزبە بەرژوا نیشتمانییەکان هاتنە سەر حازریی، دوای ئاوەی ئەمریکا و هاوئاوازەکانی سیستمی بەعسیان لە عێراق و کوردستاندا پێچایەوە .. ناپرسین بۆچی ئەم سیستەمە بەرژوا نیشتمانییە عەشایەریانە، هەزاران پاسی حکومیی گواستنەوەی هاووڵاتیانیان تاڵان و بڕ و سەرنگون کرد ..مەسەحەی گواستنەوەی هاووڵاتیان، کە دەزگایەکی حوکومیی بوو، هەوشەنرایەوە و فەرمانگە و گەڕپانە فراوانەکانیان داگیرکران و چوونە بەرژەوەندیی حیزبە نیشتمانییە بەرژواکانەوە..
ئەمە بۆچی ؟ بۆچی پاس و ئامانەی حوکومیی لە ڕیشەوە هەبکەنرێت لە کاتێکدا ڕووکارەکی شارستانییە و هاووڵاتیان ئاگوزێتەوە لە نەوان گەڕەکەکاندا؟ ئەمە چ تاوان و هەڵەیەکی تەدایە وا بەو جۆرە لە ڕێگ و ڕیشە هەڵکەشران ؟
لە ڕاستیدا سیاسەتی نوێی کەڵەنیالیستەکان وەک ئایفەن وایە، ئەو ئامڕە بچووکەی کە ئیشی زیاتر لە بیست ئامڕی گوورت بە ئەکات، بە هەمان شێوە سیاسەتی نوێیان یەک ڕەهەند نییە و فرە ڕەهەندە .. نەهشتنی پاس و ئامانەی گواستنەوەی هاووڵاتیان لە هەرەمی کوردستاندا، لەبەر ئەم هەکارانە بوو :
١ / سەرقاڵکردنی زەرینەی هاووڵاتیان بە مەڵەتی شەفەریی و کەینی ئوتومبیلی تایبەت و .. وەستان لە سەڕی بەنزین و ..تازەکردنەوەی ساڵانە و ..باج و .. کامڕای تیژڕەویی ..هەوەدان بە دابینکردنی پارک و کەینی ڕەن و تایە و.. گەڕینی بە مەدەلەکی تازەتر و ..مامەڵەی گەڕین و ..قەڕەباغیی دادنوس و فەرمانگە ی هات و چە و عەریزە نوس ..
بەو شێوەیە زەرینەی هاووڵاتیان سەرقاڵ دەبن بە ئوتومبیلەکەوە، کە ئاگەڕ توشی ڕەداوی هات و چە نەبە و کەمئەندام نەبە، لە باشترین حاڵەتا ئەبە بەردەوام سەرقاڵیی نوێکردنەوە و نەژەنکردنەوەی بەت ..ئیتر هاووڵاتییەک دروست ئەبە کە ئاگای لە سامانی نەتەوایەتیی و ئیفەرمیی سیاسیی و پرسی داگیرکردنی ووڵات نامێنێ، چونکە ئەو

ئامڕکی گەیاندنی تایبەتی توش بووە کە بڕدەوام داوای لێن و بەنزین و نەڕەنکردنەوەی لە دەکات..چونکە ئەو خەی ئەبەتە مەسەحەی گواستنەوە، واتا بە هەی ئامڕکی گەیاندنەوە، کەسکانیش ئەبنە لێبەت و ئامڕی خەمگین و سڕقاڵ و بە ئینتیما و خەواڵوو ماندوو ..

٢/ ناردنی ئوتومبیلی لەکارکەوتوو، پیاکەشراو و بە کوالەتیی بە ئەو ووڵاتانە و کردنیان بە گۆستانی ئوتومبیلە بە متمانە و کۆن و تەکشکاو و بڕاوەکانیان.

٣ / هەڵمژینی بەشکی زۆر لە داهاتی هاووڵاتیان لە لایەی هەناردەکردنی جۆرەها مۆدێل و جۆری ئوتومبیل لە هەموو کۆمپانیاکانی جیهانەوە بە بێ گوەدانە ڕێژەی تەندروستی ئوتومبیل ..بە بێ گوەدانە ئاستی ژینگا و بان و پرد لە وڵاتەکەدا .. لە لایەک بڕژوای ناوخۆ، لە لایەی فرۆشتنی تابلۆ و داهاتی گومرگ بە ملیارەها دۆلار قازانج دەکات، لە لایەکی تریش کۆمپانیا بگانەکانی ئوتومبیلیش بە ملیارەها دۆلار قازانج دەکەن، ئیتر کێشەی ئەوان نییە شۆقامەکانی شارەکان سیخناخ بن لە جۆرەها ئوتومبیلی بە کوالەتیی و ..ووڵات ببێتە گۆڕاجەکی گەورەی ئوتومبیل ..گرنگ نییە بۆلایانەوە ساڵانە هەزاران کەس بە ڕووداوی هات و چۆ بمرن و کەمئەندام بن.. گرنگ نییە کەمەگا هەموویان ببنە شۆفێر

گرنگ نییە هەوا بە دوکەڵ و کانزا قورسەکان پیس بن و ڕێژەی نەخۆشییەکانی شڕپەنجە و نەخۆشییە درێژ خایەنەکان زور بن.. یان تەنانەت ئەو دیاردەی نەخۆشخستنەی کەمەگایش دەکرێتە بزنسکی چەور و ..بە ملیارەها دۆلار دەرمان هاوردە دەکرێت و ساغ دەکرێتەوە ..

٥/فرۆشتنی بەنزین و پەداویستیەکانی ئوتومبیل، کە ئەویش گەورەترین بازرگانییە بە تایبەت لە ووڵاتکی نەوتیی وەک لای خەماندا، نەوت لە ژێر زەوی دەربێنە و بیفرۆشە بە ملیۆنەها ئوتومبیل کە شەو و ڕۆژ لە کار و سوڵانەوەدان.

٦/ دانانی جۆرەها باج و سڕانە و لەبەینی سەیر، کە (کەمەگای شۆفێر) ی پێ ناچار دەکرێت هەموو جۆرە ڕێزامەندیی و ملکەچییەک نیشان بدات، چونکە ئەو ئیدی شۆفێرە و ڕێزانە بە بە شۆفێریی ژیانی ئەوەستێت و ناتوانە بڕدەوام بە، ئەمەیش باشترین ئەنجامکە دەستی کۆمپانیا کۆنیالیستکان کەوتبە، کەمەگای شۆفێر و ئاوودەی ناو ئوتومبیلکان، ڕەک وەک ئەو مندااڵنەی بە لەعابە ڕەنگا و ڕەنگکان سڕقاڵ ئەکرێن، ترسی شەش و ئیفڕم و ڕێپەوانی ناڕەزایان لە ناکرێ.

ئەڕە مامۆستای ئاینیی و پاقلە فرۆش و پزیشک و پڕۆفیسۆری زانکۆ و جوتیار و دانساز و هەموو چین و توێژکان، شۆفێرن .. ئەڕە هەموو

هاووڵاتییەک ئەبێ لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا مۆڵەتی لێخوڕینی ئوتومبیل
لە باخەڵیدا بێ ئەگینا وەک بێ دەست و قاچ و کەمئەندام تەماشا ئەکرێت..
لە کاتێکدا چل ساڵ پێش ئێستا ، لە کۆمانێکدا یەک ئوتومبیلی تایبەت هەبوو، ئەویش هی بازرگانێکی ناودار بوو..هەوا پاک و ڕووداوی هات و چۆ دڵگەن بوو..بۆ شۆقامەکانیشدا ئامانێی حوکومیی ئەهاتن و ئەچوون، هاووڵاتیانیان ئەگواستەوە ..وەک هەر ووڵاتێکی تر کە هەست ئەکەیت وەزارەتی پلاندانی تەدایە و ..ناهەڵە ڕوخساری شارستانێتیی بشکۆت.

— سێیەم —

ئێستا دیاردەیەکی شارستانیی جوان لە پارکەکاندا هەست پێدەکەم، گەنج و پیر، پیاو و ژن، بە بۆیانیان یان بۆ عەسراندا، بۆ بۆ کاڵە و جلی وەرزشییەوە، ڕۆیشتن ئەکەن، بۆ هەواشیی یان بۆ خۆرایی، تیایشیاندایە بۆ ڕاکردن ڕێگاکان ئەبڕن..
منیش لەگەڵ هاوڕێیەکمدا، تاریک و ڕوونی ڕۆژانی سەشەممە و هەینی ئەچینە سەر شاخی گەیژە .. زەربەی عەسرانیش لە پارکی ئازادی یەک دوو سەعات ڕۆیشتن ئەکەین..
هەمان کات زەربەی عەسر، لوتمان بۆ لوتی کابرایەکدا ئەتڕقێ، کە خاوەن موڵیدەی گۆڕەکەکی نزیک پارکی ئازادییە و .. لەوەتەی ئەیناسین، ڕانک و چۆغەیەکی چوار فەسڵی ڕەشی دەز و جامانەیەکی قوتی بەستووە و ..ئەواران کە لە پارک دەینەوێ، لوتمان بۆ لوتیدا ئەتڕقێ و سەاوێک ئەکا و ئەمەیش سەاوەکەی بۆ ئەسڕینەوە .. ئەو ئەچێ بۆ مزگەوت بۆ نوێژی مەغریب و ئەمەیش یان ئەچین یان نوێژەکەمان ئەبەینەوە بۆ ماڵەوە لەبەر ئەوەی نەوەکو بۆنی عەرەقێک کە لە وەرزشدا کردبوومانەوە، نوێژخوێنان بێزار بکات..
هاتنی گەرمای لە پێ، وای کرد جلی وەرزشی تەنک و کاڵەی تێ و چاویلکەی دژخۆر و کاسکێت بپێشین، لەو حاڵەدا، کابرای چۆغە و ڕانک دەزی جامانە قوتم بینی، من ماندوو، ئەو تۆر خۆو، تەماشایەکی کردم ، ووتم با من ئەمجارە سەاوێکی لێبکەم.. سەاوەکەی سەندمەوە و لەگەڵیدا ووتی : خوا بە حورمەتت نەکات !!
لە ڕێگا زۆر بیرم کردەوە، لەم ڕستەیەی کە یەکەمجارە گوێم لێ بێ و ..لەویش سەیرتر لەگەڵ سەاودا، هەر نەووتراوە ..
باشە ئەم کابرایە بۆچی وای ووت؟؟ لەبەر ئەوەی من تەمەنکم هەیە و جل و بەرگی وەرزشی و کاڵە و ڕەنگی کراوەم پۆشیوە؟ لەبەر ئەوەی

کاسکێت و کاتژمێری تایمێری سمارتم لێ مەچکدایە ؟ خەیشی ساڵەهای ساڵ ئەم چۆغە و ئانکە ڕەشە دەزە و ئەو جامانە قوتەی بەستووە و .. چەندە گەڵانکاریی لە سیستمیی فەرمانڕەواییدا ئەستەمە، گەڵانکاریش لەو پەستی گایەدا، دە ئەوەندە زەحمەتە ؟
وادیارە ئەم کابرایە تراکسودێک و کاڵەیەک و کاسکێتێک بە بە حورمەتیی تێگەیشتووە یاخود بە کارەستەکانی بەحورمەتیی تێگەیشتووە، بەیە ئەڵێت خوا بە حورمەتت نەکات ..
باشە ئەوە بوونایە چیتان پێ دەووت؟ وەک من پێتان ئەووت سوپاس یان بەدەنگ ئەبوون یان ڕێگاتان لێ دەگرت و پێتان ئەووت مەقسەدت چییە لەو قسە قۆڵە ؟ لە چی شتێ بێن و تامی بەحورمەتیت کرد وا دەعای بە دەکەیت ؟
هەر کامەکیان بکەیت، هەر هەڵەیە، چونکە بە هەر گۆشەیەک لە زەنگاوەک بدەیت تەنها خێت پیس ئەبیت..
ئەوەندە هەیە زەر پێشیمان بووم کە چەندین ساڵە من سەاو لە تەنەکەی خەڵەک ئەکەم، کە سیخناخە لە مشەخەر و دەرد و نەخۆشیی دەروونیی ..سیخناخە لە بەکتریا و ڤایرەس و دەرد و بەڵای ناگەهان ..
بەیارمان دا ئیتر بە هەتاهەتایە نە بەو ڕێگایەدا بڕۆین و نە لەو مزگەوتەیش نوێژ بکەین .

پیرە هەڵە.. نەوشیروان ئازاد

لەم ببورە و ....پیـــــــرە هەڵــــــە
تە نەتوانی
لەشەوانی ئەنگوستە چاو ..
تولە ڕەیەک بەدی بکەی...
چەنە...باسی ،
بەخشندەیی ...
مانگ و ئەستێرەم بەدەکەی ..
★★★★★★★★★★
لەم ببور .. پیـرە هەڵە...
پەم مەڵە بە...؟

لەوتەی هەم ،
من تەتەری ..شەوانی تار و بە نورم
من ەەبواری …
شەوانی سەختی دەیجورم
زەر دەترسم …جەردەیەک بە و
باسی ، جوانی و باسی عەشق و
باسی دەی خەیم بەبکا…
ئەزانی بە…؟
ئاخر چونکە ..مارانگازی
دەستی دز …. و
دەستی چەتەو
دستی جەردەی ..شەوە ەەگام
من لەسەزی ئەویندداری ..
شوقارەکان هیچ تە ناگەم ..
چون دەزانم …
چاوی تیژی هیچ بەکرە..
چەن شارەزاو
چەن لەزان بە
کاکە (مەم) ە … بە ماەی (زین)
نا با تەوە…
باش دەزانم …
گوە کە…. وەری ..
بەهاریش بەت..
نایەتەوە …

نەوشیروان ئازاد
سلەمانی

2017 .20/21.9

گفتوگەیەکی شانەیی لەگەە نیهاد

جامی- بەشی یەکەم

-1

رەنگە میتۆدی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ هەر گفتوگۆیەکیتر جیاواز بێت، هەڵبەت هەمیشە بەدوای شێوازو زمانی جیاواز گەڕاوین بۆ قسەکردن لە شانۆدا، لەرێگەی توێژینەوەو وتار و شانۆنامە و گفتوگۆ، بەڵام ئەوەی لەو گفتوگۆیەدا پشتی پێدەبەستین ، میتۆدی هەڵوەشاندەوەگەرایی ژاک دەریدایە، بەهەمان میکانیزمی ئەو کار دەکەین ئەو فیلەسوفە کتێبکی هەیە بەناوی "شوێنگەکان" لەو کتێبەدا دیدی فیلەسوفەکان دەنێت و دەیکاتە پرسیار ئاراستەی خۆی دەکات، ئەو میکانیزمە بۆ ئێمە دەروازەی چوونە ناو ئەو گفتوگۆیە، لەماوەی دە ساڵی ڕابردوو ئاشنابوون بۆ تاک شانۆی خەرئاوایی و کارکردن تیایدا، فەربوونی زمانی جیاوازی وەک پێکەندی و فۆنسی وایکرد دەستمان بەسەر کتێب و سەرچاوە ئەرگیناڵەکان بگات، تاگەیشتین هەندێ چەند زەر هەیە، پێویستیان بە ڕاستکردنەوەیە، بۆیە لەم گفتوگۆیە وەڵام بە هەموو پرسیارو دەنگ و جنێوو هاتو هاواری شانۆکارانێک دەدینەوە، جگە لەوەی زەر زانیاری بۆ خراپ گەیشتوون ڕاستیان دەکەینەوە.

*** با لەسەرەتای کاری شانۆییتان دەست پێبکەین، چۆن هاتنە ناو شانۆ؟ تۆ لەم سەرەتایەی خۆت ڕازیت؟ ئارەزوو بوو یان مەعریفە؟ تۆ لەگەڵ یەکەم کارت وەک دەرهێنەر خەلاتی باشترین دەرهێنەرت لەفێستڤاڵی شانۆ وەرگرت، دەتوانم بڵێم هەر لەسەرەتاوە بوویتە شانۆکارێکی دەخێش و هەموو دەرگاکان بەووت کرانەوە؟**

- ڕەنگە هەمیشە سەرەتا تەنیا چوونە ناو ماڵێکی گەورە بێت، ژوورەکانیت نەدیووە، دەبێت بیپشکنی تا بزانیت پێویستیەکانی چین و دەبێت تۆ چی بکەیت لەناو ئەو ماڵەدا، هەر لەسەرەتاوە من و ئەو نەوەیەی دوای ڕاپەڕین کەس گوێی لێ نەدەگرتین، دەمانویست یاخی بین، هاتین جەنگمان بەرپا کرد لەگەڵ نەوەی پێش خۆمان، نەوەی پێش ئێمە، ئەو نەوەیەی بریتی بوون لەکەمێک دەرهێنەری ریالیستی، کە بە هەمیشە دەبێت شانازیان پێوە بکەین، ئەوان بریتی بوون لە «تەعەت سامان، فەرهاد شەریف، تەحسین شەعبان، عوسمان چەوار، ئەحمەد سالار» هاتین نووسیمان وتمان هیچتان نەکردووە ، ئێمە

هاتووین شانۆ بنیات بنێین، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هەندێ قسەمان دەکرد، ئەوان زیاتر دەرگاکانیان تووندتر بەرووماندادەخست، شاری ناوخۆ بوو، نەوەی پشوو خای بەدوورگرت لەشانۆ، ئەوە دەرفەتکەی بۆ ئەمەی قسەوۆ، لەو فەستقالۆ شانۆیەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی من خەڵاتی باشترین دەرهێنەرم وەرگرت، ئەوە سەرەتایەکۆ بۆ نائومێدی، بەرپرسیارێتێکت دەبەست، بۆ دوای ئەوە چی دەکەیت، چاویان لەوێ بزانن کارەکانت بەرەو کوێ دەڕوات، من هیچ کاتێک لەشانۆدا شانۆکارێکی دەخۆش نەبووم، ئێستا لەشانۆدا لەهەموو کاتێک خەمگینترم، بەڵام هیچ کاتێک هەندێ ڕوناکیم نەبینیووۆ وەک ئەوەی لەشانۆی پەڕەندی بینیم، لەو زانیم هەڵەو خۆشکان چین، هەر بەڵاست ئەمە خەریکی چی بووین؟ تازەگەریەک کۆ باسمان دەکرد، ئەو کاتەی ئەمە باسمان لەو تازەگەریە دەکرد، لە خەرئاوا ببوو بۆ میرات و کەڵەپووری تازەگەری، ئەو ناوانەی باسمان دەکردن، کۆ ئێستاش لەکوردستان هەر باسیان دەکرێت، پەیوەندی نەبوو بۆ تازەگەری شانۆیی، هەندێ پرۆژەی دژۆ شانۆ بوو، دەرهێنەرانێک بەدوای فەرمکیتر دەگەڕێن، کۆ دژی تەواوی بنەماکانی شانۆیە، بۆ بەوای ئەمە یەکەم بریەن بەر جەستەی شانۆی ئەمە دەکەوێت لەرەگەی تازەگەریەوێە، چونکۆ تازەگەریەک کۆ سەرهەڵدەدات لەشانۆی ئەمەدا زادەی ساتەوەختێکی ترسناکی ئەنفال و هەڵەبجێە، کەس هەندێ بەعس بەم تازەگەریە دلخۆش نیە، بەیە دەرگای ڕۆژنامەکان دەکاتۆ سەر پشت تا بەویستی خای شانۆکاری کورد باس لەشانۆیەکی ئەزموونگەری و تازەگەر بکات، چونکۆ لەبنەڕەتدا شانۆیەک بوو بیرکردنەوەی شانۆیی بۆ بیانووی فەرمی باڵاو شانۆی جیهانی، مرۆڤی کوردی دوور دەکەردەوۆ لەکەشۆ کولتووریی و نەتەوەییەکانی، لەساتەوەختی ئەنفالدا تۆ بێت زمانی کوردی و جل و بەرگی کوردیی و دیمەنی ماڵی کوردیی بگەڕێت بۆ جولەو سەما و مەم و قوماش و گوریس، جگۆ لۆ بەعس کۆ سەرکەوتووۆ لەوۆ؟ ئەمە نەوەیکمان هەیە هەشتا خۆن بەو شانۆیە دەبینێت، بەدوای ڕاپەرین من یەکەک بووم لەو شانۆکارانۆ و کارم دەکرد دەمنووسی و ڕەخنەم دەگرت، بەڵام لەپۆ سەیرمان کرد تۆنیا شانۆکارانی هاوەمان لەهەڵەکۆ ماون، ئیدی بینەرمان نەبینی، ئەمە تەماتمان دەبەخشیەوۆ، گوایە بینەر هەشیاری لاوازەو لەو شاکارۆ فەلسەفیانۆ تێناگات، نەوەی من پەویستۆ پەزشی هەبێت لەوەی بووۆ بکوژی شانۆ، بەڵام جگۆ لەمن کەس ئەو بوێریەی نیە، وا نەزانیت ئەوۆ لەخەبایی

بوونە، نەخێر ئەو پاری بەرپرسیاریەتی ئەخلاقیە بەرامبەر شانۆ، من هاولاتیەکی شانۆییم، ئەو دەستواژەیەم لە شانۆکار هادی ئەلمەهدی وەرگرتووە، هەبەت زەرتان نازانن بەر لەمن هادی وای ووت، بەڵێ ئەو هەر بەڕاستی هاولاتی شانۆ بوو، وەک چۆن کە دەستی دەدایە کاری تەلەفزیۆن دەتزانی خەریکی خیانەتکردنە لەنیشتمانەکەی کە شانۆیە، بۆیە ئەوەم تەنیا وەک ئەمانەت باسکرد، دەمەوێ سەر قسەکانی خۆم، دەبێت لەبەرامبەر نیشتمانەکەمدا شانۆ ڕاستگۆ بم، لەهەڵەو خیانەتکاندا تاوانەکانم بگرمە ئەستۆی خۆم، هەر کەسێک وای نەکرد، نەک هاوڕاتی نیە، بەڵکو بگانیە هاتۆتە ماڵێک کە ماڵی ئەو نیە، بۆیە لەم گفتوگۆیەدا زەرم بەلاوە مەبەستە بگەڕێ مەعریفەی باوی تیەرە شانۆییەکان بچینەوە، ئەو تیەرانەی خەڵکی ئاوا وەک میراتێکی شانۆیی سەیری دەکات، کەچی هەشتا لای ئەمە و شانۆکارانی عەرەب دیدێکی پیرۆزگرا و ڕۆحیان هەیە لەبیرکردنەوەی شانۆیدا، ئەوە هەوڵێک نیە بۆ خۆ گەورە بینین، هەندێ قسەکردنە لە ئێستا کە تێی دەگەین، بەگژداچوونیە بۆ تیەر، نەک بۆ ڕەتکردنەوەی، هەندێ دیدی ڕەخنەیە بۆ تیەر، لەوێ چۆن سەر لەنوێ بتوانین لەهەڵوەشاندنەوەی سەنتەری گوتاری تیەر، بونیادەکانی بنووسینەوە، ئەوەی جێگەی گومانی من نیە ئەوەیە، شانۆکارانێک کە تائێستا تیەرەکان وەک پیرۆز دەبینن، ئەو گفتوگۆیە وەک گوناهێک لەبەرامبەر تیەر سەیر دەکەن، ڕۆژگارێک بۆ ئەمەش هەمان شت بوو، ئەو تیەریستانە دواهەمین پلەی باڵای شانۆ بوون، بەڵام کاتێک لەناوەندگەرێتی شانۆی خۆرئاوادا دەبینیت، ئەوەی بۆ ئەمەی شانۆکاری کورد پلەی باڵای شانۆیە، بۆ ئەوەی شانۆکاری ئەو کولتورە خۆر ئاوایەوەکو میراتێکی تازەگەری سەیر دەکرێت، نەک خودی تازەگەری بێت، ئەوەش خۆقاندنی چەمکی جیاوازی نەوان منی کورد و ئەویتری خورئاواییە. ڕەنگە هەوڵێکی وا پەویستی بە بوێرێکی زۆر بێت، تا ئاستی ئەوەی گفتوگۆکە لەم ڕۆژگارەدا بەهای خۆی نیشان نەدات، بەڵام بەپێی تێگەیشتنی ڕۆژگار ناچار وەک هەوڵێکی خاکەڵایی دەبینرێت، کە پرۆژەیتر بەدوای خۆیدا دێنێت، دەمەوێت لەڕێگەی پرسیارەکانی دواتر لەسەر تەواوی ئەو پرسانە قسە بکەم، کە شانۆی لەکەمەلگای کوردیدا کووشت، وەک سەرەتا ئاماژەمان بە کرد دەمانەوێت لەڕوانگەی هەوڵشاندنەوەگەرایی و چەمکەکانی وەکو سەنتەر و بونیاد و زمان و جیاوازی بە مانا دەرەداییەکەی کار دەکەین،

دیگوازینەوە ناو تێگەیشتنەکانی مانا تیۆریەکان، لەساتی هەلوەشاندنەوەی تیۆرو چنینەتی نووسینەوەی بونیاد، ئەوەش ئەرگار بوونە لەسەنتەر و گەڕانەوەیە بۆ بونیاد بەر لەبوونە گوتار، ئەوەی بۆ ئەو میتۆدە ووتە خۆشبەختانە بونیاد وەک گوتار سەنتەری نیە و لەدەرەوەی سەنتەرە.

- *** شانەی ئەزموونگەری کوردیی شانۆیەک نەبووە کە بینەری کوردیی بۆ شانۆی باڵا ناساند؟**
- ئەو پرسیارە لەبنەڕەتدا خراپ نیە، بەڵام ستراتیژی شانۆ چیە؟ ئایا ئەمە پێویستمان بوو بوو شانۆکەمان گوزارشت لەشانۆی باڵا بکات، شانۆیەک بێت ڕابکات لەکێشەکانی مرۆڤی کوردیی؟ هەر بەڵاست ئەوە خۆ فریووادانی ئەمە نەبووە لەڕابردوو ویستومانە وای بخەینە ووە لەژێی تێکستە جیهانیەکان و لابردنی بەشێکی زۆری دیالۆگەکان و گۆڕینی بۆ وێنە گوایە لەم ڕۆگایەوە باسی بریتی کوردیی دەکەین؟ مەگەر تۆنیا لەزهنی دەرهێنەردا وێنەی وا بوونی هەبێت، سەرئەنجام بینەران نمایشێک دەبینن گوزارشت لەو ناکات، بۆیە ئەو دەستانەمان پێویستە ئەوە قبوڵ بکەن، کێشەی شانۆی کوردی خودی شانۆی ئەزموونگەری خۆیەتی، ئەزموونگەری بکە دەرەوە بزانە شانۆی کوردیی کێشەی هەیە؟ دواتر بەڵاست ئەستا ساتی ئەوەیە لە خەمان بپرسین: سەرچاوە تیۆریەکانی ئەو شانۆ ئەزموونگەریە چی بوو؟ لەکوێوە هاتبوو؟ لەچی ئەزموونی دەکرد؟ هیوادارم سەلیقەتان هەبێت و ئارامگر بن، تا وەڵام بەو پرسیارانە دەدەینەوە، دیارە سەرچاوە تیۆریەکانی شانۆی ئەزموونگەری کوردیی خودی دنیا ئەزمونکاریەکەی شانۆکارانی خۆرئاوا نەبوو، بەڵکو لەناو شانۆی وێنەیی عەراقیەوە دەرک یان ناوی دەرهێنەرێکی خۆرئاوایی دێت، لەووی خوێندنەوەی بایۆگرافیەوە، گەر بەوانین دامەزرێنەری ئەو شانۆیە شانۆکارێکە کە عەرەبەکان بە داهێنەر ناوی دەبەن، منیش سەرەتای ژیانی شانۆییم تەواو وامدەزانی شانۆ لەسەر دەستی ئەو شانۆکارەیە ، ئەویش سەلاح قەسابە، بۆیە کتێب و سیناریۆ دەری ناو وتارێکی نیە نەمخوێندبێتەوە، بەڵام با ستایشکار نەبین با بڵین بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لەی بەوانین، دەزانم دەتوانێت بڵێی بە ستایشکار نەبین؟ بەزار بووین لەوەی ستایشی بکەین، تەنانەت من کارم لەسیناریۆیەکی شانۆیشیدا کردووە، بۆیە دەمەوێت ئیتر بە دیدێکیتر لەی بەوانین، ئەو کارکتەرە کە ڕۆڵی شەرعی بەعس، شانۆ لەکێشکان دەردەکات و دیگرێت بە ناو فۆڕمی سوریالیزم، هەر کاتێک ئەدەب و هونەر باسی

لەکۆشکی کۆماڵگا نەکردو فۆرمی خولقاند دەسەڵاتە فاشیەکان کۆشیان نیە لەگەیدا، ئەوانەی ئەو شانە ئازموونگاریە دەنناوە کوردستان، ئەوانەن کە خوێندکاری ئەون لە بەغدا، دەست و هاوڕێ و ئازیزەکانمان، گومانمان لەتواناو خونبینی شانەیان نیە و هەموشیانمان خۆش ئەوێت، بەڵام پرسەکە زۆر لە خۆشویستی گرنگترە، کەواتە سەرچاوە تیرۆریەکانی شانەی ئازموونگاری کوردیی.. شانەی وێنەیی عێراقیە، ئازموونکردن نیە بەقەد ئەوەی لابردنی بەشێکی دیاری تەکست و گرافینیەتی بە وێنە و بەکۆمەک دەلاتی ناتەباوە، کۆشکی سوریالیانە بەرهەم دێنێت، ئەوە شانەی عێراقی دلخۆش دەکات، مرۆڤی کوردی لەکۆشە سەرکیەکانی دوور دەکاتەوەو شانەکۆش دەکات بە پڕاوێزی شانەی عێراقی، ئەی شانەکە لەچی ئازموونی کردووە؟ ئایا ئازموونی شانەی خۆرئاوایی بوو؟ کە وتمان شانەی وێنەی عێراقی بوو، بەڵام ئەوان باسیان لە ئارتە و گرافسکی دەکرد، ئەمە لەدرێژی ئەو گفتوگۆیدا دێنیام دەگەڕێنەوە سەر ئەو باسە لە ئاستی تیۆریستەکانی خۆرئاوایی قسە دەکەین، چونکە زۆرجار دەبیستمەوە گوایە بەم دواییانە من وتومە گرافسکی لەشانەدا گرنگ نیە، بەداخەوە مرۆڤگەلێک کە وەک ئەو بیرت نەکردەوە کە نەیتوانی بخوێنێتەوە کە دەستی نەگەیشت بە کتێب و سەرچاوەی ئەرگینالی، چی بکات تا بیسەلمێنێت کە وەک تۆیە؟ هەر دەبێت تەماتت بە بتاشێت، من پیاوێکی باوەڕداری خودایيم و لەحەزرەتی مەسیح فڕی بووم دەبێت بیانبەخشین لەگوناهەکانیان، بەڵام لەهەمان کاتدا لەسەر من پۆیستە هەڵەو نەزانیەکانیان بە راست بکەمەوە بەردەمیان ڕوناک بکەمەوە، لەو تاریکیەی تیایدان ڕوناکی بە چاوەکانیان بگێنمەوە، دواتر دێینە سەر گرافسکی و ئارتە، بەڵام لە باسەکە زۆر دوور نەکەوینەوە، شانەی ئازموونگاری کوردیی تانانەت شانە خۆرئاواییەکشی وەک خۆی وەرنەگرت، بە نمونە دوو نمایشیان بەناوی شانەی ژوور بەرهەم هێناوە، سەرەتا کە دەچێە سەر سەرچاوە تیۆریەکانیان بە ئەم شانەیە، فریوی دەستی کتێبکی عەرەبین کە بەدوو لاپەڕە باسی ئەو شانەیە دەکات، هەنگە ئەمرە ئەو زانیارینە لەو ویکیپیدیا زۆر زیاتر هەبێت، ئەوە گرفتەکە نیە، گرفتەکە لەوە دەست پێ دەکات بەهەی ئەوەی بە شانەکە ووتراوە ژوور، ئەو دەستانە واتەگێشتوون دەبێت لە ژوور نمایش بکرێت، بۆیە شانەکیان بردەتە ژوور، کاتی خۆی منیش ئەو هەڵەیەم کردو نمایشکم لە کۆرکوک لەژووردا نمایشکرد، منیش واتەگێشتبووم، لەکاتکدا

شانەی ژوور بەواتای شانەی بچووک لە فەرمی ژوور، بە ئاوەڵناوی ئاو شانەیەکی بەبینیت، ئەمە دوو شانەیی وامان لەکوردستان هەیە، هەڵی بەرەوبەرێتی شانەی هەولێر و هەڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، بەوانە دەووترێت شانەی ژوور، نەک نمایش بەرینە ناو ژوور، کەواتە هەر لەناو نان و میتدەوە هەڵە هەیە و دەبێت ئاست بکرێتەوە، جگە لەوە ئەزموونگەری ئاوە نیە کە نمایش لەهەڵی شانە بنیتە دەرەوە، بەڵکو ئەزموونکردن بەواتای ئیشکردنەوە لەسەر تەکنیک و تیەر لەناو دەقی شانەیی وەک لای برێخت و بیکیت و یۆنسکە دەیبینین، بەڵام لای شانەکاری کورد ئەزموونگەری واتە هاتنە دەرەوە لەهەڵی شانە، ئەوەش لەشانەوە دەگەڕێت بۆ پەرفەرمانس و یا ئاوەی پێی دەڵێن شانەی دوای دراما، بۆ کورتی تیپی شانەی ئەزموونگەری کوردی هەشتاکان و تیپی شانەی ئەزموونگەری کەرکوک کە من سەرەک و دەرهێنەری بووم و کارم بۆ کەمەڵەک گەنج تیایدا کردووە، هیچیان شانەی ئەزموونگەری نین، بەڵکو کاری پەرفەرمانسین و لەرێگاری خێدا کەسمان پەیمان نەزانیووە، ئیدی کاتی ئاوێە ئەستا هەڵکانمان بدەزینەوەو باسیان بکەین.

-ترس دەکەوێتە کوێوە لە هەڵوەشاندنەوەی سەنتەر بۆ گوتاری تازەگەری و شانەی ئەزموونگەریدا؟ ئایا بونیادەکان لەو ڕووبەڕدا ونکردنی شوناس نیە ؟

* لەچی دەترسیت؟ لەوەی مەژووی ساختەکاریمان ئاشکرا دەبێت و دەبینە دژە مەژوو؟ من ترسم لەوە نیە، بەڵێ دەبێت ئەو سەنتەرە هەڵبوەشێندرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی سەنتەری تازەگەری کوردیی، قسەکردنە لەئاستی تیەریی ئەو سەنتەرە، چی تازەگەری بەرهەمهێنا ؟ لەکوێوە هات؟ پەیوەندی نەوان تازەگەری و کولتور چیە؟ تازەگەری کوردیی زادەی دەخەکی شانەیی نەبوو، هاوکات بوو لەگەڵ تەوژمەکی شانەی عەراقی لەساتەوەختەکدا بەعس دەگات بە وێنەی باڵای تەقێنەر، سەرکەوتنی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران و وێرانکردنی دەهاتەکانی کوردستان و شەڕشی کوردی بەناچاری دەرواتە ئاودیوی سنوور، ئەوەش وا دەکات بەعس هەستی سەرکەوتنی بگاتە لوتکەو عەراقی سەددام عەراقەکی بەعسی بێت، شاعیرەکی وەک نزار قەبانی دێت دەکەوێتە ستایش و دەڵێت «بەخۆشەویستەکەم بڵێن لەبەغدا، بابێت بە بەغدایی" دواتر بە شیعری شمشێر جارەک لەپاشگەزبونەوە دەخاتە ڕوو، ژنە شاعیری کوێتی سوعاد سەباح شیعرەک دەنوسێت بەناوی «خودای

سەربازەکی عیراقیم پێ بدە هەزار شیعرت ئەدەمێ" سالە ناسوێتەوە ئەو سەربازە وەتەکەی داگیر دەکات، قەبانی و سەباح لەماوەی سالێکدا لەلای شیعرەوە پاشگەزبونەوەی خۆیان نیشان دەدەن، شانەکاری کورد دوای چەند ساڵە هەشتا ستایشی دەخێک دەکات کە بەدژی کولتور بوو، لەو سانەدا بەعس دامەزراوەکان کونترۆل دەکات و ئەرگانە چالاکەکان پڕ دەخات، ئەوەش دەرفەتێکی گرنگە بە کەمالگایەکی بەعسی تازەگەر، چونکە تازەگەری و فاشیزم لەناو یەک مندالدان دەنێ بوون، ستالین و هیتلەر و سەددام دەخولقێنن، نازیزم و بەعسیزم دەنێتە بوون، لەسایەدا هیرۆشیما و هەلەبجە دەبن بە دوو شوێن وەک ئاماژەی درندەی فاشیزم لەتازەگەریدا ، هەلەکەست و ئەنفال دەنێتە بوون، لەڕەدا فاشیزم دامەزراوە ئایدیۆلۆژیەکانی وەک سەربازیەکانی گۆشە پڕ دەدات تا هەموو شتەک بەدەوری خۆی بسوێتەوە، تازەگەری بیانویەکی ترسناکی هەیە بە لەکارکەوتنی کولتور، سیماکانی بوون دەسڕێتەوە، شانەی ئەزموونگەری وەک فەرمکی تازەگەری دێتە ناو ژیانی شانیمان، خەون بینین بە شانیەکی باڵا لەبنەڕەتدا کوشتنی خەونی شانیەکی کوردیە، بەنام کەمیاکە لەوەوە دەست پێدەکات کاتێک لەژێر دروشمی «بەرەو دامەزراندنی شانەی کوردی» دەیان وتار لەبارەی شانەی ئەزموونگەری کوردی دەنوسرێت، تا ئەو شوێنەی بەئاگایی زاڵ دەخەکە سرووشتیە، بەلام کاتێک بەئاگایان بەنیتەوەو سووربن لەسەر هەمان دنیابین، لەوەوە تراژیدیا ئەخلاقیەکانی لەدایک دەبێت، چونکە ئەو تازەگەریە لە والەتدا خەونکی شانیە، بەلام لە جوهەردا لەشوێنکەوە دێت کە دەزگا ئایدیۆلۆژیەکانی بەعس بە لەکارکەوتنی کولتور لەکەمالگادا، بەیە سیماو خسڵەتە کوردیەکان وەک سونەتگرایەکی کۆن لەشانەدا سەیر دەکرێت و هەندێک ئاماژەی سوریالی دوبارە دەبنەوە، وەک ئەوەی لەوتارە ئەرشیفی و کتێبە کەکراوەی وتارەکانی ئەم شانیە لەلایان شانەکارەکەوە نوسراوەو باس لەکارەکانی خەیان دەکات، نیگەران دەبێت کە ئەمە کاری ئەوانمان نەدیوە چۆن قسەیان لەسەر دەکەین، با سەرنجێک بنووسم، کتێب و ئەرشیف بە ناسین و گەرانەوەی ئەو ڕۆژگارەیە دەنا بەچی کتێبی لەبارەوە دەنووسن، تە کە نمایشکانی ڕاینهارت و بەرگمانت نەدیوە چۆن کتێب لەبارەیان دەنووسیت، مەگەر تەنیا بە سەرچاوەکان نەگەڕیتەوە، بەیە با بچینەوە سەر قسەکانی خەمان ، ئەو شانیە لە بەغداوە دێت ، تازەگەریەکە دابران لەگەل کولتور دەخولقێنێت، هەموومان شاگەشکە دەکات، کاتێک حەقیقەتی جیاواز دەبینین، لەڕاستیەکان تێدەگەین، دەیانەوێت بەسەر ئەو مێژووەدا باز بدەین و کۆرانە ئەوەی دەمانەوێت بیخەینە ووو نەبینین، دەنا تووڕە دەبن و دەتوانن سوکایەتیمان پێبکەن،

دەتوانیت بەدژی ڕوانینەکانمان بیت، بەڵام تەمەت بەخشینەوەو گومانکردن و فەتوادان ئەخلاقەکە هەشتا بەردەوامی هەیە لەناو مرالەکی بەعسیانە، هەندەک لەمنالکارەکانیش کە هەشتا فڕی عەرەبیەکی باشیش نەبوونە دەکەونە فیکەو چەپڵە لێدان، بە باوەری من بە قسەکردن لەشانۆیەک پێویستە زمانی ئەو شانۆیە بزانیت و کولتورەکەی بناسیت، ناکرێت تە یەک کتێبی ئارتە بخوێنیتەوەو دوو کتێبی لەسەر بنووسیت، ئەی کتێب و ڕوانینەکانی تری، جا واز لەوەش بێنە نە کولتووری فەرەنسی و نە زمانی فەرەنسی بزانیت هەر ئەو مێتاژ و کەلاژە عەرەبیە لەکتێبەکەت بەرهەم دێت، تا ئێستا باس لەجەستەی ئەکتەر دەکەین لای گرۆتۆفسکی ، بەڵام تە کە کەمەلگای پڵەندی نەناسیت، کە زمانی پڵەندی نەزانیت، ناتوانیت بە وردگرانی کتێبەکی گرۆتۆفسکی بناسیت، دواتر دێینە سەر قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی شانۆیی گرۆتۆفسکی، کە لای کورد هەر هەمووی وەک یەک سەیر دەکرێت، بەڵام کاتێک شانۆ لابرێکەی دروست دەکات، مەبەستی لەوێیە چۆن دوای سوتاندنی جەستەی مرۆڤی پڵەندی بەدەستی نازیەکان، شانۆ دەتوانێت ئەو جەستەیە بنیات بنێتەوە، واتە جەستە دەکەوێتە نێوان پەیوەندیەکی فەرهەنگی و کولتوری، فەرهەنگیەکەی شانۆیە و کولتوریەکەی ژیانی مرۆڤی پڵەندیە، بەیە گرۆتۆفسکی خەی ناو دەبات بە ئینتەرپڵەگەکی شانۆیی، نەک دەرهێنەرەکی شانۆیی، کتێبی شانۆی هەژار لەو سالەی دەکرێت بە عەرەبی و تەواوی شانۆی عەرەبی گەشکە دەیانگرێت بەوەی گەورەترین سەرچاوەیان بە تازەگەری بەدەست گەیشت، ڕەک هاوتای ئەو سالەیە کە گرۆتۆفسکی ڕەیشتووە بە ئیتالیا و پانزە سال پێش ئەو ڕووداوە کۆتایی بە شانۆ لابرێکەی هێناوە، کە ئەمە وەک شانۆی هەژار دەیناسین، هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەنتەرە وا دەکات بونیادەکان سەر لێنوە ڕێکبخێنەوە، وێنە جیاوازەکانی کاری شانۆیی و کتێبەکان وەک بونیادی سەربەخۆ بناسین، بونیاد بەهەی ئەوەی سەنتەری نیە، بەیە لەبەردەم بونیاددا دەبێت بزانین کە ئەمە قسە لەدەق وەک بونیاد دەکەین، ئەو شوناسە لەدەست دەدەین کە بە شانۆی ئەزموونگەری کوردی ناسیمان، بەواتایەکی تر شانۆیەک بوو وەک پرۆژەیەکی تەواو سەیری دەکەین، تەواو بەو مانا فەلسەفیەی کۆتایی هاتن، بەیە شانۆی ئەزموونگەری کۆتاییەکە دەبێت قسە لەخۆشکانی بکەین، بەبێ نیازخراپی وەک بەشێک لەکارەکتەرەکانی ئەو ڕۆژگارە تەی گەیشتوون.

***ئەگەر هەڵەکەست دەرگایەک بکاتەوە بە گرۆتۆفسکی تا جەستە ببێت بە زمانی سەرەکی شانۆ و گرنگیەکەی دەربکەوێت، ئاخۆ ئەمە بە ئینفال بۆچی ناتوانین بگەڕێنەوە بە گرۆتۆفسکی؟**

- کۆشەی ئەم ئاوەیە هەمیشە لەدیاردەو گرفتکانی فەرهەنگی وەرگێڕان، بەبێ ئاوەژووکردنی لەجۆرەکانی ئاوەژووکچوون، ئەم وتمان نازیزم و بەعسیزم لەمندالدانی تازەگەری هاتونەتە بوون، هەڵکەست و ئەنفال بڕەهەم دێنن، بەڵام ئایا ئەو خوێندنەوە ئەنتەرپەلەژیە شانەیەی بە جەستەی مرۆڤی پەلەندی قبووکراوە، دەگوازرێتەوە بۆ ناو جەستەی مرۆڤی کوردیی؟ پرسیارە گرنگەکە لێرەدایە، ئەم ناتوانین روانینەکی ئامادەکراو بگوازینەوە ناو کولتورەکیتر ، دەکرێت سوودیان لێ ببینین، بەڵام نەک بیگوازینەوە ناو شانەیەکیتر، ئاوانەی لەو بوارەدا لەشانەی ئەمەدا دەنووسن یاخود ئاوانەی کاری پراکتیکی دەکەن بە ڕوانینی خۆیان پێیان وایە لەتەک میتۆد کار دەکەن، بەئاگایانە هەڵەندە کولتوریەکە بەهەند وەرناگرن، بەڵێ هەمان دەرەنجامی ئاوان بڕەهەم دێننەوە، ئەمە بە ئاوەی هاوشێوەی هەڵەکەست بمانەوێت ئەنفال لەناو نمایشی شانەیی بخوێنینەوە، جەستەی کوردی چۆن لەناو شانە بنیات دەنێینەوە، مانای وا نیە بڵێن گرێتەقسکی بگوازینەوە، بەڵکو پێویستە تێگەیشتنی گرێتەقسکی بکەین بە دەروازە بۆ خوێندنەوەی جەستەی کوردیی، دەتوانین وەک ئەو کاری لابەری و پشکنینە ئەنجام بدەین، لەسەر بنەمای ئەنترەپەلەژیانە بۆ جەستەی مرۆڤی کوردیی، کارێک گەڕان بێت بەناو ئەنفالدا، لەکۆتاییدا ئاوەی پێی دەگەین دەرەنجامی خوێندنەوەی ئەمەیە بۆ ئەنفال، جەستەی کوردیە کە چۆن لەناو شانە بونیاتی کەستی مرۆڤی کوردی وێنا دەکاتەوە، پەیوەندی یادەوەری ئەو مرۆڤە بۆ ژیانەوە، چۆن لەم دێت ساتەوەختێک دەوەستێنێت، دابڕان دەخاتە ناو دوو زەمەنی ژیانی ئەمە، زەمەنی پێش ئەنفال و زەمەنی دوای ئەنفال، شانەکار دەتوانێت ئیش لەسەر ئاوە بکات، ئاوە تەنیا گریمانەیەکە، کە هیچ پەیوەندی بە هەڵەکەستەوە نیە، وەک چۆن دیدی گرێتەقسکی دابڕاوە لەتێگەیشتنی کولتوریمان، قسەکە لەوێیە ناکرێت ئەزموونەکی خەرئاوایی کە خوێندنەوەی کەمەلگاکەی خۆیەتی دەرەنجامەکانی بگوازیتەوە ناو شانەی کەمەگایەکیتر، بەڵام دەتوانیت سوودمەند بیت لێی و دەرگا بەووی خێت بکەیتەوە، ئەنگە پرسیارەکە لەوەدا بێت مەرجە تەنیا لەرەی جەستەوە ئاوە بنیات بنرێت؟ هەڵبەت دیدی جیاواز و گەڕان و پشکنینەکان توانای ئاوەیان هەیە فەمیتر ببەخشن، گرفتی ئەمە ئاوەیە یان لەشانەیەکی سونەتی کار دەکەین یان ئەزموونگەرین، لەم سالانەی رابردوو دەرهێنەری هاوچەرخی

پەیوەندی یان کلاتا نمایشکی شانۆیی پێشکەش کرد بەناوی «ترانسفۆرت» کە باسی لە هەڵەکەست دەکرد، تەنانەت سەرۆکی بووی هەڵەکەستی هێنابوو، جەستە ئامادەبوونکی ئۆتۆی نەبوو، ژنێک و دوو پیاو چیرۆکی ئەو ڕۆژگارەیان دەگێڕایەوە، دەرهێنەر شەوازی گێڕانەوەو جوڵەی ئەوان دەست نیشان دەکات، ڕەنگە گەر نمایشکە لەشانۆی کوردیی نیشان بدرێت بە کارێکی سونەتگەرای خراپ ناو بەرین، بەڵام ئەو نمایشە کاریگەرێکی گرنگی وەدەست هێنا لەنێوەندی ڕەخنەی شانۆیی و بینەراندا، نمونەیەکە هیچ پەیوەندیەکی بە گرتەقسکیەوە نیە، نەک هەر ئەوە بەڵکو هەر بیریشی لە ناکاتەوە، ئەو دیاردەیت دیدی خۆی وەک دەرهێنەرێک لەئەمڕۆدا بە تراژیدیای نێوەکی بخاتەووو، هەبەت گرتەقسکی بە ئەنستویتەکی خۆی و گروپە پڕفۆرمانسیەکانی وەکو شانۆی زار و پیسن کەزلا گرنگی تایبەتیان هەیە، بەڵام بە گشتی وەک میراتێکی تازەگەری سەیر دەکرێت، کە لە ئەمڕۆدا نوێنەرایەتی تازەگەری ناکات، تەنیا بە کوردو عەرەب نوێنەرایەتی تازەگەری دەکات. لەوانەیە دوای سی ساڵی تر لەڕۆی وتارێکی عەرەبکانەوە شانۆکاری کورد یان کلاتا بناسێت ئەوسا بکەوێتە ستایشکردنی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لەئێستادا باوەر بەوە بێنێت کە ئێستای خۆی چیە و چۆن پەیوەستی بەقۆناغێک نیە کە بە ئەزموونگەری ناسراوە، لەتانی ناشارەوە، بەداخەوە شانۆکارانێکی کورد کە لەخەرئاوا دەژین ڕەڵەکی خراپیان بینیووە لە فریودانی نەوە نوێیەکانی شانۆ وایان تێگەیاندوون هەشتا ئەو ناوانە کاریگەری گرنگیان لەنەخشەی شانۆی جیهانی هەیە، لەتانی ناشارەوە زەرینەش ئەو قسانیان پەخشە، چونکە ناچار بووە نابن بەدوای زانیاریتر بگەڕێن، هەر ئەو سەرچاوانەو هەندێکی تری عەرەبی و فارسیت دەست بکەوێت، بەوا بەخێت دێنێت تە تازەترین سەرچاوەکانت بەدەستەوەیە، کاتێک ڕاچەنینی بە دروست دەکەیت، خۆشەویست نیت و هەموو ڕقیان لێتە، چونکە کەس نایەوێت دان بەان دروست بکات و تێبگات تازەگەریەکەی ناسیوومانە کێن بووەو جگە لە ئەمەو ئەوانی دەوروبەرمان بە کەسیتر گرنگ نین، لەڕاستیدا ڕابردوو وتارێکی شانۆکارێکی ئازیزم خوێندەوە، گلەیی لەنێوەندی ئەزموونگەری ئەوە بووە کە کامەران ڕەئوف ئەزموونکار بووەو کەچی نمایشکانی بە شانۆی ئەزموونگەری نەناسراوە، بەدلنیاییەوە بەو دەستە ئازیزەم دەڵێم کە کامەران ڕەئوف هەرگیز ئەزموونکار نەبووە، دەبێت دڵخۆش بین بەوەی ئەمە دەرهێنەرێکی وەک ئەومان هەیە

کە تەواو لە ستانسلاڤسکی تێگەیشتووە، من کاتی خۆی لەوتارە پڕلەندیەکەشمدا کە لەچوارچێوەی وانەی خوێندن بوو، لەخوێندنگای دراماتەرگی شانۆی زیگمەند هەنەر باسم لەشانۆگەری شالیری کامەران کرد وەک دیدەکی واقعی دەروونی ستانسلاڤسکی، مامۆستاکەمان کە دراماتەرگەکی دیاری شانۆی پڕلەندیە بەناوی ئارتور پاوڤک، دلخۆش بوو بەوەی کورد شانەکارەکی لەم شێوەی هەبەت و بەگرنگ بینی، هەبەت ئەوە ناکرێت چاوپۆشی لەخوشی نمایشکانی کامەران ڕەئوف بکەین، بە من کە خراپترین دیدەک کەپیڕەوی کردووە تێکەکردنی چەند دەقێکی شانۆیی، ئەوەش لەژێر کاریگەری هەندەک تێگەیشتنی عەرەبی کە بەناوی خوێندنەوە و مانای نوێ ئەویشی گرتۆتەوە، بەتام سەرەنجام ئەو باشترین نمونەی دەرهێنەرەکی کوردە کە لەستانسلاڤسکی گەیشتووە.

- *** قەناغ و ئاستە جیاوازە شانۆییەکانی گرۆتۆڤسکی چین؟ بۆچی پێتان وایە گرۆتۆڤسکی چەند وێنەیەکی جیاوازی هەیە؟ ئایا شانۆی گرۆتۆڤسکی شانۆی هەژار نیە؟**

- دەی ئەوە گومانی هەمووانە، بەتام نەزانینەک هەیە خەوشی تیا نیە، گرنگیشە لەئێستادا دەست نیشانی بکەین و وێنەکانی گرۆتۆڤسکی لەشانۆدا لەیەکتری جیا بکەینەوە، چونکە تا ئێستا لە کتێبە عەرەبیەکان باسی ئەو جیاکاریە نەکراوە، ئەوەی ئەوانیش باسیان نەکردبێت، شانۆی ئەمە لای نەزانیووەو خۆی لە بەدەنگ کردووە، ناکرێت ئەمە ئاستە جیاوازەکان و قەناغەکانی ناسین و بەم ئادیەش ئەو بە ڕزگاری شانۆ بزانین، گرۆتۆڤسکی گرنگیەکی مەزنی هەیە لەنەخشەی کاری پڕفۆمانسیدا، هەروەها لەکردەی ئامادەکردنی ئەکتەر، پڕۆژە شانۆییەکەی بەدرێژایی کات لەم دوو تێگەیشتنەوە تایبەتن، بەتام ئەمە هەرگیز گرۆتۆڤسکی نوێنەرایەتی تازەگەری ناکات، بەڵکو ئەوەی کولتورەکی شانۆیی خولقاندووە، کە وەک میراتێکی تازەگەری دەیبینین، نەک ئەمە تەنانەت بە خودی شانۆی پڕلەندی، ئەگەرچی تا ئێستاش گروپە پڕفۆرمانسەکان ئەو بەرابەری خۆیان دەزانن، چونکە چەند چەمکێکی جیاوازی هەنایە ئاراو جیاواز لەتێگەیشتنی باوی شانۆیی، بەتام با هەناسەمان درێژ بێت و بتوانین ئاست و قەناغەکانی لەیەکتری جیا بکەینەوە. سەرەتای کارکردنی وەک لە کتێبی ئیلهام و ئیحا بەغشکانم لەشانۆدا کە کتێبیەکە لە دوو بەرگ پێکهاتووە، باس لەشانۆ لابەریەکەی دەکات کە دواتر لەدڤیک فلادزین کە بەڕوبەری شانبەکەیەتی شانۆکەی ناو دەبات بە شانۆی هەژار،

ئەو دەستەواژەیە دەبێتە جێی سەرنجی گرێتڤسکی و هاوڕێ دەبێت لەسەر ناونانی شانۆ لابەرێکەی بەم ناوە،. شانۆی هەژار بە خۆی لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-بە ١٩٦٩ بە سێ قۆناغی کارکردن تێپەڕیووە، تەمەنی شانۆکە یانزە ساڵە، قۆناغی یەکەمی کارکردنی لەوێدا گرێتڤسکی لاو دەناسین، دەرهێنەرێکی لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠ دەست بە دەرهێنانی شانۆیی دەکات، گەنجێکی بیست ساڵە یەکەم کاری خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکارێک وەک کارێکی ئارەزومەندانە بە لابەرەکەی نمایش دەکات، نمایشەکە بەناوی «شەیتان کردیە ژن»، هەر لەو ساڵەدا شانۆگەری «خوای باران» نمایش دەکات، سالی دواتر کار دەکات لەتەک شانۆنامەی «ئورفیەس» ی ژان کۆکتۆ، لەو کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوە یەکەم نمایشی تیپەکەی بووە، سەرباری ویستوێتی دوو کارەکەی پێشووی هەر بە درێژەی کاری لابەرەکەی سەیر بکات، بەڵام زیاتر لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی خوێندکار پێشوو کاری کردووە، بەڵام ئەمە ناتوانین لەبەرچاوتدا ئەوە بە مێژووی شانۆی هەژار سەیر بکەین، چونکە پرۆژەیەکی بەردەوام نەبووە، وەک ئەوانەی لەبارەی شانۆکەی قەسڕ دەکەن، جێخت لەوە دەکەنەوە، ئەوە مێژووی راستقینەی ئەو شانۆیە نیە بەقەد ئەوەی سەرەتای کاکردنێتی لێشانەدا، دیدەکی تەواوی نیە، هەر بۆیە لەکتێبەکەیدا باس لەو کاریگەریەی ستانسلاڤسکی دەکات کە هێشتا لەو قۆناغەدا نەیتوانیوە بەیەکجاری دەستبەرداری بێت، سالی ١٩٦٠ بە دوو نمایش ئەو قۆناغەی ژیانی شانۆیی تەواو دەبێت، لە دووشاری جیاواز کار دەکات، سەرەتا شانۆگەری «قابیل» ی بایرۆن پێشکێش دەکات، دواتر ەوو دەکاتە شاری بەزنان بە ئەوەی شانۆگەری «فاوست» ی گۆتە نمایش بکات و کارەکە لەوە نمایش دەکات، بەو پێیەی ئەو شارە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەرگای بە گروپە جیاوازەکان کردووە کە بێشداری لەتازەکردنەوەی شانۆی پەلەندی بکەن، تا ئەرە سینەگرافیا لێشانەکێیدا بوونی هەیە، بەڵام قۆناغی دووەمدا کە لە ١٩٦٠-١٩٦٤ درێژ دەبێتەوە، لێرەدا دەستبەرداری سینەگرافیا دەبێت و بایەخێکی تایبەت بە جێستەی ئەکتەر دەدات، ئەو کارانەی نمایشی دەکات بریتین لە پێنج نمایش، سەرەتا بە شانۆگەری «شاکەنتالا» دەست پێدەکات، کە لەتەکستێکی کۆنی هیندیەکانەوە وەرگیراوە، سال دواتر بە یەکەمجار کار دەکات لەتەک شانۆنامەیەکی پەلەندی ئەویش شانۆگەری «ئەوارەی باوان» کە لە نوسینی ئادەم میچکیڤیچ، ئەو نوسەرە بەبەردی بناغەی

ئەدەبی پەلەندی دادەنرێت ، داستان و شیعر و شانامەی نووسیوە، زمانەکی قوڕسی هەیە، کە لەاستادا ئەو زمانە پەلەندیە گەلانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام لەڕشنبیریی پەلەندی ئەدەبی میچەکیفیچ وەک بنەچەکەی ئەدەبی پەلەندی سەیر دەکەن، لەم شانۆگەریەدا گرێتۆفسکی کارەک دەکات کە پەشتر ئەنجامی نەداوە، ئەویش کارکردنی راستەوخۆی نەوان ئەکتەرو بینەرانە، لەرەدا گرێتۆفسکی لەڕی ئەم نمایشەوە خالەک دەدەزێتەوە، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان وەک لابردنی دیواری چوارەم، بەیە لەچەندین نمایشی تری ئەم قۆناغە تیایدا بەردەوام دەبێت، کاتێک لەنمایشی «کەردیان» رووداوەکان لەنەخۆشخانەیەکی دەروونی ڕوو دەدەن، بینەران وەک دانیشتووی ناو خانەوادەی نەخۆشەکان دەردەکەون، خالێکی گرنگ پەویستە وەک تێبینی سەیری بکەین، لەم قۆناغەدا پەلە ناکات، سالی یەک نمایش بەرهەم دەنێت، بەیە لەسالی ١٩٦٣ ئەمجارە دەقەکەی کریستۆفەر مارلە دەخاتە سەر شانۆ بەناوی «مەژووی مەرگساتاوی دکتەر فاوست»، لەناو نوسینە ڕەخنەییەکان ڕەخنەگران جەخت لەو پەیوەندیەی نەوان ئەکتەرەکان و بینەران دەکەنەوە، کاتێک لەماڵەکەی فاوستدا مەزەکی گەورەو فراوانی نانخواردن دانراوەو بینەران وەک میوان سەر مەزەکە بانگهێشت لکراون ، سالی دواتریش شانۆگەری هاملێت نمایش دەکات لەژێر ناوی «توژینەوەیەک لەبارەی هاملێتەوە» ، ئەویان دوا نمایشی قۆناغی دووەم، کە لەم قۆناغەدا دوو خال بە گرنگی لە ئەزموونەکەیدا دەردەکەوێت، بایەخدانی سەرەکی بە جەستەی ئەکتەرو ئەویدیش لابردنی دیواری چوارەمی شانۆیە، لەقۆناغی سێ یەم و کۆتایی شانۆی هەژار بریتیە لەکارکردن لەتەک کلاسیکی ئەدەبی، یەکەم کاری ئەم قۆناغە «ئەکرەپەلیس» بوو ، دەقی شانۆنووسی کلاسیکی پەلەندی ستانیسواڤ ڤیسپیانیسکیە. ڕووداوەکانی لە گرتوخانەیەکی دەستگیرکراوان ڕوو دەدات، لەماوەی پێنج ساڵدا بەچەندین ئیزافەو لابردنەوەو لەچەندین نمایشی جیاواز ئەم شانۆگەریە پەشکەش دەکات، هەروەها یەکێک لەکارە دیارەکانی شانۆگەری «شازادەی هەکشاوە» یەکەمجار ئەم شانۆگەریەی لە سالی ١٩٦٥ نمایش کردووە لە دەقی کالدەرۆن وەرگیراوە، بەوام وایە ئەوە تاکە دەقێکی شانۆیەتی کە کاری تیا کردووەو کراوە بە عەرەبی لەپال هەندێک ڕاهێنانەکانی ئەویش لە سالی ١٩٨٠ لە گۆڤاری «الحیاة المسرحیة» ی سوری بلاو کراوەتەوە، لەسالی ١٩٦٩ گرێتۆفسکی دواهەمین نمایشی خۆی لەشانۆی هەژار وەک دەرهێنەر

پێشکەش دەکات کە کارەکی ئەکستاسیس بە ناوی «کۆتایی جیهان لەگەڵ وێنەکاندا» ، کە بە بەواری توێژرانی شانۆی هەژار ئاوە دواهەمین کاری شانۆی هەژارە، ئاگرچی ئەمە بۆ خۆمان بەم دواییە لە ئێستیتوی ئارشیفی گرۆتۆفسکی لەشاری فرۆتسواڤی پۆلۆندی هەندێک دۆکیومێنتمان بینی، کە سالی ١٩٧٠ شانۆگەری «شازادەی هەڵکشاو» وەک کۆتایی شانۆی هەژار بۆ ئاوەی ئاوروپا دەستکاوتکەیان لەم شانۆیە ببینێت نمایشکەیان بردۆتە چەندین ولاتی ئاوروپی لەوانە؛ ئەلمانیا و فەرەنسا و سویسرا و چەند ولاتێکی تریش، ئیدی لەوەوە بەرهەمی نوێیان نامێنێت، ئاگرچی تیپەکەی تا سالی ١٩٨٠ بەردەوام دەبێت و کارەکانی پێشوو نمایش دەکاتەوە، لە سالی ١٩٨٦ گرۆتۆفسکی دەرواتە ئیتالیا و لەوێ خەریکی کاری پەرفەرمانسی دەبێت و دواتر باسی دەکەین، لەپاڵ هەندێک روانینین بۆ شانۆکەی.
گرۆتۆفسکی بۆ خۆی لەشانۆ لابرێکەی دەسبەرداری پڕۆژەی گەشان و پشکنین دەبێت، ئەوش تەواو پێچەوانەی ئەو ڕوانینە عەرەبییە بۆ شانۆکەی و کە شانۆکارانی کوردیش دوبارەی دەکەنەوە گوایە شانۆی ئەزموونگەری سنوری نیەو بکۆتاییە، کامل بوونی سێ قۆناغەکەی شانۆی هەژار دەریدەخات ئەم شانۆیە سنوری هەیە و لەناو کلاسیکی ئەدەبیات کۆتایی بۆخۆی دێنێت و ئاوەی دەمێنێتەوە توێژینەوەو گەشانەوەیە بەناو دەکیومێنت و زانیارییەکان، بەڵام با ئاوەمان لەیاد نەچێت سەرباری بلاوکردنەوەی ڕاهێنا و دەقەکی ئامادەکراوی گرۆتۆفسکی لە ١٩٨٠ بە زمانی عەرەبی، سالی ١٩٨٥ بە ١٩٨٦ یەکەمجارە کتێبی «شانۆی هەژار» دەکرێت بە عەرەبی ڕەک لەو کاتەی گرۆتۆفسکی خەریکی پەرفەمانسە، هەبێت وەرگەڕان عەرەبیەکەی ئەو کتێبە لەبەراوردکردنی بە پۆلەندیەکە تەدەگەیت هیچ چەمک و زاراوەیەک نیە بۆ هەڵە وەرنەگەڕدرابێت، کە دیارە تا ئێستا کتێبەکە نەکراوە بە کوردیش ، بەڵام شانۆکاران کردویانە بە زەمینەی شانۆی ئەزموونگەری و تازەگەری.

- **ئێستا ئەمە باسمان لە نمایشکانی ئەم شانۆیە کردو قۆناغەکانیمان دەست نیشان کرد، کەواتە دەتوانین ئاست و قۆناغ و دەستکەوتکانی لێچیدا ببینین؟ چی کرد ؟ کاریگەریکانی چی بوون؟ چی لێپێش خۆی گەیی؟**
- ئەمە پێویستمان بە هەوشاندنەوەی سێنتەر لەشانۆی هەژاردا، بە ماناوەی سێنتەر، وەک شانۆی ئەزموونگەری کوردیی تەنیا دەبێت ستایش بکەین، ستایشکردن لەووی ئەکادیمیەوە هیچمان پێ نابەخشێت، پڕۆژە ڕەخنەییەکەمان پێویستی بە

تێگەیشتنە، بەڵام ئێگەر ئەمە سەنتەرمان هەڵوەشاندەوە مانای وا نیە بەوامان بە گرتەڤسکی نیە و هەتیدەکەینەوە؟ ئەوە پرسیارەکە ستایشکارانەی سەنتەر دەیانەوێت وەک گومان لەپەژەی هەخنەیی بیخەنە ڕوو، دەنا لەبنەڕەتدا هەوەشاندنەوە لەڕەدا مەبەستمان گەیاندنەوەیە بە ناو بنەچەکەی تازەگەری و ئەو پایەی ئەمە ویستومانە دروستی بکەین، بە ئەوەش با قسەیەکی دڕەدا خەی بنینەوە لەبارەی سەنتەرەوە ئەو دەنووسێت «ئەمە دەتوانین بەبە سەنتەر بمێنینەوە، من وای دەبینم کە سەنتەر وەزیفەیە و نەک بوون بە یان واقیع» کەواتە کاتێک ئەمە سەنتەرمان نامێنێت، مانای وایە بونیادەکان سەربەخۆ دەبن و لەڕەدا ئیشکردنی ئەمە لەگەڵ بونیاد ئاسانتر دەتوانین تێبگەین، با زۆر دوورنەکەوینەوە، شانۆ لابەریەکەی کە لەدقیک فلازین سەرەتا ناوی نا شانۆی هەژار، ئەو شانۆیە چەن هات ئەدەب لەشانۆ بکاتە دەرەوە، کتێبێک هەیە بەناوی «دواهەمین دەیە وهونەری شانۆی پەڕەندی» قسەکردنە لەسەر کەمەلێک شانۆکاری پەڕەندی کەتایی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم لەشانۆی پەلەندیدا، کتێبێکە ساڵی ١٩٩١ چاپکراوە، پرۆژەیەکی ئەرشیفیە بە گیانەوە بەناو کەی سەرچاوە شانۆییەکان و لەلایان باربارا ئەستەرلەف و ئێگنەشکا کەشەر ئامادەکراوە، لەشوێنکی کتێبەکەدا باس لە پێوەندی ئەدەب و دەسەلاتی دەرهێنەر دەکات، بەوەی بەدوای مایەرهۆلد و ئارتۆ و گریک و بروک ، لەلای گرتەڤسکی و کانتور ئیدی متمانە بە ئەدەب نامێنێت لەشانۆدا، کەواتە لەسەنگەی ئەو کتێبەوە دەنووسین گرتەڤسکی تەواوی ئەو روانینەی پێش خەی کەدەکاتەوە و لەناو شانۆ لابەریەکەی هەکسی دەخاتەوە، بەدوای ئەزموونکردنی لەتەک چەندین دەقی شانۆیی و کلاسیکیەکانی ئەدەبی شانۆ، کەتایەک بە شانۆی هەژار دەست نیشان دەکات، درکی ئەو نهێنیە دەکات، ئەوە ئایدەکەشت بەرەو ڕووبەری سەربەخۆی کاری هونەری کە لەنمایشی شانۆیی جیا بێتەوە، بۆیە لەساڵی ١٩٨٦ دەروات بەرەو ئیتالیا و سەنتەرەکی تایبەتی تۆژینەوە لەبارەی هونەری پەرفەرمانس دادەمەزرێنێت و نمایش دەگەڵت بە رزگاربوونی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەحی مرۆڤ، ئەوەشی ناونا «هونەر وەک پەرفەمانس» لە زمانی عەرەبیدا بە ئامراز ناوبردراوە، بۆیە هەندێک شانۆکاری کوردیش وەک ئامراز ناوی دەبەن، لەم ساڵانەی دوایی و ڕەک لە ساڵی٢٠٢٠ کاتاژینا ڤژنیاک کتێبێکی لە زمانی ئیتالیەوە کرد بە پەلەندی, کە

بریتیە لەکەمالەک توژینەوەو گفتوگۆ لەگەل گرتۆفسکی و نووسین لەبارەی پەرفەرمانسەکانیدا، کتێبەکە بەناوی «گریمانەی سێیەم»، شتێک نیە لەو کتێبە خودی گرتۆفسکی بەناوی شانەی هەژار بگێرێتەوە سەری، بەڵکو تەواو باس لەساڵانی ١٩٨٦ تاوەکو ١٩٩٩ و ساتی مردنیەتی، چونکە ئەو قۆناغە لەژیانی شانەی گرتۆفسکی تەواو جیاوازە، هەر لە پەرفۆمانسەوە ئەو وەک شانەکارێکی جیهانی دەردەکەوێت، ئاویش بەهەی گوتاری ڕەخنەی شانەی ئیتالی کە وەک قۆشەی شانە ناوی دەبەن و هەندێکیش ناوزەدی دەکەن بە مامۆستای ڕۆحی، ئەو ڕوانینانەی لەشانەی کوردیی و عەرەبی دراوە بە شانەی هەژاری گرتۆفسکی، لەڕاستیدا زادەی پەرفەرمانسێ نەک شانەی هەژار، ئەمە لەو کتێبانەو بۆتایبەت لەکتێبەکەی زیگنیف ئوشینیسکی وەنێ ڕاستەقینەکەی گرتۆفسکی دەناسین، ئەو کتێبە گفتوگۆیەکی درێژە لەگەڵ گرتۆفسکی سەرباری دیان دەکیەمێنت و بەڵگەی وەنەیی و نوسراو لەبارەی کارەکانیەوە، تێکەڵکردنی شانەی هەژار و پەرفەرمانس هەڵیەکی هەندێ کوشندەیە تەنیا زادەی نەخوەندەواری و نەبوونی سەرچاوەیە، وەرگرتنی ناوی گرتۆفسکی و سەپاندنی کارەکانیەتی بەسەر یەک فۆرم، کاتێک دیت ئەو جیاکاریە نیشان دەدیت، منا ڕەکان دەکەونە تەمەت بەخشین، بەوەی ئەمە مەبەستمان بووە لە گرنگی ڕۆڵی ئەو کەم بکەینەوە، لەڕاستیدا پرسی گرتۆفسکی لەشانەی ئەمەدا پرسێکی گرنگە، قسەکردنیش لەبارەیەوە هەموو دەستە ئەزموونکارەکانمان زووبیر دەکات، بە بروای من شانەکارێکی کورد هەبەت زۆر بە ئاگایانەوە ئاشنای پەرفەرمانس بەت شەماڵ عومەر، لەرابردووشدا هەمووتان دەزانن من لەبارەی ڕوانینەکانیان نووسیووم ، بایەخم بە هەوال و چالاکیەکانیان داوە، کاتێک گۆڤاری شانەکارم لەکەرکوک دەردەکرد، ژمارەیەکم تایبەت کرد بەوان و دواتریش هەرچی وتارێک لەبارەیانەوە هەبوو لەکتێبەکدا چاپمکرد، بەڵام بەرپرسیاریەتی لەشانەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، کاتێک بینیم ڕوانین و چەمکەکانی لابەری شانەی لالش لەبنەڕەتدا بەرەنجامی بیرکردنەوەی شانەیی ئەوان نیە و بەشێکە لە گرتۆفسکی وەرگیراون، وەک چۆن موتوربە کراون بە دیدی شۆکاریانەی تادووش کانتور، ئەوەم دوانزە ساڵ پێش ئێستا لە ئیمپلکدا پێ ووتن، ئەوە بوو بەدەنگیان لەکردو پەیوەندیی هاوڕیەتی مان کۆتایی هات، بەڵام بە من کە هاولاتیەکی شانەم، پەیوەندی هاوڕیەتی کاتێک لەدەست دەدەم، دەزانم بەرەنجامی ڕاستگۆیەم، گەر وەک مرۆڤ

نیگەرانیش بم، ناچارم قبوڵی بکەم، چونکە ناتوانم ناپاکی لەخودی شانۆ بکەم، کە هەموو ژیانم پێبەخشیوە، بۆیە ئەو چەمکانەی ئەوان بەکاری دێنن و لەهەندێک وتارکانیان ئاماژەی بە دەکۆن وەرگیراوی گرتۆفسکین، بەڵام ئەوە هیچ لەگرنگی ئەوان کەمناکاتەوە وەک گرۆپکی پڕفەرمانس، بۆ تایبەت لەئیشکردنەویان لەسەر دێنگدا.

- **تیاترکان تا چەند سوود بە شانۆی ئەمە دەگەیەنن؟ ئایا گومانێک هەیە لەتیاتر؟**
  - * بەتەنیا وابەستەی گومان نیە، هەندێ ئەمە زۆربەی هەوانینەکانمان تێکدەردووە، ئەوەی لەفەرهەنگی تازەگەری هاتە ناو شانۆی ئەمە، تیاتری لەشانۆ کردووە، دنیا بە نواندن لەسەر پایەی ستانسلاڤسکی وەستاوە، بەڵام ستانسلاڤسکی بوو بە شانۆیەکی کۆن، وەک شێرمەکی لەهات، لەشوێنی ئەودا هەندێک ناویتر جێگایان گرتۆتەوە، لەوانە ئارتۆ و گرۆتۆفسکی و بروک و گەردن گریک و باربا، بەبرۆای من ئەو پێنج ناوە کە شانۆی ئەمەیان لەڕێی عەرەبکانەوە داگیرکردووە، پەویستە ئەستا زۆر زانستیانە بەدژی ئەو داگیرکاریە بووەستینەوە، بۆیە من لێرەدا هەوە دەدەم ئەو کارە بکەم، بەڵام سەرەتا با باس لە هاتنی ئەوان بکەین کە چۆن هاتن، بۆچی هاتن؟ ئەو نزیکیە کولتوریی و تیاتریی ئەوان چی بوو لەکەمەڵگای کوردیی؟ تا بتوانین بە ئاسانی لەشانۆی ئەمەدا پێگەیەکی پتەویان هەبێت؟ چۆن ئەوانمان هەر هەمووی لە کەلاژەکدا خستە ناو وێنەیەکەوە ناومان نا شانۆی ئەزموونگەری، لەڕاستیدا من ساڵانێکی زۆری تەمەنم لەئاستی کاری شانۆییم بەم شانۆیە بەخشیووە، لەئێستاشدا ئەوە لای هەموتان ڕوونە، بەڵام با بیرمان نەچێت، ئەوەی لەکوردستان ناومانناوە شانۆی ئەزموونگەری نەبوو، بەڵکو پەژەی دژە شانۆ بوو، بەداخەوە من لەوە دواهەمین نەوەی ئەو ئەزموونگەریە بووم کە ڕەگێکی خراپمان بینی بە کوشتنی شانۆ، ئەو شانۆیە ئەزموونی نەدەکرد، هەندێ شانۆی دەگەیە سەر وێنەی جولاو ، گرفتی سەرەکی لەگەڵ دیالۆگ هەبوو، بە ئاگا لەوەی شانۆ خودی دیالۆگ دروستی دەکات، با بەوانین دیالۆگ هەر لەشانۆی گریکەوە یەکەم پایەکانی شانۆی تیاتەدەمەزرێنێت، ئەمە هاتین ڕەتمان دەکردەوە، چونکە بەبانگەشە ساختەکاریەکانی عەرەب و

عێراقی فریومان خوارد، دەنا دیالێگ گرنگیێکی هەندێ زەرە تاوێکو فەیلەسوفێکی وەک ئەفلاتون دەیکات بە زمانی ناو کتێبێ فەلسەفیێکانی، لەسەردەمی هەشنگەریدا فەیلەسوفێ فەرەنسیێکانی وەکو رەسە و دیدرە دیدێ فەلسەفیێکانیان لەسەی دیالێگی شانیی و شانامێ دەنووسنەوە، تەنانەت سارتەرو کامێ ئەوانیش وا دەکەن، ئەو گرنگی و بایەخی ژیل دولوز دەیدات بە شانامەکانی بیکیت، بەڵام ئەمە دژە دیالێگین، چونکە شانیی وەنیی عێراقی لەهەشتاکان بەلوتکەی تازەگەری شانیی تەدەگەین، کە لەبنەڕەتدا پرۆژەیێکی بەعسیزمێ بە کوشتنی فیکر و بیرکردنەوە، هەمیشە لەسەر دەستی فاشیستەکان فەرمانێک دەخولقێت بە دووربوون لە بیرکردنەوە، ئەمە نا ئاگایانە یان بەمەبەست ئەو کارە بکەین، سەرەنجام تیەر لەشانێ دەکەینێ دەرەوەو پشت بە پەڕەژەی دژە شانێ دەبەستین، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایەی شانێ دەتوانێت گەڵانکاری لەکەمالگەدا بخولقێنێت، وەک ئەوەی گەیشتین بە نهێنیێ گرنگەکەی شانێ، وتەیێکی پیتەر بروک لەبارەی کتێبی شانەی هەژار نووسراوەو بەوەی کە دەڵێت گرتەڤسکی دانسقەیێ چونکە بەدوای ستانسلافسکی کەس وەک ئەو توژینەوەی لەبارەی ئەکتەر نەکردووە، ئیدی ئەو ووتەیێ بەس بوو هەڵوایەتی بدەین بە گرتەڤسکی و دەستبەرداری ستانسلاڤسکی بین وەک سەرچاوەێ راستەقینەکێ، ئیدی هەموو ئەوانەی وەک گرتەڤسکی دەڵوانن ڕەلی جەستەێ گرنگی تایبەتی خەیان هەبوو، شانەکارەک کتێبەک دەنووسێت لەبارەی ئارتەێ هەموومان شاگەشکێ بووین، بەمدواییەێ هەمان کتێبی دانا ڕووف هەندەک دەستکاری و زیادەکاری تیا کردو سەر لەنوێ چاپی کردەوە. سەنتەری بیرکردنەوە لەو کتێبەدا چیێ؟ کەکردنەوەی کەمالەک سەرچاوەی و کەلاژکردنیەتی لەناو کتێبەکدا، ئەمە ناگەین بە دەرەنجامەک ، ئەوەش کەشێیەکی کتێبەکیێ، وەسفەکی پەخشانی زاڵ، وەک چەن ئەو وەسفە بەسەر زەربەی کتێبەکانیەوە دەبینین، باس لەێ ئارتەێ دەکات، کەچی لەبەشی پراکتیکی کتێبەکەی سەرچاوەی شانەی وەنیی و هەوانینەکانی سەلاح قەسەبە، هەندەک دەستەواژەی تیایە مرۆڤ فرمانی وا دەرناکات، گوایە کتێبەکەی ئارتەێ شانێ و هاوشانێ ئەمرە لەخەرئاوا وەک ئینجیلی شانەکار سەیر دەکرێت، با ئەو

دەستەواژەیە راست بکەینەوە، ئەو کتێبەی ئارتە کتێبکی تیاریی نیە، چونکە ئارتە هەرگیز تیاریستی شانەیی نەبووە، ئەوە تەنیا لەعەرەبکانەوە وەرمانگرت، ئارتە شاعیرکی دادایی و ئەکتارێک بوو، ئەو کتێبەشی وەسفکی شیعریە لەستایشی شانەدا، دواتر بەتایبەت باس لەکەبارەهەمی ئارتە دەکەین، کە لە یەک بەرگدا کۆ بارەهەمی کەکراوەتەوە، ئێمە لەناو ئەو کتێبە کوردیە لەبارەی ئارتە تا دەخوێنینەوە، رووبەروی لەدوانی هەچوون ئامێز دەبینەوە، توێژینەوەی زانستی زادەی بیرکردنەوەو پشکنین و گەڕان، تە دەیت باس لەوە دەکەیت شانەی ئارتە مەبەستی لەتوندوتیژیی نیە، لەکاتێکدا تێکستە شانەییەکانی ئارتە پریاتی لەوێنەی توندوتیژیی باوکێک پەلاماری مەمکی بوکێکی دەدات، ئایا ئەوە توندوتیژیە یان رەمانسیەتە وەک لەشانانامەی ئال سینی ئارتە دەیبینین، یاخود لەدواهەمین کاری کە مانەدرامایەک دەبەت، هەروەها لەنمایشکی تریدا کە لەیوتیوب دانراوە، لەهەردوو سوچی شانە دوو بلندگەی گەورە دانەت و تیایدا مەسیقایەک لەشێوەی هەرنی ئەتەمبیلی بارهەگر پەخش دەکات، ئەوە توندوتیژی نیە بەچی ناوی دەبەیت، لەبنەڕەتدا ئێمە شانەکارانکمان هەیە فریوو خواردوی دەستی عەرەبکانن، هەرچی لەبارەی چەمکی پاکژبونەوە وەک گرنگیەک باسی دەکەن، هیچ شتکی نوێی تیا نیە، چونکە لەپاکژبونەوەی گریکی وەرگیراوە، تە یان لەهونەری دراما تەناگەیت، یا ئەوەتە ئاگادار نیت، ئێمە کاتێک بونیادکانی کتێبێک بەمشێوەیە لەسەنتەرەوە هەڵوەشێنینەوە هووبەرووی دوو ئاست دەبینەوە، بونیاد لەڕەدا زادەی بیرکردنەوە نیە هێندەی وەرگیراوی ناو تەگەیشتنی عەرەبکانە، بەبە بوونی تەگەیشتن و گەڕان وبینین، چی ئەوان دەینوسن و وێنەیکی فانتازی دەبەخشن، ئەوانەی ئێمەش پشتی پێ دەبەستن و لەژیکانی خەیانی پێ پتەو دەکەن، گەر بونیاد لەو جۆرە کتێبانەدا بەم شێوە بکەوتەوە، لەڕەدا چەمکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بکار دەنینەوە ئەویش دەنگە، دەنگ بریتیە لەکەی ئەو دەخە نەستیانەی تێیدا دەژین و نابن بە زمان و هەر لەناو ئاخاوتن دەمێننەوە، ئەوەش دەنگ ناگەرێت بە زمان لەناو

نووسین، بەکو وەک ساتی بەر لەنووسین بەرهەم دەتاوە، بەڵام دنیام خودی نووسەر خۆی لەو تێگەیشتنە تێناگات، دنا بە کتێبکی ئارتی نادخوێبدەوە و دوو کتێبی لەسەر دنوسی، چونکە بەو کتێبەی ناتوانیت بەتەواوی ئارتە بناسیت، هەڵبەت ئەو کتێبە کوردیە تاکە خۆشەک نیە، ئەمە تەنیا وەک نمونەیک هەنامانەوە، کام کتێبی شانۆیی ئەمە پێی نیە لەو کەموکوڕیانە، د. فازل جاف کەمەلک کتێبی شانۆیی نووسیوە هەندکیان وەک کتێبی ئەو برادەرێی پشوو لەراپەرتی رۆژنامەوانی رۆژنامەنووس دچن، وەک کتێبکی لەبارەی شانۆی سویدی ، هەڵبەت کتێبیشی هەیە دەبێت بگرنگ باسی بکرێت، کتێبکی فازل جاف لەبارەی فیزیای جەستە کتێبێبکی گرنگە، هەروەها کتێبکی لەبارەی دەرهێنانی شانۆیی کە پێویستە هەموو دەرهێنەرکی گەنج بیخوێنتەوە، گرنگیکشی لەدیدی زانستی شانۆیی و پێرەوکردنی نوسینی زانستیە و دوورە لەهەچوون و خولقاندنەوەی دنگ لەناو نووسین.

- **من دەمویست زیاتر بینە سەر ئارتە، بەڵام هەیدگرین بە پرسیاری دواتر، چونکە تە گومانت هەیە لەبنچکەی تازگەری شانۆیی، ئەوت وتت «لەبنەرەتدا پرۆژەیکی بەعسیزمە بە کوشتنی فیکر و بیرکردنەوە، هەمیشە لەسەر دەستی فاشیستەکان فەمەک دەخولقێت بە دووربوون لە بیرکردنەوە، ئەمە ناگایانە یان بەمەبەست ئەو کارە بکەین» ئەوە بە خۆی جۆرک گومان دەخولقێنێت، ئایا مەبەستە بڵێی تازگەری کوردیی بەرهەمی بەعسە؟**
- سەیرکە بە ئەوەی ووردبین بین، پێویستە شتکان نەشوێنین، من ئاماژەم بە ئەوە کرد، ئاخە بەمەبەستە یان ناگایانەیە، بەیە دەستە ناگایانە بێت، تەنیا خەمی گەلان بووبێت بەناو فەمی تازگەری شانۆیی، بەڵام لەپاڵ ئەوشدا بە هەندک بەمەبەست بووە، کە ئەمە هەندە ووقایمن دیانەوێت ئەو فاشی بوونیان بە بگەینە سەر شەشگریەتی، بەیە دەتوانین ناویان بەرین بە پاڵەوانی کولتووریی لەسەردەمی فاشیزمدا، تە سەیرکە رەنگە لەژیاندا مرۆڤگەلکی زەر نەبن بتوانن بوێری ئەویان هەبێت کارکتەرکی دژ بە خیان دروست بکەن، کە تەواو جیاواز بێت لەشوناسی کەستی

ئەوان، بەڵام کاتێک مرۆڤکان پاساو بە کەسێتی خۆیان دەننەوە، ئەو ساتە مرۆڤ ناچار دەبێت، سەیری ئەو بوونەوەرە بکات، چۆن بە کۆتایی سیستمە فاشیەکان، مرۆڤکانی ناو ئەو سیستمە دەتوانن پاساو بە خۆشکانی خۆیان بەننەوە، سەیر نیە ئەوانەی دژ بە ناو سیستمی کۆنترۆڵکراوی فاشیزم، بە روخانی فاشیزم، کاری کولتوریی خۆیان وەک دژە فاشیزم ناو بەرن، ئەوان ئەو مرۆڤە دەگمەنانەن لە یاریەکانی فاشیزمەوە فڕی گەمە ترسناکەکە بوونە، تەنانەت هەندێ وو قایمانە سەیری ئارگەمێنتەکانیش دەکەن، ئامادەکاریەکی باش بە درێژک دەکەن کە لەسەردەمی فاشیزم فڕی بوون، بەوەی بەڵگەکان دروستکراون و ئەمە دژی سیستمی فاشیزم جێنگاوین. هەر کاتێک گومان لەو دەنگە بوو نابێت سەرمان بسوورمێت، چونکە چاوەڕوانی چی دەکرێت لەمرۆڤگەلێکی فاشی کە ڕۆژگارێک ئەدەب و هونەری وەک ئەرگانێکی فاشیزمی ڕەمزیی بینیووە و کاری تیا کردووە بە خزمەتی فاشیزم، ئەو کاتەی روانینەکانمان گشتگیر دەبنەوە، هەکارەکەی ئەوێیە ئەمە قسە لە تاکە مرۆڤێک ناکەین، بەڵکو لەکەی ئەخلاقی گروپێکی فاشی دەکەین، بەڵام کاتی خوێندنەوە، گەر خۆیاڵت بە کەسێکی دەست نیشانکراو ڕەیشت، تە لەکردەی خوێندنەوەدا هەڵت نەکردووە، بە خت ئەو مرۆڤت دەزیوەتەوە، کە لەوانیە هەمان کات دەستکت خۆیاڵی بە یەکێکی تر بەوات، چونکە ئەو جۆرە مرۆڤانە هەمیشە دیانەوێت فریوومان بدەن، ئەوان خوازیاری ئەوەن لەگەڵ سەردەمە نوێیەکاندا حیکایەتکمان بە بگێڕنەوە کە ئەوان بەشێک نەبوون لەناو ئەو سیستمە، بەڵکو بەدژی ئەو سیستمە کاریان کردووە، درەکردن وەک جۆرێک لە حیکایەتی ئەوانی لەهاتووە، ئەو هەستی لەناو زماندا بوونی هەیە ناتوانێت لەخۆیاڵی ناو تێکستدا ئەو بوونی خۆی لەناو ئەدەبدا بنووسێتەوە کە چۆن خوازیاری ئەوێیە سیماکانی کارەکتەری خۆی بگۆڕێت، بۆیە وەک نوسینی بیۆگرافی یادداشتی ژیانی خۆی دەکات، بەوەی فاشیزم بەدوایەوە بووە، بەڵام ئەو کێشە نداوەو هەمیشە لەگەڵی نووسین و کاری هونەری دژی فاشیزم بووە، بەڵام هەر بەڕاست درێژک لەشوێنی خۆیاڵ دەنووسرێتەوە، ئاخۆ ماوە زەمەنیەکی تا چەندە درێژ دەبێتەوە؟ ئاخۆ ڕۆژگارێکی تر نایەتە بوون کە درە وخۆیاڵ لێیکتر جیا بکرێنەوە، ئاخۆ حیکایەتکانی فاشیزم، دەتوانێت هەمیشە بەناو شادەمارەکانی ژیانی ئەمەدا بچێتە خوارەوە؟ کاتێک بیر لەو پرسیارانە دەکەمەوە، دەبینم کە چۆن مناڵە ساویلکەکان،

نەوەیەک کە لەماناکانی فاشیزم تێنەگەیشتووە، چەن دەن بەوا بەو حیکایەتانە دەکەن و دەتوانن خەیان فریوو بدەن و بخەتڵن و ستایشیان بکەن، بەڵام ئەو دەخە پێویستە بە کەمئەزموونی نەوەیەکەوە، کە نە ئەم نەوەیە تا سەر بەوای پە دەکات، نە فاشیەکانی ناو سیستمی فاشیزم دەتوانن بە هەمیشە لەڵی درەکردنەوە خەیان لە فاشیزم پاک بکەنەوە، مرۆڤ بە ئەوەی خەی لە فاشیزم پاک بکاتەوە، پێویستی بەوە نیە درە بکات، درەژە بەفریودانی ئەوانیتر بکات، ئەوان بەر لەئەمە دەزانن پاکبونەوەیەک بوونی نیە، بەڵام دەتوانن درە نەکەن، کە ئەوان بەشەک بوونە لەناو ئەو سیستمە، نەک بەرهەڵستکاری سیستم بوونە، چونکە دەردەکەوێت بەدوای ووخانی فاشیزمیش ئەوان هەشتا درەژە بە فاشی بونی خەیان دەدەن، هەندە بە چاووەون دەتوانن هەڵەش بکەن بەوەی ئەوان لەتوانایاندایە بمانخەنە بەردەم دادگا کە چەن سوکایەتی بەو شەهیدگەرانە دەکرێت، گرفتەکە ئەوەیە فاشیەکان هەشتا نەیانزانیوە سیستمە فاشیەکەیان کەتایی هاتووە، بەیە هەموو گەڵانکاریەکیش هەر بەدرەژ بوونەوە بە سیستمە فاشیەکەیان دەگەڵنەنەوە، بەڵام، بە موتوربەکردنی ڕاحەی شەهیدگەریەتی بەوەی کارەکتەرەکی درەیانەیان بەخەیان بەخشیووە کە مەژووی ئەوان مەژووی دژایەتی فاشیزم بووە، لەکاتەکدا بە کەوتنی دەمامکەکانیان دەردەکەوێت ئەمە لەبەردەم چ فاشیزمەکی هەمەزی ترسناکدابووینە کە تا ئەمەش دەیانەوێت وەک پاڵەوان و شەهیدگەر بیاناسین، پاڵەوانی کولتوریی لەسەردەمی فاشیزمدا ترسناکترین مەدیلی پاڵەوانە، چونکە هەموو کارەکانی بەدژایەتی کولتور وەک وەناکردنەوە و دامەزراندنەوەی کولتور ناو دەبات، ئەمە چونکە یادەوەریمان کورتە ناتوانین ئەو کارەکتەرانەی سەردەمی فاشیزم وەک خەیان بناسین، لەکاتەکدا پێویستیەکی زەرمان بەوەیە بە لەدایکبونی ئەدەبەک کە سیمای ڕاستەقینەی پاڵەوانی کولتوریی سەردەمی فاشیزم بخاتە ڕوو، هەر نەبێت چیتر ڕوویان نەبێت لەئەستادا خەیان وەک دژە فاشیزم وەنا بکەن.

- **باستان لەئارتە کرد، ئایا ئارتە و کتێبەکەی لەئەستادا وەک ئینجیلی شانەکاران لەخەرئاوا سەیر ناکرێت؟**
  - ئەو دەستەواژەیە کوردیەی، ئارتە شاعیرەکی دادایی گرنگ بوو، وەسفی شیعریی بە شانۆی نووسی، بەڵام ئەوەی ئەو نووسی تیەر نەبوو، ستایشی شیعریی بوو بە شانۆ، ڕۆژگارەکی زەر ئەمە فریوومان خوارد بەدەست سەرچاوە

عەرەبیەکان و هەندێک شانەکاری کوردەوە، کە ئەویان وەک نمونەی باڵا وەزگارکاری شانە ناو دەبرد، تەگەر کە بەرهەمی ئارتە نەخوێنیتەوە، ناتوانیت ئەو هەموو فرمانە دەربکەیت، کاتێک باس لەکتێبێکی ئارتە دەکەن، دەزانم مەبەستان لەکتێبی «شانە و هاوشانەیە» وەک ئەوەی ئەو تەنیا ئەو کتێبەی نووسی بێت، من لەرەدا هەول دەدەم کەمێک لەبارەیەوە بووستم بگەڕێنەوە بۆ کتێبی کە بەرهەمی بەزمانی فەرەنسی، کە سالی ٢٠٠٤ دەزگای گالیمار لە پاریس بۆ قەبارەی ١٧٨٨ لاپەرە چاپکردووە، کە کەی نووسینی ئارتە و هەموو ئەو نووسینانەی لەبارەیەوە نووسراوە، سەرباری گەرینەوەی نامەکانی، رەنگە لەروویەری ئەو گفتوگۆیە نەتوانین باس لەکەبەرهەمەکەی ئەو بکەین، بەڵام دەتوانین پانەراماییکی خێرا بکارەکانی ببەخشین، ئارتە وەک لەنامەکانی بۆ شاعیری فەرەنسی ژاک پریڤەر دەردەکەوێت، ئەو سەرەتا وەک شاعیرێکی سوریالیستی دەردەکەوێت، دیدی رووونی ئەو لەناو نامەکانیدا و دواتریش لەناو تێکستە شیعریەکانیدا وێنەی مرۆڤێکی یاخی و بیمار نیشان دەدات، ئەو وێنەیە پەیوەندی ئارتەیە بۆ زمانەوە، بەیە بۆ شانەش خۆنی بۆ شانەیێکی جیاواز دەبینی، شانەیێک بەدوای گێشتەکانی بەوای وابوو پێویستە شانە بگەڕێتەوە بۆ خەرهەڵات، چونکە سەرچاوە سەرەکیەکە لەوێدایە، لەشانەیەکدا زمانی جێستە تیایدا بالا دەست بێت، سەیر ئەوەیە ئەو داوا دەکات شانەی خەرئاوایی بگەڕێتەوە بۆ خەرهەڵات، بەڵام تەی خەرهەڵاتی تازەگەری لەشاندا بۆ شانەی خەرئاوایی دەزانیت و خۆن بۆ شانەی خەرئاوایی دەبینیت، ئەوە دوو فاقیەکە لەگەڵ تێگەیشتنی کوردیی بۆ خودی ئارتە خۆی، ئارتە وێنەیەکی شیزۆفرینیای زمانە، ناتوانێت وێنای زمانە نەستیەکەی بکات و لەناو هەستەکانی وەک مرۆڤێکی خەرئاوایی دەمێنێتەوە، لەکەی دەقە شانەییەکانی دەینووسێت، بە دەگمەن دیمەنەکان لەناو دیالۆگدا نەماون، با زۆر ڕوونتر بدوێم، ئەو شانەنامانەی دەینوسێت دیالۆگ پێکی دێنێت، ئیدی زمانی جێستە لەکۆدایە، مەگەر لەچەند کورتە دیمەنێکدا ویستبی بانتەمایم بنووسێتەوە، دەنا فەرموو سەیری هەموو ئەو کورتە شانەنامەی بکە تا بزانیت، ئەوەی

شانۆی ئارتە بنیات دانەت جەستە نیە.. بەلکو دیالۆگە، دەتوانین بگەڕێنەوە بۆ شانۆنامەکانی ئارتە خۆی وەکو «سامورای یان درامای هەستەکان» بۆچی ناتوانەت ئەوانە لەسەی جەستەوە بنیات بنەت و دیالۆگ بۆ کارەکتەر دانووسەت؟ بەڵام شانۆکاری کوردو عەرەب کە باس لە ئارتە بکەن دەبەت بجوڵنەوە و دیالۆگ بوونی نەبەت، لەبەردا بۆ شانۆکاران نا کە کتێبە شانۆییەکان هەر ئەوانەن کە ئەوان فێری بوون، بەڵام بۆ ئەوانەی کە خولیای فەلسەفەن، هەنگە پرسیارەکە ئەوەبەت: بۆچی فەلسەفەی فەرەنسی لەکەتایی سەدەی بیستەمدا هەوەستەی کرد لەسەر دیدی ئارتە بۆ شانۆ؟ ئەو پرسیارە ڕەژگارێکی زەر بۆخۆیەوە خەریکی کردووم، تەنانەت لەهەردوو کتێبەکەمدا «پلەی سفری شانۆ» و «فەلسەفەی شانۆ.. شانۆی فەلسەفی» لەسەری وەستاوم و توژینەوەم لەبارەی کردووە، بەڵام لەئێستادا گەیشتووم بۆ دەرەنجامەی گرنگی ئارتە لەلای دەردەداو فەکە و کریستیفا وابەستەی ئەو دیدە هەمزیەی زمانە بۆ شانۆ، ئارتە پێشنیاری زمانێک دەکات کە لە ئەفسوون دەچەت، وەسفێکی شیعری بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەو ستایشی شیعریە بۆ شانۆ نە خۆی و نە ئەوانی دوای ئەویش ناتوانن بەرجەستەی بکەن، چونکە لەناو شیعردا دەمێنەتەوە، ئەو مرۆڤێکی بیمار بوو، بیمار بەدوور لەمانا سایکۆلۆژیەکەی، بەڵکو بیماری کولتوری بوو، بەڵام خاێیش نەبوو لەمانا دەروونیەکەی، بەتایبەت لەو نامانەی کە هەرگیز کەسانی وەک بیکاسۆ وەڵامیان نەدایەوە، بۆیە ئەوەش وا دەکات توندوتیژیەک ببەت بۆ زمانەی ئارتە لەناو شانۆنامەکانی لەرووی کرداری کارەکتەرەوە، هەروەها لەو نمایشانەی دەیانخاتە سەر شانۆ، بۆیە هیچ دەستەواژەیەک لەو دەرە عەرەبی وکوردیە پەکەنیناویتر نیە کاتێک دەووترەت «شانۆی ئارتە مەبەستی توندو تیژیی جەستەیی نەبوو» لەبەردا هەوبەرووی پرسیارێک دەبینەوە بۆ تێگەیشتن لەئارتە، بگەڕێنەوە ناو شانۆنامە و نامەکان و وتار و بەیاننامەکانی ئارتە ؟ یاخود بچینەوە سەر کتێبە عەرەبیەکانی نوسەرانی وەک سەمیر سەرحان و سەعد ئەردەش؟ چونکە لەبەردا هەوبەرووی دوو دنیای تەواو جیاواز دەبینەوە، روانینە شیعریەکانی ئارتە وەک تیەر

دەبینرێت، نە خۆی و نە دوای خۆی لەشانیدا دەرناکەوێت، ئەگەر ئەو ئەفسوونەک لەخودی شانی خەرهەساتی دەبینێت، ئەو ئەفسوونە چیە شانی خەرهەساتی خۆی دەداتەوە دەست خەرئاوا؟ ئەو پەویستیە کولتوریە بە خەرئاوا وەک ئارتە دەلێت ووشە خنکاندنی، ئەی تەی خەرهەلاتی بە دەبێت شاگەشکە بیت بە شانی خەرئاوایی؟ سەرچاوە تیەریکان چین؟ ئایا هەندە بەس کتێبی شانو هاوشانە بە عەرەبی بخوێنیتەوە گروپی بە دروست بکەیت و بێیت دوو کتێبی لەبارەوە بنووسیت؟ ئەو وەرگێرانە عەرەبیە بەشێوەیەکە ئەوانەی زەر لەئەمە باشتر ئەو زمانە دەزانن، با ئەوان بێن قسە بکەن کە ئاخۆ ئەو کتێبە وەرگێرانە عەرەبیەکەی هەندە ووتە تا تەی بگەیت؟ هەبەت من لەرەی خوێندنی قورئان لە مزگەوتەوە فەری زمانی عەرەبی بووم، بەیە بەلاتەوە سەیر نەبێت هەرگیز لەوەرگێرانە عەرەبیەکەی کتێبەکەی ئارتە تە نەگەیشتم، تا بەم دواییە بەفەرەنسی خوێندمەوە، پەشتریش بە پەلەندی خوێندبووم، گرفتەکان کەسی نین هیچ رەگەک بوونی نیە، ئەوەی لەپشت راستیەوەیە تەنیا رەشنایی خستنە سەر هەڵەکانی رابردووە، راستکردنەوەی خۆشکە کە ئەمە کۆرانە بیستمان و بەرجەستەمان کردو ئەزموونگەریی ئارتە لەمان بوو بە ئەفسانەی شانی بالا.

ڕاڤەیتر3: من خەمم.. ئازاد حەمە

3

خەبوون وەرچەرخانی چاوەڕوانەکراو دروستدەکات

لەساتەوەختی ئیستادا و لە کەمەگە هاوچەرخەکاندا خەبوون(بوون بە

خ)کەوتووەتە ناو قەیرانێکی بوونناوینی دژوارەوە. ئاوا گوتنێک، بە واتای زەبوونکردن و بێهێزکردنی من، خودی خەبوون، نایەت، بەڵکو ئەوەی واتای خەبوون تەقڵایەکە بە بینینی من(خەبوون) لە زیاد لە گەشەیکەوە و، وەکیتر، ئاوەدانەوەش لە گوزارەی "من تە نییم"، دروستکەری تێگەیشتنە لەسەر خەبەدیهێنان و پێنجەخستنەسەر گرنگیی منایەتی گشت منێک.

گومانمان لەوە نییە، هەوانگۆڕینی سەبارەت بە منی گشت منێک، یان چەنیەتی دروستبوونی پرسەی خەبوون ئاسان نییە، بەڵام پشتویستمان بەوەیە، ئەوەش بزانیین،کە (منبوون) و (تەبوون) دوو جۆرن لە منایەتی؛ دوو جۆرن لە خەبوون. ئەبەتە، هیچ خەبوونێک بوونی نییە تا منێک ئەم خەبوونە لەخۆیدا بەرجەستەنەکات. لەڕەدا ئەوەش هەر جێگای باسە،کە (من خەم نابم) تا منێک بوونی نەبێت. سەرباریئەوە، (من خەمنابم) تا لە ووردەکارییەکانی فەرکاریی هۆشتییەکان حاڵینەبم، کە ئەوانەش""ئەرکەکانمن بەرامبەر بە خودی خەم، بەرامبەر بە ئەویتر، بەرامبەر بە خودا"".

تەماشاکردنە کۆن و بە پێگە هزرییەکان (خەبوون) وەک بابەتێکی چەوپای فەلسەفیی مامۆناکەن. لەبەرئەوە گەشەنیگا لەسەر خەبوون، ئەوەی، کە من خەمم و ئەویتر نییم، یان تەنییم، زۆرە، لە پوخت و پاراوترین گەشەنیگا لەوبارانەوە هەردەم فەلسەفییەکانە. (خەبوون)،کە بابەتێکی قووڵی فەلسەفییە،ئەوەمان پێدەڵێت، کە دامان، بەبێ بیرکردنەوە، لەبەردەم (من)؛ مەبەست منی مرۆڤ، نامانگەیەنێتە هیچ کوێ. بەیە، بەئەوەی منێک هەبێت پشتویستمان بە گومانە.

ئاناوی (من)بە هەرکەسێک گوزارشتە لەوەی بیرکردنەوە لە(من)بیرکردنەوەیە لە کەسێک کە هەیە؛ ئەو بیرکردنەوەیە ئەو منە دەباتەناو دڵی خەبوونەوە. واتە تا(من) بە خودیخۆ نەبێتە جێبەجێبەس هەرگیز گومان و ئاڕاستەکیین لە منی کەسەکاندا سەرناگرێت. چونکە(بەخەبوون) بوونە بە کەس، کەس وەک منێک، وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ. لە هەمانکاتدا، قسەی مرۆڤکان لەسەر منی خۆیان مژدەیە لەسەر دروستبوونی ناسنامەی کەسیی. لە منێکی شکستخواردوو هەردەم منێکی بە من و بە ناسنامەیە. منی وا لەوەش حاڵی نییە، کە نییە.

سەراپای بابەتی(خەبوون)ەنیشتنە لەسەر چەن منی خەمان بدزینەوە؛ چەن وابکەین بوونی خەمان بەهەدەر ندەین. لەو سەنگەشەوە ئەوەش دەبینین، کە(من خەمم) واتە (منی من)لەناو خەمدا ناسنامەی خۆی هەیە.

لەسەر بناغەی ئەوەی لای سەرەوە گووترا دەپرسین:باشە منی مرۆڤ تراویلکەیە(سەرابە)؟پێکەنیکردن (پێداگرییکردن)لەسەر من پاساردە

بە نزیکبوونەوە لە خود؟ بەگومان قسەکردن لەسەر (من)، یان گشت منەک، ناسنامە و هەبوونەکی خۆی هەیە و پرسەکی گرنگیی فەلسەفیشە.
زەرجار پەویستمان بەویە دەرگیریی(گرفتاریی)خودی خەمانبین.کە ئەمە ڕووبدا، کەواتە ئەمە منی خەمان دەزیوەتەوە. دەزینەوەی (من) وەکیتر دەزینەوەی خودی خۆیە. لەڕدا سەمەرە ئەویە، کە(من) ئامادە نەبێت دەرفەت بە هەبوونی ئەم منە برەخسێنێت. جاری وایە ئەوەندەی منەکان منی خۆیان پەراوێزدەکەن ئەویتر ئەوەناکات.
ئەو دەمەی (من خەمنییم) ئیتر منەکی تر لە دەرەوەی منی خەم بوونی نییە، کە دروستکەری ناسنامەی بوونی من بێت. زەرجاریش فشارە کەمەایەتییەکان مرۆڤەکان لە خەبوون دەخات. بەیە ڕەچوونە نەو باسی(من خەمم)دیوی دووەمی خەبوون و خەناسییە. خەناسیی و مەناسیی بەرەو ئەو شوێنەمان دەبات پێیدەڵێن سروشتی مرۆڤ.
سەرباریئەوە، خەبوون واتە بوون بە خۆ(خودی خەناسیی). کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی خۆیبێت، پتر لە ڕابردوو،یان زەرتر لەو کاتانەی خودیخۆی لا مەبەست نەبووە لە خودی خۆی نزیکدەبێتەوە. بەم جۆرە بێت خەبوون وا لە منی هەر یەکەکمان دەکات ببینە هاوڕێی خەمان.
بە بیریارێکی وەک نیتچە چەمکی (بوونبەخۆ) واتە بوون بەو کەسەی کە هەیت. گەر خەبوون، یان منایەتی منەک لەسەر ئەم ئایدیایە کاربکات کەواتە کەسی ناوبراو پەویستە بەپێچەوانەی ڕەسا کەمەایەتیەکان، یان نەرێتە باوەکان و ئاکاری سەپێنراو ڕەفتاربکات. خەبوون بە بەختەوەریەیش مانادارە. ئەوەتا ئێپکتیتەس Epictetus،بیریاری دیاری ڕەمانیەکان پەوابوو""سەرچاوەی بەختەوەری لەناوخۆی مرۆڤدایە نەک لە شتە دەرەکیەکان"".
(خەبوون)گەڕانەوەیە بە خودی خۆت. ئەمەش وادەکات منی خۆت ببینیت؛ جیاشیکەیتەوە لە منی ئەویتر. کاتێک خۆتدەبیت، خۆتت لا پەسەند دەبێت. ئەوەش هەر شایانی باسە، کە(خۆت بە)، ڕەهگوێشاڵی خەبوونە. ئەمە ئافراندنە، هیواشە لەبەردەم مندا تا هەبێت. هاوکات منبوون کەسێکی کەستی تەروتەسەڵە. ئەمە بەو واتایەش دێت، کە (خۆت بە) دەکارێت ببێتە کارکردەی زەرەک دیوی ئەرێنی لە مندا.
ئەوەش با بگووترێت، کە چەند ئێستامان هاوکارمانە خەمانبیین؟ژیانی تازەی مرۆڤەکان لەزەر ڕووەوە لەبار نییە بە بوونە خەمان. ئەم ژیانە تازەیە دابەاوماندەکات لە ڕاستیی بوونی خەمان. ئێستامان جۆرێکی تر لە نامەبوون بەرهەمدێنێت، کە بەبەراوورد بە ژیانی پێشوو تایبەتمەندی خۆی هەیە.
لە کۆتاییدا هەما بە ئەو لایەنەش دەکەین، کە مخابن منەکانی کەمەگەی ئەمە گرفتخوەقەن و لەوەڕن لە بێئاگایی لە خودی خۆیان. منی کەمەگەی ئەمە منەکی پێزارە و پەرتە؛ منەک هەردەم کەچەر و

ڕوونـدە. دەمـکە ئـەم جـۆرە منـە لـە نیگایـدا حەسـرەت و گـەڕکـی تیاپـنهانە. دەتوانین بـڵین منی ئـەمـە لـە هـنووکـەدا یـەکانگیر و تـەکمـە نیـیـە و بـەدگومـانـەکانـش لـە بـوونی خـۆی دەڕوانـێـت. بـەهـەڵکـەوت نـەبـەت، منـەکـانی ئـەمـە سـەرقالـی خـودی خـۆی نـابـێت. لـەو سـیروسـەمـەرتر، منی ئـەمـە بـە ئـاوێـترەوە گرتوویـەتی. واتـە، بـە منی نـاوبراو(من)ی خـۆی جـێبـاس نیـیـە؛ ئـەوە منـی ئـەوی دیکـەیـە کـە چاوێلکـەکـەی لـەسـەرە. بـەیـە(منی ئـەمـەی کورد) لـە هـەمـبـەر خودی خـۆیدا زەر کرچوکـاڵ و بـێشـە.

ئازاد حـەمـە
پـرۆفیسـەر لـە فـەلسـەفـە لـە زانکـۆی سلـێمانی

دەسـەڵات و دەوڵـەت و چیـن: دووبـارەی سـەرکـی خـەبـاتی ئـەنارکیـیـەکانـە.. زاهیر باهیر

ئـەمـەی ئـەنارکسـتی کوردزمـان زەر جـار لـەگـەڵ مارکسیسـتـەکاندا بـەرکـەوتنمان دەبـێت. ئـەوان ئـەنارکستـەکان تـەمـەتبار دەکـەن کـە کـێشـەی سـەرکـی ئـەم سیسـتـەمـە بـە پرسـی سـەرکـی دەوڵـەتـەوە دەبـەسـتنـەوە و بـایاخیان بـە پرسی ئـابووری و ململانـێی چینـایـەتی نیـیـە.
ئـەم تـەمـەتـە کـە ئـەمـە هـووبـەرووی دەبـینـەوە نـوە نیـیـە. ئـەنارکسـتـەکان هـەر لـە کـۆنـەوە لـە لایـەن زەرەك لـە مارکسیستـەکانـەوە ئـەم تـەمـەتـیان دراوەتـە پـاڵ. بـە گومان ئـەمـش تاکـە تـەمـەتـەك نـەبووە بـەڵکو تـەمـەتی باوەڕنـەبوون بـە ڕەکخستن و گـەڕشـۆنی و گرتنـەبـەری توندوو تیژی و زەر تـەمـەتی دیکـە کـە هیچ کام لـەم تـەمـەتانـە دروست نین و تا ئـێستاش بـە بـەردەوامـی ماونـەتـەوە.
بـە ئـەوەی بچمـە نـاو باسـەکـەوە پـێویسـتمان بـەوەیـە کـە بـنـەماکـانی ئـەنارکیزم و مارکسیزم لـەم بـارەوە بپشکنین، ئـەو کاتـش لـە وەڵـامی پرسیارەکاند یاخود ئـەرگومـێنـتـەکاندا بـە قووڵبوونـەوە لـەو مـسـەلـەیـە دەکرێت تـەواوی بـنـەمای هـەردوو بیـرکـەکـە بکـەوێتـە ڕوو، ئـیدی خـوێنـەر خـۆی دەتوانـێت حوکم بدات و ڕەنگـە پرسیارگـەلـێکی زەریشی لا دروست

بەت.
مارکسیستەکان باوەڕیان بە بوونی دەوڵەت هەیە بە پاساوی بوونی چینەکان، ئەم پاساوەش بەوای ئەویان پێدەدات کە ناتوانرێت پێش هەڵوەشاندنەوەی کەمەگەی چینایەتی دەوڵەت هەبوەشێنرێتەوە. بەڵام بنەماکانی ئانارکیزم پێداگری بە تەنها لەسەر پرسی دژایەتی دەسەڵات و دەوڵەت و ناوەندگرایی و ڕەکخستنی هیرراشی ناکات، بەڵکو پرسی ئابووریی و ململانێی چینایەتی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کەمایەتیش لە خێ دەگرێت.

بەڵای من دەبێت قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە زۆر بە وردی و بە بەگەوە بێت تاکو غەدرێك و بەکەمگرتنێك لە ئانارکیزم و بنەماکانی و بزوتنەوەی ئانارکستی، نەکرێت.
ئاشکرایە مارکسیستەکان بە گشتی پێداگریی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن کرێکارانەوە دەکەن و بوونی دەوڵەتی کرێکاریی یاخود "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا" بە شێوەیەکی کاتیی بە ئەوان زۆرووڕە. لای ئەوان بوونی ئەو دەوڵەتە ڕێگایەکە یا ئامرازێکە بە تێپەڕکردنی قۆناخی سۆشیالیزم بڕەو کۆمۆنیزم . واتە دامانی سەرمایەداری و لابەلاکردنەوەی جیاوازی چینایەتی، بە تێپەڕینی ئەم قۆناخە ووەدات کە وردە وردە دەوڵەت لەبەرچاو وندەبێت و کەمەگە پێدەنێتە قۆناخی کۆمۆنیزمەوە.
پێداگرتنی ئانارکستەکان لە دژایەتی دەوڵەت و دەسەڵاتدا ڕاستییەکی نکۆی لێنەکراوە. ئەمەش هەکاری بوونی بیانووە لای مارکسیستەکان تاکو ئەو تەمەتە بخەنە پاڵ ئانارکستەکان، گوایە ئانارکستەکان ئایدیالستین نەك واقیعیی. ئەوان هەموو تەکەشانی ئانارکستەکان لە چوراچۆوەی دژە دەسەڵات و دژ بە دەوڵەتدا دەبینن، نەك ململانێی چینایەتی و تەواوی پرنسیپەکانی دیکەی ئانارکیزم کە بزوتنەوەی ئانارکستی بە درێژایی مێژوی، خەباتی بە کردووە.
خاڵکی گرنگی تێوانینی مارکسیستەکان بە کەشێی چیانیەتی و کاتەك باس لەم ململانێیەش دەکەن قسەی ئەوان لەسەر بە تەنها ململانێی نەوانی کرێکاران و سەرمایەدارانە، یاخود کار و سەرمایە و ئەمەش زەرجار لە بازنەی کرێکارانی پیشەسازیدا بەندکراوە. هاوکاتیش بناخەی هەموو ووداوەکانی مێژووش بە ئەو ململانێە دەگێنەوە. تەنانەت مێژوی ململانێی بەشەریەت بە پلەی یەکەم بە مێژوی کەشێی نەوانی چینەکان دەگێنەوە، پرسی هیرراشی/ پلەبەندی کە بەردی بناخەی دروستبوونی چینەکانە فەرامەش دەکەن وەکو ئەوەی مێژووی ململانێ لە مێژوی چینەکانەوە دەستی پێکردبێت. لای ئەوان بەلابەلاکردنەوەی پرسە چیانیەتیەکە، پرسی هیرراشی/ پلەبەندیش

میکانیکیانە، ئۆتۆماتیکی نامێنێت و حەل دەبێت .

ئەو تێڕوانینەی ئەوان، نکۆلی کردنە لەو راستییە کە مەژوی ململانێی نێوان کۆمەڵگاکان هەمو وەخت لە نێوانی چەوساوان و چەوسێنەراندا نەبووە، بەڵکو مەژوی بەیەکادان و شۆڕشی گەورەکان زیاتر لە نێوانی خودی چەوسێنەران و دەسەڵاتداران ودەوڵەتکاندا بووە. هەموو جەنگکانیش جەنگی دەسەڵات بوون نەك جەنگی چینایەتی، کۆشکانی نێو کۆمەڵگە، کۆشی چینایەتییەکان وەکو تاکتیکێك بۆ ستراتیجییەتی بەدەستهێنانی جەری جیاوازی دەسەڵات بۆکارهێناوە وەکو دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی … تد. بۆ واتایەکی دیکە مەژوی ململانێیکان هەر بۆ تەنها لە نێوانی کار و سەرمایەدا نەبووە، بەڵکو لە نێوانی خودی زاڵمان و دەسەڵاتداران و تیرۆ و هەژ و دەوڵەتاندا بووە. ئەم جەنگانەش بۆ هەزاران ساڵ پێش سەرهەڵدانی چینی کرێکاری پیشەسازی یاخود کرێکارانی هەندێك بەشی تر بوونیان هەبووە .
وەکو پێشتر وتم، مارکسیستەکان لە تەمەتەکانیاندا کە دەیدەنە پاڵ ئۆنارکستەکان نە کاتی خۆی بەگژیەکیان هەبووە و نە ئێستاش. زۆربەی ئاراستە یا نەریتە ئۆناکستەکان نەك هەر بۆ قووڵی قسەیان لەسەر خەبات و ململانێی چینایەتی کردووە، بەڵکو زۆر چالاکانەش بەشداریان کردووە وەکو ئۆنارکۆ-سەندیکالیزم، ئۆنارکیزمی کۆمەگرایی، ئۆنارکیست کۆمۆنیست. لەمەش زیاتر خودی بیرمەندانی ئۆنارکستی وەك باکۆنین، کرۆپتیکن، مالاتێستا، گەدمان و بەرکمان بەو پەڕی توانا و هێزی خەیانەوە پشتیوانی بزوتنەوەی کرێکارانیان کردووە.
ئۆنارکستەکان لە وەڵامی مارکسیستەکاندا سەبارەت بە دەسەڵات و دەوڵەت و دەوڵەتی کاتیی وتویانە و دەڵین ئەوەی لای ئەوان ناوی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی لێناوەڕاچێت، بەڵکو چینێکی نوێی حوکمڕانان دروست دەکاتەوە. دروستی ئەم قسەیش بۆ عەمەلی و فیعلی لە دەوڵەتی بەلشەفی و هەموو دەوڵەتە کۆمۆنیست و بۆناو سۆشیالیستەکاندا سەلمێنرا، هەر ئاواش سەبارەت بە خولقاندنی چینێك یا تۆژاڵێکی نوێی دەوڵەتداران و لە پرسی ناوەندگرایی و تەشکانی بزوتنەوەی کرێکارانیشەوە ئەوە سەلمێنرا. مەژوو سەلماندی کە دەوڵەتە سۆسیالیستییە ناوەندگرایییەکان بوونەتە دەسەڵاتی بیرۆکراسی تاکڕەو لەبری دروستکەری کۆمەگێك کە کرێکاران تێیدا ئازاد بن.
ئۆنارکیستەکان پێیان وایە خودی پلەبەندیی خۆی مەترسیدارە و دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی زاڵبوو بەرهەم دەهێنێتەوە. ڕزگاریی

دەبێت لە ڕۆگەی ڕێکخراوە جەماوەرییە ئاسۆیەکان و فیدراسیۆن و سەندیکا شۆڕشگێڕ و کۆمووندە دیموکراسییە ڕاستوخۆکانەوە ووبدات نەك لە ڕۆگەی "دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی کاتییەوە."
لێرەدا دوو خاڵی گرنگ هەیە :

یەك: ئەنارکستەکان دەزانن کە هیچ جۆرە گریمانەك نییە بۆ بوونی ئازادی تاك و کۆمۆنیتیەکان و کۆمەڵگەکان و یەکسانی ئابووری و دادوەری کۆمەڵایەتی لە هیچ قۆناخ و لە نێو هیچ جۆرە کۆمەڵێکدا ئەوەندەی دەسکەوت هەبێت ئیتر شێوەی دەسکەوتەکان و ناوەڕۆکەکەی هەرچی بێت. مژۆو بۆ سەدان ڕۆگەی لێم بارەوە نیشان داوە. کاتێ بوونی دەسکەوت ئەو پایەیە کە تەواوی نەبوونی ئازادیی و مەحرومیی نایەکسانی ئابووری و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و زوڵم و زۆر لەسەری ڕاوەستاوە. لە بارەکی ئاوادا هەتا پایە سەرەکییەکە نەوەخت ئەوانی دیکە هەرەس ناهێنن .

دوو: ئەو گەڕانکاریانەی کە دەکرێت و دەبێت بکرێن وەکو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، جەماوەریی، دەبێت ڕۆگووێشێیی بێت لێم بارەدا دەبێت لە بنەوە و لە نێوەندی هەموو توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکان دەستی بە بەرپەت نەك لە سەرەوە. ئێم بابەتەش لای ئەنارکستەکان ووونە و دەزانن چۆن مامەڵەی دەکەن. هەرچی مارکسیستەکانە دیانەوێت ئەو پرسانەی کە لە سەرەوە ناوم هێنان لە ڕۆگەی دەوڵەتێی وەك دیکتاتۆرێتی یاخود دەوڵەتی کرێکاری و پڕۆلیتاریەوە چارەسەر بکەن. بە حسابی ئەوان کرێکاران لە دابینکردنی دەوڵەتدا دەبێتە خاوەنی ئیدارە، خاوەنی هێز و یاسا ئەو کاتە سەراپای کێشەکان حەلکردنیان زۆر ئاسانە.
مژوو نیشانی داوە لەوێتی دەسکەوتەکان دروست بووە کە دواتریش لە دەسکەوتی دەوڵەتدا خێی تێکەڵ کردووە تا ئێستاش هیچ کاتێك دەسکەوتێك، حکومەتێك نەبووە لە بری حەلکردنی کێشەکان زەقتر و تێختری نەکردبێتەوە، لە سای ئەو دەوڵەتدا هەمیشە خەڵکانێك هەبوون ئەگەر کۆمایەتیش بووبن لەو مافانە بە بێش و سەرکوت کراو بوون، زۆرمیان لێکراوە.
کاتێ بەرنامە و پلانی مارکسیستەکان و بنەماکانی مارکسیزم نەك هەر ناتوانێت پرسی ناکۆکی چینایەتی لابەلا بکاتەوە بەڵکو ئەو دەسکەوتانەشی کە دیگرێتە دەست بەرەو توندوتیژی و دیکتاتۆریەت دەبات، ئەم چ جای ئەوەی بەرەو پوکانەوەی بەرێت و بگاتە دوا منزڵ کە کۆمنیزمە.

دوو پرسیار لێرەدا لەبارەی شێوازی ئابووری و شێوازی دەسکەوت دێنە

پشتوە کە کامیان چەقی کشتی چینایەتین؟ ئایا دەستەبژێرانی دەست بە پلەی یەکەم دێت و لەوەوە کێشە ئابوورییەکە و ململانێی چینایەتی لابەلا دەبێتەوە یاخود لە هێگڵی نەهێنانی دەستەبژێرانی دەوڵەت لە شانی ململانێی چینایەتیەوە؟

بۆچوونی من ئەم دوو پرسیارە تەواکەری یەکدین، بە کێشتی چینایەتی نایەکسانی ئابووری هۆوناداتی. هەر ئاواش پرس و نایەکسانی ئابووریش لەسەر پایەی دەستەبژێرانی وەستاوە، ئەوە نایەکسانییە کە دەستەبژێرانی دروست کردووە ، ئەوەش دەستەبژێرانە کە نایەکسانی دروست کردوە و دیپارزێت و بەردەوامیی پێدەدات. زۆر بە جوانی لە وێنەیەکی هەرمیدا دەتوانین ئەمە ببینین. لەو وێنەیەدا دەتوانین بڵێین بنچینەی دەستەبژێرانی لە بنی هەرمەکەوەیە و ئابوری و پرسی ئابووری بە هەموو گرفتکانییەوە لە لوتکەی هەرمەکەدایە. ئا لەم بارەدا چەندەك لوتکەی هەرمەکە بشکێنرێت، مادام بنچینە و دیوار و پایەکانی هەرمەکە بە پەوەن هیچ درز و شکستێکی نەهێناوە ئەوە دواتر دەتوانرێت هەمان شتی لەسەر دروست بکرێتەوە بەڵام ڕەنگە لە شوێنێکی دیکەدا بکرێت، چونکە پرسی چینایەتی و کێشە ئابووریەکە هەر لەوێن و ئەوەی کە گەڕاوە جێی دەستەبژێرانکەیە بە دیکتاتۆریەت، دیمۆکراتیەت، لیبراڵ، نیو-لیبراڵ، دەستەبژێرانی دەوڵەتی کرێکاری، پرولیتاریی .
وەکو وتم ئەم دوو پرسە تەواوکەری یەکترین بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت نەك هەر لە یەکیان دابڕیت بەڵکو چارەسەریشیان بە یەك هەرگیز لابەلانابنەوە. ئەمش خەباتی دوولایەنەی بەسەر ئەنارکستەکاندا سەپاندووە، واتە خەباتی دژە دەستەبژێرانی دەوڵەت و خەباتی چینایەتی کە هەردووکیان لە شانی یەکدیدەوە دەژین بەڵام ئەوەش ڕاستییەکە هەتا دەستەبژێرانی هەبێت پرسی ئابووریەکەی وەکو خۆی بە کێشەیی دەمێنێتەوە .
ئەم دوو لایەنەی خەبات لای ئەنارکستەکان هەردوکیان چەقی کێشکانن. گەر کێشەی دەوڵەت و دەستەبژێرانی چارەسەر نەکرێت ئەوە کێشەی ئابووری وەکو خۆی دەمێنێتەوە کە کێشەی ئابووریش وەکو خۆی مایەوە ئەوە کێشەی چینایەتیش وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کە کێشەی چینایەتیش وەکو کێشە مایەوە، بە دڵنیاییەوە لەوەدا ناوەستێت و کێشکان گەورەتر دەبن و شەبەقی نەوانی چینەکان و کەڵێنەکان فراوانتر دەبن وەکو لەئێستادا بە باشی دەیانبینین.

دەستەبژێرانی دەوڵەت ئەو پایە گەورەیە کە سیستەمکەی لەسەر ڕاگیراوە، سیستەمکەش ئەو دامەزراوەیە کە لە هێگڵی دەوڵەتەوە

دەپارێزرێت و گۆشەدەکات و زیاتر ڕیشەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا دادەکوتێت. سەرمایەداری بە بوونی دەوڵەت نە هەزی هەیە و نە دەسەڵات، ئەوە دەوڵەتە کە ئەو هەزەی دەداتێ کە بەردەوام بەهێزتر بێت لە ڕێگەی یاسا و پۆلیس و سووپا و تەڵەی سیخوڕی و میدیا و دادگە و دامەزراوەکانی خوێندن و پەروەردەوە و پارێزگاری لێدەکات.
گەر دەوڵەت و هێز و یاساکانی نێبن هەرگیز هیچ کۆمپانیایەك، هیچ کارگە و دامەزراوەیەکی سەرمایەداری ناتوانێت لە بەرانبەر مانگرتن و دەستبەسەراگرتن لە لایەن کرێکاران و بەکارهێنەرانیەوە بە ماوەیەکی زۆر کورتیش دەوام بکات. ئەوە یاسا و هێز و هێزموون و کۆنترۆڵی دەوڵەت و دەسەڵاتە کە ڕێگە نادات گەندەڵکاری ڕووبدات، سنوور بۆ چالاکی و ئازادییەکان دابنێت و دژ بە یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەوستێتەوە .
لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێم گەر چی ئەنارکستەکان و مارکسیستەکان لەگەڵ چەمکی کۆمەڵگەی ناچیانیەتی، سۆشیالیستی یەکدەگرنەوە بەڵام چەقی جیاوازی و ناکۆکییەکانیان لە هەنگاوی یەکەم بۆ بەدیهێنانی ئەو کۆمەڵگەیە دروست دەبێت. لەڕەدا دەبینین جیاوازییەکی گەورەیان هەیە کە لای یەکەکیان کۆشکە بۆ بەردەوامی دەمێنێتەوە و گەورە دەبێت و لای ئەوی دیکەیان لە ڕیشەوە حەل دەبێت. لای مارکسیستەکان خەباتی چینایەتی پێویستی بە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت هەیە، لای ئەنارکستەکانیش دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت ستەمکی نوێ دروست دەکات و خیانەت لە شۆڕش دەکات.

زاهیر باهیر
حوزەیرانی 2026

تاوانبارە بەدنگەکان؛ کاتێک شاشەکان دەبنە چەکی تۆندوتیژی.. سارا ئازاد محمد

لە سەردەمی کلاسیکدا، تاوان دیاردەیەکی فیزیکی و ڕووبووەوەیەکی جەستەیی بوو، کە تێیدا تاوانبار بە سپاندنی

دەستاتی خۆی پێویستی بە ئامادەیی ماددی و هێزی بازوو هەبوو. بەڵام لە گواستنەوەی بارو سەردەمی مۆدێرنیتە و باڵادەستیی فەزای دیجیتاڵی، سروشتی تۆندوتیژی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە؛ مرۆڤی لادێر چیتر پێویستی بە ماسک و چەکی ماددی نییە، بەڵکو لە پشت ڕووناکی شاشەکانەوە، جۆرێکی نوێ لە مۆترسیی مۆدێرن بەرهەم دەهێنێت کە دەکرێت پێی بوترێت "تاوانی بێدەنگ".

شاشە بچووکەکانی بەردەستمان، لە ئامرازێکی پەیوەندییەوە کە بیار بوو جیهان لەگەڵ نزیک بکاتەوە، گۆڕاون بە چەکێکی کوشندە و ترسناک کاتێک دەکەوێنە دەست کەسانی لادێر. ئەم تەکنەلۆژیایە لە یەک کاتدا دوو ئارگیومێنتی دژبەیەک و لەگەڵدابڕاو دەبینێت؛ لە لایەکەوە دەبێتە قوڕغانێکی گریمانەیی بۆ شاردنەوەی ناسنامە و ڕوخساری ڕاستەقینەی تاوانبار، لە لایەکی تریشەوە دەبێتە سەکۆیەک بۆ ئاڕاستەکردنی تۆندوتیژیی دژەوونی. ئەم گۆڕانە وای کردووە کە تاوانبار بێدەنگی و بەبێ بینینی ئازاری ڕاستەقینەی قوربانییەکە، قورسترین زیانی دژەوونی، کەمایەتی و مرۆیی بە ژیانی ئەوانەی تر بگەیەنێت.

لە ناو جۆرگەی ئەم گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەدا، دیاردەی هەڵشکردن و شێواندنی ناسنامەی ئافرەتان وەک یەکێک لە قەزەونترین جۆرەکانی تۆندوتیژیی نوێ سەریهەڵداوە. تاوانبار بە هێزی بەرنامە پشکنووتووەکانی ژیریی دەستکرد، تەنیا لە ڕێگەی وێنەیەکی ئاسایی دەموچاوەوە، فۆرمێکی ساختەی ڕووت یان قیدیۆیی وا بەرهەم دەهێنێت کە جیاکردنەوەی لە ڕاستی ئەستەم. ئامانجی سەرەکیی ئەم کردەوەیە ناوزڕاندن و تێکشکاندنی پێگەی دژەوونی و کەمایەتیی ئافرەتە لە ناو فەزای خەزان و کاردا. تاوانبارانی ئەم سەردەمە بە چاکی لە دژەووناسیی کەمێگە و پێکهاتە کەلتووریەکان تێدەگەن؛ ئەوان دەزانن کە چەمکی "شەرەف" و "پێگەی کەمایەتی" چەندە هەستیارن، بۆیە ئەم بەرهەمە ساختانە وەک بارمتەیەک بۆ دەستکەوتی دارایی، شکاندنی کەرامەت و سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەکاردەهێنن.

مۆترسیی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە تەنیا لە خودی کردەوەی تاوانبارەکەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە کاردانەوەی پاشکۆتووانەی کەمێگەشدا ڕەنگدەداتەوە. کاتێک کەمێگە لە جیاتی سزادانی هەرشبەرەکە و گرتنبەری ڕێکاری یاسایی، پەنجەی لەمە ئاڕاستەی قوربانییەکە دەکات، بە نائاگایی (یان ئاگادارانە) دەبێتە هاوکاری سەرەکیی تاوانبارەکە. ئەم جۆرە لە ڕەفتار و مامەڵە بەرانبەر قوربانی، دەبێتە هێزی ئەوەی کە زەرەک لە ئافرەتان پەنا ببەنە بەر بێدەنگییەکی بکوژ؛ بێدەنگییەک کە نێک هەر کشکەک چارسەر ناکات،

بەکو دەبێتە گونجاوترین ژینگە بۆ گەشەکردن و بەردەوامیی تاوانەکە.
بە هووبووونەوەی ئەم تۆندوتیژییە سیستماتیکە، پێویستە یەکەم چەک کە "ترس و گەشەگیریی" لە دەستی تاوانبارەکە دابماڵرێت، چونکە هێزی تاوانباری پشت شاشە تەنیا لە بەدەنگیی قوربانییەکەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێک متمانەی خەزانی و هەشیاریی تەکنەلۆژی دەبنە پاڵپشت و قوربانی دنیا دەبێتەوە کە خەزانەکەی لە سروشتی تەکنەلۆژیا تەدەگەن، قەڵغانی ساختەی تاوانبارەکە دادەماڵێت. لێرەوە، هێڵی دامەزراوە فەرمییەکانی وەک "بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەڵگەنگاربووونەوەی تۆندوتیژی دژی ئافرەتان و خەزان" دێتە پێشەوە؛ ئەم دامەزراوانە پێویستە بە پێیەکردنی "نهێنیپارێزیی هێڵها" و دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ سکاڵا، متمانەی قوربانییەکان بەدەستبهێننەوە و یاسا وەک هووناکییەک بەسەر تاریکیی ئەم تاوانەدا بڕاو بکەنەوە.
پاراستنی فەزای دیجیتاڵی چیتر دابڕاو نییە لە پاراستنی ئاسایشی کەمەڵایەتی، بەکو بەشێکی بنەڕەتییە لێی. گەیەنی هوانگەی کەلتووری بەرامبەر بە قوربانیانی تاوانی ئەلیکترۆنی، هەشیارکردنەوەی خەزان و تۆندکردنی یاساکانی سزادانی دیجیتاڵی، تاکە ڕێگەن بۆ گەیەنی شاشەکان لە ئامرازی تۆندوتیژییەوە بۆ هەکاری پێشکەوتن. مرۆییبوونی ئەمە لە جیهانی هاوچەرخدا لەوەدا کورت دەبێتەوە کە نەهێنین هیچ مرۆڤێک لە پشت شاشەکانەوە ببێتە نەچیر و ڕێگا نەدەین بەدەنگی ببێتە چەترێک بۆ پاراستنی کەسە زاڵم و بۆ وێژدانەکان.

سارا ئازاد محمد
ماستەر لە کەمەناسی تاوان

چین بەگەنامەیەکی فەرمی و گشتگیر بۆ دەکاتەوە و

دەقەکەشی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی دەوڵەتی کۆماری گەلی چین، بەڵگەنامەیەکی فەرمی و گشتگیری (نیازنامە / ڕاپۆرتی سپی) لەژێر ناونیشانی "حوکمرانیی جیهانیی دادپەروەرانەتر و یەکسانتر؛ بنەماکان، پێشنیارەکان و هەنگاوەکانی چین (حوزەیرانی ٢٠٢٦)" باوکردەوە. ئەم بەڵگەنامە ستراتیژییە تیشك دەخاتە سەر دیدگای فەرمی پەکین بۆ چاکسازی لە سیستەمی نێودەوڵەتی و چەسپاندنی بنەماکانی فرەجەمسەری لە جیهاندا،هاوکات لەگەڵ باوبوونەوەی نەبوونەوەتیی ئەم بەڵگەنامەیەمدا، تەواوی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە فەرمییە لەلایەن "هێزە حەسەن"ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بۆ ئامانجی ئاشناکردنی خوێنەر و توێژەرانی کورد بە پێڕۆ و تەوانینە جیۆپۆلەتیکییەکانی چین لە ناوچەکە و جیهاندا. ناوەڕۆکی بەڵگەنامە فەرمییەکە چییە؟.

ئەم بەڵگەنامە گشتگیرە نەبوونەتییە لە سێ تەوەری سەرەکیدا کورت دەبێتەوە:

بنەماکان: تەوانینەکانی چین بۆ بنیاتنانی حوکمرانییەکی جیهانی کە لەسەر بنەمای دادپەروەری، هاوسەنگی و ڕێزگرتنی هاوبەش بێت.

پێشنیارەکان: پێشکەشکردنی دەستپێشخەریی کرداری بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووری و گۆشەپەدانییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

هەنگاوەکان: ئەو کارنامە، پێڕۆ و هەوڵە دیپلۆماسییانەی کە پەکین بۆ پاڵپشتیکردنی وڵاتانی گۆشەسێندوو و هەژمەکانی باشووری جیهانی - گرتوویەتیە بەر.

گرنگی وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامە فەرمییە بۆ زمانی کوردی لەوەدایە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی یەکەمین، ڕاستەوخۆ و باوەڕپێکراو بۆ ناوەندەکانی توێژینەوە، زانکۆکان و خوڵیایانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان. ئەم بەرهەمە یارمەتیدەر دەبێت تا خوێنەری کورد بۆ قووڵی لە داینامیکی نوێی هێزە جیهانییەکان و ڕێگەی ستراتیژیی پەکین لە داشتنەوەی داهاتووی حوکمرانیی جیهانیدا تێبگات.

نەرنەیی!.. ڕەسوا بەختیار

لەکورتە قیدیەکدا هەموومان بینیمان چۆن نەرینەیەکی تاییبان بەقامچی لە ئافرەتێک دەدا, بەو بیانووی بەئێنەیین وانەی بە قوتابییانی کچ گوتتەوە, دیمەنەکە ناخەژێنە, بەڵام لەکەمەگەی دواکەوتوو زۆر ئاسایی, ئەو جۆرە دیمەنانە هەمان دیمەنی دوعای کچە ئەزیدیەکە, کاتێک بەبلاک و شاق و پلاقە سزایان دەدا, تا گیانی دەرچوو, هەموو ئەمانە کیشە کەبووکانە,لەناکاوەکدا دەتقتەوە و سەدایەکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنە, وەنەبە هیچ چارەسەرێک بە ئەو جۆرە بابەتانە دەزرابێتەوە, زۆرێک بە خۆشی سەیری ئەو دیمانە دەکەن, هەیانە دەی بەو دیمەنانە خۆش دەبە کەسی قوربانی بەناپاک لەقەڵەم دەدەن, دەڵین کەی شاری ئەمە ئەو جۆرە کەسانەی تیادا بووە, کەچی ئەوەی لەبیر چووە بەکەستەر و بەپاس بەیەکەوە دەچوونە شارەکانی دیکەی عێراق بە بەتاکەکردنەوەی هەوەسی خۆیان.

هەموو ئەمانە کاریگەری درێژخایەنی دەبە لەسەر دەروونی تاکەکانی کەمەگە, سەیر نییە مامەستایەکی ئاینی لەزانکۆدا کارەکی نەشیاو بەرانبەر بە قوتابییەکانی بکات, چونکە ئەو ئافرەتەی بەقامچی لەگەڵپانەکەدا لێیدەدرا, بەرهەمی دەستی خۆیەتی ئەستا هەڵیدەگرێتەوە, ئەی دایکان پەروەردەی منداڵەکانیان ناکەن, دیارە تەنیا نان و شیریان پێداون و هیچ ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکیان نەداوە بەمنداڵەکانیان ئینجا چ نەبە یان مە, لە پەروەردەی کەمەگە و ئاین گەڵەن, لەهەمووی گرنگتر پەروەردەی دایکە, ئەو نیرانەی بەقامچی لە ئافرەت دەدەن دیارە لەلایەن دایکیانەوە پەروەردە نەکراون.

دایک هەموو شتێکمان فێر دەکات هەر لەتوندوتیژییەوە تا میهرەبانی, چ کارەساتێکە بەبلاک لەکچیکی هەرزەکار بدەی دیارە دایکان کوڕەکانیان وا پەروەردە کردووە لەبەرامبەر هەموو ڕەیەک وا وەڵام بدەنەوە, نەرێکی مامەستای زانکۆ ئاسایی وا جرت و فرت بکات و وەڵام بداتەوە و لەهەموو شتێک خۆی بەبەری بکات و دەشڵێ هەموتان دەدەمە دادگە, ئەو سیستەمی وەاتە وەڵامی هەموو شتێک دەداتەوە, هەتا خراپترین پەیامو و پڕۆگرامی حزبەکانیش ئەمجارە تاوانانە قبووڵ ناکەن, کەمەگەی کوردی سەدا نەودی دژ بە ئایین نییە, بەڵکو داکەکی لەدەکات, چۆن لەدەگەڵەن کارەکی وا نەشیاو وەک بەرزبانان لێی دەرچێ, ئەمە هەموومان تاوانبارین کاتێک چاوپۆشی لەمجارە کارانە دەکەین, تکایە مەیکەنە دەستکەوتی حزبی, بەڵکو با بەدونیا

بەین دادگە بیار لەسەر قوربانی و تەمەتباران دەدا.
کشەی ئەمە پەروەردەیە, کەس لەبابەتکە دەرناچێ, تاوانکە لەسەر شانی هەمووانە, ناکرێ لەبەرانبەر بەو تاوانانە خەمان لەی بەدوور بگرین, سەنگی مەحکیش دادگەیە, دەکرێ هەمووان لەبەردەم یاسادا ملکەچ بین, واتێ بە هەژار و نەدار و خواپێداو و دەسەڵاتدار وەک یەک بڵێت, هەر چاوپێشیەک لەم و لەو کارساتی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێ, لەبەیانیکدا هەڵدەستین گۆڕان هەموو لایەکی بردووە, ئەم نووسینە دژ بەکەس نییە, تەنیا ئاگادارکردنەوەیە لەڕەی یاسا, گرنگ نییە خەمان بەکەمەگەی دیکە بەراورد بکەین, بەڵکو گرنگکە لەوەدایە چۆن یاسا و ڕەساکانی ئەم وڵاتە لەسەر هەمووان جێبەجێ دەکرێ و هەمووان بەئاسوودەیی لەشقام و شوێنە گشتییەکان ئاسوودە بین, هەموو لایەک جۆخت لەوە بکەنەوە, ئەو نەرانی خۆیان بەپابەندی گەپانەکە دەزانن رادەیەکیان بەپەی یاسا بە دابندرێ.

لە کەمەنتەی پەڵە سەزەوە بۆ داهاتی دارایی: پابلۆ کورد چۆن مەدەلەی بازرگانی گۆڕی؟.. کارزان عزیز عبدالراحمن

لە بەشی یەکەمدا باسمان لەوە کرد کە پابلۆ کورد چۆن وەک دیاردەیەک دەرکەوت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئەم "سەرنجە" چۆن دەبێتە "سەرمایە"؟ لە ئابووریی دیجیتاڵیدا، سەرنجی بینەر (Attention Economy) دراوی سەرەکییە. پابلۆ کورد تەنها کات بەسەر نابات، بەڵکو ئەو خاوەنی مەدەلێکی نوێی بازرگانییە کە لەسەر بنەمای بەشداریی ڕاستەوخۆ (Gift & Interaction) بنیات نراوە.
گۆڕینی سەز بۆ داهات:
سیستەمی دیاریکانی تیکتۆک (Gifts) لە هایڤکاندا، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە پەیوەندیی نێوان هونەرمەند و هەوادار. لە ڕابردوودا بینەر تەنها کەیاری بەرهەمێک بوو، بەڵام لەڕەدا بینەر دەبێتە "بەشداربوو" لە دروستکردنی داهاتی

کارەکتەرەکەدا. پابلۆ کورد بە فڕبوونی وردەکارییەکانی ئەم سەکۆیە، توانیویەتی ئەم پێوەندییە سەزداریە بکاتە سەرچاوەی داهات.

شکاندنی دیواری نێوان ژیانی تایبەت و گشتی:
ئاوەزی پابلۆ کورد جیا دەکاتەوە، تەکنەکردنی ژیانی ڕۆژانەیەتی لەگەڵ نمایشکردن. ئاو دەزانێت چۆن "تایبەتمەندی" خۆی وەک بەرهەمێک بکاربهێنێت. ئەم جۆرەکە لە "شفافیەتی دەستکرد"؛ بینەر هەست دەکات هەموو شتێک دەزانێت، لەکاتێکدا ئاوە تەنها ئاو بڕیارە کە کارەکتەرەکە دەیەوێت نیشانی بدات. ئەمش فۆڕمێکی زیرەکانەی میدیایە بە هەشتناوەی جەماوەر بە پابەندبوو.
متمانەی دیجیتاڵی و کاریگەریی بازرگانی:

کاتێک کارەکتەرێک دەبێتە "ئینفلوێنسەر"، متمانەی هەوادارانی بە ئاو دەبێتە گرنگترین ئامرازی مارکێتینگ. براندەکان ئیتر نایانەوێت تەنها ڕیکلامی کلاسیکی بکەن، بەڵکو دەیانەوێت لە ڕێگەی کەسایەتییەکاوە قسە بۆ گەنجان بکەن کە وەک خۆیان بیر دەکاتەوە. پابلۆ کورد نموونەی ئاو کەسەیە کە بووەتە پردی پێوەندی نێوان بەرهەمەکان و کۆمەڵگەی گەنجان، بۆیە ئاوەی هەست بە "بازرگانیبوونی" ڕیکلامەکە بکرێت.

داهاتووی دیاردەکە و کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکان

(پاش پابلۆ کورد؛ بەرەو کام ئاراستە؟ لەکاوتە کۆمەڵایەتییەکانی ناوبانگی خراپ)

لە کۆتایی ئەم زنجیرەیەدا، پێویستە لەسەر لایەنە قوڵتر و بەردەوامەکانی ئەم دیاردەیە بوەستین. ئایا پابلۆ کورد تەنها سەرەتایەکی نوێیە بۆ نەوێک کە دەیانەوێت بە خراپی ناوبانگ بدەستبهێنن؟
ململانێی نەوەکان و گۆڕانی بەهاکان:
ئەم جۆرە ناوبانگە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکاریە لە بەها کلتوریەکانی کۆمەڵگەی کوردی. کاتێک گەنجان پابلۆ کورد وەک "پاڵەوان" یان "کەسایەتی کاریگەر" دەبینن، ئەم نیشانەی ئاوەیە کە پێوەرەکانی سەرکەوتن گۆڕاون. چیتر بەوانامەی ئەکادیمی یان خزمەتی درێژخایەن مەرج نییە بۆ ناوبانگ، بەڵکو "دەرکەوتن و خراپی" جۆگەی گرتووەتەوە.
مەترسیەکانی "ناوبانگی خراپ":

دیاردەیەک کە بۆ خەرایی دروست دەبێت، بۆ هەمان خەرایی دەتوانێت کاو ببەتەوە. پابلۆ کورد لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە؛ چۆن دەتوانێت لە "تەنیندکی کاتی" ببەتە "دیاردەیەکی بەردەوام"؟ مەژووی میدیا پڕە لەو کەسانەی کە بە ساتەک درەوشاونەتەوە و دواتر ون بوون. بەردەوامبوون پێویستی بە نوێگەریی بەردەوام هەیە
ئامۆژگارییەک بۆ نەوەی داهاتوو:
پابلۆ کورد دەبێتە وانەیەک بۆ گەنجانی داهاتوو کە دەیانەوێت هەمان ڕێگا بگرن. ئایا تەنها نمایش بەس؟ یان دەبێت ناوەڕۆکەکیش هەبێت؟ داهاتووی میدیا لە کوردستاندا ڕوو لە دیجیتاڵبوونی تەواوەتییە. میدیای کلاسیکی (تەلەفزیۆن) ناچارە خۆی لەگەڵ ئەم جۆرە کارکتەرانەدا بگونجێنێت، چونکە ئەوانن خاوەنی "ئامادەبوونی ڕاستەقینە" لە نێو شەقامی دیجیتاڵیدا.

کۆتایی گشتی:
پابلۆ کورد تەنها گەنجێک نییە لە تیکتۆک، بەڵکو ئاوێنەی گەڕانکارییەکی قوڵی کۆمەڵایەتییە لە کوردستاندا. ئەو سەلماندی کە دەنگ و ڕەنگی گەنجان چیتر لەلایەن دەزگاکانەوە کۆنتڕۆڵ ناکرێت. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: دوای ئەوەی ئەم شۆڕشە تەپڵە، چی لە دوای خۆی جێدەهێڵێت؟ ئایا پابلۆ کورد دەتوانێت وەک کەسایەتییەکی کاریگەر بمێنێتەوە، یان تەنها یادەوەرییەکی دیجیتاڵی دەبێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە کات وەڵامی دەداتەوە.

کەشی "بازاڕی بچووک" و "کەمپانیا کلاسیکییەکان"

کەشی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە کەمپانیا گەورەکانی کوردستان هەشتا بە عەقڵییەتی کلاسیکی ڕێکلام دەکەن. ئەوان زیاتر متمانەیان بە ڕێکلامی تەلەفزیۆنی یان ڕێکلامی تەقلیدی هەیە.

بەشایی متمانە:** کەمپانیاکان دەترسن لەوەی ناوی براندەکەیان بەو کەسایەتییانەوە ببەستنەوە کە "تەنیندن"، چونکە ترسیان هەیە لە ناوبانگی خراپ و کاردانەوەی نەرێنی کۆمەڵایەتی.

نەبوونی "ئەجێنسی" (Agency) ی پسپۆڕ:
لە کوردستان ئەجێنسییەکی پڕۆفیشناڵ نییە کە توانای ئەم جۆرە کەسانە وەربگرێتە سەر "زمانی بازرگانی" بۆ ئەوەی کەمپانیاکان قەناعەتیان پێ بهێنن.

گۆڕینی "سیناریۆ" بۆ "بەرژەوەندی ئابووری"
ئەگەر ئەو کەسە توانای سیناریۆ و دەرهێنانی هەیە، ئابڕت چاوەڕێی

سپۆنسەر بێت، بەڵکو دەبێت خۆی "مۆدێلی بازرگانی" بۆ دروست بکات:
بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی تایبەت (Branded Content):** لەبری ئەوەی چاوەڕێی سپۆنسەر بکات، دەتوانێت سیناریۆکانی خۆی بەجۆرێک دابڕێژێت کە یەکێک لە خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان (وەک خواردن، جلوبەرگ، یان تەکنەلۆژیا) بە ناڕاستەوخۆ تێیدا جێنگ بداتەوە.
سەربەخۆیی دارایی لە ڕێگەی "کۆمەڵگە": لە جیاتی سپۆنسەری گەورە، دەتوانێت پشت بە سیستەمی (Subscription) یان فرۆشتنی بەرهەمی تایبەت بە براندی خۆی ببەستێت. کاتێک خاوەنی هەوادارێکی زۆریت، چیتر پێویستت بە کۆمپانیای دەرەکی نییە، بەڵکو دەتوانیت خۆت بیت بە کۆمپانیا.
پردی نێوان "هونەر" و "بازرگانی"
ئەو کەسەی سیناریۆ و دەرهێنانی دەزانێت، دەبێت ئەم هەنگاوانە بنێت بۆ ئەوەی سپۆنسەر بۆلای خۆیدا ڕابکێشێت:

1. **داتاکان:** پشکنینکردنی داتای ڕاستەقینە بۆ کۆمپانیاکان (کێ سەیری دەکات؟ تەمەنیان چەندە؟ کوێ دەژین؟). کۆمپانیا بە ژمارە قەناعەت دەکات نەک بە بینینی قیدیۆ.
2. **خۆڕاوردکردن:** دەبێت دیزاینی بازرگانیی خۆی بگۆڕێت. پێویستە نیشان بدات کە سیناریۆکانی دەتوانێت فرۆشتنی براندێک زیاد بکات.
3. **تیم:** ئاگەر خۆی دەرهێنەر، پێویستی بە "بەڕێوەبەرێکی بازرگانی" (Manager) هەیە کە تەنها کاری ڕاکێشانی سپۆنسەر و بەبازاڕکردنی بێت.

ئایا پێتوایە پابلۆ کورد یان هاوشێوەکانی، دەتوانن لە قەناغی "کۆمەڵایەتی سۆشیاڵ میدیا" تێپەڕن و ببن بە "خاوەن کار" (Entrepreneur)؟

کێشەی "بەشایی پیشەیی": بۆچی بەهرەی سیناریۆ بەتەنیا بەس نییە؟

لە جیهانی ئەمڕۆدا، **بەهرەی هونەری (Artistic Talent)** تەنها ٥٠٪ی هاوکێشەکەیە، ٥٠٪ەکەی تری **بەڕێوەبردن و بازاڕسازییە (Management & Marketing)**. پابلۆ کورد یان هەر کەسێکی تر کە سیناریۆی فیلمی هەیە، ڕووبەڕووی چەند بەربەستێک دەبێتەوە:
کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک (Production Houses):** بەداخەوە، لە کوردستان کەمتر دەرگایەک هەیە کە کار بۆ "دەزینەوەی بەهرە" بکات. زۆربەی سپۆنسەرەکان تەنها بەدوای "ناوبانگی ئامادە"

دگ[illegible]ن (واتە ئەوانەی ناوبانگیان هەیە، نەک ئەوانەی بەهرەیان هەیە). ئەمە وادەکات ئەو کەسانەی سیناریۆی بەهێزیان هەیە، نەتوانن بچنە ناو سیستەمەکەوە.

نەبوونی "پردی پەیوەندی" (The Missing Link):
کێشەی پابلۆ کورد یان هاوشێوەکانی ئەوە نییە کە "کەس نییە دەستی بگرێت"، کێشەکە ئەوەیە **"زمانی گفتوگۆ"** لە نێوان خاوەن بەهرە و خاوەن سەرمایەدا جیاوازە.

خاوەن بەهرە** بە زمانی "داهێنین، سیناریۆ، هونەر" قسە دەکات.

خاوەن سەرمایە (سپۆنسەر)** بە زمانی "قازانج، ژمارەی بینەر، ڕیکلام، فرۆشتن" قسە دەکات.

تا ئەو کاتەی کەسێک نەبێت ئەم دوو زمانە یەک بخات، سپۆنسەر ناتوانێت بڕوا بەوە بکات کە خەرجکردنی پارە لەسەر سیناریۆیەک، داهات بۆ ئەو دگ[illegible]نەتەوە.

متمانەکردن بە پڕۆژەی گەورە:
سپۆنسەرەکان لە کوردستان زۆر کات لە پڕۆژەی هونەری دەترسن، چونکە تێچووی فیلم یان زنجیرە بەرزە و قازانجی خێرای نییە. ئەوان پێیان باشە پارە لە "ڕیکلامی خێرا" خەرج بکەن نەک لە "بەرهەمی هونەری درێژخایەن".

چۆن دەست بە گیرانی "پابلۆ کورد" دەکرێت؟ (چارەسەری پراکتیکی)

ئەگەر ئەو کەسە سیناریۆی فیلمی هەیە و بتوانایە، نابێت چاوەڕێی ئەوە بێت کەمپانیایەک وەک "خەرخوازی" دەستی بگرێت. دەبێت بەم شێوەیە کار بکات:

کورتە فیلمی وێب (Web Series):
لەجیاتی چاوەڕێی بودجەی زۆبەلاح بۆ فیلم، با بۆ پارەیەکی کەم و کوالێتییەکی بەرز لەسەر تیکتۆک یان یوتیوب دەست بە بەرهەمهێنانی کورتە فیلم بکات. کاتێک بەرهەمەکە بینرا، سپۆنسەر خۆی دێتە پێش.

پێشکەشکردنی "پلانی بازرگانی" (Business Pitch):
کاتێک دەچێت بۆ لای سپۆنسەر، نەڵێت "سیناریۆم هەیە"، با بڵێت "ئەم سیناریۆیە وادەکات براندەکەت بگاتە ٥٠٠ هەزار گەنج".

بەرهەمهێنانی هاوبەش (Co-Production):
ئەگەر سپۆنسەرێک نابینێت، دەتوانێت لەگەڵ کەسانی تر (وەک وێنەگر یان مۆنتاژکار) بەشداربن و پڕۆژەکە بە هاوبەشی دروست بکەن.

**ئایا پێتوایە لە کوردستاندا ژینگەیەک هەیە کە دەرهێنەر و سیناریۆنووسێکی لاو بتوانێت بەبێ بوونی "واستە" یان "ناسیاوی"، تەنها بە پشت بەستن بە بەهرەی خۆی بتە پێشەوە؟

خاڵی کۆتایی: لە نێوان "سیمای دیجیتاڵی" و "بەهرەی ئاستەقینە" لەکۆتاییدا، پابلۆ کورد تەنها ناوی گەنجێک نییە لەسەر شاشەی مۆبایلەکان، بەڵکو سیمبوڵێکە بۆ گەنجانکاریییەکی گەورە لە جیهانی میدیا و بەهرە لە کوردستاندا. ئەو دەریخست کە "سەردەمی دەرفەتە چاوەڕوانکراوەکان" کۆتایی هاتووە و ئێستا "سەردەمی دەرکەوتنی تاکەکەسییە".
سەبارەت بەو بەربەستەی کە باسی کرد، وتە (بوونی بەهرەی سیناریۆ و دەرهێنان لە بەرامبەر نەبوونی سپۆنسەر و دەستگیرییە)، ئەوە وانەیەکی گەورەیە بۆ نەوەی نوێ:
دەستگیرییە لە دەرگای خەڵکەوە نایەت، بەڵکو لە دەرگای "ئەنجام"ەوە دێت: سپۆنسەرەکان لە کوێوە بۆن؟ لەو شوێنەوە دەن کە بینەر هەیە. کاتێک بەهرەیەکت هەیە، مەرج نییە چاوەڕێی کەمپانیای گەورە بکەیت؛ بەڵکو دەبێت بە دروستکردنی ناوەڕۆکی بەهێز، خێت ببی بەو پردە بۆ ئەوەی بازرگانەکان ناچار بن بیر لە هاوکاریت بکەنەوە.
سیناریۆ بۆ پلاتفۆرم تەنها نووسینە: بەهرەی پابلۆ کورد و هاوشێوەکانی لە سیناریۆدا، کاتێک دەبێتە "سەرمایە" کە لەگەڵ دیجیتاڵکردنی تەواوەتی یەکبگرێت. بازاڕی ئەمڕۆ چیتر چاوەڕێی پاڵەوانێکی بێدەنگ ناکات، بەڵکو بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێت کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی دەفرۆشێت.
دەرەنجامی کۆتایی:

پابلۆ کورد(paplo kurd) دەبێت بزانێت کە "ناوبانگی خراپ" خاڵی دەستپێکە، نەک خاڵی کۆتایی. ئەگەر بتوانێت ئەو توانایەی لە سیناریۆ و دەرهێناندا هەیەتی، لە ناو ئەو شێوازە نوێیەی میدیا تێکەڵ بکات، ئەوا لە **"تێکشکاندنەکی کاتی"**یەوە دەبێت بە "دەرهێنەرێکی خاوەن براند".
ئەمە لەبەردەم قۆناغێکدایە کە بەهرە بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو "بەهرەی بەبازاڕکراو" کلیلی سەرکەوتنە. کۆتایی ئەم چیرۆکە لای پابلۆ کوردە؛ ئایا ئەو وەک کارەکتەرێک دەمێنێتەوە، یان وەک بەرهەمهێنەرێکی داهێنەر خۆی دەسەلمێنێت؟ کات وەڵامی ئەمە دەداتەوە.

کارزان عزیز عبدالراحمن

وێنەی بادەستی و کلتووری مشەخۆری.. ستار ئەحمەد

مژووی مرۆڤایەتی هەمیشە گۆڕانی ململانێی نێوان دوو تێڕوانینی دژبەیەک بووە؛ تێڕوانینێک کە بوونی مرۆڤ وەک هەزمکەی داهێنەر، بونیاتنەر و بەرهەمهێنەر دەبینێت، و تێڕوانینێکی تر کە دەیەوێت بە ناوی پیرۆزی، خودا ناسی یان هەڵبژاردنی ئاسمانییەوە، کەمەڵک مرۆڤ بکاتە بارگرانی و مشەخۆر بەسەر کەمەڵگاکانی ترەوە. ئەو دیدگا شێواوەی کە دەڵێت: "ئەمە بە کارکردن و داهێنان دروست نەکراوین، بەڵکو جیهان دەبێت خزمەتمان بکات"، نەک هەر تەنگەیشتنێکی قووڵ لە فەلسەفەی بوون، بەڵکو ڕاگەیاندنی جەنگێکی بەدەنگیشە دژی شکۆ و ئابووری مرۆڤایەتی و سووکایەتی کردنە بە ئاوەزی کە مرۆڤی پێ لە بوونەوەرەکانی تر جیاکراوەتەوە. ئەم جۆرە تێڕوانینە نەزمکانە دەیەوێت چەمکی پیرۆزی دابەزێنێت لە ناوەڕۆکە هۆشتییەکەی و بیکا بە ئامرازێک بۆ پاساودانی تەمەڵی، لە کاتێکدا مژووی شارستانیەت سەلماندوویەتی کە هیچ نەتەوە و بیروباوەڕێک بە بەدەنگی و ڕاکشان لەژێر سێبەری خەیاڵدا نەگەیشتووەتە کەناری مانەوە.

ئەو خوایەی کە جیاوازیی زمان, ڕەنگ، فەرهەنگ و وشیاری مرۆڤکانی کردووە بە نیشانەیەک لە بەڵگەکانی گەردوونکەی، هەرگیز مرۆڤایەتی دابەش نەکردووە بە دوو جەمسەری هەمیشەیی کە تیایدا کەمەڵک بە ناوی بادەستیەوە، فەرمانڕەوایی بکەن و کەمەڵکی تر وەک کۆیلەکان داهێنەر و ماندووبن بۆ خزمەتی ئەوانی تر. جیاوازیی نێوان گەلان و نەتەوەکان، بەڵگەی دەوڵەمەندیی ژیان و جۆراوجۆریی کایەکانی داهێنانە، نەک پاساوێک بۆ چەوساندنەوە و خەسپاندن. تاقە پەوەری ڕەها، بە چەندوچوون و دادپەروەرانەی گەردوون بە بەرز نرخاندنی هەر تاک یان کەمەڵگەیەک، تەنها لەم هاوکێشەیەدا کورت دەبێتەوە کە دەفەرمێت: (پشتبەستن بە خوداپارێزی، بەسوودترین کار و کرداری ئەوەیە). لەڕەوە دەردەکەوێت کە پارێزگاری و نزیکبوونەوە بە واتای ڕاستی، لە بنچینەی خۆیدا پێوەستە بە ئاوەدانکردنەوە، داهێنان و پشکشکردنی چاکە بە هەمووان، نەک خۆتن لە ژێر سێبەری تەمەڵی و دەستەوەستانیدا، چونکە خوداپارێزیی ڕاستەقینە لە نەو

کایەی کرداردا دەژیت نەک لە نەو گۆشەگیریی و دابڕان لە بارو دۆخەکان.
جگەی سەرنج و پێکەنینەن، تاقمێک بە بەرهەم، کە تەنانەت ناتوانن دەرزیەکیش دابهێنن یان هەتوانێک بە سووک کردنی ئازاری نەخۆشیەکانیان بدەزنەوە، لە بەرهەمی هۆش، زانست و داهێنانەکانی گەلانی تر دەخۆن، سوود لە تەکنەلۆژیا و دەسکەوتە شارستانیەکانیان دەبینن، کەچی لە هەمان کاتدا بانگەشەی چاکە، نەنمایی و باڵادەستیان بەسەردا دەکەن و خەیان بە جگەرەوەی ماف و ئەوانی تر بە هیچ دەزانن. ئەمە لوتکەی دڕماڵانی ئاکاری و هزریە کە تێیدا مرۆڤی مشەخۆر شانازی بە دەستکەوتی ئەو دەستە ماندووانەوە بکات کە شەونخونیان کێشاوە بە هووناک کردنەوەی تاریکیەکانی جیهان. ئەم جۆرە بیرکردنەوە کۆنەپەرستانەیە مێژووی نەبازی یاسا و نەوشتی شەواندووە و نەگەی پێدراوە ببێتە بارگرانی بەسەر شانی مرۆڤکانی دیکەوە...؟
کاتێک بیروباوەڕێک تاکی خۆی فڕێ دەکات کە ئەو لەوانی تر چاکترە تەنها لەبەر ئەوەی سەر بە ئاراستەیەکی دیاریکراوە، بەبێ ئەوەی یەک دەپ ئارەقەی پێشکەوتن بەخۆیت، ئەوا ئەو بیروباوەڕە دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی توندو تیژی، داگیرکاری و نەق ، بڕامبەر بە هەرچی گۆشەو نوبوونەوە هەیە لە جیهاندا.
مەترسیی گەورە لەرەوە دەستپێدەکات؛ کاتێک مرۆڤکان چەمکە باڵاکان تەکنە بە حەزە نەخۆشەکانی خەیان دەکەن، هەر کەسێک یان تاقمێک وا بزانێت ناسینی نەگەی ڕاست مەبەستنامە و نەپێدانە بە تەمەڵی، و گەپی سووزە بە هشتنی خوێن، تاڵانکردنی ماڵ و زەوتکردنی ئابووی ئەوانیتر، ئەوا لە بنچینەی نەسەنی مرۆڤایەتی و ئایین تێناگەیشتووە. ناسینی نەگەی ڕاست دەبێت مرۆڤ بەرەو هۆشیاری, دادپەروەری، و پاراستنی مافی گشت پێکهاتەکان ببات، نەک بەرەو دڕندەیی و قەرخکردنی دەستکەوتی گەلانی تر بە ناوی پیرۆزیەوە. ئەو ئایین یان بیرەی، کە ئەنجامە کرداریەکەی لە سەر زەوی نەبێتە نەوشتێکی بەرز، دادپەروەری و لێبوردەیی، و ئەو ئایین پەروەریەی کە بەرهەمەکەی کارەک نەبێت شکۆ و بەهای مرۆڤ بپارێزێت، باوەڕێکی پووچ، بە ناوەڕۆک و مەترسیدارە. ئەم جۆرە تەوانینە نەزەکانە، نەک هەر نابنە هۆکاری سەرخستنی چاکە، بەڵکوو گەورەترین بارگرانی و شەرمەزارین بەسەر کایەی هزری و مرۆیەوە و مرۆڤایەتی لە نەو زەلکاوی نەزانیندا دەخنکێنن.
شارستانیەتی ئەمە، لەسەر شانی ئەوانە بونیات نراوە کە شەونخونیان کردووە بە دەزینەوەی هەتوانێک، داهێنانی ئامێرێک یان نوسینی دۆقێکی فەلسەفی کە ژیانی مرۆڤ ئاسانتر و هووناکتر بکات،

نەک ئەوانەی مەژووییان پەکردووە لە دروشمی بگەن و هاواری زندیقرکردنی داهێنەرکان. نەتەوە و هەزە زیندووکان بە کار و بەرهەمکانیان دەناسرێنەوە، بەو شوێن پەنجەیەی کە لە سەر زەویدا جێدەهێڵن بە خزمەتی ژیان، نەک بەو وتارە مشەخرییەی کە دەیەوێت ماندووبوونی ئەوانی تر بکاتە موڵکی خۆی. کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵگە لەم خەوە ترسناکە و لەم وێنە مەژووییە بئاگا بێتەوە و تێبگات کە کار پەوەری سەرکیی بوونە، و هەر بیرکەیەک، بە هەر ناوەکەوە بێت، ئەگەر سووکایەتی بە ماندووبوونی مرۆڤ و بەرهەمی ئاوەز بکات، شایەنی ئەوەیە فڕێ بدرێتە ناو زبڵدانی مەژووەوە و وەک پەیەکی هێش لەسەر ویژدانی مرۆڤایەتی سەیر بکرێت. بوونی ڕاستەقینە لە داهێنان و پاراستنی شکۆدایە، و هەر وتارێک لە دژەوەی ئەمە بێت، تەنها کاردانەوەیەکی سووتێنەرە لە بیابانێکی چۆڵدا.

ئیرانی دوای بەردومانکردن و لەناوبردنی سەرانی بازنەی دەستەڵات.. کاوە حەسەن

دوای ماوەیەک لە گرژی و بەردومانکردن، ئەمریکا و ئێران هێکەوتنێکی دوو مانگیان ڕاگەیاند و هەردوو سەرەک، پزشکیان و ترامپ، لە میدیاکاندا واژووی خەیان خستە سەر هێکەوتنەکە. ئەم هێکەوتنە کارەکی ئاسان نەبوو هەروەک ترامپ خۆی ئەم ڕستەیەی دووتەوە لە کاتی واژووکردنەکەدا. گەیشتن بەم هێکەوتنە ئاسان نەبوو لەبەر ئەوەی ئاراستەی جەنگەکە دەبوایە بچێتە قۆناخێکی ترەوە، لەلایەک ئەمریکیەکان نەیاندەویست بەردەوام بن و خەیان دەرگیری شەڕێکی درێژخایەنی نمونەی عێراق و سووریا بکەن، وە لەلایەکی ترەوە چونە ناو قۆناخێکی نوێی جەنگەوە لەگەڵ ئێران بە ئەمریکا ئاسان نەبوو چونکو دیمەکراتەکان لە ئەنجومەنی پیراندا خەریکبوون پاشکۆی گەورە بەدەستهێناتەکانی سەرەک کەمار بکەن لە هەگەی سنووردارکردنی دەستهێناتەکانەوە سەبارەت بە بەرپاکردنی جەنگ. ناڕازیبوونی دیمەکراتەکان لە بەرامبەر سیاستەکانی ترامپدا هەر

لەسەرتای ئەم جەنگە بە ئاشکرا بەیان دەکرا و ئەمە کاریگەری خستبوو نەوان کەمارکسان خەیانەوە. شکۆقکاران و میدیا جیهانییەکانیش دابەش ببون بەسەر دوو بۆچوندا سەبارەت بەوەی کە کە براوەی سەرکی دەبەت لە گشت گرژی و وەرانکاریەکاندا کە ئەنجامدرا لەلایەن هەردووبەرەی شەرکەرەوە. لە نەو کوردستانیانیشدا ئەو شەقی شەقی زەری بە کرا تاکو ئاستەک کە زەرکمان لەسەرتای ئەم جەنگەدا لەو باوەڕدا بووین کە دوای کوشتنی کەسە یەکەمکانی ئەران، بەتایبەت خامەنەی و کەسە تووندڕەوکانی دەوروبەری لەناوەندی بازنەی دەستەڵاتدا، ئاکام و مەبەستکانی ئەو جەنگە شەویەکی فیزیکی بە کۆتایی کەماری ئیسلامی دەت. بە واتایەکی تر، روخانی دەزگاکانی دەوڵەتی کەماری ئیسلامی و ئاواکردنی مەدەلە سیاسیەکەی. ئەم چەند دێڕەی سەرەوە گوزارشەک بوو سەبارەت بە جەنگی ئەمریکا دژی ئەران و بەربەست و کاریگەریە سەرکیەکانی. بەڵام ئەوەی گرنگە لەم ڕۆژانە پرسیاری زەرینە ئەویە کە ئایا چارەنووسی کەماری ئیسلامی و جومگە گرنگەکانی نەو بازنەی حکومەانییەکەی چۆن دەبەت؟. بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەکرەت ئاماژە بە چەند گریمانەک بکەین کە چانسی ووداییان هەیە ببنە مایەی ئەوەی کە سیمای مەدەلەکی نوەی حکومەانی لە ئەراندا دەربکەوەت.

گریمانەی یەکەم:
لە ئێستادا کەمەگای ئەرانی بەشەویەکی بەرچاو نەفەرەت لە دەستەڵاتدارەتی دینی و کەماری ئیسلامی دەکات، وە بە لەناوچونی کەسە سەرکیەکان و ڕابەری گشتی کەماری ئیسلامی ئەران، ئێستەم مەدەلی حکومەانی ئەران بتوانە وەک پێشوو بمێنێتەوە و لەسەر سیاسەتە تووندکانی پێشووی بەردەوام بەت. ئەم ڕەق بەزاریەی خەڵک مەدەلی حکومەانی ئێستا ناچاردەکات ئاوگەر لە شێوەی دەستەڵاتدارەتی خەیدابکات ئەگەر بەیەوە بمێنێتەوە.

گریمانەی دووەم:
ئەرانەکی وابەستە بە دنیای دەرەوە و دووبارە کرانەوەو هەگرتنی شەرت وبەندە ئابووریەکان لەسەری لە لایەک، وە لەلایەکی ترەوە چوونە ناوەوەی کەمپانیا جیهانییەکان و هاکردنیان لە کارو چالاکی سەرمایەگوزاری بازرگانیکردندا دەبنە مایەی کرانەوە و کەمەنگکردنەوەی ڕەهەی ئەو نوخبەیەی کە باڵادەست و کاریگەر بوون لە زەمانی بوونی ڕەهبەر و بازنەی دەستەڵاتدارەتی تووندڕەوکانی کەماری ئیسلامیدا. بەو پێیەی بازاری ئازاد و سەرمایەگوزاری بەبێ سنوردارکردنی دەستەڵاتکانی دەوڵەت و سیاستمەدارن ناتوانە کارا

و سوودمەند بێت، دەستەبات لە زۆرێک لە لایەنەکانی ژیانی خەڵکەکەس بە نەخش دەبێت . لە هەمان کاتدا دەستەبات زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریەکانی بازاڕەوە. ڕەهبەرانی سیاسی بازنەی دەستەاتدار تووندڕەو ناچار دەکرێن لە جومگەی دەستەاتدا نەمێننەوە کە هەر ئەستا سەرتاکانی ئەو پاشکۆیە باسی داخی ناوەندە سیاسی و هەزە نەو دەوڵەتییەکانە.

گریمانەی سێیەم:
ئالوگۆڕی مەدلی حکومەانی لە ڕۆگەی هاتنە مەیدانی خەڵکی ئێران بە ئالوگۆڕکردنی دەستەاتی کەماری ئیسلامی ئێرانەوە. پشت لەدانی ئەمریکا، تەواوی خەڵکی ئێران خوازیاری ئالوگۆڕ و باشترکردنی گوزەرانیان بوون. نهەنیەک کە تەواوی دەستەاتکانی لەسەر وەستاوە موتمانە و گوە ایەی خەڵکە لە بەرامبەر حکومەانیدا. ئەم پەیوەندیە بە تەواوی پچراوە لە ئێستادا لە ئێران تەنها شتێک کە دەستەاتکەی هەشتووتەوە زبەرو زەنگکانتی لەڕۆگەی دەزگا سەرکوتگەرکانیەوە ئەنجام دەدرێن. ئێرانێکی کەم برسی تر و بەستراو بە دنیای دەرەوە، پرسەی ئاواکردنی شۆازی حکومەانی تووندڕەوکانی نەو دەستەلاتی ئەستا خەرا تر دەکات.
بەدیهاتنی هەریەک لەم گریمانە بە بەرژەوەندی خەڵکی ئێران دەشکێتەوە، وەئگەریش هیچ یەکێک لەم گریمانانە ڕوو نەدەن، دوای ئەم گرژیانە ئێران و مەدلی حکومەانییەکەی دەچنە قۆناغێکی نوێوە کە کە زەر لەوەی پێش کوشتنی خامەنەئی جیاواز تر و شلوشاو تر دەبێت.

کاوە حەسەن
21/6/2026

ئەڕە بە ڕاست نەخشەی ناوچەکە گۆڕا یاخود دەگۆڕێت؟.. زاهیر

باهیر

دوای هێرشە تیرۆریستییەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە 07/10/2023 و وەڵامدانەوەی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسرائیلی بۆ جینۆسایدکردنی خەڵکانی غەزە خەیاڵێك لە مەشکی گەلێك لە ڕۆشبیران و سیاسییەکان و ئەکادیمییەکاندا ماخۆلانی بوو کە گوایە نەخشەی ناوچەکە دەگۆڕێت. ئەم بیر و بۆچونە لەناو هەندێکیاندا کە هەڕە دیارەکەیان خانمی مامۆستای زانکۆ و بۆ ناو شارەزا لە سیاسەتی ئەمریکا ‘خاتوو شالی’ تا ئەو ڕادەیە دەڕۆیشت کە هیچ گومان و لێکدانەوەیەکی بۆ ڕای پێچەوانە نەدەهێڵایەوە .

لە ڕاستیدا خاتوو شالی ئەوەندە بۆ جوانی و ئاسانی و وردەکاری و بەگژی نادروستەوە باسەکەی دەکرد و قیدەی لەسەر دەکرد ، کە ئەوانەمان باوەڕمان پێی نەبوو هەر زڕ زڕ کەمینە بوین . ئەو قیدەیانەی ئەو و قسە و خیتابی سیاسییەکان و نوسین و وتاری ئەکادیمیەکان و ڕۆشنبیران بۆ ڕووداتی شێ ڕەحمەت بەسەر کورددا دەبارەت کارەکی زۆریان کرد لەسەر شەردنەوەی مەشکی تاکی کورد و کەمەگەی کوردی تا ئەو ڕادەیەی کە خەیاڵپڵاوی و کەڵەپووتی جگە بۆ هەموو ڕاستی دروستییەك لە مەشکیاندا لەژبکات و جگایان بگرەتەوە .

پاش ئەم هەموو ماوەیە ئەوەی ئاشکرایە گرانکارایەکی وا لە ناوچەکەدا ڕوی نەداوە جگە لە هەنانی بەشکی داعش بۆ حوکمڕانی سوریا، ئەو نەخشەیەی کە لە خەیاڵی ئەو تۆژاڵە کەمایەتییەی سەرەوە داڕژرابوو نەك هەر ڕووی نەدا، بەکو ڕووش نادات چونکە بەرژەوەندی ئەستای ئەمریکا و ڕاتانی ڕۆژئاوا و ئەوانی دیکەیان ئەوە ناخوازێت . تورکیا و ئێران و عێراق و سعودیە و میرنشینەکانی کەنداو وەکو خەیان مانەوە و ئەوەی زەرەمەندی سەرەکی و هەمیشەیی بوو نگبەتەکانی فەلەستین بوون . هەرچیش پەیوەندی بە بارودۆخی کوردەوە هەیە ئەوەندەی من مێژوی کوردم خوێندبێتەوە هەرگیز بارودۆخی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا وەکو ئەستا خراپ و مەترسیدار نەبووە . بە خوێندنەوەیەکی خەرای بارودۆخی بەشەکانی کوردستان دەکرێت ئەوەی کە وتوومە ڕوون بکەمەوە.

باشووری کوردستان : لام وایە دەربارەی کوردانی باشوور زۆر ئاشکرایە کە ناکەکی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان لەسەر پشکی پارە و پایە و پلە و دەسەڵات هەرگیز ئەوەندە خراپ نەبووە . ئەوە بیست مانگ بەسەر هەڵبژاردندا تێپەڕی هەشتا دیوەخانی

چالاکانیی دەمهراشان و چەنبازان و مشخۆرانی پاڵپشتی مانتاری دەنگپێدراو نەکراوەتەوە تاکو بڕیاردەوام بن لە هەڵبژاردنەکان و درێژە کردن لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا. هاوکاتیش هەموان دەزانن کە هیچ کام لەو حیزبانەی بە حیزبە موعارەزەکانیشەوە هیچ کامیان نە خاوەنی هاوبەچوونی خەیانەت و نە خاوەنی بڕنامە و پلانیان. ئاشکرایە کە ئێران و تورکیا و ئەمریکا بەیان دادەنێن و هەڵیاندەسوڕێنن.
ڕۆژئاوای کوردستان: بە داخەوە کە بە دڕدەك چووە و دەچێت کە نەك هیچ بەهایەك بە ئەوانەی کە دروشمی بوون وەکو : خەباتی و فەمینزم و کۆنفیدارالیزمی دیمۆکراتیك و ئیکۆلۆجی و ئابووری هاوبەشیانە نییەو نەماوەتەوە، بەڵکو ئەمانەی تا نەمانیان کاڵ بوونەتەوە. لەگەڵ ئەوشدا هێشتا حکومەتەکەی جەلانی و ئەمریکا پێی ڕازی نین و دەیانەوێت هەسەدە و پەیدە لەو زیاتریش سازش بکەن. لەمەش خراپتر تا ئێستاش کەسمان نازانین چارەنوسی ڕۆژئاوا بەرەو کوێ دەڕوات.
باکوری کوردستان: تاکە هەنگاوێکی گەورە کە نرابێت بە دەنگکردنی چەکەکانی پەکەکەیە کە گەورەترین خزمەتی بە کوردی سەی پارچەی کوردستان کردووە . جگە لەمە پرسی کورد لە باکوردا لە ماوەی ئەم 16 مانگەدا هەنگاوێك نەچێتە پێشەوە.
ئەجەلان چەند پێشنیارێکی تاکلایەنانەی بە گەلانەوە بە قەندیل بە دەوڵەتی تورکیا کرد بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی دیاری نیە و نابووە. ئەم پێشنیارەی ئەجەلان کە پەکەکە و هەرە زەرینەی ڕۆشنبیران و ئەکادیمی و سیاسیەکان بە پرس و پرسەی ئاشتی دایانە قەڵەم زیانێکی گەورەی بە متمانە دا و تەوی بە هیوایی و بە بەوایی لە دڵی کوردانی هەموو پارچەکاندا چاند. لەوێش وەکو ڕۆژئاوا هەموو پرسی کورد لەو دروشمە بریقەدارانەی پەکەکەوە هاتێتە سەر سەر خاڵی سەرەکی کە مووراتی قەریلان لەم ڕۆژانەدا بەیانی کرد : یەکەم: ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئەجەلان و دیاریکردنی پێگەیەکی سیاسی و یاسایی بۆی وەك نوێنەری سەرەکیی کورد.
دووەم: دانان بە بوون و ناسنامەی گەلی کورد بە شێوەیەکی فەرمی لە ناو دەستوور و یاساکانی تورکیادا.
سێیەم: دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە گەلانەوە و تەکبوونی دیموکراسییانەی چەکدارەکان (گەریلا) بە ژیانی مەدەنی و سیاسییەوە.
ئەم سێ مەرجە یاخود داخوازیانە کە هیچ نین بە بزوتنەوەیەکی وەکو پەکەکە کە ئەو هەموو قوربانییەیان داوە ، لە ئێستادا لانی زۆری یا لانی باڵای داخوازی پەکەکەیە. کەچی دەوڵەتی تورکیا بەوێش ڕازی نییە و دەیەوێت کە پەکەکە بە چەند و چوون ، بە یەکدی بینین و وتووێژ خۆی لە چەك داماڵێت و خۆی ڕادەستی دەوڵەت بکات. دەوڵەتیش بە گوترەی یاسای " تاوان و تاوگلانیان" لە کۆشکی "تیرۆریزم و

تیرۆریستیدا" مامۆستایان بکات. هەرچیش سەرکردەکانیشیانە لەبەرخاتری خاترداران ڕۆگایان پێبدرێت کە بچنە وڵاتکی ئەوروپی یا وڵاتانی دیکە بەو مەرجەی کە دەستبەرداری سیاسەت ببن.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان : نە ئێستا و نە ئایندەش کەس نازانێت حیزبە موعاریزەکانی ئێوە چارەنوس و دواڕۆژیان چییە و چی دەبێت . سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ئەمریکا کە لە ڕۆگەی تەم باڵاك-ەوە جێبەجێ دەکرێت دوور نییە کە پێداگری و فشاری زۆر لەسەر حکومەتی هەرێم دابنێت کە سەران و بەرپرسانی ئێو حیزبانە ڕادەستی ئێران بکەنەوە، یاخود ڕۆگەیان پێبدرێت بۆ ئەوروپا و وڵاتانی دیکە بڕۆن. ئەمە گومانکی چاوەڕوانکراو نییە کاتك سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا و لە تورکیا و لە عێراق و ڕۆکەوتنی لۆگۆ ئێراندا دەبینین .
هاوکاتیش مەترسی بوونەوەی شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئێران کە کورد زۆرزەندی زیاتر دەبێت گریمانی ڕوودانی زۆر تا ئێو کاتەی حکومەتی ئێران ئاوا بمێنێتەوە کە زۆربەی گرفتکانی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن لە ملی ئەودایە، هاوکاتیش هیچ ئاشتەواییەك لە نێوانی ئێران و ئیسرائیلدا نییە .
لەسەر بناخەی ئەوانەی سەرەوە ناکرێت لەسەر بڕیش و بە بڕۆگە و لە کاتکیشدا کە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەبینین گۆشبین بین بەرانبەر بە بارودۆخکە. لەبەر ئەوە وا هەست دەکەم کە بارودۆخی کورد لە هەر چوار پارچەکەدا نادیارە و لەو پێی خراپیدایە. لەڕشدا تەنها سیاسیەکان و سەرانی پارتکانی هەموو پارچەکانی کوردستان دەبێت بەرپرسیاری ئەم مەترسیە هەگرن و لەمەی خێان بکەن نەك ئەمریکا و حکومەتکانی دەر و دراوسێ و عێراقیش .

زاهیر باهیر
18/06/2026

دروستکردنی فۆبیا، بۆ ناوی ترس

لەسەر قەواری هەرەسم !.. جوتیار مەلا رەئوف

ماوەیەکە وەکوو هەموو ماوەکانی پێشوو، کۆمەڵگای کوردستان جارێکی تر خراوەتە ناو بازنەیەکی بەبنەمای هاشوهوشی سیاسی، ترساندن، گومان دروستکردن و دروستکردنی فۆبیا لە ژێرناوی "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرەم". ئەو جارە گوتارانە زەرجار لە جیاتی ئاوەڵی پشت بە زانیاری دروست، دەستوور، واقیعی سیاسی و ئەزموونی حوکمڕانی ببەستن، پشت بە سەز، ترس و هەڵچوونی هەستی گشتی دەبەستن، لە دەخێکدا کە هاووڵاتی کوردستان لە ژیانی ڕۆژانەدا پێویستی بە مووچە، خزمەتگوزاری، سەقامگیری، کار، کاروباری باشتر، یاساسازی و ڕێکخستنی دامەزراوەکان هەیە، هەوەدان بە ئاوەی کۆمەڵگا بەردەوام لە ژێر کاریگەریی ترس و شایعاتدا بهێدرێتەوە، نە خزمەتی هەرەم دەکات، نە خزمەتی یەکگرتوویی خێکی کوردستان و نە خزمەتی داهاتوویەکی ڕوونی سیاسیش دەکات.

پرسیارە بنەڕەتیەکە ئەوەیە، ئایا ئەو کەسانەی هەموو جارێک باس لە "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرەم" دەکەن، ئایا بە ڕاستی خەمی ئەو قەوارەیانە، یان ئەو گوتارە بەکاردێنن بە پاراستنی مەدلێکی شکستخواردووی حوکمڕانی کە چەندین ساڵە کۆمەڵگا لەناو ناکۆکی، دواکەوتنی هەڵبژاردن، دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، قەیرانی سیاسی و ململانێی حزبی گیرەدە کردووە؟، ئەگەر خەمیان قەوارەی هەرەمە، ئەوا پێویستە قەوارەی هەرەم لە ڕۆگەی دامەزراوە، یاسا، ڕوونی لە بڕەوبردن و شەفافیەتوو حوکمڕانی تێندروست بپارێزن نەوەکوو لە ڕۆگەی ترساندن و دروستکردنی هەستی گشتیی و نائارامی ناو کۆمەڵگا.

هەرەمی کوردستان لە ڕووی دەستوورییەوە قەوارەیەکی ناسراو و دانپێدانراوە لە چوارچێوەی عەراقی فیدراڵدا، ئەو قەوارەیە، بە قسەی ڕۆژانەی سەرشاشکان و ناو سۆشیالمیدیا و و هەمەتی میدیایی دروست نەبووە و بە هەمان شێوەش بە هەڵبژاردنی شێوازی کارگێڕی و حوکمڕانی ناوخۆیی تەک ناچێت، قەوارەی هەرەم لە بنەڕەتدا پێویستە بە مافە دەستوورییەکان، سنووری کارگێڕی، دامەزراوەکان، هێزی سیاسی و توانای بڕەوبردن، بۆیە ئەو بانگەشەیەی هەر گرانکارییەک لە شێوازی حوکمڕانی ناوخۆیی بە "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرەم" ناودەبات، زیاتر نزیکە لە فۆبیای سیاسییەوە تا شیکردنەوەیەکی جدی و یاسایی و لۆژیکی.

ڕاستیەکە ئەوەیە کە کوردستان لە مێژووی هاوچەرخیدا چەندین جار

لەبەر ناکۆکیی نێوان هێزە سەرەکییەکان تووشی قەیران بووە، ئەو قەیرانانە تەنها باسکی ئەمڕۆ نین؛ بەڵکو بنەمای مێژووییان هەیە، لە شێوەی ناوخۆی دەیەی نەوەدەکانەوە تا ڕادەیەکی وتنی واشنتن، لە دوو ئیدارەییبوونی ئابردووەوە تا هاوبەشییەکی ناسەقامگیر لە دامەزراوەکانی هەرێم، کێواتە ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت دووزمان یان دوو ناوچەی نفوز، شتێکی نوێ و داهێنراو نییە؛ بەڵکو ئەو واقیعەیە کە سانەکە لە ژێر ناوی حکومەتێکی یەکگرتوودا بە شێوەیەکی ناوون و نایاسایی کاری پێکراوە.

ئەمە ناباتە لاوە بترسین کە لە واقیعێکدا پارتی لە هەوڵەر و دهۆکدا دەسەڵاتی کارگێڕی و سیاسیی فراوانی هەیە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لە سلێمانی و ناوچەکانی ژێر کاریگەریی خۆیدا دەسەڵات و نفوزی جیاوازی هەیە، دروستکردنی وێنەیەکی ساختە لە "یەکگرتووییی تەواو" بە تەنها درێژکەی سیاسییە و ئەوەی پەیوستە، ئەوە نییە ڕاستییەکان بشارێنەوە؛ بەڵکو پەیوستە ڕاستییەکان ڕابخرێن، یاسایی بکرێن، سنووردار بکرێنو بخرێنە خزمەتی هاووڵاتی، نەوەکوو لە خزمەتی ململانێی حزبی و کەسییدا بمێنەوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەرکەوتووە کە هاوبەشیی نێوان پارتی و یەکێتی زەرجار لەسەر بنەمای بەرنامەی حوکمڕانی و پرۆژەی دامەزراوەیی نەبووە؛ بەڵکو زیاتر هاوبەشییەکی زەرەملێی ناو هاوکێشەی دەسەڵات، داهات، پۆست و نفوز بووە، ئەنجامی ئەو جۆرە هاوبەشییەش بە هاووڵاتی چی بووە، دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، قەیرانی مووچە، ناکۆکی لەسەر داهات، کێشە لەسەر هەڵبژاردن، شکستی پڕۆسەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و بەردەوامبوونی گومان لە نێوان دامەزراوەکان، کاتێک دوو هێزی سەرەکی ناتوانن بەرنامەیەکی هاوبەشی حوکمڕانی دروست بکەن، ئەوا بەردەوامیپێدانی هەمان مۆدێل بە ناوی "یەکیزی" تەنها درێژکردنەوەی قەیرانە و دروستکردنی سەرئێشەیەکی سیاسیە بە خۆکوو کەمەگا.

لاوە گرنگتر، ئەو گوتارەی کە هەر جارێک باس لە یەکخستنی واقیعی دەسەڵات دەکرێت، دەستبەجێ دەگەڵدرێت بە "مەترسی لەسەر قەوارە"، گوتارێکی بە بنەما و ساختەکارانەیە، چونکە قەوارەی هەرێم بوونی لاواز نابێت کە پارتی لە ناوچەی نفوزی خۆی و یەکێتی لە ناوچەی نفوزی خۆی بەرپرسیارێتی حوکمڕانی بگرنە ئەستۆ؛ بە پێچەوانەوە، قەوارەی هەرێم بوونی لاواز دەبێت کە هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی ڕاستەقینەی شکستی خۆی نەگرێتە ئەستۆ و هەموو شتێک بە ناوی "هاوبەشی" و "هاوسەنگی" بشاردرێتەوە.

ئەگەر پارتی لە ناوچەی خۆیدا خزمەتگوزاری باشتر، ئابووری

بەهێزتر، دامەزراوەی کاراتر و سەقامگیریی زیاترو ئابوریەکی بەهێز دابین بکات، با هاووڵاتی لەسەر ئەو ئەنجامانە حوکمی لە بدات، هەروەها ئەگەر یەکێتی لە ناوچەی خۆیدا مەدلەکی باشتر لە حوکمەانی، خزمەتگوزاری و ئازادیی سیاسی دابین بکات، با هاووڵاتی بە بێگە و ئەنجام بیار بدات، نە بە هێمەت و بانگەشە، ئەو بنەمای ڕاستەقینەی بەرپرسیارێتییە، کاتێک دەسەڵات ووون دەبێتەوە، بەرپرسیارێتیش ووون دەبێتەوە، بەڵام کاتێک هەموو شتێک لە دەستەلاتێکی هاوبەشی ناووندا تێکەڵ دەکرێت، هیچ لایەنێک بەرپرسیار نابێت و هاووڵاتی ناتوانێت بزانێت کە بەرپرسیارە لە سەرکەوتن یان شکست.

ئەوەش یەکێکە لەو خاانەی کەمێک نووسەر، توێژەر و مامۆستای زانکۆی نزیک لە سیاسەتی یەکێتی زەرجار هەوڵ دەدەن بە گوتاری ترس ئەو فەزا سیاسیە داپۆشن، ئەوان کاتێک باس لە دوو زەن دەکرێت، دەیگەڕێنن بە پرسی لە ناوبردن و دابەشکردنی قەوارەی هەرێم، لە کاتێکدا باسەکە لە بنەڕەتدا دابەشکردنی نیشتمان نییە، بەڵکو ڕێکخستنی بەرپرسیارێتیی سیاسی و کارگێڕییە، هیچ کەسێکی بەرپرسیار نابێت داوای لاوازکردنی قەوارەی هەرێم بکات؛ بەڵام هەر کەسێکی بەرپرسیار دەبێت داوای کۆتاییهێنان بە مەدلەکی ناکارای حوکمەانی بکات کە ساانێکە هەرێمی خستووەتە ناو قەیرانی بەردەوام.

ئەو جۆرە بانگەشانە، کە گوایە ڕێکخستنی دوو ناوچەی نفوز واتە لەناوبردنی هەرێم، جگە لە قسەی بەتاڵ و بە بنەما هیچی تر نین، قەوارەی هەرێم ئەگەر بخوازرێت پارێزراو بێت، دەبێت لە ڕێگەی ئەو خاانەوە پارێزراو بێت، یاساسازی، ووونیی دارایی، سنووردارکردنی دەسەڵات، بەڕێوەبردنی کارا، هەزی پێشمەرگەی ڕێکخراو، پێوەندییەکی یاسایی لەگەڵ بەغدا و بەشداریی هاووڵاتی لە بیاردان، ئەمانە هیچ کامیان بە گوتاری فۆبیا دروست نابن، بەڵکو بە سیاسەتی ڕاستگیانە و بە بیاری بوێرانە دروست دەبن.

لە ڕوانگەی هەستکردن بەو بەرپرسیاریتییە، دەبێت بڕوا بەو کەمێگای کوردستان چیتر نابێت بە بابەتی لاوەکی و هاشوهوشی سیاسی بە بنەما سەرقاڵ بکرێت، هاووڵاتی مافی ئەوەی هەیە بزانێت کە دەسەڵات بەڕێوە دەبات، کە بەرپرسیارە لە مووچە، کە بەرپرسیارە لە ئەمنیەت، کە بەرپرسیارە لە خزمەتگوزاری، کە بەرپرسیارە لە داهات و کە بەرپرسیارە لە شکستی حکومەت، مەدلی ئێستای هاوبەشیی ناووون ئەو پرسیارانە لەڕ دەکات، مەدلی دوو زەنی، ئەگەر بە ووونی و بە ڕێککوتنی سیاسی، بە چوارچێوەی یاسایی و بە پاراستنی یەکێی دەستووری هەرێم جێبەجێ بکرێت، دەتوانێت بەرپرسیارێتی و دەستەاتێکی زۆالتر پێشکەشبکات.

ئەو مەدلەل نابەت بە مانای شکۆ، دابەشبوون یان هەڵوەشاندنەوەی هەرێم لەک بدرێتەوە، بە پێچەوانەوە، دەتوانێت ببێتە مەدلەلکی کارگەی بە کەتاییهێنان بە قەیرانی بردەوام، واتە، هەرێم وەک قەوارەیەکی دەستووری و سیاسی بمێنێتەوە؛ نوێنەرایەتی دەرەوە، پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، پرسی دەستووری، پاراستنی سنووری هەرێم و بەرژەوەندییە گشتییەکان بە چوارچێوەیەکی هاوبەش بمێننەوە؛ بەڵام لە ئاستی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەدا، هەر لایەنێک لە ناوچەی نفوزی خۆی بە ڕووبەڕوبوونی بەرپرسیار بێت، ئەوە بەگەی لاوازی نییە؛ بەڵکو هەوڵێکە بە ڕێکخستنی واقیع و ڕزگارکردنی کەمەگا لە درێی سیاسی.

مژوو نیشانی داوە کە پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی سەرەکی، ناتوانن بە ئاسانی و بە شێوەیەکی تەندروست لە ناو حکومەتێکی هاوبەشی کارادا هەبکەن، هەر جارێک هاوبەشییان کردووە، قەیرانەکان بە شێوەیەکیتر سەریانهەلداوەتەوە، هەر جارێک ناکۆکیەکان قووڵتر بوونەتەوە، دامەزراوەکان و هاووڵاتیان باجیان داوە، بۆیە ئەوە پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە، ئەگەر دوو هێز ناتوانن بە یەکەوە بە شێوەیەکی کاریگەرو تەندروست حوکم بکەن، باشتر نییە هەر یەکەکیان بە ڕووبەڕوبوونەوەی بەرپرسیارێتی ناوچەی خۆی بگرێتە ئەستۆ و لە ئەنجامدا کەمەگا بزانێت کە سەرکەوتووە و کە شکستی هێناوە؟.

لە کۆتاییدا، ئەوەی پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە، پاراستنی قەوارەی هەرێم بە دروستکردنی فەبیا لە زینهنی خەڵکدا نابێت، قەوارەی هەرێم بە ڕاستگۆیی، دامەزراوە، خزمەتگوزاری، بەرپرسیارێتی و ڕێکخستنی واقیع دەپارێزرێت، ئەو کەسانەی هەموو جارێک بە ناوی "مەترسی لەسەر هەرێم" خەڵک دەترسێنن، پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، ئەگەر مەدلەلی ئێستا ئەوەندە سەرکەوتووە، بۆچی حکومەت بردەوام گیردەی قەیرانە؟ بۆچی مووچە و خزمەتگوزاری دەبنە قوربانی؟ بۆچی هەبژاردن و پەکهەناننی کابینە دەبنە مەیدانی ململانێ؟ بۆچی دامەزراوەکان بە تەواوی یەکناخرێن؟ وەڵامی لەژیکی ئەوەیە، چونکە مەدلەلی هاوبەشیی ناوونی ئێستا گەیشتووەتە سنووری خۆی، کاتێک مەدلەلێک کار ناکات، بەرپرسیارێتی ئەوە نییە بە درێژایی کار دەکات؛ بەرپرسیارێتی ئەوەیە چارەسەرێکی واقیعی پێشنیار بکەین. مەدلەلی دوو زانی، بە مەرجی ئەوەی لە چوارچێوەی پاراستنی قەوارەی دەستووری هەرێم، ڕێککەوتنی سیاسی، ڕووبەڕووبوونەوەی کارگەی و مافی هاووڵاتی جێبەجێ بکرێت، دەتوانێت ببێتە چارەسەرێکی کرداری بە قەیرانێک کە سااننکە هەرێمی کوردستانی لەناو بازنەی بەکەتایی ناکۆکیدا گیردەی کردووە.

خەڵکی کوردستان پێویستی بە ترساندن نییە؛ پێویستی بە ڕاستگۆیی هەیە، پێویستی بە گوتاری فێبیا نییە؛ پێویستی بە بەیاری سیاسیی بوێرانە هەیە، پێویستی بە شاردنەوەی واقیع نییە؛ پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع هەیە، ئەگەر قەوارەی هەرێم بە ڕاستی بە هەموومان گرنگە، ئەوا نابێت بیکەینە بارمتەی هاوبەشییەکی ناکارا و ملمێنێکی بکەتا، پێویستە قەوارەکە بپارێزرێت، بەڵام حوکمڕانییەکەش ڕووبەڕووبوونەوە و کارا بکرێت، ئەویش جیاوازی نێوان سیاسەتی بەرپرسیار و بانگەشەی بەتاڵ.

لە بنەڕەتدا، ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم" دەخرێتە ناو بازاڕی سیاسی، پێویستە بە وردی لێی بکۆڵرێت، چونکە ئەو بانگەشەیە زیاتر لەوەی ئاگادارکردنەوەیەکی نیشتیمانی بێت، وەک ئامرازێکی فشار و باجگیریی سیاسی دەردەکەوێت، یەکێتی نیشتیمانی، کە لە ماوەی سااڵنی ڕابردوودا لە زێر قەناغدا نەیتوانیوە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و پێوەرەکانی حوکمڕانی و کاریگەری خۆی دەسەاتی هاوسەنگ بەدەست بهێنێت، ئەوە هەوە دەدات بە ڕێگەی ئەو جۆرە گوتارانەوە فشار بخاتە سەر ڕکابەرە سیاسییەکەی بە ئەوەی دەسەاتی پێ دابەش بکرێت.

ئەوە ئەو خاڵەیە کە پێویستە کەمڕێگا بە ڕوونی تێبگات، ئەو سیاسی و حیزبی و نووسەرو توێژەر و مامۆستای زانکۆیانەی بەردەوام باس لە "لەناوچوونی قەوارەی هەرێم" دەکەن، زۆرجار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەت بەو هەڵە سیاسییە دەکەن کە یەکێتی دەیەوێت لە ڕێگەیەوە داوای بەشداریی زیاتر لە دەسەات بکات، ئەوان باسکە وەک مەسەلەیەکی نیشتیمانی و چارەنووسساز پیشان دەدەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا مەسەلەکە پێوەستە بە ململانێی دەسەات، پۆست، داهات و نفوز، واتە قەوارەی هەرێم دەکرێتە دروشم، بەڵام ئامانجی ڕاستەقینە فشارە بە سەر پارتی بە ئەوەی یەکێتی لە دەسەاتدا پێگەیەکی زیاتری پێ بدرێت.

جوتیار مەلا ڕەئوف

پەیوەندیی سەکسی نێوان مامۆستا و خوێندکار: پرسیارێک لەسەر دەسەڵات، بەرپرسیارێتی و ئەخلاق.. نووسینی هەمن عەلی

تووڕەیی و هەستکردن بەرامبەر بە نادادپەروەری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، کاردانەوەیەکی سروشتی و ڕەوایە. قەستنەوەی پگەی دەسەڵات، بە تایبەتی لە دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا، یەکێکە لە مەترسیدارترین و زیانبارترین جۆرەکانی پشێلکاری. دەستواژە فینلەندییەکە (Hän uhriutuu, hän haluaa pestä kätensä) ئاماژە بەو هەڵسوکەوتە دەکات کە کەسێک لەبری دانپێدانان بە هەڵە و بەرپرسیارێتیی کردارەکانی، خۆی وەک قوربانی نیشان دەدات و هەوڵ دەدات خۆی لە لێپرسینەوە و ئەنجامەکانی کردەوەکانی دوور بخاتەوە.

ناوەندە ئەکادیمییەکان، وەک زانکۆ و پەیمانگاکان، دەبێت ژینگەیەکی ئارام، پارێزراو و دادپەروەر بن کە تێیدا زانست، لێهاتوویی و شایستەیی تاکەکان تەنها پێوەری هەڵسەنگاندن بێت. بەڵام کاتێک ئەم دامەزراوانە دەبنە شوێنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و قەستنەوەی لاوازیی خوێندکاران بۆ مەرام و بەرژەوەندیی کەسی، زیانەکە تەنها بە قوربانییە ڕاستەقینەکان ناگات، بەڵکو شکۆ، باوەڕپکراوی و کرامەتی سیستەمی پەروەردەش دەخاتە مەترسییەوە. لەو بارودۆخەدا، متمانەی کەمەگا بە دامەزراوە ئەکادیمییەکان لاواز دەبێت و بنەماکانی دادپەروەری، یەکسانی و شایستەسالاری زیانی پێ دەگات.

پەیوەندیی مامۆستا و قوتابی

پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی نایەکسانە. مامۆستا خاوەنی دەسەڵاتی هەڵسەنگاندن، نمرە و بڕیاردانە لەسەر داهاتووی ئەکادیمیی خوێندکار. لەبەر ئەم هۆکارە، لە وڵاتە خاوەن سیستەمە دیموکراسی و پێشکەوتووەکاندا، هەر جۆرە نزیکبوونەوەیەکی سێزداری یان سێکسی لەلایەن مامۆستاوە بڕامبەر خوێندکار بە تووندی قەدەغەکراوە. پاساوی "ڕەزامەندیی هەردوولا" لەم جۆرە کەیسانەدا بەتاڵە و جێگەی قبوڵ نییە، چونکە بژاردەی

خوەندکارەکە لەژێر پاڵپەستۆی کاریگەریی دەستەبات، ترس، شەرم، یان تەنانەت بەرژەوەندیی ئەکادیمیدایە. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی قەستنەوە (Exploitation) و پێشێلکارییەکی گەورەی ئەخلاقی و پیشەییە.

بەکارهێنانی پیرەزییەکان بۆ داپۆشینی هەڵە و بەرپرسیارێتی

یەکێک لە مەترسیدارترین دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا ئەوەیە کە کەسانی خاوەن پۆستی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان ئایینی، پیرەزییەکانی کۆمەڵگا وەک وەسیلەیەک بەکاربهێنن بۆ پەردەپۆشکردنی هەڵە و تاوانەکانیان. کاتێک کەسێک، بەتایبەتی ئەوانەی خەیان وەک نوێنەری ئایین دەناسێنن، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گوتاری ئایینییەوە خەی وەک "قوربانی" نیشان بدات یان دەستی خەی لە تاوانێک بشوات، نێک تەنها ستەم لە قوربانییەکە ناکەیتەوە، بەڵکو گەمە بە هەستی باوەڕداران و بەها باڵاکانیش دەکات. ئەم کەسانە لەبری ئەوەی باجی هەڵەکانیان بدەن، هەوڵ دەدەن کۆمەڵگا بکەنە قەرزاری خەیان و ناکەیەکان چەواشە بکەن.

بەرەو ژینگەیەکی یاسایی و پارێزراوی ئەکادیمی

بە ڕیشەکێشکردنی ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان، تەنها ئیدانەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕاخنەگرتن بەس نییە. ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەری دامەزراوەیی و یاسایی هەیە. کۆمەڵگا گەیشتووەتە قۆناغێک کە تێیدا پاراستنی خوێندکاران و سنووردارکردنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەبێتە پێویستییەکی ناگوزیر.

دانانی یاسایەکی ڕوون و کاریگەر:

پێویستە دەزگا یاسادانەرەکان و وەزارەتی خوێندنی باڵا یاسا و ڕێنماییەکی ڕوون دابنێن کە سنووری پەیوەندییە پیشەییەکان دیاری بکات و سزای گونجاو بۆ هەر جۆرە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یان قەستنەوەی خوێندکاران لەخۆ بگرێت.

پاراستن و پشتگیریی قوربانیان:

گرنگە ناوەند و میکانیزمی سەربەخۆ لە ناو زانکۆکاندا دامەزرێندرێت بۆ وەرگرتنی سکاڵاکان بە شێوەیەکی نهێنی و پاراستوو، تا خوێندکاران بتوانن بە ترس لە ناوزڕاندن یان تۆمەتبەندنەوە، مافەکانیان داوا بکەن.

بەهێزکردنی سەروەریی یاسا:

هیچ کەسێک نابێت لە سەروەی یاساوە بێت. پۆگەی ئەکادیمی، کۆمەڵایەتی یان ئایینی نابێت ببێتە هۆی دەربازبوون لە

لەپرسینەوە. بە پێچەوانەوە، ئەوانەی پێگەیەکی کاریگەریان هەیە دەبێت زیاتر پابەند بن بە بنەماکانی ئەخلاق و بەرپرسیارێتی، چونکە ئەرکی پێگەیاندن و نمایشکردنی نموونەکان لەسەر شانیانە.

کاتی چاکسازی هاتووە

لە کاتێکدا کۆمەڵگایەکی تەندروست ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا یاسا سەروەرە و بڕیارنامە لاوازەکان دەپارێزێت. قبوڵکردنی فەزاحەتی ئەکادیمی و بەدەنگبوون لەسی، هاندەرە بۆ دووبارەبوونەوەی تاوانەکان. کاتی ئەو هاتووە کۆمەڵگا و دامەزراوەکان پێداگری لەسەر دروستکردنی قانونێکی وا بکەن کە کاتێک بۆ بەسزایی بهێنێت، بۆ ئەوەی چیتر نەزانێ و نە مینبەرەکان نەبنە پەناگەیەک بۆ ئەوانەی دەستدرێژکانیان خراپ بەکاردەهێنن.

کاردانەوەی ستەمی مەزلومیی.. ستار ئەحمەد

مەزلوم تەنیا کەسێکی سارد و بێدەنگ نییە بۆ ڕووداوە بەسەرچووەکان، بگرە تۆزمێکی زیندوو، جووڵاو و بەردەوام کە لە ناخی ئێستاماندا دەژیێت و شوێن بە داهاتووەمان دەبەخشێت. کاتێک لە چەمکی ستەمی مەزلومیی دەڕوانین، تەنیا باسی زنجیرەیەک پێشێلکاری، داگیرکاری یان نادادپەروەری ڕابردوو ناکەین، بگرە باسی بریندکی دەروونی، کۆمەڵایەتی، گیانیی و فەلسەفی دەکەین کە لە سەرخان و ژێرخانی نەتەوەکاندا دەمێنێتەوە و کار دەکاتە سەر جومگەکانی ژیان. کاردانەوەی مرۆڤایەتی بەرامبەر بەم جۆرە ستەمە هەمیشە یەکێک بووە لە ئاڵۆزترین، سەختترین و گرنگترین بابەتەکانی کایەی فەلسەفە، زانست و وێژە، چونکە ئەم کاردانەوەیە تەنیا پەرچەکردارێکی کاتی و سەزداری نییە، بگرە سەرلەنوێ داشتنەوەی شوناس، شکۆ و بوونی مرۆڤە لەناو گەردوون و مەزووداد.
لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە، ستەمی مەزلومیی جۆرێکە لە شواندنی هاوسەنگیی سروشتیی بوون و تێکدانی بنەماکانی ڕەوشت. کاتێک کۆمەڵگەیەک یان گروپێکی مرۆیی بە ماوەیەکی درێژخایەن دەچێتە ژێر

باری سەرکوت و بەبەشکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی، جۆرێک لە دابەزانی فەلسەفی لە نەوان خۆ و "ئەویتر دروست دەبێت. ستەمکار هەمیشە هەوڵدەدات مەژوو بە ئارەزووی هێزی خۆی بنووسێتەوە و ناسنامەی ستەملێکراو بسڕێتەوە یان دەستکاری بکات، ئەمەش وا دەکات کاردانەوەی یەکەمی ستەملێکراو گیان بێت بەدوای سەلماندنی بوونی خۆیدا. ئەم گیانە فەلسەفییە لە شێوەی وریاییەوە دەست پێدەکات؛ هۆشیاربوونەوە بۆ ئەوەی کە دەخێ ئێستا دەخێکی سروشتی و هەمیشەیی نییە، بەڵکو دەخێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەستکردە. لێرەوە کاردانەوەکە لە کەنارگیرکردن، بێهیوایی و ئازیبوونەوە دەگۆڕێت بۆ یاخیبوونێکی هزری چڕ. مرۆڤی ستەملێکراو دەست دەکات بە پرسیارکردن لە چەمکەکانی دادپەروەری، ئازادی، یاسا و ئابووری. ئەو چیتر پەیوەر و ڕەسای ستەمکار وەک ڕاستی ڕەها وەرناگرێت، بەڵکو بەدوای دادپەروەرییەکی ڕەسەندا دەگەڕێت کە بتوانێت بەهای پشێلکراوی بۆ بگێڕێتەوە. ئەم گیانکارییە هزرییە دەبێتە هۆکاری لەدایکبوونی فەلسەفەیەکی نوێ کە لەسەر بنەمای ڕزگاری، ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی و خەناسین دامەزراوە، کە تێیدا مرۆڤ لە قوربانییەکی بەدەنگەوە دەبێتە بکەرێکی هۆشیار.

لە ڕوانگەی زانستییەوە، بە تایبەتی لە کایەکانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی و زانستی دەماردا، کاردانەوەی بەرامبەر بە ستەمی مەژووییی خاوەنی پێکهاتەیەکی سیستمی، پەیوەندکراو و کارتێکەرە. زانستی هاوچەرخ دەیسەلمێنێت کە ئازار، توندوتیژی و نەهامەتییە گەورەکان تەنیا لە بیرەوەری تاکە هاوچەرخەکاندا نامێننەوە، بەڵکو لە ڕەگەی دەروونی کۆمەڵایەتی و تەنانەت گیانکارییە زیندەییەکانیشەوە بە نەوەکانی دوای خۆیان دەگوێزرێنەوە. کاتێک نەتەوەیەک بە چەندین سەدە یان دەیە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە دەبێتەوە، جۆرێک لە بریندی دەروونی کۆمەڵایەتی هاوبەش دروست دەبێت کە کاریگەری ترسناک لەسەر شێوازی بیرکردنەوە، بەیاردان، متمانەی بەخۆبوون و پێکهاتەی پەیوەندییە مرۆییەکان دادەنێت. کاردانەوە زانستییەکە لێرەدا لە دوو ئاراستەی جیاوازدا کورت دەبێتەوە؛ ئاراستەی یەکەم بریتییە لە دەخی بەرگری و پاراستنی مانەوە، کە تێیدا کۆمەڵگە هەموو وزە، خەسڵەت و تواناکانی خۆی کەدەکاتەوە بە ئەوەی لەناو نەچێت، نەسڕێتەوە و شوناسی خۆی بپارێزێت. ئاراستەی دووەم، کە ئاراستە هەڕە گرنگەکەیە، بریتییە لە پرسەی چاکبوونەوە، هۆشیاربوونەوە و تێپەڕاندن. کۆمەڵناسی پێمان دەڵێت کە کاردانەوەی تەندروست و کارا بە ستەمی مەژووییی ئەو کاتە ڕوودەدات کە کۆمەڵگەی ستەملێکراو بتوانێت زانست، زانیاری، ڕەخستنی کۆمەڵایەتی و هێزی بیرکردنەوە وەک چەکێک بە گۆڕینی

دەخەکەی بەکاربهێنەت، نەک تەنیا لە ناو بازنەی بەزەیی پیاهاتنەوە و قوربانیبووندا بخولێتەوە. گۆڕینی وزەی کەپەسەندووی تووڕەیی و خەم بە وزەیەکی داهێنەرانە، زانستی، ئابووری و بنیادنەرانە، بەرزترین و کاریگەرترین ئاستی کاردانەوەی زانستی و ژیرانەیە کە هێگا لە دووبارەبوونەوەی ستەم دەگرێت.
کاتێکیش لایەنە وێژەییەکەی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە دەپشکنین، دەبینین وێژە دەبێتە زمانحاڵی ئاستەقینە، نەمر و ناوەکیی ئەم کاردانەوە قووڵە. وێژە ئەو کایە پیرۆزەیە کە مێژووی فەرمی و دەسەڵاتی سەرکوتکار ناتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت یان بە ئارەزووی خۆی بینووسێتەوە؛ ئەگەر ستەمکار بتوانێت بە هەزی چەک پەتووکە مێژوویەکان بشوونێت، مەزارخانەکان تەکبەرات و ئاستییەکان بشارێتەوە، هەرگیز ناتوانێت هێگری لە گۆرانی، شیعر، داستان و چیرۆکەکانی گەلەکی بندەست بکات کە لە دڵ و دەروونیاندا دەژی.
ئەدەبیاتی کاردانەوە بەرامبەر بە ستەم، هەمیشە زیندوو، پڕ لە هەمای ورد و لەوانلەو لە جوانی و بەرگریین. لەڕدا وشەکان دەبنە سەنگەری پاراستنی ئاستی و هێستەکان دەبنە ناسنامەی بەرەنگاری. شاعیران و نووسەران لە هێگەی بەرهەمەکانیانەوە، ئازاری بەدەنگی نەوەکانی ئابردوو و هاواری کەرامەتی پێشێلکراو دەگۆڕن بە دەنگەکی هەمیشەیی کە کات و شوێن دەبڕێت و دەگاتە گوێی جیهان. وێژە لەم کایەیەدا تەنیا گۆڕانەوەی وشکی هێوداوەکان نییە، بەڵکو سەرلەنوێ ئەفراندنەوەی هیوایە لە ناو جەرگەی بێهیواییدا، و زیندووکردنەوەی گیانی بەرگرییە. کاتێک مرۆڤی ستەملێکراو دەنووسێت، داهێنان دەکات و دەقی وێژەیی بەرز دەفرێنێت، لە ئاستیدا بە جیهان ئادگەیەنێت کە ئەو هەشتا هەیە، خاوەنی ڕۆحێکی ئازادە، بیر دەکاتەوە و هەشتا دەتوانێت لە ناو جەرگەی تاریکییدا جوانی ببەخشێتەوە. ئەم کاردانەوە وێژەییە دەبێتە پردێکی پتەو لە نێوان ئابردووی پڕ لە ئازار و داهاتووی پڕ لە ئازادی و هووناکی، و هێگا نادات کەمێگە بکەوێتە ناو داوی کوشندەی فەرامۆشییەوە، چونکە پشتگوێخستن یان ئاهاتن لەگەڵ ستەمدا، گەورەترین مەترسییە کە هووبەووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە.
ئەم سێ هێهەندە سەرکییە؛ واتە فەلسەفە، زانست و وێژە، لە خاڵێکی بنەڕەتیدا یەکدەگرنەوە کە ئەویش گۆڕینی دەخی تاریکی ستەمکارییە بە بزووتنەوەیەکی بەردەوامی هۆشیاری و خانوکردنەوەی نەتەوەیی. کاردانەوەی ئاستەقینە و کاریگەر بەرامبەر بە ستەمی مێژوویی تەنیا لە هاوارکردنی کاتی و نواندنی ناڕازایەتی هووکێشیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە بنیاتنانی مرۆڤێکی نوێ، کەمێگەیەکی بەهێز و نەوەیەکی تەکنۆشکاو پێدەگات. مرۆڤێک کە لە هووی فەلسەفییەوە

ئازاد و خاوەن دیدگا بێت، لە ڕووی زانستی و بیرۆ بۆچوون، داڕژراو و هۆشیار بێت، و لە ڕووی وێژەیی، کلتووری و ڕەحیەوە پێ بێت لە بۆها بەرزەکان، ڕەسەنایەتی و جوانی. مێژووی مرۆڤایەتی بە ڕوونی سەلماندوویەتی کە ئەو گەلانەی توانیویانە بەم شێوازە گشتگیر، دڵشت و هەمەلایەنە کاردانەوەیان هەبێت و بریندارکانیان بکەنە سەرچاوەی هێز، نەک هەر لەناو نەچوون و خۆیان بەدەستەوە نەداوە، بەڵکو لە ناو خۆمێشی ساردبووەوەی ستەم و داپڵۆسینەوە، وەک ققنەس گەشاونەتەوە و بوونەتە مۆشخەڵی ڕووناکی، داهێنان و ئازادی بۆ خۆیان و بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. لەبەرەوە، ستەمی مێژووییی، سەردەمای هەموو تاریکی، تاڵی و ئازارە بەسوودکانی، دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی گەورە و مێژووییی بۆ سەلماندنی ڕەسەنایەتی، ڕەگ و هێزی مانەوەی گەلان، و کاردانەوە سەرکەوتووەکەش دەبێتە گەواهیدەری زیندوو، وێژەیی و فەلسەفیی سەرکوتنەکردنی گیانی مرۆڤی ئازادیخواز لە بەردەم تێپەڕینی کاتدا.

کوردبوون.. فواد سەعید

کوردبوون بونیاتێ و شوناسە.لە ئەزڵەوە کوردبوین و هەر کوردیش دەبین.کوردپەروەری وابەستەی شوێن و کەلتوری ناوچەیەکی دیاریکراو نیە.بەڵکو هەر کەسێک بە زمانی نیشتیمان قسە بکە ،ئەو کوردە. ئەوەی ئێستا دەبینین هەندێک لایەن، بابەتی کوردبوون و پرسی کوردبوون ،پێیوندیدار دەکەن بە جوگرافیایەکی دیاریکراو .ئەمەش غەدرێکی مێژوییە بەرانبەر بە پرسی کورد بون دەکرێت.واتایەکی تر کوردێکی فەیلی ،یان کوردێکی زاخۆیی بە جل و بەرگی خۆیانەوە ،بەرجەستەی کوردبونی خۆیان دەکەن وە کوردنن .بەڵام ناتوانن قەرغی کوردایەتی بکەن.
.بۆیە دەموەست لە ڕووی زانستیەوە ،ڕەهەند و چەمکی کوردبوون ،بخەمە ڕوو.

ناوی کورد لە ڕووی زانستییەوە هەمایە بۆ ئێتنیکێ کوردێکی دانیشتوی مهاباد، هەولێر، ئامەد، عەفرین یان دانیشتوی بەغداد، تەهران، بەرلین و واشنتن لە وەتامی پرسیاری ئەوەی سەر بە چی نەتەوەیەکی، بە جیاوازی شوێن و کات، دەڵێت من کوردم، مەبەستی لە

کوردبوون چیە؟ گومانی تێدا نیە، کە لێوانێ زۆربەیان هەر لە شەوەزمانی یەکتریش تێناگەن، دوور نیە بڕێکی هیچ شەوەزمانێکی کوردیش نەزانێتستی (Etnihnicity) کوردی ، کە بە هەی خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی شوناسی ئێثنیستیی وەکو زمان، ئاین یان کەلتور هتد، لە ئێثنیستیەکی تر جیادەکرێتەوە. بەو مانایە بێت، کە دەڵێین، کوردبوون، واتە بوونی دەرەوە جیاوازبوون لە ئەوی تری وەکو، فارسبوون، عەرەببوون یاخود تورکبوون و بوونی ناوەوەش هاوبەشیبوون یاخود لێکچونی بڕایەنی کەمی یەک لە خەسڵەتەکانی وەکو زمانێکی هاوبەش، ئاینێکی هاوبەش، کەلتورێکی هاوبەش یاخود خاکێکی هاوبەش. لە ئاستیدا نە لە ئێستا و نە لە ئابردوودا نەتەوەی کورد هەرگیز خاوەن یەک زمانی هاوبەش، یەک دەسڵات، خاک، یان ئاینیێکی هاوبەشی تاکرەنگی سەرتاسەری نەبووە، لەبەر ئەوەش ناکرێت باس لە کەلتورێکی هاوبەشی یەکرەنگیش بکرێت، چونکە کە وتمان کەلتوری هاوبەش، ناکرێت تەنها ڕەنگدانەوەی بەشێکی واقیعی کەمەگەی کوردەواری بێت و بەشێکانی تر نابینا بکات. جگە لەمەش ئاسان نییەکەلتوری کوردەواری بەهەی هاوبەشی مەژویی و ئاینی و مەزهەبی لە کەلتوری گەلانی ناوچەکە جیابکرێتەوە. کەمەگەی کوردەواری لە ئابردوو و ئێستا نێک هەمیشە لە ڕووی ئاین و مەزهەب و شەوەزاری زمان و دەسڵاتی سیاسی و کەمەایەتی لەناوخەی فرەڕەنگ و هەمەجۆر بووە و جیاوازییەکانی نێوانی چەند باری لێکچوونکانە بەشکو هاوبەشییە مەژویی و ئاینیی و کەلتوریەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی ناوچەکە گەر لەگەڵ هاوبەشیی یاخود لێکچووە ناوخەیەکانی کوردبوون زیاتر و بەهێزتر نەبێت، ئەوا بەڵایەنی کەم هاوتایە. کەواتە چ شتێک یان تایبەتمەندیێک کوردبوون لە عەرەببوون و فارسبوون و تورکبوون جیادەکاتەوە و چ تایبەتمەندیێکیش خاڵی هاوبەش کوردبوونە؟ یاخود ئەم خەسڵەتە هاوبەشانە چین، کە تاکێکی کورد بە تاکێکی تری کورد دەبەستێتەوە، جگە لە ناوی کورد، زمانێکی هاوبەش، خاک و دەسڵاتێکی هاوبەش، مەژووی هاوبەش، ئاینی هاوبەش و کەلتورێکی هاوبەش؟

کە کوردێکی هەولێر، مهاباد، ئامەد، کەبانێ، عەفرین، سەڵە کانی، یان دانشتوی بغداد، دانشتوی تهران ، بەرلین، واشنتۆن، لە وەلامی ئەوەی سەڵە بە چی نەتەیەکی ، بەبە جیاوازی شوێن و کات، دەڵێت من کوردم. مەبەستی لە کوردبوون چیە؟ گومانی تێدا نیە؟ کە لێوانێ زۆربەیان لە شەوەزمانی یەکتر تێناگەن، دوور نیە بڕێکی هیچ شەوە زمانی کوردی نەزانێت.
ئاگەڵ هەر یەکێک لەمانە بخرێتە ژێر میکرەسکۆبی زانستیەوە، ئەوە

ئەنجامەکەی ڕوونە، کە هاوبەشی یاخود لێکچوویی ڕەهای هەر یەکێک لەم خەسڵەتانە، بە تەواوی، واتە بە شێوەیەکی ڕەها بەرجەستە نین، بەڵکو ڕێژەیین، چونکە نەتەوەی کورد خاوەنی زمانێکی هاوبەشی سەرتاسەری نییە، کە بە هەیوە هەموو کورد بتوانێت لە یەکتر تێبگەن. ئەوەی پێدەگوترێت زمانی کوردی، تەنها ئاماژەیە بە کەکراوەی چەند شێوەزارێکی زمانی کوردی، نەک زمانێکی هاوبەشی سەرتاسەری، جگە لەمەش هەمو شێوەزارەکانیش لەژێر کاریگەری زمانی گەلانی تری ناوچەکە بوون و پێچەوانەکەشی هەر دروستە. نە لە ئێستا و لە مێژوی دوور و درێژی نەتەوەی کورد خاوەن جوگرافیایەکی هاوبەشی سەرتاسەری نەبووە، کە لە ڕووی ئیداری و سیاسیەکیەوە دەسەڵاتی بەسەردا هەبووبێت. وەک ئاشکراشە کورد خاوەنی یەک ئاینی هاوبەش نییە، بەڵکو پێکهاتوە لە ئاین و مەزهەبی جیاواز. تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراویش دەربارەی بوونی ئاینێکی هاوبەشی سەرتاسەری لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی کورد بوونی نییە. ئەوەی هەیە تەنها بەچون و خەیاڵە، نەک ڕاستی سەلمێنەراو. ئەوەی پەیوەندیی بە هاوبەشی بایەلۆژیش هەیە، کە کەن پەدەوترا، نەژادی هاوبەش، بە زمانی ئاسایی هاوخوێن و هاوگەشتی پەدەڵێن، ئەوا ئێستا باسکرن لە بەتە عەیبە، چونکە چەندان نموونەی مێژویی سەلمێنەری ئەوەن، کە لە زەربەی ناوچەکانی جیهان و بە تایبەتیش ئەو خاکەی ئەمە پێی دەڵێن کوردستانی گەورە، لەوتەی هەیە، مەبەندی تەکەڵابوونی نەتەوەو و کەلتوری جیاوازە.

کەواتە لە ئێستادا، کە کوردەکی دانیشتوی مهاباد، هەولێر، ئامەد، عەفرین یان دانیشتوی بەغداد، تەهران، بەرلین و واشنتۆن لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی سەر بە چی نەتەوەیەکی، بە جیاوازی شوێن و کات، دەڵێت من کوردم، مەبەستی لە کوردبوون چییە؟ گومانی تێدا نییە، کە لەوانەیە زەربەیان هەر لە شێوەزمانی یەکتریش تێنەگەن، دوور نییە بەشێکی هیچ شێوەزمانێکی کوردیش نەزانێت. باسی جیاوازی ئاینی و مەزهەبی یاخود جیاوازی ناوچەی و خێڵەکی هەر ناکەم. کەواتە هاوبەشی یاخود لێکچویی کەسێکی خێڵەکی دەرسیم لەگەڵ کەسێکی خێڵەکی مەهاباد یان خانەقین زۆرتر یان جیاوازیەکان؟ ئەگەر شوناسێکی تری هاوبەش نەبێت، کە شوناسی نەتەوەیی کوردبوونە؟ شوناسی نەتەوەی کوردبوونیش وەکو هەر شوناسێکی تری نەتەوەیی، بیرێکی دروستکراو و خەیاڵکراوە لە بەڵگەی دروستکردن، یاخود وەناکردن و خەیاڵکردنی زمان و بەچەک و مێژو و جوگرافیا و هەشیار و بیرەوەری و چارەنوسی هاوبەش، هتد.

تێبینی:
هەردوو چەمکی (nation) ،(ethnicity). بە ئێستا هەمان مانا دەکرێن .بەڵام چەمکی (ethnicity)، بە نەتەوەیەک و زمان و کلتورێکی دیاریکراو بەکاردێت .
چەمکی (Nation) چەمکێکی سیاسیەو و بەواتای جێستەیەکی سیاسی هێکخراو لە چوارچێوەی دەوڵەت دێت. واتە بوونی دەوڵەت یەکێکە لە مەرجە یاسایی و سیاسیەکان. چەمکی نەتەوە (Nation) بوونە بە شوناسی تێکرای هاوڵاتیانی وڵاتێکی دانپێدانراو.
بەسود وەرگرتنم لە وتاری کاک ئاراس.

زنجیرەیەك شکان لە دەقی (شکان)ی سەلام عومەر.. سەبری زەهاوی

(شکان
لەسەر شەقام مەبایلەکەم لە بەربوو
دەیان وشەی پەپولەیی لە دەوری کچێك کەبوو
لە تاقیگە
پەرستارێك شوشەی خوێنەکەی شکاندم
سەدان گوڵەشیعری سووری
لە وەراندم
نەوەکەشم
لاپتەپەکەی بەردامەوە
پەردەی لەسەر هەزاران نهێنی نەو فڕەدەرە شاراوەکان هەڵدامەوە،
ئەو چاویلکەی ساناێك بوو
نیشتمانم پێدەبینی
لەیان ستاندم
هەڵی نەوان من و خاك و
تەڵی نەو چاویان پساندم.)
شیعری (شکان)ی سەلام عومەرم لە ماپەڵی (دەنگەکان)م خوێندەوە، سەرنجی راکێشام و نەمتوانی لەبەرامبەریدا بێدەنگ بم، زەرقووە و

پ ل ل و ن ی زیندوو ، شیعر ک ب زمان ک ی سادە ب ام پ ل ل مانا ، ب اس ل زنجیر ی ك «شکان» و «ل دەستدان» دەکات ک ل ئاستی تاکەکەسیی و دەست پ دەکات و ل کەتایید ا دەگات ئاستی نیشتمانی و گشتی.

ل ر دا شیکردن و ی ک ی ق ناغ ب ق ناغ ب دەق ک دەخەم ڕوو:

شیکردن و ی و ن شعری ی کان

1- شکانی ی ک م: م ب ایل ک و جیهانی تەکنەل جیا

(ل سەر شەقام م ب ایل ک م ل ب ر ب و / د ی ان وشەی پ پول ی ی ل د وری کچ ك ک ب و)

ل ر دا م ب ایل ک تەنها ئام ر ک ی تەکنەل جی نیی ، ب ک و سندوق ی عەشق و نامە شاردراوەکان . ک وتنی م ب ایل ک د ب ت ە ه ی ئاشکرابوونی «وشە پ پوول ی ی کان» (ک پ ل ل نام ی دەداری و جوانی). ک ب وون و ی وشکان ل د وری کچ ك، و ن ی ک ی فانتازیی جوان دەسازن ت، ع شق ك ک تا ئ ستا شاراو ب وو، کچی ب م ک وتن ت واوی نەهن ی کان ل سەر شەقام ک پ رشوبڵاو ب وون و .

1- شکانی دووەم: شوشەی خ ن و شیعر

(ل تاقیگ / پ رستار ك شوشەی خ ن ک ی شکاندم / سەدان گ شیعری سوری / ل و راندم)

ئ م ب شە زەر کاریگەر ، شاعیر خ نی خ ی ب تەنها شل ی ک ی ب ای ل جی نابین ت، ب ک و خ نی ئ و «شیعر»، شکانی شووشەی خ ن ک ل تاقیگ، ی ک سان ب و ری نی «گ ش یعری سوور،» ل ر دا تەکەڵاوبوون ک ی ت واو ل نەوان جەست (خ ن) و ڕ ح (شیعر)دا ه ی ، شاعیر ل گ ی خ ن ب ر ب وون و ، داهێنانی ل دەچ ت.

٣. شکانی سێ ەم: ن و و ف دەر شاراوەکان

(ن وەکەشم / لاپت پەکەی ب ردامەو / پ ردەی ل سەر هەزاران نەهێنی ن و ف دەر شاراوەکان هەڵدامەو)

ل ر دا ململانێ یان جیاوازی نەوان ن وەکان (شاعیر و ن وەکەی) د ب ین ر ت، ن وەی نەو ب ب باکی ی ان ب ه ڕ (ب ردان وەی لاپت پەک) سنووری تاب ت مەندیی کانی شاعیر د ب ز ن ت، «ف دەر شاراوەکان» دەکرێت ئ رشیفی تەمەنەك بن، یادگاری ک ن بن، یان ئ و دەق خاوەن مەڵا و تاب ت ی انە بن ک شاعیر ن ید وی ست ک س ب ان ی ب ین ت، ب ام تەکنەل جیا و ن وەی نو ڕووتیاکردن و .

4-. شکانی ک تایی: چاویلکە و نیشتمان (لوتکەی تراجیدیا

(ئ و چاویلکەی ساەنەك بوو / نیشتمانم پ د ب ینی / ل ی ان ستاندم / ه ی ن وان من و خاك و / ت ی ن و چاویان پساندم.)

ئ م گرنگترین و قورسترین بڕی شیعر ک ی ، ل ر دا شکانەک ل ک ر ست ی شەخسی ی و (م ب ای ل، لاپت پ) د ب ت شکانەکی وجودی و

نیشتمانی، چاویلکەکە لەردا هەمای «دیدگا»، «ئومێد»، یان ئەو «فلتەر»ەیە کە شاعیر لە ڕۆگەیەوە هەشتا جوانییەکانی نیشتمانی پێ دەبینی.
سەندنەوەی چاویلکەکە و پچڕانی «تەنی نێو چاو»، کنایەیە لە کوێربوون بەرامبەر بە داهاتووی خاك، یان دابڕانی یەکجارەکیی مرۆڤ لە ناسنامە و نیشتمانەکەی.
سەرنجی گشتی و ڕەخنەیی
زمان و شێواز: زمانێکی زەر ڕەوان و هاوچەرخی بەکارهێناوە، بەکارهێنانی وشەی وەك (مۆبایل، لاپتۆپ، تاقیگە، فڕۆکەدەر) هاوئاهەنگە لەگەڵ ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆدا و شیعرەکەی لە کلاسیکبوون دوورخستووەتەوە.
مۆسیقا و کێش: سەرواکان و ڕیتمی دەنگەکان (شکاندم، وەراندم، بەردامەوە، هەڵدامەوە، ستاندم، پساندم) مۆسیقایەکی خەمناك و ناوەکییان بە دەقەکە بەخشیوە کە لەگەڵ چەمکی «شکان»دا دەگونجێت.
بونیادی درامی: شیعرەکە هەڵکێشی سەرکەوتووی هەیە، لە شتێکی بچوکی سەر شەقامەوە دەست پێدەکات و هەدی هەدی قووڵ دەبێتەوە بە ناو جەستە (خوێن)، پاشان خەزان (نەوڕ)، و لە کۆتاییدا دەگاتە گەورەترین چەمك کە (نیشتمان)ە.
شیعرەکە هاواری مرۆڤێکی هاوچەرخە کە لەبەردەم باهەزی تەکنەلۆجیا، تێپەڕینی تەمەن، و غەدرەکانی نیشتماندا، هەست بە ڕەوتبوونەوە و لەدەستدانی بینایی و پەیوەندییەکانی دەکات، دەستی کاك سەلام خۆش بێت، تێکستێکی زەر سەرکەوتوو و پڕ مانا و چڕبەخشە.

سەبری زەهاوی
مهاباد

ڕاڤەیتر2: نەگووتراو.. ئازاد حەمە

نەگووتراو ، یان ئەوەی جارێ نەبووە بە گووتن
نەگووتراو، ئەو چەمکە یان دەربڕینەیە جارێ نەبووە بە گووتن. بەگومان نەگووتراوەکان لە فەلسەفەدا جێگای گفتووگۆی قوڵن؛

گومانیشمان نییە گەر نەگووتراوی زۆرێک لە بیرمەندەکان ببوایە بە گووتن، تەنگە ئەستا فەلسەفە لە ئاستێکی تری هزری بوایە. گەکردنی نەگووتراوەکانی(نەگووتراوە بیرلێکراوەکانی) بیریاران مانادارن بە ژیانی مرۆڤەکان؛ دەتوانن دەستکاری ژیانمانبکەن. بەڵام ئەوە قەد بەدەنگیی بەنرخناکات. ئەوەتا سپینوزا دەڵێت: جیهان بەختەوەرتر دەبوو گەر مرۆڤەکان ئەو دەمانەی دەبوو قسەبکەن، بیانتوانیایە بەدەنگ بن. لێرەدا بەدەنگی بە سپینوزا بە واتای نەگووتن دێت.
هەموو دەزانیین، کە گووتن هەیە، لە زۆرجار لەناو گووتندا دیوێکی شاراوە، باسنەکراو هەیە، کە دەچێتە خانەی نەگووتراوەکانەوە. ئەوەش باسنەکراو و بەنهێنیکراوەکان لەخۆدەگرێت. وەڵاییەوە، شتەی نەوان گووتراو و نەگووتراو کەن. ئاسانیش نییە دەستەمۆکردنی ئەم جۆرە شتە. نەگووتراو پێ پێ لە نادیاریی، تارمایی. ئەوەش لەبەرئەوەی نەگووتراوەکان نەدرکێنراوەکانن.
نەگووتراو وەکیتر گەنەکراوە. گووتنێکە هەشتا نییە. تەنها زمان دەتوانێت گووتراوەکان لە نەگووتراوەکان جیابکاتەوە. ئەبەتە زۆرێک لە گووتراوەکان لەیەکدی دەکەن، لە نەگووتراوەکان لە هیچ ڕووەکەوە هاوشێوەی یەکتر نییەن. ئەوەش بەهۆکاریئەوەی نەگووتراوەکان بوونیان نییە بەیە ناتوانیین هاوشێوەکانیان دیاریکەین. نەک هەر ئەوە، بگرە ناهاوشێوەکانیشیان هەر نیین.
گووتنی مردووەکان هەردەم لە هەلومەرجی نەگووتراودان. ئەوان ناشتن و کەتاییان بە گووتن هێنا. مامەستا عەبدوڵا گەران و سەیاب، یان گرامشی و تشیڤارا، یاخود پێکاسۆ و برێخت ئەوەی گووتیان کەتا گووتنیان بوو. مردووەکان ناتوانن هیچ بخەنەسەر خەرمانەی گووتراوەکانیان.هەروەها گووتنی مردووەکان لەپاش مردنیان بریتیین لە گووتراوەکانی پشوویان؛ لە کەتاییدا ئەوەی ناسنامەی مردووەکان دیاریدەکات نەگووتراوەکانیانە کە بەئاگاینلێیان.
گووتن یان قسە ئەو دەمە هەیە، کە بیرکردنەوە هەیە. بیرکردنەوە نەما گووتن، قسە، نامێنێت. بەڵام خودی بیرکردنەوە دەشێت هەبێت و گووتنیش نەبێت. ئەمە ئەو بیرکردنەوەیە،کە نایەوێت گووتن بەرهەمبهێنێت. بیرکردنەوە کاتێک یاخیدەبێت گووتن، قسەکردن، دەوەستێت. بەمە هیچگووتن دروستدەبێت. مرۆڤیش ناهاتووە ئەمە ناوینێت هیچنەگووتن، یان قسەنەکردن.
دەکرێت ئاواش لە نەگووتراو تێبگەیین: ئەوەی نەگووتراوە واتە گوزارەلێکراو نییە؛ دەرنەبڕاوە و هەشتا ئاخاوتنی بەدوای خۆیدا نەهێناوە، کە گووتن هەبوو، واتە ناسنامە هەیە، شتێک بیریلێکراوەتەوە و پێکهاتەیەکی پێیقینیشیی هەیە. سەرباری ئەوە، نەگووتراو ئەو شتەش بەهەستە. لەبەرئەوەی شتێکە نەگووتراوە هیچ

هەست و پەرچەکردارییەکی تیادروستنەکردووین؛ نە ئاگایمان لەسەری هەیە و نە هەوەستمان لەبارەیەوە هەیە.
گرنگە لێرەدا و تایبەت بە نگووتراو هەما بە چەمکەکی هاوشانی بکەین، کە بەدەنگیین. کاتێک مرۆڤەکان دەکەونە دەخی نگووتنەوە بەدەنگی هەڵدەبژێرن. ئەمە بەو مانایەش دێت، کە نگووتراو و بەدەنگیی توخمی یەکتریانتەدایە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی هەندێک جیاوازی لەنێوان چەمکی نگووتراو و چەمکی بەدەنگیی. ئاستە ئاوەی نگووتراوە بەدەنگیلەکراوە، بەڵام ئاوانەی نایانەوە ئاوە بڵێن،کە دەبوو بگووترایە مانای ئاوە نییە بەدەنگن، مانای ئاوەیە نگووتن بە ئاوان خشاردنەوەیە لەناو بەدەنگییەکی سەپێنراو، کە پشناچێت تەمەنی درێژبێت.
قسەکانی لای سەرەوە ئاوەمان پەدەڵێت، کە نگوتراو ئەو بشێیە، کە لە گوتندا نگوتراوە. بە قسەکەر نگووتن لەوە بەسوودترە لە گووتن. زەرجاریش لەبەرئاوەی لە گووتندا ئاشکراکردن و پەردەهەماین لەسەر شتەکان دەتەئاراوە. کەوابێت نگووتن سەلامەترە. لەبەرەوە دەگەینە ئەو شوێنەی بڵێن: نگووتن لە پەیوەندیدایە بە مەژووی شاردنەوە. ئەمە بەو مەرجەی نگووتراوەکان بریتیبن لە بیرلەکراوی نگووتراو.
ئەبەتە پەویستیشە جیاوازی بکرێت لەنێوان دوو دەستەواژەی نگووتراودا: دەستەواژەی نگووتراوی بیرلەکراو و دەستەواژەی نگووتراوی بیرلەنەکراو. ئاوەی بەدەنگی لەسەری مشەخێرە نگووتراوی بیرلەکراوە. ئاوەی لە گووتندا ترسناک و دروستکەری بەدەنگیی و نهێنییە هەر نگووتراوی بیرلەکراوە. هەما بە ئاوەشدەکەین، قوتابخانە فەلسەفییەکانی بیرکردنەوە بەچوونی فەلسەفیی و زمانەوانی زەریان سەبارەت بە نگووتراو و گووتراو خستووەتە ناو ئەندێشەی فەلسەفییەوە، کە ئێرە جێگای باسکردنیان نییە.
گومانینەاوەت، نگووتراوەکان لەوانەلەون لە پشگوێخراو و پەراوێزخراوەکان. هاوکات لەبەرئاوەی بە پەکهاتەی نگووتراوەکانی مرۆڤەکان ئاشنانیین هیچمان لەبارەی چییەتی ئەو گووتنانەوە لەبەردەستانییە، کە دواتر دەن. ئەمەو لەبەرئاوەی نگووتراوەکان جارێ نبەوونە بە گووتن هیچ حاڵیبوونکمان لەسەر سستەمی زمانەوانیان نییە. بەڵێ نگووتراوەکان نە بەهادارن/ و نە بەبەها.
کەی دەگەینە ئەو ئاستەی نگوتراو بڵێین؟ەنگە ئاوە بە زەرکمان بریتیبێت لە دەزینەوەی ساتەکی گونجاو بە گوتنی نگوتراوەکان. ئەمەش لەبەرئاوەی ەچاوی چوارچێوەی کەمەایەتی/ سیاسیی و کولتووریی نگووتراوەکان جێگای باسە. کەوابێت، بە گووتنی

نەگووتراو، گووتن دوای بەدەنگییەکی درێژخایەن، پاش ئاشکراکردنی شتێک، یان گووتن دوای تووبوونێک شتیتر لەگەڵ خۆیدا دەنێت. زۆرجاریش گووتراوە سواوەکان وامانلێدەکەن لە چاوەڕوانی ئەوەدابیین، کەی نەگووتراوەکان دەبنە گووتراو.
کەتا دیتنمان لەبارەی نەگووتراوەوە، ئەوەیە، کە گەلێکجار مشتومڕکردن لەسەر مانای پشت دەرنەبڕاوەکان مەرج نییە بمانگەیەننە شوێنێک تێگەیشتنمان لەسەر چییەتی نەگووتراوەکان هەبێت. بۆنموونە، فاشیستەکان بەربەستبوون لەبەردەم گووتندا؛ لە دیرەکی خەیاندا دروستکەری نەگووتن بوون، ئەو نەختە گووتنەش لە دەمی نازی و فاشیەکاندا گووترا تائیستاش لە گووتراوە پەبهاکانن (گرامشی، یاسنینی شاعیر بۆنموونە). شاری ئەمڕۆ لە هەنووکەدا دابڕاو نییە لەو ژینگە فاشییەی کە ئاماژەماننپێکرد؛ کە دەزێکی لە نەگووتراوی بەدروستکردووین، سەرباری ئەو چەنەبازییەی شارەکانی ئێستامانی تەنیوەتەوە، هێشتا نەگووتراوەکان هەر لە زیادبووندان.

سەرنج: نەگووتراو unsaid/unspoken

ئازاد حەمە
پرۆفیسەر لە فەلسەفە لە زانکۆی سلێمانی

لێدوانێکی مووچە سەیرەوەی شکێپ.. ستار ئەحمەد

مرۆڤ بە سروشتی خۆی بە ئەوە هاتووەتە دنیاوە کە بە سەربەرزی، شکۆ و سەرفرازییەوە لەسەر ئەم زەمینە بژی. ئابووری گەورەترین و پیرۆزترین سەرمایەی دەروونی و مرۆییە کە خودا بەخشیوەتی بە مرۆڤ، و هەڵەی سووری نەوان ژیانی ئاستەقینە و مردنی بەدەنگە. بەڵام ژیان هەمیشە لەسەر یەک ڕێڕەوو ناڕەوات و هەندێک جار تاقیکردنەوەی وا سەخت و تاقەتپووکێن دەخاتە بەردەم مرۆڤ کە هەموو بنەماکانی بوونی دەهەژێنێت. لەناو هەموو تاقیکردنەوەکاندا، قورسترین و دڵتەزێنترینیان بریتییە لە تەنگژەی دارایی، هەژاری و نەبوونی. کاتێک لەم سەردەمەدا باس لە نەبوونی دەکەین، تەنیا باسی کەمبوونی

ژمارەیەک لەسەر کاغەز یان نەبوونی بژێوی ناکەین، بەڵکو باسی زریانێکی وێرانکەر دەکەین کە ئاستەوخۆ لە بنەماکانی بەها، شکۆ و ئابووری مرۆڤ دەدات. نەبوونیی مووچە و بژێوی تەنیا گرفتێکی دارایی سادە نییە، بەڵکوو دەستپێکی زنجیرەیەک کارەساتی دەروونی و کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ ووبەووی دەخێک دەکاتەوە کە هەرگیز بەوای نەبووە ئاژنک لە ئاژان تێبکەوێت. کارەساتێک لەوێوە چەکەرە دەکات کە مرۆڤ دەبینێت خێی و ماڵ و منداڵی، جگە لە خودی ئەو کەسی تریان نییە، ئاژش و ڕووت و برسی و بێدەرەتان لەبەردەم باهۆزی ئاژگاردا جەماون، و باری گرانی قەرزداریی وەک چیایەک چەکی پێ دادەدا و ئاووەوی هەناسەدانی لێ دەگرێت.

تەنگژەکە لەڕەوە دەست پێناکات کە مرۆڤ ناچارە دەستبەرداری خۆشیەکانی ژیان بێت و چیتر نەتوانێت چێژ لە خواستەکانی وەربگرێت، چونکە مرۆڤی بەئەرز ئامادەیە بە نان و ئاوەکی سادەوە بژی بەڵام سەرشۆڕ نەکات. ئاریشە ئاستەقینەکە و بریندە بەسوکە لەو چرکەساتەدا دروست دەبێت کە مرۆڤ بەهۆی تووندیی پێویستی، تەکچووونی باری تەندروستی منداڵەکانی، یان نەبوونی نانی سەر خوانی خێزانی، ناچار دەبێت دەستی پێویستی و داواکاری بە کەسانێک درێژ بکات کە شایستەی هیچ ڕێز و پێزانینێک نین؛ بەواتایەکی ڕوونتر و تاڵتر، دەستپانکردنەوە لە ناپیاوان. ئەم چرکەساتە، چرکەساتی هەرەسهێنانی تەواوەتی شکۆ و لکەداربوونی کتوپڕی ئابووری مرۆڤە. کاتێک مرۆڤێک بەهۆی نەبوونییەوە دەگاتە ئەم ئاستە، جارە جەنگێکی ناوەکی لە دەروونیدا بەرپا دەبێت؛ لە لایەکەوە گەی باوکایەتی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خێزانەکەی ناچاری دەکات تێبکۆشێت بە پەیداکردنی نان، و لە لایەکی تریشەوە هاواری ئابووی ئاگەی پێ نادات خەی بچەمێنتەوە. کاتێک پێویستییەکە سەردەکەوێت و مرۆڤ دەبێت مل بە داواکاری کابرایەکی نەزان یان ناپیاو کەچ بکات، لەو چرکەساتەدا شتێک لە ناوەوەی مرۆڤەکەدا دەمرێت کە دواتر بە چاکبوونی باری دارایی بە هیچ شێوەیەک زیندوو نابێتەوە.

بینینی منداڵەکانت لە کاتێکدا کە بە جلوبەرگی کۆن و دڕاوەوە دەچنە خوێندنگا، یان چاویان لە دەستی هاوەڵکانیان و دەوروبەریاندا بێت، یاخود هاوسەرەکەت کە بەهۆی قەرزارییەوە نەتوانێت بە سەربەرزییەوە سێیری دراوسێکانی بکات و هەمیشە لە ترسی خاوەن قەرزەکان دەرگا داخراو بێت، قورسترین و سووتێنەرترین ئازارە کە باوکێک یان سەرپەرشتیارێکی خێزان دەیچێژێت. ئەم بریندە تەنیا سکی مرۆڤ برسی ناکات، بەڵکو دەستاتی بەیاردان، پگەی کۆمەڵایەتی و ویستی ئازادی لە زەوت دەکات. مرۆڤی بە مووچە و بەداهات، لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا وەک مرۆڤێکی پلە دوو سەیر

دڵکڕێت، و ئەمەش پاڵنەرێکی دڕوونی ترسناکە کە وای لێ دێکات خۆی بە بچووکتر لەوانی تر بزانێت. لەژێر گوشاری ئەم هەستە و برسێتی کەمەبەستدا، مرۆڤ ناچار دەبێت لەبەردەم کابرایەکی چاوچنۆک، ناهۆشیار یان ناپیاودا بپاڕێتەوە تەنیا بە ئاوەی بەک پارەی کاتی یان پەداویستییەکی سەرەتایی وەک نان و هەتوان بەدەست بهێنێت. ئەم جۆرە دەستپانکردنەوەیە، سووکایەتییەکی بەدەنگە کە مرۆڤەکە خۆی بەدەستی خۆی و بە ناچاری پێشکەشی دەستی دەڕەقانەی ناپیاوانی دێکات. ئەو کەسانەی کە لە کاتی پێویستیدا یارمەتیت نادەن بە ڕەزای خودا یان لەپێناو بەها مرۆییەکاندا، بەڵکوو بەخشینەکەیان یان ئەو قەرزەی دەتدەنێ دەکەنە ئامرازێک بۆ شکاندنی کەسایەتیت، کەینەی بەندایەتیت و کۆنترۆڵکردنی ویستت، ئەوانە بە ڕاستی مرۆڤایەتییان لەدەستداوە. دەستپانکردنەوە لەم جۆرە کەسانە، بەهێزترین و کوشندەترین گورزە کە لە ئابووری مرۆڤی خاوەن کەسێتی دەدرێت.

لکەداربوونی ئابووە لەم هاوکێشە ناهاوسەنگەدا بەو واتایە دێت کە مرۆڤ سەربەخۆیی و ئازادیی دەربڕینی خۆی بەتەواوی لەدەست دەدات. کاتێک قەرز لای ناپیاوێک دەبێتە بارێکی گران بەسەر شانتەوە، شکۆ و ناوبانگی تۆ دەبێتە بارمتە لەلای ئەو. ئەو چیتر وەک مرۆڤێکی هاوتای خۆی سەیرت ناکات، بەڵکو وەک قەرزدارێکی کزۆ و ژێردەست دەتبینێت ،کە دەتوانێت لە هەر کات و کەبوونەوەیەکدا بە چاوێکی سووکەوە تەتبەوانێت، یان بە ئاماژە و قسەی ناڕاستەوخۆ و ناخۆش بتشکێنێتەوە و ڕابردووت بەڕووتا بداتەوە. ئەم دەخڵ بڕینێکی هێندە بەسوە لە گیانی مرۆڤدا جێدەهێڵێت کە تەنانەت ئاگەڕ لە داهاتووشدا بارودۆخی دارایی بە تەواوی چاک ببێتەوە و ببێتە خاوەنی سامانێکی زەڕ، شوێنەواری ئەو سووکایەتییە کاتییە هەرگیز لە یادەوەریدا ناسڕێتەوە و هەمیشە وەک مۆتەکەیەک بەدوایەوە دەبێت. لە لایەکی تەرەوە، ئەم دیاردەیە کاریگەرییەکی وێرانکەری هەیە لەسەر پەروەردەی خەزان؛ منداڵێک کە باوکی خۆی دەبینێت، کە هەمیشە لە چاویدا وەک پاڵەوان و هەمای هەڵز بووە، لەبەردەم کەسێکی تردا چۆکی داداوە و دەستی کڕنۆش و پاڕانەوەی درێژ کردووە، بەوای بە بنەماکانی دادپەروەری، هەڵزی خەزان و بەهاکانی ژیان نامێنێت. ئەمەش نەوێکی نوێی دڵشکاو، ترسنۆک و بێبەوا بە داهاتوو بەرهەم دەهێنێت، کە پێیانوایە پارە هەموو شتێکە و ئابووە تەنیا دروشمێکی بەواتایە. لەڕووەیە کە نەبوونی دەبێتە هۆی شێواندنی پێکهاتەی ڕەوشتی و کەمەایەتی، و وای لە دێکات کە مرۆڤ بەڕەز و خاوەن ئابووکان، هەمیشە ڕەگەی گۆشەگیری، تەنیایی و تەنانەت مەرگی خامۆش هەبژێرن تەنیا بە ئاوەی نێکۆنە داوی سووکایەتی

ناکەسانەوە.
بۆیە، پێویستە بە تووندی جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کە دامەزراوەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردن پێویستە بە ئاگا بێنەوە و درک بەوە بکەن کە دابین نەکردنی بژێوی، نەدانی مووچە و پشتگوێخستنی باری ئابووری هاوڵاتیان، تەنیا کێشەیەکی ژمارەیی و دارایی نییە، بەڵکو هەرشکی ڕاستەوخۆ و بەرنامە بەدامەزراوە بە سەر شکە، بەها و ئابووی نەتەوەیەک. کاتێک مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و ماندوو دەگاتە ئاستی هەژاری و ناچارکردنی بە دەستپانکردنەوە بە پاروویەک نان، ئەوا کەمتەرخەمی بە گشتی پێکەوە بەشێک لە ئابووی، شکەمەندی و بەها مرۆییەکانی خێی لەدەست دەدات و بەرەو هەڵدێر دەچێت. پاراستنی شکۆی خەڵزان و هێگریکردن لە لکەداربوونی ئابووی باوک و دایکان لەبەردەم منداڵەکانیاندا، گەورەترین و سەرکیترین ئەرکی ئاکاری و نەتەوەییە کە دەبێت هەمووان پێوەی پابەند بن. چونکە لەم جیهانەدا، هیچ دیمەن و دەخێک لەوە تاڵتر، بێئازارتر و نادادپەروەرانەتر نییە کە مرۆڤێکی بەتەمەن، دەسەز و بێنرخ، بەهێی تووندوتیژی و بەبەزەیی ڕەژگارەوە، بەتەنێ دیلی دەستی ناپیاوان و چاوەڕێی دەپێک بەزەیی و بەخشینی سواکەرانەی ئەوان بێت بە مانەوەی لە ژیاندا.

سیمنارێک لە گەلەری ئارام بۆ د. ئازاد حەمە

ئەوروپا لە گەرووی "ئابووری جەنگ"دا: ئایا دووبارەکردنەوەی سیناریۆی ١٩١٤ یە؟.. ئاریان کەرکوکی

دوای کەتاییهاتنی جەنگی سارد، ئەوروپا وا هەستی دەکرد کە بە هەمیشە ماڵئاوایی لە جەنگ کردووە و جگەی سەنگەرکانی جەنگی بە

خەشگوزەرانی و خزمەتگوزاریيە کۆمەڵایەتييەکان گرنگيیەوە، بەڵام دەخرێتە ئەستۆی شارەوانی؛ "لەحی ساڵی ١٩١٤" بە شێوەيەکی نوێ سەری هەڵداوەتەوە و کێشەی بەساڵاچووەکێ بەبیر دەهێنێتەوە کە مەژوو ڕەنگە کارەساتەکانی خۆی بە ئەو کەسانە دووبارە بکاتەوە کە سوورن لەسەر پشتگوێخستنی وانەکانی. لە هەوڵێکی شێتگیرانەدا بۆ ئامادەکاری بۆ ململانێ، ئەورووپا ئێستا پێشڕەنگی کاروانی سەربازگەرایی جیهانییە؛ لە وڵاتانی باکووری هەمن وەک سوید و نەرویجەوە تا دەگاتە دڵی کێشوەرەکە، ئابووری جەنگ لەسەر پاشماوەی بەرهەمهێنانکانی خەشگوزەرانی بنیات دەنرێت. ئەمەش بیرهێنەرەوەی کێشوەهەوای سەرەتای سەدەی بیستەم، کاتێک ئەورووپا بوو بە مەنجەڵێکی غاز کە چاوەڕێی پریشکێک بوو؛ گۆربووەنی سەربازیی بوونە، هاوپەیمانی ئاڵۆز و هەستی نەتەوەپەرستی کە بە بڕگی ئارەزووی داگیرکاری داپشرابوو. جەنگ لەو کاتەدا تەنها گریمانەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو "عەقیدەیەک" بوو کە بوو بە هۆی کارەساتێک دوای گوللەکەی سارایڤۆ؛ ئەمەش وەک ئەوەی دەنگدانەوەیەکی کاڵی ئەو سەردەمە بژین، لە جیاتی خەلادان لە پێکدادان، هەمووان خۆی بۆ ئامادە دەکەن، وەک ئەوەی جیهان لەبیریکردبێت چۆن ئەو "ئاشتیيە لاوازە" خەونی ملیۆنان گەنجی لە سەنگەرەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا کوشت و نەخشەی دڵاو و ملیۆنان قوربانی بەجێ هێشت.

ئێم "لەحە" تەنها بۆ ناو لاپەڕەکانی مەژوودا ناگێڕێت، بەڵکو لە کارگێکانی چێکی ئەمانیيەوە سەری هەڵداوەتەوە، کە لە هەمای ئەتەمبەل و گۆشپەدانەوە بۆ دابینکەری کڕەستەی وێرانکاری گەڕاون بۆ بیانووی "سەربەخۆیی پیشەسازی". بنیاتنانی ئێم جبەخانانە لەسەر حیسابی بودجەی تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزاری دەکرێت، لە جیهانێکدا کە ساڵی ڕابردوو نزیکەی ٢.٤ تریلیۆن دۆلاری لە چەکداربووندا خەرج کردووە؛ لە کاتێکدا وڵاتانی وەک فەرەنسا و ئەمانیا لە قەرزێکی پەوانەیيدا نوقم بوون، حکومەتەکان بەردەوامن لە پاڵنانی گەلەکانیان بۆ قوربانی زیاتر بۆ بیانووی هەڕەشەی ڕووسیا، لە کاتێکدا کێشوەرەکە بەدەست هەژارییەکی بێهاوتا دەناڵێنێت کە ملیۆنان کەس دەگرێتەوە. لە بەرامبەر ئێم لادانە مەترسیدارەدا، کاتێکی ناڕەزایەتی جەماوەری بۆ دروشمی "سەربازگەرایی ڕابگرن" سەری هەڵداوە و دەسەڵاتداران تەماتبار دەکەن بۆ زیندووکردنەوەی "لەحی جەنگ" و ترساندنی خەڵک بۆ پەردەپۆشی شکستە سیاسییەکان و پشتگیریکردنی لەبییەکانی چەک. سەرەڕای ئاوگەی تەماتەکان لە نەوان سەرکردە ڕۆژئاواییەکان و پوتین لەسەر "دەوی" هەڕەشەی بوونگەرایی، واقیعەکە هەر یەکە:

پەشبەکییەکی شەتگیرانەی چەکداربوون کە ئەمریکا و چین و ژاپۆن بەشدارن تێیدا و جیهان لە دەخی ئامادەباشیی بەردەوامدا دەهەژێنن.
ئەمە ئەمجارەم لەبەردەم وەستگەیەکی چارەنووسسازداین؛ ئایا لەبەردەم سەردەمکی نوێی جەنگداین کە لەسەر پاشماوەی مرۆڤایەتیمان بنیات دەنرێت، یان دەنگدانەوەیکی کاڵەی مژوویەکین کە خەی لە نادزینەوە؟ "ئەحی ساڵی ١٩١٤" بە گوێی بەیاردراندا دەچرپێنێت: پەشبەکی چەکداربوون گەرەنتی ئاسایش نییە، بەڵکو کورتترین ڕێگایە بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو کارەساتانەی کە سەدەیەک لەمەوبەر جیهانیان وێران کرد. ئایا کەس هەیە وەڵامی بانگەوازی مژوو بداتەوە، یان کاروانی سەربازگەرایی گەیشتووەتە ئەو خاڵەی کە چیتر نەگەڕێتەوە؟

هەندە چرکە.. شیعری نەوزاد بەندی

پەش ئەوێ
سەفەر بکەم..
لەگەڵ جانتاکەم
خەریکە ئەچینە دەر ..
کەچی خەم ئەبینم،
لە تەرمیناڵ دەتەوە و
بە خەم ئەڵێ : سەفەری چی؟!
بە ڕاستی هەر ماندوو بوون بوو ..!

⋆ ⋆ ⋆

من بە تەیش
هەر شاعیرم ..
بەس تۆ بە من،
چ قورتە
شیعرە ناوت تەمار بکا ..

(هەرچەن تاریکترین جەگا،
کارگەی شیعرە و ..
کەس نایەوە
لەو کارخانەیە کار بکا !)

⋆ ⋆ ⋆

کارەساتەکی گەورەیە،
کەسکت لە کتێبخانە
ناسیبێ،
کەچی نەخوێندەوار دەرچە..

⋆ ⋆ ⋆

دیسان
پەیوەندیمان نەما،
شیعرەکی ئەویست
هەر هێژەی مواسەفاتەکی
تازەی تیا بێ،
شیعر و BYD
لە تەکێ بوو بوو ..

⋆ ⋆ ⋆

ئەستایش
باران
باری ..
تەم بیر دەنەتەوە ..
وەک چەن لاستیکی خەتکوژەن
منایی خەم بیر دەنەتەوە ..
هەروەک چەن چاکەتی نیللی،
زانکەم بیر دەنەتەوە ..

⋆ ⋆ ⋆

هەندێ شیعرم بێ نوسیت،
شیعرت لا سوک بوو ..
پەشکینت لا پەسەندکی
بێ دەنوک بوو ..

گۆسورخیت لێ لا
زێنەقوتیەکی
بە توک بوو
پاپێ نیردات لا
شیعرنوسەکی
بچوک بوو ..

* * *

ئەزانی
نەیشێیشتیتایە،
لای من
دەمەک بوو
ێیشتبووی ..؟
چونکە
دە ساڵ و زیاتریش
بە حیساب دەی بە لام ..
هەر هاتوویت و
هەر نەگەیشتووی ..!!

نەوزاد بەندی

جەستەی کچێ کوردەکەی ێژئاوا و تەرمی کچێ گەشتیارەکەی کەربەلا.. کارزان عزیز عبدالراحمن

کاتێک مرۆڤایەتی دەبێتە کەرستەیەکی دیپلەماسی

پێشەکی: جوگرافیای خوێن و پێوەری جیاوازی مرۆڤبوون
لە جیهانی هاوچەرخدا، وا وێنا دەکرێت کە ماف‌کانی مرۆڤ و بەهای

گیانی مرۆڤکان یەکسانن و بەپێی ڕەگەز، نەتەوە یان جوگرافیا ناگۆڕن. بەڵام واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە هەرێمی کوردستان، پێچەوانەی ئەم بنەمە ئەخلاقییەمان پێدەڵێت. کاتێک سەیری دوو ڕووداوی هاوشێوە یان هاوتەریب دەکەین–مردن یان کوژرانی کچێکی کوردی هاوزمانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی دەستدرێژی یان جەنگاوەر، لە بەرامبەر خنکانی کچێکی گەشتیاری عەرەبی خەڵکی کەربەلا لە سەرچاوەی ئاوی زەمزەم–دەبینین کە چۆن دەزگا فەرمییەکان، میدیاکان و تەنانەت کاردانەوەی دامەزراوەیی، تووشی دووڕوویەکی گەورە دەبن.
لەڕووە پرسیارە جەوهەرییەکە سەر هەڵدەدات: ئایا هەموو مرۆڤکان وەک یەک مرۆڤن؟ یان بەهای مرۆڤبوون لەم ناوچەیەدا بەپێی بڕژووندیی دیپلۆماسی، ڕێکخوتنی بازرگانی و هاوسەنگیی هێز لە نێوان پایتەختەکاندا دیاری دەکرێت؟

تەوەرێی یەکەم: تەرمی ڕوقیە وەک پردێکی دیپلۆماسی لە نێوان سلێمانی و بەغداد

کچێکی تەمەن ١١ ساڵانی خەڵکی کەربەلا بە ناوی ڕوقیە لە ئاوی زەمزەما دەخنکێت. گیان بەدوای تەرمەکەیدا ١٠ ڕۆژ دەخایەنێت و دوای دەزینەوەی، لە مانگرتنێکی پارێزگای هەڵەبجەوە بە ڕووسمێکی شایستە، فەرمی و پڕ لە میدیا بڕەو زەدەی خێی بەڕێدەکرێت. پارێزگاری کەربەلا پەیامی فەرمی دەنێرێت، سوپاسی پارێزگاری هەڵەبجە دەکات و بەیاری سەردانی فەرمی دەدات.
لەڕەدا، دامەزراوەی فەرمی لە کوردستاندا ئەم کارەساتە مرۆیە تەنها وەک ئەرکێکی ئەخلاقی نابینێت، بەڵکو دەیکاتە "پڕۆژەیەکی پەیوەندی گشتی" (Public Relations) بۆ پیشاندانی مرۆڤدۆستیی کورد بۆ لایەنی عەراقی، بۆ مەبەستی چاککردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکان. مرۆڤبوونی ڕوقیە لەڕەدا دەبێتە خاڵی کۆکەرەوە، چونکە پشتگیریەکی سیاسیی لە پشتە؛ ئەو کچە دەربەی ناسنامەیەکە کە بەغدا و نەجەف و کەربەلای لە پشتە، بەیە فەرشی سووری بە ئادەخرێت و میدیاکان چرکە بە چرکەی بەڕێکردنی تەرمەکەی دەگوازنەوە.

تەوەرێی دووەم: غەریبیی کچێکەی ڕۆژئاوا؛ کاتێک کوردبوون وەک بەدبەختی دەبینرێت

لە بەرامبەردا، کاتێک کچێکی ڕۆژئاوای کوردستان (یاخود هەر پارچەیەکی تری کوردستان) دەکوژرێت، غەرق لە خوێن دەکرێت، یان ڕووبەڕووی نادادپەروەری دەبێتەوە، بەدەنگیەکی مەرگبار سەرتاپای

دامەزراوە فەرمییەکان و زەربەی میدیا سەربەرکان دەگرتەوە. بۆچی؟ چونکە بەرگریکردن لە کچێکی ڕۆژئاوا هیچ دەستکەوتێکی دیپلۆماسی بۆ دەسەڵاتدارانی ناوخۆ تێدا نییە. ڕەنگە تەنانەت تووڕەکردنی لایەنە ناوچەییەکان یان دووڕووتە دراوسێکانیشی تێدا بێت.
کچێکی ڕۆژئاوا نە پارێزگارێکی هەیە لە حەسەکە یان قامیشلۆ کە بتوانێت هاوسەنگیی هێز بگۆڕێت، نە حکومەتێکی فەرمی هەیە لە بەغدا کە شایستەی دارایییەکانی هەرێم فەراهەم بکات. ئەو تەنها "کوردی بێپشتوپەنایە". لەبەردا لەژێکی دەسەڵات نیشانی دەدات کە "هاوسەزی" تەنها بۆ ئەو کاتانەیە کە قازانجی سیاسی تێدابێت. کچێکی ڕۆژئاوا دەبێتە قوربانیی "بەدەنگیی پڕۆفیشناڵانە"ی سیستەمێک کە کەرامەتی مرۆڤی کوردی لە پێناو مانەوەی خۆیدا کردووەتە قوربانی.

تەوەرەی سێیەم: فەلسەفەی "ژیانی بێنرخ" و "ژیانی بەبایەخ" لای دەسەڵات

ئەم جیاکارییە فەرمییە ئەمە دەباتەوە سەر ئەو تیۆرییە سیاسییەی کە دەڵێت: دەسەڵات بەیاردەرە لەسەر ئەوەی کە شایستەی ئەوەیە پرسی بۆ بگەڕێت و کەش دەبێت لە بەدەنگیدا بمرێت. مەرگی ڕوقیە کرا بە کارەساتێکی نیشتمانی چونکە خزمەتی بە ئەجێندای "پێکەوەژیانی عەرەب و کورد" دەکرد لە ساتەوەختێکی سیاسیی هەستیاردا. بەڵام مەرگی کچێکی ڕۆژئاوا دەشاردرێتەوە یان بایەخی پێنادرێت، چونکە هەشاریی نێتۆیی و مرۆیی بۆ ئاگا دەهێنێتەوە کە ڕەنگە بەرژەوەندییە ئابووریییەکانی حیزب لەگەڵ وەاتانی دراوسێدا بخاتە مەترسییەوە.
ئەم تڕپکی نادادپەروەرییە: کاتێک دامەزراوەیەک کە پێی دەوترێت حکومەت یان ئیدارەی خۆجێی، فرمێسکەکانی بەپێی نێتۆ و بەرژەوەندی بپێوێت. هاوسەزی بە منداڵێکی خنکاو ئەرکێکی باڵای مرۆییە، بەڵام کاتێک ئەم هاوسەزییە تەنها بە پێکهاتەیەکی دیاریکراو بێت و بە کچە هاوزمانەکەی خۆت لەولای سنوورەوە بەدەنگی هەڵبژێریت، ئیتر ناوی مرۆڤدۆستی نییە، بەڵکو ناوی "بازرگانیی سیاسییە بە فرمێسکەوە".

ئەنجامگیری: پێویستیی ڕاپەڕینی ویژدانی دژ بە دووڕوویی سیستەم

ئەم ڕووداوانە دەبنە ئاوێنەیەک کە ڕووی ڕاستەقینەی سیستەمی حوکمرانی و میدیایی لە کوردستان پیشان دەدەن. خەڵکی کوردستان هەمیشە بە سروشتی خۆیان مرۆڤدۆست بوون و هاوکارییی هەموو لەقوماوەکیان کردووە بە جیاوازی، بەڵام کێشەکە لە "سیاسییکردنی کارەساتەکان" دایە لەلایەن دەسەڵاتەوە.

پەیوستە کۆمەڵگەی مەدەنی, ڕۆشنبیران و دەنگە ئازادەکان ئەم ناداد‌پەروەرییە ڕەت بکەنەوە. مرۆڤ لە هەرکوێ بێت، چ لە کەربەلا بێت و چ لە ڕۆژئاوا، پەیوستە بە یەک پەیوەری ئەخلاقی و مرۆیی سەیر بکرێت. کاتێک دەسەڵات تەرمی کچێک دەکاتە کەرەستەی ڕیکلامی سیاسی و کچێکی تر دەخاتە زبڵدانی بەدەنگییەوە، ئەرکی ئەمڕۆیە کە هاوار بکەین و بڵێین: **"هەموو گیانەکان وەک یەک بەنرخن، و خوێنی هیچ مرۆڤێک لە هیی مرۆڤێکی تر سوورتر نییە."

———

١٨/٦/٢٠٢٦

نووسینی: [کارزان عزیز عبدالراحمن] قوتابی زانکۆ

بەرەو چەپێکی یەکگرتوو: نەخشەڕێگایەک و دیدێکی پراکتیکی.. ڕزگار ئاکرەی

دەرس و ئاستەنگەکانی بنیاتنانی چوارچێوەیەکی فراوانی چەپ

پێشەکی

هەرچەندە دەقەکە پشت بە ئەزموونی عێراقی دەبەستێت وەک خاڵی چوونە ژوورەوەی شیکاری، بەڵام ئاوەژووی باسی دەکات زۆر زیاتر لە کەیسی عێراق بێتەنها. زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری جیهان واقیعی هاوشێوەیان هەیە: بزووتنەوەی ناڕازایی جەماوەری بەرفراوان کە هەوێیان دا خۆیان بگەڕێن بە هەڵەکی سیاسی ڕێکخراو، چەپێک کە ئامادەبوونێکی بەرچاوی لەسەر شەقامەکان نیشان دا بەڵام پەرتەوازە مایەوە، لە کاتێکدا تەحەداکانی ڕێکخراوەیی و هەڵبژاردن لەگەڵ چالاکی بەکۆمەڵی لاواز بەردەوامن و پێویستی بە گرنگیدانی جددی هەیە. عێراق لێرەدا وەک نموونەیەک بە بیرکردنەوە و فێربوون خزمەت دەکات و ئەو پرسیارانەی دەخرێنەوو زۆر فراوانترن لە سنووری جوگرافیەکانی.

لەم چوارچێوەیەدا، ئەزموونی مەغریبی شایەنی باسکی تایبەتە.

مەدلەکی زیندوو و پڕسەندووی دیالۆگ و کاری هاوبەش لە نێوان هێزە چەپەکاندا پشکەش دەکات. دامەزراندنی "هاوپەیمانی چەپ" لەنێو کەمپەکی هێزە چەپەکانی مەغریبدا وەک لوتکەی پرسیەکی درێژخایەنی هەماهەنگی و کاری هاوبەش هات کە ئیرادەیەکی سیاسی هاوبەشی دەربڕی بە زاڵبوون بەسەر پەرتەوازەیی کە لەم ساڵانەی دواییدا تایبەتمەندی چەپی هەبووە و پشتبەستن بە مێژووی هاوبەشی خەبات. لایەنە بەشداربووەکان جەختیان لەوە کردەوە کە سروشتی ئەم سەردەمە بە ئاستەنگی سیاسی و ماف و کەمەنایەتییەوە پێویستی بە بەهێزکردنی یەکێیزی کردار، دەستپێشخەری هاوبەش و دروستکردنی ڕێحی یەکگرتووی خەبات لە بەرگری لە ئازادی و کەرامەت و دیموکراسی و دادپەروەری کەمەنایەتی هەیە. ئەو هێزانەی ئەم هاوپەیمانییە پێکدەهێنن دان بەوەدا دەنێن کە سەردەمی داهاتوو پێویستی بە نوێبوونەوەیەکی فکری و سیاسی هەیە هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی شێوەکانی خەبات و هەڕەشەها داشتنی پڕۆگرامێکی پراکتیکی یەکگرتوو کە وەڵامی پرسیارە گرنگەکانی دامەزراندن و تەندروستی و پەروەردە و خانووبەرە و دادپەروەری و پێداویستییە فراوانەکانی کرێکاران بداتەوە.

ئەم مەدلە مەغریبییە، سەرەڕای تایبەتمەندی دۆقێکی، گرنگییەکی سیمبولی و هاوکێیەتی گرنگی هەیە بە هەموو هێزە چەپەکان لە سەرانسەری ناوچەکەدا: یەکێتی کاتێک دەگونجێت کە ئیرادەی سیاسی پێش حساباتی تەسکی حزبی بێت. شایانی باسە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هێز و کەسایەتییە چەپەکانی عێراق کەبوونەوەیەکی بەرفراوانیان ئەنجامدا و هەنگاوێک بەهەمان ئاراستەدا هەنگاویان ناوە و دانپێدانانێکی زیاتریان دەربڕیوە بەوەی کە کاتی پێداچوونەوە و کاری هاوبەش و یەکێیزی بێتە پێویستییەکی بێپەڵە کە ناکرێت دوابخرێت. دوو ئەزموونی مەغریبی و عێراقی هەرچەندە لە ناوەڕۆک و ئامرازدا جیاوازن، بەڵام لەسەر یەک ڕاستی کەدەبنەوە: یەکێتی و ئیرادەی هاوبەشی هاوکێیەتی تاکە هێزن کە دەتوانن تووڕەیی کەمەنایەتی و دادپەروەری هەکارەکە بگەڕێنن بە هێزێکی سیاسی ڕێکخراو و کاریگەر.

ئەم بەشداریێە ئەزموونی چەپی عێراقی و کوردستانی دەکەڕێتەوە، وەک بەشداریێک لە دیالۆگی هاوکێیانەی بەردەوامی سەبارەت بە ئۆگرەکانی بنیاتنانی چوارچێوەیێکی چەپی یەکگرتوو کە بتوانێت ڕێگەی مێژووییە خۆی بگەڕێنێتەوە و ئامادەیی چالاک خۆی نوێ بکاتەوە.

ناوەڕۆک و کۆشەی ناوەند

ژمارەیەک خاڵ هەن کە شایانی گفتوگۆی قوواڵن و یارمەتیدەرن بە

تێگەیشتن لە بەشایی نەوان تەوژمی جەماوەری و ڕێکخراوە چەپەکان:
ئامادەبوون و کاریگەری: چەپ وەک تاک و کادیر بەشداریی‌کی کاریگەر و بەرجەستەی لە مەیدانەکانی خۆپیشاندانەدا کرد، بەڵام پرسی پەرەپێدانی ئەم ئامادەبوونە بە هەڵکەی سیاسی یەکگرتوو و ستراتیژیکی ڕاگەیەندراو هێشتا جێگەی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیە.
بەڵەوەبردنی ناکۆکی ناوخۆیی: ناکۆکی ناوخۆیی نەوان تەوژمە چەپەکان، کاتێک لە دژایەتی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوون و بنیاتنەر بەدەر دەبرێت، و کاتێک جێخت لەسەر ئەوان گەورە دەکرێت لەسەر حسابی زۆرێک لە خاڵەکانی لێکنزیکبوونەوە، وزە لە ساتەکاندا کە داوای یەکگرتن و هەماهەنگی دەکەن.
پەرەپێدانی گوتاری سیاسی و میتۆدی ڕێکخراوەیی: دژایەتیکی ڕاستەقینە هەیە بە پەرەپێدانی میتۆدی ڕێکخراوەیی و گوتاری چەپ بە ئەوەی لە ئازاری ڕۆژانەی بەرجەستەی جەماوەرەوە سەرچاوە بگرن و زیاتر بە واقیعەوە گرێیان بدات و توانای قایلکردن و کاریگەرییان زیاتر بێت.
هەماهەنگی هەڵبژاردن: پەرتەوازەیی چەپ بەسەر چەند لیستێکدا کە بەرنامەی هاوشێوەیان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ئەو هەمەجۆرییەی بەرهەم نەهێناوە کە هیوای بە دەخوازرێت و بەهێزکردنی هەماهەنگی نەوان ئەم هەڵانە هێشتا پێویستییەکی پراکتیکی بەپێلەیە.
بنیاتنانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان: مەدەلی زاڵ بە بنیاتنانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی هەمنانە هەیە، چونکە پشتگیری کردن لە سەندیکاکان و فیدراسیۆنە سەربەخۆکان پێدەچێت بنچینەیەکی فراوانتر و بەردەوامتر لە مەدەلی "ڕێکخراوە پشتەوە" حزبییەکان پشکنش بکات.
بەهێزکردنی گەنجان و ژنان: ئەگەری سەرکی گەنجان و ژنان لە بزووتنەوەکانی ناڕازایی دەربێندا پێویستی بە بەهێزکردنی نوێنەرایەتییان هەیە لە دەستەی سەرکردایەتی چەپدا بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕەهەندە ڕاستەقینەیە.
وەبەرهێنان لە بەشایی دیجیتاڵی: ئەم ماوەیە دژایەتیکی گونجاو دەرخسێنێت بە پەرەپێدانی ئامرازە دیجیتاڵییەکان و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی کاریگەر لە شەڕی هێشاری و پێوەندی لەگەڵ نەوەکانی نوێ.

ئاسەی کرداری پێشنیارکراو

دیالۆگ و کارکردن بە بنیاتنانی چوارچێوەیەکی چەپی یەکگرتووی فرە پلاتفۆرم، پشت بەستن بە پڕۆگرامێکی هاوبەش کە بە زمانی ڕۆژانەیان ڕووبەڕووی جەماوەر ببێتەوە، پێکهاتەیەکی ڕێکخراوی نەرم و

لامەرکەزی کە ڕۆژ لە تایبەتمەندی هەر پێکهاتەیەک بگرێت، نوێنەرایەتی ئاستەقینەی گەنجان و ژنان لە پۆستەکانی بڕیاردان، سیاسەتێکی دیجیتاڵی کاریگەر کە لەگەڵ سەردەمدا بگونجێت، و پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان کاری ناڕۆزایی دەربڕین. بڵاوکردنەوەی بڕیارێکی دادگای باڵا لە ئەمریکا کە ڕێگە بە ئۆبامای سەرۆکی پێشوو دەدات کە تۆمارەکانی تایبەت بە ئەنجامدانی هێرشی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بڵاو بکاتەوە، ئەم بڕیارە لە کاتێکدا هاتووە کە ئەمریکا ساڵانێکە شەڕی دژی تیرۆر دەکات و ئەم بڕیارە دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی دیکە هەبێت.

پێشەکی:

بزووتنەوەکانی ناڕۆزایی و داواکاری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، لە شەقامەوە بۆ ڕەگەزنامە

عێراق و هەرێمی کوردستان لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا چەندین شەپۆلی ناڕۆزایی بەخۆوە بینیوە کە تووڕەیی جەماوەری قووڵی بەرامبەر گەندەڵی و دابەشکردنی دەسکەوتەکان و خراپبوونی خزمەتگوزارییەکان دەردەبڕن. بەڵام ڕاپەڕینی تشرینی یەکەمی 2019 دیارترین و کاریگەرترین ساتی پێکهێنا. ئەو تەنها شەپۆلێکی ناڕۆزایی تێپەڕ نەبوو. بەڵکو گوزارشت لە گەنجێکی چەنایەتی دەکات لە هەشیاری بەشێکی فراوانی کۆمەڵگا، بەتایبەتی گەنجان، سەبارەت بە سروشتی دەسکەوتەکان و ئۆگرەکانی گەندەڵان. بە یەکەم جار لە ماوەی دەیان ساڵدا، شەقام و گۆڕەپانەکان ڕێگەی خەیان وەک بەشایی سیاسی ڕاستەقینە و ناوەندێک بە بەرهەمهێنانی گفتوگۆ، ڕەخسەتن و دەستپێشخەری بەدەستهێنایەوە.

جەماوەری ئەم خۆپیشاندانانە لە شوێنی وەرگری پاسیفەوە گواستەوە بۆ شوێنی ئەکتەری ڕاستەوخۆ. داواکارییەکان ڕوون و ئاشکرا بوون: نان، کەرامەت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دامەزراندن، خزمەتگوزاری، و کۆتاییهێنان بە سیستەمی دابەشکردنی دەسکەوتەکان و گەندەڵی و دیکتاتۆریەت ئەمانە داواکاری بوون لە ئەزموونی سەختی ڕۆژانەی جەماوەر کە باجی دەیان ساڵ جەنگ و گەمارۆدان و تاڵانکردنی

هەڵبژاردنەکانیان دا. لەجەرگەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکاندا چەپی عێراقی بەهەموو تەوژمەکانییەوە ئامادە و چالاک بوو.
سەرەڕای هەموو ئەم ناڕەزایەتیانە و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی زۆری دانیشتووانی دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەولێر و بە لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی 2025 کە تێیدا لیستە چەپەکان نەیانتوانی یەک کورسی پەرلەمان بدەست بهێنن، ئەو پرسیارە بنەڕەتییە وەک پەویستییەکی سیاسی دێتە ئاراوە کە ناتوانرێت دوابخرێت: بۆچی چەپ نەیتوانی سەرمایەی دادپەروەری گوتاری و قووڵایی ئامادەبوونی لەسەر شەقامەکانی، بە گوێنەی ئەم تەوژمە جەماوەرییە بە هەزمکی سیاسی هەڵوەشاوە؟ بۆچی لە بەرگری و دابەشکردندا گیریان خوارد نەک بەرەو شوێنی دەستپێشخەری و یەکێزی بچن؟
وەڵامەکە ناتوانرێت تەنها بە فاکتەرە دەرەکییەکان کورت بکرێتەوە، هەرچەندە گرنگ بن. بەڵکو، سیستەمی سیاسی دژایەتی گەندەڵکاری دەکات، لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و چەک و میلیشیا و پارتی سیاسی پارێزراوە و لەلایەن تەڵەی ناوچەیی و نەودەوڵەتییەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت. بەڵکو، سەرکوتکردن خۆناوی و سیستماتیک بوو، هاستەوخۆ چالاکوانان و هەزمکانی گەنەان و بە تایبەتی چەپ دەکاتە ئامانج. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە هەرچەندە ترسناک بێت، چەپ لە بەرپرسیارێتی پەداچوونەوە بە ئامرازەکانی، شێوەکانی کارکردن و میتۆدەلۆژیای خۆندنەوە و تەکنیبوون لەگەڵ واقیعدا بەبەش ناکات.
بزووتنەوەکانی ناڕەزایی و داواکاری توانایەکی جەماوەری گەورەیان بە گەنەانکاری کەمایەتی ئاشکرا کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لاوازی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و بەشایی نەوان گوتاری چەپ وەک لە ناو ڕێکخراوەکاندا بەرهەم دەهێنرێت و هەشیاری جەماوەری لەسەر شەقام. ئەوان ئاشکرایان کرد کە دادپەروەری هەکارەکە بەتەنیا بەس نییە ئەگەر ئامرازی ڕێکخراوی نەرم و هاوچەرخ، یەکخستنی وزەکان، وتاری تەگەیشتن، بەکارهێنانی کاریگەری ئامرازەکانی دیجیتاڵ و ستراتیژیکی ڕوون کە ناڕەزایی دەربەین بە کاری سیاسی و خەباتی ڕۆژانەی ناو کەمەگاوە دەبەستێتەوە.
ئەم بەشداریە هەوڵی پشکشکردنی وەڵامی ئامادە یان هاوکێشەی جادوویی نادات. بەڵکو هەوڵ دەدات بەشداری لە دیالەگی بەردەوامدا بکات سەبارەت بە ئەزموونی چەپی عێراق لە ماماڵەکردن لەگەڵ دوو میکانیزمی بنەڕەتی گەنەان هەڵبژاردن و بزووتنەوەی ناڕەزایی و پشنیارکردنی ئاسۆیەکی کارکردن کە بەشداری لە بنیاتنانی ستراتیژیکی چەپ بکات کە توانای نوبوونەوە و یەکێزی و گەیاندنەوەی متمانە و کاریگەری و گەیانەوەی ڕەی مژووی هەبێت.

یەکەم: بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی و چەپ، دەرفەتێکی مێژوویی و تەحەدای هەڵوەشاندنەوە

1. **چەپ لە دەیەی بزووتنەوەکانی ناسیۆنالیزمی**

ئەو بزووتنەوە ناسیۆنالیزمی و داخوازییانەی کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لەعێراق و هەرێمی کوردستان بەخۆوە بینیویانە ناتوانرێ بەجیا لەهەڵسوکەوتی چەپی عێراقی و کوردستانی لەناویاندا بخوێنرێتەوە بەبێ زیادەڕەوی و کەمکردنەوە، چەپ بەشێکی چالاکی بوو لە پێکهاتەی ڕاستەقینەی ئەم خەپیشاندانانە. هەر لە یەکەم هەڵوێستەوە لە گەڕەپانەکاندا بەشداری لە هەڵوەشاندنەوەی خۆپیشاندان، بەرگریکردن لە کەسایەتی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەکە و هووبووونەوەی هەوڵەکانی دزەکردن، چ لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە و چ لە لایەن ئەو هێزانەوە بوو کە دژایەتیی هەڵوێستەوەیان بگەن.

لە گەڕەپانەکانی بەغدا و ناسریە و بەسرە و نەجەف و دیوانیە و هەولێر و سلێمانی و شارەکانی دیکە، چەپ هەڵگری گرنگی هەبوو لە بنیاتنانی فەرمی ڕەخنەیی ئاسایی ناپلەبەندی کە پشت بە دەستپێشخەری تاکەکەسی و هەماهەنگی هێزانە و کاری خەباتی نهێنی دەبەستێت. ئەزموونی کەڵەکەبووی سالانێک لە خەباتی نهێنی و جەماوەری لە بەرەوپێشبردنی خۆپیشاندانەکان، هەڵوەشاندنەوەی هێزەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ سەرکوتکردن و داشتنی دروشمی دەرکەوت. چەپ هەروەها ئامادەییەکی هووبوو لە کەمیتەکانی ئاگەیاندن، لە گەیاندنی وێنەی ئەوەی کە هووداو، لە شکاندنی قەرخکاری گەلانەوەی فەرمی، و لە بەستنەوەی هووداوە ناوخۆییەکان بە چوارچێوەی ناوچەیی و نەوەوەیی.

لەگەڵ ئەوشدا، سەرهەڵدانی ئەم ئامادەبوونە چەند کاریگەرە لە شێوەی یەک لەدوای یەککانی ناسیۆنالیزمیدا، چەپ وەک تاک و کادر و چالاکوان ئامادە بوو، زیاتر لەوەی وەک هێزێکی سیاسی یەکگرتوو و ڕەخنەیی بە سەرکردایەتی هوون و ستراتیژیکی ئاگەیەندراو ئامادە بوو. ئەم دژایەتییە لە نێوان ئامادەبوونی ڕاستەقینە و لاوازی ڕەخنەیی یەکگرتوو وردەکارییەکی لاوەکی نەبوو. بەڵکو یەکێک بوو لە کلیلە بنچینەییەکانی تێگەیشتن. چەپ لە جەرگەی هووداوەکاندا بوو، بەڵام لە پێگەی سەرکردایەتی سیاسی گشتگیر نەبوو. نەیتوانی

بوونی مەیدانی خۆی بگۆڕێت بۆ خاڵێکی سەرچاوەی ڕەخنەگرانەیی کە بتوانێت کەرستەکە یەکبخات یان بۆلایەنی کەمەوە ئاستێکی پشکنەرووخوازی هوون دابنێت.

ئەو هەزانەی لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا عەلی زێیدیان گەیاندە سەرکایەتی، هەندێک پشتیوانی بە پرۆژەکانی قەبوڵ دەکەن. بەڵام ئەم پشتگیریە مەرجدارە و پڕ لە ڕەخنەی نەوتراو، چونکە هەندێک لە گروپەکان خاوەنی باڵی چەکدارین کە سەرچاوەی دەسەڵاتی موزایەدەکردنیان پێکدەهێنێت، واتە لەگەڵ هەر ڕاگەیاندنی پشتیوانیەکیان بۆ پرۆژەکە، تەنها لەبەر ئەوەیە نایانەوێت ببێتە ململانێ و کێشەیەک کە پێشوەختە دەزانن ئاکامەکەی دەراندنە، بۆیە هەوڵئەدەن ژەربەژەر بەر بەخودی پرۆژەکە بگرن.

لەلایەکی دیکەوە لیواکانی سەید شوهەدا هەوڵستێک دەپارێزن کە هەر جۆرە گفتوگۆیەک لەسەر ئەو پرسە ڕەتدەکەنەوە، ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەوڵستیان سەبارەت بە تەسلیم نەکردنی چەکەکان پتەو و نەگۆڕە. کۆتایبی حزبوڵا لەوە زیاتر دەڕوات و پرسی چەک بە نیگەرانیەکانی ئەمنی ناوچەکە دەبەستێتەوە، پەداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تا ئەوکاتەی هێزە بیانیەکان لە هەرێمی کوردستان جێگیرکراون وەک بەشێک لە هاوپەیمانی نەودەوڵەتی بە سەرکایەتی ئەمریکا، ئامادەنین گفتوگۆ لەسەر چەکەکانیان بکەن.

هەرچەندە پەڕۆی سنووردارکردنی چەک پاڵپشتیەکی سیاسیشی هەیە لەنێو خودی هێزە میلیشیاکانیشدا وەک موقتەدا سەدر، بەڵام جێبەجێکردنی کردەیی و ئاسان نیە و زیاتر بە سیناریۆ دەچێت تا جدی بون بێت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، چونکە هێشتا بڕبەستەکانی پێوەست بە هەوڵستی هەندێک کوتڵە چەکدارەکان ڕاتی دەکەنەوە چەکەکانیان ڕادەست بکەن و نایانەوێت تەکەڵ بە دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت بکەن.

لەنێو ئەو میلیشیایانەدا لیواکانی حزبوڵای عێراق و بزووتنەوەی نوجەبا لە بەنێ جیاوازکاندا بۆئاشکرا دووپاتی دەکەنەوە کە چەکەکانیان چەکی "بەرگری" دژبەن تا بونی سەربازی ئەمریکی لەسەر خاکی عێراق دەمێننەوە، چەکەکانیان رادەست ناکەن، هەبەتە ئاشکرایە کە دوای ئەوش هەر رادەستی ناکەن!، ئەم هەوەستە جیاوازیەکی بنەڕەتی لەبەرامبەر هەوڵی عەلی زەیدیدا ئاشکرا دەکات، کە سنووردارکردنی چەک بە ئەرک و پێداویستیەک دەخاتەروو کە گوایە بە دامەزراندنی دەوڵەت، بەڵام دیدگا و ئاراستەی هەندێک لایەن، ئایندەی چەکەکانیان بە هەڕەچاوکردنی ناوچەیی و ئەمنیەوە دەبەستنەوە کە سنووورەکانی عێراق تێدەپەڕنن.
پێدەچێت پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک بووبێتە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی توانای حکومەت بە بەرجەستەکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی، بەتایبەتی کە حکومەتێ یەک لەدوای یەکەکان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دروشمی هاوشێوەیان بەرزکردۆتەوە، بەڵام هەوڵەوی ئاستەنگی سیاسی و ئەمنی بونەتەوە، کە هەڵگری لە جێبەجێکرنی ئەو ئاراستەیە کردوە. هەبەتە ئەستا تارادەیەک دەخەکە بەجۆرێک جیاوازە، بەتایبەتی کە دەخی دوای شاری چل ڕۆژەی ئەمریکا و ئێران، فرسەتی داوە بەزەیدی مراوغەیەک لەوبارێوە بکات.
گومانی تیا نیە سەرنەکەوتنی پڕۆژەی کۆنترۆڵکردنی چەک پێوەستە بە دەخی سیاسی عێراق و پەکاهاتەی حکومەت لەسەرتاوە بەتایبەتی باڵادەستی ئێران بەسەر عێراقدا و دەخالەتی بەردەوامی لە پەکهەنانی حکومەتەکاندا، لە هەمانکاتدا چنیەتی پێوەندی نێوان دەوڵەت و کوتلە چەکدارەکان و هاوسەنگی سیاسی لەناو خودی گروپە شیعەکاندا.
لەکاتێکدا حکومەتەکان وەهایان نیشانداوە بەو ڕێگایەدا دەڕۆن کۆنترۆڵی چەکداری دەکەن و نێیانتوانیوە جێبەجێی بکەن، کەشکە ئەوێە کە خودی ئەو هێزە میلیشیایانە هەمیشە بەشێک بوون لە پەکهەنانی حکومەتەکان، لەلایەکی تریشەوە کەماری ئیسلامی لەڕێگەی هێزەکانی پاشکەی خۆی وەک هێزی میلیشیا دەوری سەرکیان دیوە لە ڕەواجدان بە بونی هێزی چەکداری لەدەرەوەی دەزگاکانی حکومەتی عێراقدا، بەتایبەتی لە پەکهەنانی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا کە بەتەوزەی دەسەڵاتی شیعە، ئیستاش جگە لە دەخە دوای ڕاگرتنی شاری ئەمریکا و ئێران، چنیەتی پەکهەنانی حکومەتی عێراق ئاوگەڕی بەسەردا نەهاتووە، بەو مانایەی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگئ کە ڕەنگی سەرەکی لە پەکهەنانی حکومەتی عێراقدا دەبینین و ئێران هاوپەیمان و پشتیوانیانە، دوای ئەو شەڕش لە شوێنی خۆیاندا ماون. حکومەتێک لە عێراقدا لەسەر بنەمای بەشبەشکەنە و ڕەکەوتنی نێوان

هەزە تائیفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی پێکدەهێنرێت و جێختی لەسەرکراوەتەوە، ئاشکرایە کە حەشدی شەعبی پایەیەکە بۆ هەزە شیعەکان و ئێران، ڕۆشنە کە دەستبەرداری نابن، بۆیە عەلی زەیدیش بۆ هەمان پرسیی بنبەستی حکومەتکانی پێش خۆی هەنگاو دەنێت و لە هاوسەنگی نێوان پێداویستییەکانی ئاسایش و سەقامگیری و ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا دەرگیردەبێت، لە هەمانکاتدا لە دۆخێکی ئاڵۆزتری ناوچەکە و عێراقدا مامەڵە دەکات.
پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک تاقیکردنەوەی پێشوەختەیە بۆ حکومەتەکەی ئەلزەیدی، ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە تاکە پرسیان زۆقترین پرسە لە کارنامەی عێراقدا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو پرسیەیە کە بە ووونی ئاشکرای دەکات کە ئایا دەوڵەت بە پرەنسیپی دامەزراوەیی و دەزگا فەرمیەکان بەڕێوەدەچێت یان بە پێی لۆژیکی بەردەوامی بەشبەشینێ و هەزی میلیشیا و دابەشکردنی دەسەڵات بەردەوام دەبێت لە کارکردندا.
پرسەی شکستهێنانی زەیدی لەسەر ئەم پرسە نەک هەر خەسارێکی سیاسییە بۆ حکومەتەکەی، بەڵکو بازنەی ئەو قەیرانانە بەرهەم دەهێنێتەوە کە عێراقی گرتۆتەوە، هەروەها ئەو هاوکێشەیە لاوازتر دەردەکەوێت کە بانگەشەی زاڵبوونی یاسا و دەستور دەکات!.
ساڵانێکە عێراق لە ناوچەیەکی خەڵەمێشیدا ماوەتەوە لەنێوان دوو وەڵامدا، هەر سەرکۆزیرانێک بەڕێنی ئەوە دەدات کە ئەم بوارە دیاری بکات و چارەسەری بکات بەڵام کە پێستەکەی بەجێدەهێڵێت هەشتا ئەو پرسە لە شوێنی خۆیدایە. هاوکات ئەلزەیدی بەردەوامە لە هەوڵکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە ئاڵۆزە بە ئامادەکاری بۆ کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەرکردە ئەمنیەکان و نوێنەرانی ئەو میلیشیایانە کە ئامادەیی خۆیان بۆ ڕادەستکردنی چەکەکانیان بۆ دەوڵەت ڕاگەیاندوو.
لەلایەکی تریشەوە ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەو هەزانەی کە بەیارە پشتگیری سیاسی لەم پرۆژەیەدا پشکەش بۆ حکومەت بکەن، هەمان ئەو هەزانەن کە خاوەنی هەزی میلیشیان و حکومەت داوایان لەدەکات دەستبەرداری چەکەکانیان بن، ئەمەش ناکۆکی جێبەجێکردنی پرۆژەکە نیشان ئەدات، چونکە گەر لەباری عەملی و واقعیەوە کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدرێت، مانای کۆتایی دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی و دەخالەتی ئێرانە، بۆیە هەوڵکانی چونە ناو پرسەی ئەم پرۆژەیە زیاتر بۆ سیناریۆ دەچێت، تا ئەوەی پێشبینی بکرێت لەسەرەوە ئاڕاوگەر لە حکومەتی عێراقدا بکرێت، یان هەوڵێکی بەهودەیە وناکرێت.
ئاڕاوگر لە حکومەتی عێراقدا پێش هەموو شتی دەبێت ڕامالین و پاکردنەوەی ئەو هەزانە بێت کەلەسەر بنەمای تائیفی و ئیسلامی و

نەتەوە پەرستە و حکومەتی بەشبەشنە و هاوسەنگی هێزکانیان و بە رکەوتن حکومەت پکدەهنن، تاهانی دکن و دستکەوتکان دابەش دکن.
گەر بگەڕینەوە بە ووی حکومەتکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە، هەموو سەرک وەزیرانک نیازی خۆی ئاگیاندووە لەبەرمبەر ڕکخستنی بەاوبونەوەی چک لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمیەکاندا، لە کتایدا بەناچاری خیان دیوەتەوە کە لە پەراوێزی پرسکدا دانوستان دکن. مالیکی وک ئامرازکی تایبەت دژگای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری دامەزراند، عەبادی دوای شکستی داعش هەوڵیدا هێزکانی حەشدی شەعبی ڕکبخاتەوە، کازمی بە ووڕەیی پڕۆژەیکی بە سنووردارکردنی چک ئاگیاند، تەنها لەبەر ئەوەی ووبووی هەڕەشی موشکی دبەتەوە.
داینامیکی دسەات لەناو دامەزراوەی سیاسی شیعەدا، کە دسەات و رکابەری لە بەرژەوەندیدا پش عەلی زەیدی و دوای ئەلزەیدی بوونیان هەیە، جگە لەوەش پەیوەندی لگڵ ئێران کە پەیوەندیی دامەزراوەیی نزیک لگڵ ژمارەیکی زەر لە گروپە چکدارکاندا دەپارەزێت، هەندکی ناوچەیە کە بەردەوام دخی ناوخۆی عێراق ئاماژ دکات.
ئەوەی شایانی باسە، لە ماددەی نۆی دستووری عێراقدا بڕاشکاوی باس لەوە دکات کە پکهێنانی میلیشیای چکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی دژگا حکومیەکان قدەغەیە. زەیدی دوای کاریگەری جەنگی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق و ناوچەکە، دیەوێت هاوسەنگیەک لە ململانێی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق ڕابگرێت، بە ئەمەش هەوڵئەدات بەو مادە دستوریە پڕۆژەکەی جبەجێ بکات، بەڵام واقیعی عێراق جیاوازە لە چوارچێوەیکی تردا بەرەودەچێت و بە شێوەیکی جیاواز کاردکات، دستور کاری پناکرێت، بەڵکو ڕەوەی زەیدی لەوانەی پش خۆی باشتر نابێت.

دوا هەناسەکانی پایز.. شیعری ئیلهام موادی

شقامە نەماوە قانگ نەدرابە بەبانی جگەرە
دووبارە دکرێتەوە وەک زخمکی کۆن

هەموو ژن
گوڵکمان نەماوە کە بۆنی بارووت نەیپژاندبێ بەسەریا
گۆشەیان کردووە گوڵکانمان لە باخچەی ئازارا
دڵرلەرزن بەدەنگی تۆقەمەنی چەکان
نەماوە بارانێ نەیبارانێبێ بەسەر دەشتەنگیەکانمانا
دەنووستووە هەر دەپچیرەکەک
گریانمان شکست
هەوری کام ئاسمان نەبێ ئاشنای ئازارمان
بەدوامانا دەکەون هەوری ڕەش
لەکمان جیاناکاتەوە
تەنیایی
بەباڵمانا هەڵچێ
باڵندەیەکی ڕەشی قاوغێ
لەسەر شانمان
نافڕێ
وەکو سەبەرێ لە تاریکیمانا
بەدەنگ، مردوو
داگیری دەکات هەموو گۆشەیەکی ژیانمان
دوا هەناسەکانی پاییز.
بەخەرایی دادەمرکێتەوە مەسیقای پژارێ
بە شارێکی لەناوچوو سەمفەنیایەکی زریانێ
نغرەمان دەکا لە غوربەت
نغرەیەکی بەدەنگ لە دەی شەوان
لەناو زمانێکدا کە تێیدا نامان نابەت
لەخەیا گووشیون خەشیەکانم ئەم شارە
کلیلەکەی لەدەستداوە وەک خەزنەیەک لە بیرمەتکی داخراودا
لە فنجانی فاڵی ئەم وەرزە
ڕەگاکان دەبەن بۆچان پیاوەک و پەڕاوە
نەیانزانی بە کوێ دەڕۆن وەک ڕەوانبژانێک
دوور دوور دەردەکەون بەدەگمەن
ون دەبێ هەنگاوەکانیان لەسەر بەفر
وەکو یادەوەرییەکانمان
سەرماوەز تا بەفرانبار
بە شونێکی نادیار ڕەگایەکی درژ
لە سەرمادا بەرەو سەرمایەکی قووڵتر
خەیاڵەکی ڕووتە
وەکو دارێک لە زستانا

کۆ چیتر بۆهاری چاوەڕوانەکات

سنە
ئیلهام موادی

پەنابەران و کۆچبەرانی بێشکن لە بەزوتنەوەی کرێکاری و مرۆڤدۆستی بەدژی راسیزم و فاشیزم لە بەریتانیا!

بەدوای رووداوی ناخۆشی ڕۆژنی شەوی دوو شەممەی رابردو ٨ی حوزەیران، هەرشی کەسکی سودانی بەناوی Hadi Alodid ٣٠ ساڵ، بۆچەق بەسەر کەسێک بە ناوی Stephen Ogilvie ٤٤ ساڵ، لە شاری بڵفاستی ئەرلەندای باکورو گۆرکردنی ئەم رووداوە لایەن میدیای دەستەڕاستی بەرژوازیەوە، زەرک لە ناوچەکانی ئەرلەنداو بەتایبەت بڵفاست بووە شۆنی ئاژاوەچێتی و هەرشی فراوانی راسیزم و فاشیزم بەسەر پەنابەران و کۆچبەران و خەڵکی بیانی بگشتی و سوتاندنی ماڵ و دوکان و سەیارە و ئاوارەبوونی سەدان کەس لە شوێن و جێگای خۆیان.
لەبەرامبەر ئەم هەرشە دژە مرۆیی‌ی راسیزم و فاشیزمدا، نەک تەنیا هەرشە بەسەر خەڵکی بیانی لە بەریتانیا، بەڵکو هەرشە بەسەر مەدەنیەت و مرۆڤایەتی و بەرەی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی، بەجیا لەوی خەڵکی مرۆڤدۆستی سەراسەری بەریتانیا لەپاڵ خەڵکی بیانیدان وەستان و بەتایبەت لە بڵفاست و گلاسکۆدا رژانە سەرشەقامەکان بە بەرگری لە خەڵکی بیانی، دوێنێ ١٣ی حوزەیران لەژێر ناوی: یەکێتی: دژە نژادپەرستی و دژە فاشیزم، هەزاران کەس شەقامەکانی دەوروبەری هۆڵی شارەوانی بڵفاستیان بەناڕەزایەتیەکی گەورەوە دۆڕدا و دەیانوت:
کاتێک هەرشی بکەرەکە راسیستی و فاشیستی دەکرێت بەسەر هاوڵە و دراوسێکان، ئەوە خەڵکی کرێکارانن، ئەوە یەکێتییەکانی کرێکارانن،

ئەندامانی یەکێتیی پێشمەرگەکان، چالاکوانانی کۆمەڵایەتی و کەمپەینکانی هاوپشتی و مرۆڤدۆستانن، کە پێکەوە وەستاوین و بەرگریان لێدەکەین، ئەو هەڕشانە نژادپەرستانەیە و بە دابەشکردنی ریزەکانی خەڵکەکە لە بەریتانیادا.

هاوکات ئێم ریزە نەگۆڕاوەتیی مرۆڤدۆستیی هەر دوننە بە نەگۆڕاوەتییەکی گەورەی دژە ڕەگەزپەرستی لە شاری گلاسکۆ لەلایەن ڕێکخراوی: وەستانەوە بەرامبەر ڕەگەزپەرستی سکۆتلەندا ڕێکخرابوو هاتنە سەر شەقامەکان. ئێم هەڵوێستەوە دژە ڕاسیزم و فاشیزمە، لە چەندین مانگی ڕابردووداو، چەندین جار بە دەیان و سەدان هەزارکەسی ڕژانە سەر شەقامەکان و لەپاڵ خەڵکی بیانی بە پەنابەران و کۆچبەران وەستان و بەرگریان کردو وتیان: شەقامەکان هی ئێمەیو هەموو بیانیەکان بەخێر بێن بۆ بەریتانیا.

ئێمە لە ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە ئێستاو ڕابردووشدا بانگەوازمان بۆ هەموو بیانیەکان و هێزوهاکوردزمانەکان ئەوەیە کە ڕێزی ئێمە لەپاڵ ئەو بیرە ئازادیخواز و مرۆڤدۆست و کرێکاری و سۆشیالیستیدایە لەم کۆمەڵگایەدا بە ڕەگەگرتن لە پارچە پارچەکردنی ڕێزەکانمان و بە وەستانەوەی بەکۆمەڵ و یەکگروتویمان بەدژی ڕاسیزم و فاشیزمی کۆمەڵگا، کە دەیانەوێت ڕێزەکانمان پێرشوبڵاوبکەن و سیاسەتی نژاد پەرستی پێرە پێبدەن .

ڕێکخستنی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
١٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٦

خولێ فێلسەفەکانی د. ئازاد حەمە

[redacted]
وانەی یەکەم: (هزر و ئەدەب) https://www.youtube.com/watch?v=VkUrlehABO0

وانەی دووەم: (ئەدەب بۆ فەلسەفە دەربارەت؟ ئەدەب قەرزاری فەلسەفە نییە؟)
https://www.youtube.com/watch?v=7pFwIHQXgmg

وانەی سێهەم: ئالان بادیو و چاخی شاعیران(شاعیرە بوونا ویەکان)
https://www.youtube.com/watch?v=3WGbFGxUeJ0

وانەی چوارەم: (رەمانووسبیرەند: ژیل دولەز لەمەو رەمانووسی لای کافکا)
https://www.youtube.com/watch?v=oE6aPKrWqO0

[redacted]

سەمیناری یەکەم: ((دەرمانخانەی فەلسەفە))
https://www.youtube.com/watch?v=aVz5ueGkPCE

سەمیناری دووەم: ((نەخۆشییە نۆکانی رۆح و دەروون و قوبوونەوەی بۆشاییەکانی مرۆڤ))
https://www.youtube.com/watch?v=FNeQgYGr8cE

سەمیناری سێهەم: ((پزیشکە فیلسوف یان قوتابخانەی فیلسوف کلینیکی پزیشکە))
https://www.youtube.com/watch?v=jU4jzzQlrEU

سەمیناری چوارەم: ((لە کلینیکیی فەلسەفییدا فەلسەفە یان دەروونناسی بیاردەر؟؟))
https://www.youtube.com/watch?v=aon9k6aj9Y4

[redacted]

وانەی یەکەم: بۆ هاوڕێیەتی؟ هاوڕێ کێ نییە؟.
https://www.youtube.com/watch?v=WTMWxw9RjOo

وانەی دووەم:
1/ هەستی هاوڕێبوون: سود و چێژ و باشە لە هاوڕێیەتییدا
2/ قوربانییەکانی هاوڕێیەتی: بۆ دەبێت ناهاوڕێ بوونی هەبێت؟
https://www.youtube.com/watch?v=LG9pGOtXVxM

وانەی سێهەم:/1هاوڕێ وەک ئۆبێکت/ هاوڕێیەتیی و بەختەوەریی
2/ خەمان نابێت ئادەستی پێوەندییە ژەهراوییەکان بکەین.
https://www.youtube.com/watch?v=LG9pGOtXVxM

وانەی چوارەم: هاوڕێیەتی بۆ کەتایەهنان نییە بۆ تەنهایی.
https://www.youtube.com/watch?v=nMrjD6qy0Mw

وانەی پێنجەم:هاوڕێ خەتیت یان ئۆیتر؟ هاوڕێیەتیی ڕێگایەکە بۆ خۆناسی،گۆڕانێ بەدوای خۆتکی تر. https://www.youtube.com/watch?v=zYDCmx-AgAs
وانەی شەشەم:هاوڕێ و دوژمن: فەلسەفەی سیاسیی دۆست و دژدۆست(کارل شمیت و هانا ئارێنت . https://www.youtube.com/watch?v=NFwu3TjZcC4
وانەی حەوتەم:بوونە هاوڕێ واتە خۆشەویستیکردن. نیگەرانیی هاوڕێیەتی لەنێوان (دەریدا و ئاگامبێن) دا. https://www.youtube.com/watch?v=1B1ned4_eGo
وانەی هەشتەم:هاوڕێیەتی و شار: هاوڕێیەتی نێوان ڕێگرەکان لە شاردا (مۆ و نەر، مۆ و مۆ، نەر و نەر. https://www.youtube.com/watch?v=jFUFCGpn_Bk
وانەی نۆیەم: هاوڕێیەتیی سواڵناکرێت: خستنەڕوپرسیاری هاوڕێیەتیی لە ئێستادا. https://www.youtube.com/watch?v=I2MQ9xdzVdY
وانەی دەیەم: داهاتووی هاوڕێیەتیی: دەزی نادیاری هاوڕێیەتیی لە سەردەمی نیولیبرالیزم و زیرەکیی دەستکرددا . https://www.youtube.com/watch?v=gsDG9_mzmZw
[redacted]
وانەی یەکەم:((تارمایی نیتچە لەناو فەلسەفەدا)). https://www.youtube.com/watch?v=-Op_JhfQAYU
وانەی دووەم: ((شەرشی فەلسەفیی نیتچە چی بەسەر پاشخانی هزرییمان هێنا؟)) https://www.youtube.com/watch?v=LUyE6Mz6Y4c
وانەی سێهەم: ((چەکوشکاریی لەناو فەلسەفەدا: ڕووخاندنی بتە دڕیینەکان)). https://www.youtube.com/watch?v=b6GtC0j5uHI
وانەی چوارەم / فەلسەفە و ژن: ((خوێندنەوەی فەلسەفەی نیتچە لە پەیوەندی بە قامچییەوە، بەپەی زرادەشتی نیتچە)). https://www.youtube.com/watch?v=h8TaBSPrZsc
وانەی پێنجەم: ((نیتچە و ڕەچەڵەکناسی ڕەوشت: ڕیشەی دادوەریی ڕەوشتییەکانمان)). https://www.youtube.com/watch?v=Yiv9Ww9qsK4

وانەی شەشەم: ((لەودیو چاکە و خراپەوە چاکە و خراپەی تر هەیە؟؟/ لادانی دەماکەکان)). https://www.youtube.com/watch?v=o4YFlJ-WP7A
وانەی حەوتەم: ((ژن لە فەلسەفەی نیتچەدا: دیدی نیتچە بۆ ژن، لێنەوان ەق لە ژنبوون و ژنناسیدا)) . https://www.youtube.com/watch?v=2rRUk0bBrMY
وانەی هەشتەم:((نیتچە ەوداوەکی فەلسەفییە: بۆ زەردەشت دەبێتە دەخوازی نیتچە؟)) https://www.youtube.com/watch?v=K_oIxGTzbD0
وانەی نۆیەم: نیتچە ەوداوەکی فەلسەفییە: ((دەرکەوتنی نیتچە: هیچگەرایی و ویست بۆ مرۆڤی باڵا)) https://www.youtube.com/watch?v=w0Q3HhYGKBg
وانەی دەیەم: سێ کوچکەی(ڤاگنەر، دیونیسۆس، هونەر) بریتییە لە جەوهەری ژیان سەما و خۆشی و موزیک. https://www.youtube.com/watch?v=d24kaM6ulGw
وانەی یانزەهەم: 1/نیتچە و قوتابخانەی فرانکفۆرت ، 2/ نیتچە و پۆستمۆدێرنە فەرەنسییەکان https://www.youtube.com/watch?v=bd80gvJO0JI
وانەی دوانزەهەم: 1. بونیتچەبوون و بونیتچەنەبوون 2. نیتچە و بگزاچونەوەی فەلسەفییانەی چاخ. https://www.youtube.com/watch?v=rrO7H7QQS10
وانەی سیانزەهەم : ((1/پاککردنەوەی فەلسەفە لە نیتچە شیاوە؟ 2/فەلسەفەکارانی(روناکبیرانی) پاش نیتچە، نیتچەبوونێک قەرزارنیین؟)) https://www.youtube.com/watch?v=1nJUtQQiomQ
وانەی چواردەهەم: ((1/ داهاتووی فەلسەفە بەپێی نیتچە 2/ دادۆریی فەلسەفیی نیتچە بەسەر نیتچەوە)). https://www.youtube.com/watch?v=el7bvxgawtk
وانەی پانزەهەم بەم ناوونیە((1/ نیتچەناسی 2/ چۆنیەتی گوتنەوەی نیتچە)) https://www.youtube.com/watch?v=iTGDnjDvfBo

خاوەندارێتی پارتی کوردییەکان.. ستار ئەحمەد

کاتێک مرۆڤ بە وردی تەماشای لە پێکهاتە، هەڵسوکەوت و ئاڕاستەووی سەرهەڵدانی کەمەندە ئامیارییەکان دەکات، دەگاتە ئەو بڕوا تاڵە و حاشاهەڵنەگرەی کە ئەم قەوارانە لە بنچینە و ناخی خۆیاندا لەسەر بنەمای خۆ پاسەندی، سوودخوازیی تەسک و جۆرێک لە سەرکوتکاریی هزری و کەمایەتی دامەزراون. لایەنە ئامیارییەکان، لە بری ئەوەی ببنە پردی پەیوەندی بە بەدیهێنانی سەربەستی، دادپەروەری و پێشکەوتنی ئاستەقینەی کەمەنگ، زەرجار دەبنە کۆت و بەندێکی توند و تۆنیا لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان و پاراستنی پێگەی پێشەواکانیاندا کار دەکەن. ئەوان لە چوارچێوەی خۆیاندا پەرژینێکی ئەستوور و بەرز هەڵدەچنن، پەرژینێک کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای دەسەزیی کوێرانە و گوێایەڵی دابەش دەکات. هەرکەسێک لە دەرەوەی ئەم پەرژینە هزری و پارتایەتییە بێت، یان بە نەیار و بەدکار سەرەو ژوور دەکرێت، یان بە تەواوی پشتگوێ دەخرێت و وەک بوونەوەرێکی نەبوو هەژماری بە دەکەن. ئەم نادیدەگرتن و سڕینەوەیە، هەڵک بنەمای ئەو بیرکردنەوە خەسڵەتن و سەرکوتکارانەیە، کە هەگە بە هیچ جیاوازی و فرەڕەنگییەک نادات و تەکەشانی بەوچان دەکات بە یەکەڕەنگ کردنی کەمەگە و کپکردنی هەر دەنگێکی هەسەن و سەربەخۆ کە نەیەوێت ببێتە بەشێک لە ئامێری بانگەشەی چەواشەکارانەی ئەوان.

ئەم بیرکردنەوە پاوانخوازە تۆنیا لە کایەی دەسەاتی کارگێڕی، ئامیاری یان دارایی و ئابووریدا ڕەنگناداتەوە، بەڵکو بە شێوازێکی زۆر ترسناک و قووڵ شێوە دەبەتەوە بە ناو کایەی هۆشنبیری، وێژەیی و هەشیارییە گشتییەکەمەگە. یەکێک لە هوونترین و دیارترین نموونەکانی ئەم هەڵوێستە نالەبارە، لە دەست بەسەرداگرتنی تەواو و بەسنووری ناوەندەکانی چاپەمەنی، هەژنامە و گۆڤارەکاندا دەردەکەوێت. ئەم ئامرازە گران بەهایانەی زانین و وێژە، کە لە بنەڕەتدا بەیار بوو ببنە سەکۆیەکی ئازاد بۆ دەربڕینی بۆچوونی جیاواز، گواستنەوەی ئاستیەکان و گۆشەپەدانی هزری مرۆڤایەتی، لەلایەن ئەم پارتانەوە کراونەتە خاوەندارێتی تایبەت بە خۆیان و تۆنیا وەک زمانبڕی ئاشکرا و نهێنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان

بەکاریان دەهێنن. بەاوکردنەوە لەم ناوەند و گۆڤارانەدا بە تەواوی پاوانکراوە بۆ ئەو لایەن، نووسەر و هەڵزانەی کە سەر بە بازنەی پارتەکەن یان بە هیچ شێوەیەک لە هەڵەی هزری و سوود خوازیی ئەوان لانادەن. نووسەر، بیرمەند، وێژەر یان هاوڵاتییەکی سەربەخۆ ئەگەر خاوەنی باشترین, بەپێزترین و بەرزترین بڕوانامەی زانستی و وێژەییش بێت، دەرگای ئەم چاپەمەنی و ڕۆژنامانەی لەدادەخرێت ئەگەر نەچێتە ژێر باری دەسەزیی کوڕانەی پارتایەتی.
ئەو بۆچوونەی کە زەرجار لەم ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا بە ناوی دەروەی بازنەی خۆیان بەاودکرێتەوە، تەنیا بابەتگەلێکی زۆر ساکار، بێبایەخ و بکەریگەرن کە هیچ زیانێک بە پێگەی ئەوان ناگەیەنن. ئەم کارەش تەنیا بە ئامانجی جوانکاریی دەرەکی و ڕووکەش دەکرێت، بە ئەوەی لەبەردەم بەچوونی خۆکەدا وا نیشان بدەن کە گوایە فەزایەکی کراوە و ئازادی ئادەربین بوونی هەیە، لە کاتێکدا لە پشت پەردەوە پاڵەوەر و ڕێگریەکی زۆر توند و بەبەزەییانە هەیە کە پێش بە هەر دەرگایەک دەگرێت کە بیروبۆچوونێکی یان هەڵوێستێکی ئاستەقینە بەاو بکاتەوە. تەنیا ڕێگە بە بەاوبوونەوەی ئەو بابەتانە دەدەن کە ستایشی دەسەڵاتی ئەوان دەکات، یان بە ناڕاستەوخۆ خزمەت بە مانەوەی کایە کۆنەکەیان دەگەیەنێت. ئەم ڕێگریە گشتگیرە جۆرێکە لە تەقاندنی هزری و خنکاندنی هەمانەی هەر دەنگێکی ئازاد کە بیروبۆچوونێکی ئاستیەکان وەک خۆیان نیشانی خەڵک بدات و دەرگای ڕۆخنە لەسەر شێوازە چەوتەکانی بەڕێوەبردن بکاتەوە. ئەم سنووردار کردنەی پێنووسەکان و بکەیلکردنی وشەکان، وایکردووە، کە مەشکی نەوەی نوێ لەناو بڕبەستی دیاریکراودا قەتیس بمێنێتەوە و نەتوانێت ئاسۆکانی دەروەی پارتەکان ببینێت.
ئەم جۆرە ڕەفتارە نیشانەی باڵادەستی ئەو حزبە سەرکوتکارە شاراوەیەیە کە دیاروبەت کەمتر بە تەواوی کۆنترڕێ بکات و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لەناو بازنەیەکی تەسکی حیزبیدا دیل بکات. کاتێک ئاگەیاندن، ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی تەنیا لە خزمەت یەک ئاراستە و یەک تەوانینی بڕتەسکدا بوون، کەمتر بە تەواوی لە هۆشیاریی ئاستەقینە و فرەدەنگی بەبەش دەبێت. لە ژینگەیەکی لەو جۆرەدا، تەنیا درۆ گۆڕەکان، پیاهەڵدان، شانازییە ساختەکان دەبیسترێن و دەبینرێن، ئەمەش وایکردووە کە بەاوکردنەوەی بابەتێکی ڕاستەقینە و بەسوود ببێتە کارێکی ئەستەم و نەکردەنی. پارتە ئامیاریەکان بەم شێوەیە لە پاوانکاری و دەست بەسەرداگرتن سەلماندوویانە کە ترسی هەرە گەورە و هەمیشەیی ئەوان لە ئاستی، زانست و سەربەستیی هزریە، بەیە بە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی ڕەگری و دوورخستنەوە، هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و خنکاندنی

هەر بیرۆکەیەکی نوێ دەدەن کە لە دژواری چوارچێوەی تەسک و سوودخوازەکەی ئێواندا لەدایک بێت و گۆشە بکات.

ستار ئەحمەد

ئازادی من ئازادی تۆ نییە!..
سەدیق سەعید ڕواندزی

یەکێك لە بنەڕەتیترین مافەکانی مرۆڤ ئازادی کەسییە، کە لەو سنوورە کۆتایی دێت، کە ئازادی بڕانبەرەکەی دەست پێ دەکات . بەیە ئازادی کەسی، بەشکە لەو ماف و بەخششی تاك و پێوەندی بە شوناس و بوونی کەسیانەی خۆیەوە هەیە و بە هیچ کەسێك نییە سنوورەکەی ببەزێنێت، یان تێوانینەکی تایبەتی و کەسیانەی خۆی بگشتێنی بڕانبەر بە هەمووان، چونکە مرۆڤەکان لە سەر بنەمای ئازادی و ناسنامەی تایبەتی جیان لە یەکتری، لە ڕووی بیروڕاو هەڵوێست و هەموو پرسێك. کەچی لە نێوەندی ڕەشنبیریی کوردیدا و لە میانەی نووسین و دڕبڕینی هەڵوێست و یان قسەکردن لە سەر دیاردە و ڕووداوێکی نێو کۆمەڵگە، بە داخەوە بە ئاسانی ئەو سنوورە ئازادییە کەسییە پشێل دەکرێت و جڕێك لە گشتاندنی کۆمەڵێی بە هەموو کۆمەڵگە و نەتەوە دەکرێت، کە پشێلکارییەکی زۆڕ و سەپاندنی بچووکی تایبەتییەو هەوڵدانە بە لە قاوغدانی کەی کۆمەڵگە بەو دیدگا کەسییە. گەڵێك جار، لە میانەی نووسین و قسەکردن لە سەر پرس و بابەتێکدا، ڕووبەڕووی ئەو دیدگا کەسییە دەبینەوە، وەك ئەوەی دڵگوترێت:_(کورد هەفتاری کەوی هەیە) یان (کورد حەزی لە پاشکەیەتی و جاشایەتییە) یان (کورد میللەتێکە بیر ناکاتەوە و سگی تەر بێت بەسە) یاخود باوەڕیان بە مافەکانی (ژن نییەو ژن کوژن) بەڵام ئایا هەموو کورد وان تە بڵێ هەموو تاکێکی کورد، وەك کەو هەڵفتار بکات و ناپاکی لە هاوڵاتیکانی بکات و بیانخاتە تاوانەوە؟ تە بڵێی هەموو پیاوی کورد، وەك یەك ژن ببینن و باوەڕیان بە مافەکانی نەبێت؟ بگومان بڵێیەکی نەخێر ! مەگەر تە بە قووڵی و بەرمبنای

هەڵسانگاندنکی وردی کەمەناسیانەی کەمەگەڵ، گەیشتوویتە ئەم بڕیارە؟ کەواتا کە ئەو ماف و دەسەاتی پێ داوی بە ناوی هەر هەموومان قسە بکەیت و کردەوەیکی نەگونجاو هەڵفتارکی لادارانەی تاکەك بکەیتە هی هەموو کەمەگەڵ و بیگشتنی بە سەر هەموماندا ؟ لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵەیە و نابە ئازادی کەسی تاکەکان پێشێل بکەین، ئەوەی دەکرێت هەموو کورد نایکات، تا هەمووان بخەینە یەك تای تەرازووە و بەکو هەر هەندکیانن! کەواتا باشتر وایە بە زمانی هەموو نەتەوە نەدوێین و بوارێك بە جیاوازکەوتنەوە بهێنەوە و هەر تاکەك سەربەست بێت لەوەی کە بیرو ڕای کەسیانەی خۆی هەبێت و کەسمان لە بڕی کەس قسە نەکەین و ئازادی ئەو بە ئازادی خەمان نەزانین تا سەربەست بین لەوەی چیمان مەبەست بێت بیڵێین !

*ئەم باباتە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە9667) لە 2/6/2026 بڵاوکراوەتەوە.

ئەو مرۆڤایەتیەی کە نەماوە.. شیعری شێش ءەزیز سورمە

لە نێوان دەموچاوە سەرقاڵەکاندا دەڕەم،
هەریەکەیان لە بەدەنگی خۆیاندا قفڵ بوون،
و پەم سەیرە ئەو پریشکە بە کوڵ چووە
کە ڕۆژێک دەیزانی چۆن ئازار بناسێتەوە.
مرۆڤایەتی ون بووە
لەو هەنگاوانەی کە خاو نابن
پێش ئەوانەی دەکەون، لەو دەستانەی دەست درێژ ناکەن،
لەو وشانەی کە چیتر ناوڕن
بە ئەوەی ناداڕوێری ناوبەین ناداڕوێری.
لە کەشکەکاندا ون بووە کە دەسەاتیان تێدایە
دڵی بەردی هەیە،
و لەو شەقامانەی کە ئازاریان…
بووەتە ژاوەژاوی پاشبنەما

کە کەس نایبیستێت.
و لەگەڵ ئەوشدا، هەندێک جار،
بە ئاماژەیەکی بچووک دەیدزمەوە،
لە نیگایەکدا کە هەڵناگیرێت،
لەو کەسانەی کە هێشتا وەستاون
بە ئەوەی بڵێت: "دەتبینم."
هەنگاوە مرۆڤایەتییەکانمان:
تەنها شاراوەیە
لەو کەسانەی کە وازیان لە هەستکردن نەهێناوە.
لەو کەسانەی کە وەک تۆ،
بەردەوام بە لە گیان بەدوایدا
تەنانەت کاتێک جیهان…
وا خۆی نیشان دەدات کە پێویستی پێی نییە.

گرنگییەکانی هونراوە لە گۆشەکردنی زمانی منداڵان.. رەزا شوان

هونراوە فۆرمێکی هونەریی جیهانییە، کە سنووردارکانی کولتوورەکان و ئەزموونەکان و هەستەکانی مرۆڤ تێدەپەڕێنێت. ڕەگ و ریشەی قووڵی لە زمان و وێژەدا هەیە.

هونراوەکانی منداڵان. تەنیا ستروا و ریتم و وشەکانی سەر لاپەڕەکان نین. بەڵکو دەنگی زیندووی ژیانن. هونراوەی منداڵان ئەو فۆرمە وێژەییە ئەفسوناویەیە، کە چێژ و پەگەزێکی گەورەیان لەلای منداڵان هەیە. ڕەگەزێکی نایاب و ناوازەیە، بە فێرکردن و بە دەوڵەمەندکردنی ژیانی منداڵان، بە وروژاندنی کنجکاوی و خەیاڵی منداڵان، بە هاندانیان بۆ داهێنان. بە تایبەتی گەر ئەو هونراوانە میلۆدی و ریتمیان لەگەڵدا بێت. هونراوەی منداڵان، گەنجینەیەکی وشەیە، فەرهەنگی وشەسازیی منداڵان دەوڵەمەند دەکات. بە وشە و

دەستەواژە و بە چەمکی نوێ ئاشنایان دەکات. منداڵان لە ڕێگەی سترواو و ریتمەوە، بە ئاسانی دەتوانن ئاڵم وشانە بهێننەوە یادیان و لە قسەکردنی ڕۆژانەیاندا بەکاریان بهێنن.

ئەو منداڵانەی بە بەردەوامی هەنراوەن، توانایەکی باشتریان لە جیاکردنەوەی دەنگەکان و لەبەرکردنی هەنراوەکاندا هەیە. لە وشەسازی و زمان و داڕشتنی رستە و تێگەیشتن و لە خوێندن و گۆزارشتکردندا، لە هاوتەمەنەکانیان سەرکەوتووترن.
هەندێک لە پسپۆران و پەروەردەکاران، جەختیان لەسەر گرنگی هەنراوە کردووەتەوە، لە پێکهێنانی چەژی زمان و جوانی لەلای منداڵان. سادەیی وشەکان و شیرینی ریتم و تەنی سووک و سەرواکان، بەشدارن لە فراوانکردنی ئاسۆی زمانەوانی منداڵان و لە بەرزکردنەوەی توانای دەربڕینی هەست و سۆز و بیرکردنەوەکانیان بە ڕوونی.

منداڵان بەبێ زمانێکی دیاریکراو لەدایک دەبن. بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، توانای فێربوونی زمان بەدەستدەهێنن. زمان ئامرازێکی زۆر گرنگە لە وێژەی منداڵان. بە هاوبەشکردنی هەست و سۆز و خەیاڵی منداڵان. هەنراوەی منداڵان، ڕێگەیەکی گرنگ و کاریگەری لە گەشەکردن و لە پێشخستنی زمانی منداڵان هەیە. بە تایبەتیش لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، کە پەنجەرەی کراوەی زۆری هەیە. ئامانج پەویستی بە بەهێزکردنی زمانی دایکی منداڵان و بە پەروەردەکردنی شانازی بە خود و ناسنامەی خەیانەوە هەیە.

بگومان ئەو هەنراوەنووسانەی هەنراوە بە منداڵان دەهێننەوە، هەوڵدەدەن بە زمانێکی کوردی پەتی و ئاسان و بە وشەی جوان و ناسک، بە ریتم و سەروای شیرین، بەپێی قەناغەکانی تەمەنی منداڵی، هەنراوەکانیان بهێننەوە و بیانازێننەوە.
(دەبلیو ئێچ ئۆدن) دەڵێت:"هەنراوەنووس لە سەرووی هەموو شتەکانەوە ئۆویندارێ زمانە".
گرنگییەکانی هەنراوە لە گەشەکردنی زمانی منداڵاندا:
هەنراوەی منداڵان، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر گەشەکردن و پێشخستنی زمانی زارەکی و نووسینی منداڵان هەیە. زۆرن ئەو ئامانج و سوودە زمانییانەی، کە لە سایەی هەنراوەی منداڵاندا دەنێدی. ئامانە بەشکەن لەو ئامانجە زمانەوانییانە:

١ــ لە ڕەگەی خوێندنەوە و گوێگرتن و وتنەوەی هەنراوەی منداڵان، سامانی وشەسازیی منداڵان، زۆر دەوڵەمەندتر و فراوانتر دەبێت. بە وشەگەلێکی نوێ و دەستواژەی ناوازە و زمانی ستایش و بە چەمکی نوێ ئاشنادەبن. زیاتریش لە مانای وشەکان تێدەگەن. دەتوانن باشتریش گوزارشت لە ناخی خۆیان بکەن.
٢ــ هەنراوە یارمەتیی منداڵان دەدات بۆ جیاکردنەوەی نەخشە و شێوازە دەنگییەکان. بەمەش هەستیاریی فۆنۆلۆژییان بەرزدەکاتەوە. یارمەتییان دەدات لە تێگەیشتن لە دەنگ و لە تەن و ئاواز.
٣ــ هەنراوەکانی منداڵان، یارمەتیی منداڵان دەدات لە داشتنی رستە. بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و وردیش پێناسەیی دەستوورەکانی ڕێزمان بکەن و لێیان تێبگەن.
٤ــ لێکدانەوەی هەنراوە، هانی منداڵان دەدات، بە گەڕان بە دوای بیرکەی نوێ و داهێنانەدا. بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و وردتر تێگەیشتن لە ماناکانی وشەکان و لە پەیامەکانی هەنراوەکان و لە تاوتوێری قووڵتر. بۆ دەربڕینی ڕا و سەرنجەکانیان دەربارەی هەنراوەکان.
٥ــ هەنراوەی منداڵان، کنجکاوی منداڵان دەوروژێنێت و هانیان دەدات بۆ ئازادکرنی خەیاڵیان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بە گەڕان بە دوای بیرکەی نوێدا.
٦ــ ریتم و سەروا، دوو توخمی سەرەکین لە هەنراوەی منداڵاندا، ڕێکی گرنگیان لە پەرەپێدانی خوێندنەوە و نووسینی منداڵانی بچووک هەیە. سەرنجیان ڕادەکێشن و مەشکیان سەرقاڵ دەکەن.
٧ــ هەنراوەی منداڵان، هێندێکی سەرەکی دەگەڕێت لە پاڵنانی خوێندکاران بۆ گەڕان بە دوای جوانی و ڕوانبێژی و توانای زمانیدا. نێک هەر تواناکانی زمانیان باشتر دەکەن، بەڵکو زیرەکی سەزداریشیان پەرەپێدەدەن.
٨ــ خوێندنەوەی هەنراوە بە دەنگێکی بەرز، متمانە بەخۆبوون و ئازایەتییەکی وێژەیی بە منداڵان دەبەخشێت. دەتوانن، بە شەرمکردن لە بەردەم خەڵکیدا، خەیان دەربڕن و هەنراوە بخوێننەوە و قسەبکەن و گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن.
٩ــ منداڵان لە ڕەگەی هەنراوەوە، ئاسەی خەیاڵیان بەرزتر دەبێت، سنووری جیهانیان فراوانتر دەکەن. دیانەوێت زیاتر و زیاتر فێربن و وەربگرن و بزانن.
لە کۆتاییدا دەڵێین هەنراوەی منداڵان، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەرزکردنەوەی توانای خوێندنەوە و نووسین. سەکۆیەکی ناوازەیە بۆ گەڕان بە دوای زمان و

فراوانکردنی وشەسازی و بیرکردنەوەی داهێنەرانە و گەشەکردنی سەزداری.
لە رێگەی ئاشناکردنی منداڵانی کوردمان، بە جیهانی ئەفسوونـاویی هونراوە، دەتوانین خۆشەویستیی زمانی شیرینی کوردی لە دڕوونی منداڵەکانمان بچەنین.

با لەگەڵ منداڵانی ئازووماندی هونراوەدا، بچینە ناو جیهانی هونراوە بە منداڵان و دڕگاکانی جیهانێک لە وشە و سەزداری و توانای بە سنووریان لێبکەینەوە. ئەو هونراوانەیان بە هەڵبژێرین، کە لەگەڵ قۆناغی تەمەنیاندا دگونجین و بە دڵیان و لێیان تێدگەن.

دوبەی: ٢٠٢٦

ئامرازە قزۆنەکانی دەستات بە تیرکردنی کەسایەتی هۆشنبیر.. فەریق مەحموود

ململانێی نێوان هۆشنبیری هۆشنگەر و دەستاتی دیسپۆتی، پێکدادانێکی تەمەن درێژە لە نێوان "پاڵەی هۆشنگەری و بەهاکانی ئازادی" و "پاڵەکانی هەژموون و بڕدوامدانی ستەمکاری". ئەم ململانێیە چەندین شێوەی هەیە و هۆنگدانەوەی جیاوازییەکی بنەڕەتییە لە ئامانج و ئامرازەکانی هەردووڵادا.
جۆهەری ململانێ:
هۆشنبیری هۆشنگەر: هەوڵدەدات عەقڵ بەکاربهێنێت، بە شێوەیەکی بابەتیانە هۆخنە لە واقیع بگرێت و بڕگری لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بکات. ئێوان هۆیی بنەڕەتی خەیان وەک ویژدانی زیندوو و هێزی فشار دەبینن کە بڕەو دادپەروەری و پێشکەوتن هۆنمایی خۆك دەکەن.
دەستاتی دیسپۆتی: ئامانجی مانەوە و کۆنترۆڵی هۆهایە. هەر بیرکی هۆخنەگرانە یان دەنگێکی ئازاد بە هەڕەشەیەکی ئاستەوخۆ بە سەر بوونی خۆی دەزانێت و بڕدەوام هەوڵی قڕخکردنی حەقیقەت و کۆنترۆڵکردنی جەماوەر دەدات.

ئامرازەکانی ململانێ:
چەکی هونەر: وشە و فیکر و قەڵەم و فەلسەفەیە. پشت بە بەهاوکردنەوەی هۆشیاری و ئاشکراکردنی گەندەڵی و کەرتکردنەوەی بیروڕای گشتی بە بەکارهێنانی پلاتفۆرمە کولتووریەکان و میدیای سەربەخۆ دەبەستێت.
چەکی دەسەڵات: پشت بە سەرکوت و سانسۆر و دەستگیرکردنی ئازووماندان و قۆرخکاری میدیای فۆرمی دەبەستێت. هەروەها دەسەڵاتداران پەنا بە سیاسەتی "کەین" یان هەڕەشەتی چەواشەکاری میدیایی دەبەن بە دابەشکردنی هونەرمەندان لە بنکە جەماوەرییەکانیان.
ستراتیژییەکانی دەسەڵات لە هووبووونەوەی هونەرمەندان:
هەوڵدان بۆ ئاکۆشانی هونەرمەندان بە پێست و ئیمتیازات بە گۆڕینی لە "دەخنەگرانەوە" بۆ "پەزشکار" بە سیاسەتکانی دەسەڵات.
دوورخستنەوە و پەراوێزخستن: لە هووی ئابووری و پیشەیەوە گەمارۆدانی هونەرمەندان و هەڕەشەکردن لە بەهاوکردنەوە یان بەرچاوخستنتان.
تەقاندن و توندوتیژی: پەنابردن بۆ هێزی زیادەیی و دەستگیرکردنی ئازووماندان (وەک تەمەتی "سووکایەتیکردن بە کولتوور و دەزگان" یان "هەڕەشەکردن لە ئاسایشی نیشتمانی") بۆ بەدەنگەکردنی دەنگە نائازیەکان.
تەچووی خەبات دژی هونەرمەندان: هونەرمەندانی ئاستەقینە باجی قورس دەدەن بە بەرگریکردن لە پرەنسیپەکانیان، لە زیندانیکردن و دەربەدەری زۆرەملێوە تا لەناوبردنی جەستەیی و لەکارکردنی کۆمەڵایەتی.
دەرئەنجامەکانی خەبات:
لە هووی مەژووییەوە ئەزموون سەلماندوویەتی کە دەسەڵاتە دیسپۆتیکەکان- سەرەڕای خاوەندارێتی ئامرازکانی ستەم- هەمیشە شکست دەهێنن لە کوشتنی بیرکەکان.
دەرئەنجامەکە: ژمارەی دیسپۆتیەکان دواجار لەناو دەچن، لە کاتێکدا بیرکەی هونەرمەندانی ئازاد بە نەمری دەمێنێتەوە و دەبێتە پریشکی شەش و گڕانی ئەرێنی لە کەهێگادا.
هێگا قەزوونەکانی تیرۆری کۆمەڵایەتی:
تیرۆرکردنی کارەکتەر و ناوزڕاندن لە دیارترین شێوازە ناڕاستەوخۆکانە کە دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان یان دەسەڵاتە سیاسییەکان بە بەدناو کردنی نووسەران و هونەرمەندانەوەی کاریگەریی کۆمەڵایەتیەکانیان بکاریدەهێنن. دەسەڵاتداران پەنا بە ئەم بژاردەیە دەبەن کاتێک بەیان دەردەکەوێت کە دەستگیرکردن یان سەرکوتکردنی ئاستەوخۆ هەنگاوێت نووسەر بگەیەنێت بە "پاکانەکی

کۆمەڵایەتی" یان "شەهیدی وشە"، بەپێی بۆچوونێکی ئەخلاقی یان فیکرییان لە چاوی خۆیاندا لەناودەبەن.
ئەو میکانیزم و شێوازانەی کە دەسەڵاتداران بۆ ناشرینکردنی نووسەران و بیرمەندانی ناڕازی بەکاریان دەهێنن، جۆراوجۆرن و ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرن:
شێوازەکانی دەسەڵات بۆ ناوزڕاندنی نووسەران:

- تۆمەتی ئەخلاقی و ڕەفتاریی: دروستکردنی ئەو کێسانەی کە ئیدعای شەرەف دەکەن، یان بەهاوکردنەوەی دەنگۆ لەسەر ژیانی کەسی نووسەر بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵگەی پارێزخواز لێیان.
- تۆمەتی خیانەت و تەفسیری دژەکی: ناونانی نووسەر وەک "سیخوڕ"ی قەوارە بیانییەکان، یان وەک کەسێک کە ئەجێندای دژەکی جێبەجێ دەکات کە ئامانج لێی تێکدانی سەقامگیری میللەتە.
- دادگاییکردنی فیکری و ئایینی: تۆمەتبارکردنی نووسەران بە تێرۆریست یان بە پێچەوانەوە بە کوفر، یان دوژمنایەتی بەرامبەر بە بەها دامەزراوەکانی کۆمەڵگا، بەمەش دەبنە ئامانجی توندیی گشتی.
- ئاماژەدان بۆ نەخۆشی دەروونی یان عەقڵی: بەکارهێنانی نەخۆشخانەی دەروونی لەلایەن هێندێک ژمێری تۆتالیتاری (وەک سۆردەمی سۆڤیەت) وەک ئامرازێک بۆ گۆشەگیرکردنی نووسەران و بانگەشەی ئەوەی کە بیرکە ناکۆکەکانیان لە تێکچوونی دەروونییەوە سەرچاوەی گرتووە.
- ناوزڕاندنی پێشەیی و ئەدەبی: دەستپێکردنی هێرشە تۆکان لە ڕێگەی میدیای کۆنترۆڵکراوی دەوڵەتەوە بۆ کەمکردنەوەی بەهای بەرهەمی ئەدەبی نووسەران و وەسفکردنی بۆ کەم، ووشکخواز، یان دزیکردن.

نموونەی مەژوویی :

- میلان کوندێرا (چیکۆسلۆڤاکیا): کەوتبووە بەر هێرشی ناوزڕاندنی خراپ لەلایەن ژمێری دەسەڵاتدارەوە، پێش ئەوەی بە زۆر دەربدەری بکات، بە سیخوڕی و هاوکاری دژەکی تۆمەتباری دەکات.
- بۆریس پاستێرناک (یەکێتی سۆڤیەت): دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی بەناوبانگی "دکتۆر ژیڤاگۆ" و بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ، ووبەووی هێرشێکی بەرفراوانی ئیدانەکردن و ناوزڕاندن بووەوە لە لایەن سەرکایەتی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت

و چاپەمەنی فەرمییەوە، ئەمەش ناچاری کرد لە ژێر فشار و تەقاندن خۆی ئاشکرا بکاتەوە.

- تەها حسێن (میسر): تووشی شۆکی توند بووە و هەمەتی چواشکاریی سیاسی و ئایینی بە سەرکایەتی کاربەدەستکانی ناو حکومەت و دامەزراوە نزیکییەکان ، دوای باوبوونەوەی کتێبی "لە بارەی شیعرەوە " لە ساڵانی بیستەکاندا.
- نەجیب مەحفوز (میسر): هووبووی هەمەتی هێرشکراوی ناوزڕاندن و تەمەتی بیدعە، ئەم هەمەتانە دوای ئەو مشتومڕانەی لە دەوری ڕەمانی "منداڵانی گەڕەکەکەمان"دا هاتە لوتکە و دواتر بووە هۆی هەوڵدان بۆ لێنوبردنی جێستایی دوای تیرۆرکردنی کارەکتەری.
- ئەدۆنیس (سوریا): سەرەڕای قووڵایی کارەکانی، کۆسایەتی و بیرکەکانی وەک بابەتی هەمەتی چواشکاری و تەمەتی دژبوون و بە سیاسیکردنی تۆندی بەرهەمی فیکریی لایەن کوتلە جیاوازەکانی ناو حکومەت و ئۆپۆزسیۆنەوە هووبووەوە.

ئامانجی سەرەکی دەسەڵات لەم ستراتیژدا ئەوەیە کە نووسەر لە پێگەی "قوربانی و بەرەنگاری"وە بگۆڕێت بۆ پێگەی "تەمەتبار"، ناچاریان بکات وزەی داهێنەرانە و کاتەکانیان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و کارەکانیان ماندوو بکەن لەبری ئەوەی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و ئاشکراکردنی پراکتیکەکانیان.

ناوزڕاندنی ئەخلاقی (یان لەناوبردنی ناوبانگی کەسی):

یەکێکە لەو چەکە کوشندانەی کە دەسەڵاتە سیاسییەکان یان دەزگا ئەمنییەکان دژی نووسەران و ناڕازییان بەکاریدەهێنن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کەمپەینگاکان بۆ تایبەتی ڕەنگە هاوسەزی نووسەرێک بن کە بە هەڵکاری سیاسی زیندانی کراوە، بەڵام ئاگەر هەرش بکرێتە سەر ئەخلاق یان شەرەفیان بە تەواوی وازی لێدەهێنن.

لەرەدا چەند نموونەیەکی دیار و بەرچاوی مێژوویی و جیهانی ئاستەقینە دەخەینەڕوو کە چۆن دەسەڵاتداران ناوزڕاندنی ئەخلاقی وەک ئامرازێک بۆ "تیرۆری کارەکتەر" بەکاردەهێنن:

1. **دروستکردنی تاوانی شەرەف و کردەوەی بۆ ئەخلاقی:**

ژمارە تۆتالیتاریییەکان پشت بە تاکتیکی چاندنی بۆگەی هەڵبەستراو یان تۆمەتانان بۆ نووسەران دەبەستن بۆ ئەوەی لە

دەخۆ سازشکارەکاندا وەنێ بگیرێن. نموونەکان بریتین لە:

- صنع الله ئیبراهیم (میسر): لە بیرەوەرییەکانی و بەشێک لە نووسینەکانیدا، هەمانووسی میسری ئاماژەی بەو شێوازانە کردووە کە دەزگا ئەمنییەکان لە سەردەمەکانی پێشوودا بەکاریان دەهێنن. ئەم شێوازانە بریتی بوون لە چاندنی ئامێری گوێگرتن و کامێرا لە شوقەی هاوسێیران و ناسازیان بە گرتنی هەر لاوازییەک لە ژیانی تایبەتی خەیاندا و بەکاریبهێنن بۆ هەڕەشەگیریکردنیان یان ئاشکراکردنی نهێنییە شەخسییەکانیان، بەمەش پێگەی ئەوان لە چاوی خەڵکدا لەناو چێت.
- هەمەتە ئەمنییەکان لە سەردەمی سۆڤیەتدا (KGB): "داوی سونونو" تاکتیکێکی فەرمی بوو کە هەواگری سۆڤیەت بەکاریان دەهێنا. نووسەران و هونەرمەندان (هەم ناوخۆیی و چ بیانییەکان) لە هەوڵی پەیوەندییە هەڵبەستراوەکانەوە لەگەڵ ژنان کەوتنە تەڵەوە، پاشان فیلمیان لە گیرا و هەڕەشەگیریان بۆ کرا تاکو؛ یان هاوکاری لەگەڵ ڕژێم بکەن یان فەزیحە بۆ لەناوبردنی بنەماڵەکانیان و ناوبانگی ئەدەبییان بۆ بکەرێتەوە.

1. **تەمەتی هاوڕەگەزبازی و هەڵفتاری لادان:**
ناونانی نووسەر بە لادان ئامرازێکی ئایدیاڵ بووە بۆ دەسەڵاتی سیاسی قەرخکار، چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا، بۆ لەناوبردنی هەڕەشەبران بەبێ ئەوەی وا دەرکەوێت کە پاڵنەرێکی سیاسییان هەبێت:

- ئۆسکار وایلد (بریتانیا، ۱۸۹۵): نووسەر و شاعیری بەناوبانگ لە ئایکۆنێکی کولتووریەوە گۆڕدرا بۆ دەرکراوێکی کۆمەڵایەتی دوای ئەوەی دەسەڵاتداران و کۆمەڵگەی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە یاسا تونددەکانیان قەستەوە بۆ تەمەتبارکردنی بە "لەشفرۆشی خیانەتکارانە" و پراکتیزەکردنی هاوڕەگەزبازی (کە ئەو کاتە بە یاسا و ئەخلاق تاوانبارکرابوون). ئەمەش بووە هۆی زیندانیکردن و لەناوچوونی تەواوەتی ناوبانگی ئەدەبی و مردنی بە پارێیی و

دەربەدەریی.

- میخائیل بولگاکۆف (یەکێتی سۆڤیەت): هووبڕووی هەڕەمەتی ناڕاستەوخۆی چەواشەکاری بووەوە و بە بەرژوەزی و لە ڕووی ئەخلاقی و فیکریەوە ناوزەد کرا و تەمەتی شەرەفی بە دروستکرا. شانامە و هەمانکانی (نموونەی مامۆستا و مارگریت) بە بیانووی ئەوەی کە بەرهەمێ ئەدەبییەکی ئەخلاقی هاوڕاتی نوێی گەندەڵ کردووە، قەدەغە کران.

1. **هەڵشکردنە سەر شەرەفی ژنە نووسەران و چالاکوانان:**
کاتێک ژنێک دەچێتە گۆڕەپانی ئەدەبیاتی سیاسی یان ئەپڕزسیۆن، زەرجار دەسەڵات و میدیا سەبارەکانیان سەرنجیان لەسەر هەڵشکردنە سەر هەڵسوکەوتی کەسیی و هەڵفتاری دەبێت و هەنگاوە تەمەتی لەشفرۆشیی بدەنە پاڵ.

- نەوال ئەلسەعداوی (میسر): پزیشک و هەماننووس لە کاتێ جیاوازکاندا هووبڕووی هەڕەمەتی ناشرین و تیرۆرکردنی کارەکتەری بەرفراوان بووەوە لەلایەن ئەندامانی لایەنگری حیزبی دەسەڵات وحکومەتەوە. بیرۆکەکانی ئەو بە شێوەیەکی بابەتیانە باس نەکراون؛ بەڵکو لە میدیای سەرکیدا وەک "ژنەکی خراپ" وەنا کرا کە بانگەشە بە لەناوبردنی بەها خەزانییەکان و بەاوبوونەوەی بە ئەخلاقی دەکات، ئەمەش وایکردووە ببێتە ئامانجی بەردەوامی هەراسانکردن و گەشەگیری یاسایی.
- ژنانی ناڕازی و نووسەر لە فەزای دیجیتاڵی مەدەرن: سوپای ئەلیکترۆنیی ژێمە دەسەڵاتدارەکان تاکتیکی "فەیک" بەکاردەهێنن بە دروستکردنی وێنە و ڤیدیۆی سازشکارانەی ژنە نووسەر و چالاکوانەکان، بە ئامانجی ئەوەی لە ڕووگەی بنەماڵەکانیانەوە فشاری دەرووونی لەسەریان دروست بکەن و ناچاریان بکەن لە ترسی فەزیحە کەمەڵایەتییەکان بدەنگ بن.

1. **ناوزەاندنی دارایی و گەندەڵی ئەخلاقی:**
جگە لە هەڵسوکەوتی ئەخلاقی، دەسەڵات بە ئەنقەست لایەنی دارایی نووسەران دەکاتە ئامانج بە ئەوەی وەک هەڵپەرست وێنایان بکات:

- بەد ناوکردنی نووسەرانی تاراوگە: هەندێک لە ڕۆژنامەکان پێنا بە بەناوکردنەوەی بەرگەنامەی هەڵبەستراو دەبەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نووسەرانی پێنابەر لە بەرامبەر نووسینەکەیاندا بەکی زەر پارە و دیاریی زۆبەلاح لە سەرچاوە گومانلێکراوەکانەوە وەردەگرن. ئامانج لەردا ئەوەیە نووسەر لە چاوی خوێنەرەوە لە "مرۆڤکی پرەنسیپ"ەوە بگۆڕێت بە "بکرگیراوێک" کە قسەمکەیان بە کەمترین نرخ دەفرۆشن.

بەگەی هاوبەش لە هەموو ئەم نموونانەدا، لەکارخستن و لیدان و گەشەگیرکردنی نووسەرە؛ کاتێک ناوزاندنی ئەخلاقی سەرکەوت، بیرمەند سەرقاڵی بەرگریکردن لە بەتاوانی شەخسی خۆی دەبێت و ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی کە پارەزگاری لەکردبوو، لەدەست دەدات، ئەمەش وادەکات دەسەڵات ئاسانتر ستەمکردنی بە بچێتەسەر و لەووی سیاسی یان جەپراکتیکییەوە، دواتر بەبێ هیچ کاردانەوەیەکی گشتی لەناوی ببات و پاکتاوی بکات.

هەکشانی ڕح.. شیعری شەهلا نوری

لە سایەی دیداری
مانگدا، ڕەحی
دەریا
دەگەشێتەوە، بە
لافاوی شەپۆل
هەڵدەچێت و
بێئارامیی
سەوداسەری
دەچڕێنێت.

کاتێک مانگ
هەڵدێت، دەریا
دەبێتە ئاپۆرەینی
ئەوینەکی شین، و

باخ□□ی کـ□نار
کـ□نـ□شی بـ□
د□بـات.

کـ□ مـانگیش ئـاوا
د□بـ□ت، د□ریـا
د□بـ□تـ□ کشـانـ□وی
خـ□م و
هـ□نـاسـ□یـ□کی
شـ□تگیر، □وو لـ□
کـ□چـ□کی تـاریک
د□کـات،
کـ□چـ□ک...
کـ□ لـ□ نـاخی
شـ□پـ□لـ□وی د□ست
پـ□د□کـات و لـ□
ئـام□زی بـ□د□نگی و
سـ□زی کـ□نـاردا
کـ□تـایی د□ت.

شـ□هلا نـوری

دووم□ین کتـ□بی لـ□کـ□ینـ□وی پـ□شـ□وا کـاکـ□یی لـ□ بـاری شیعـری (بـ□ختیـار عـ□لی) □□یـ□وی، چـاپ و بـ□او کرایـ□وی.

– کتـ□بی: خـ□سـ□ری د□نگ و گوتاری نـاوی
لـ□ کتـ□بی (**ئـ□ی بـ□ندی د□ست، ئـ□ی کـ□شتی دوژمن**)ـی بـ□ختیار عـ□لیدا، لـ□ لایـ□ن (نـاوی□□شنـبیریی □□هـ□نـد)□وی، لـ□ دووتـوی (۱۹۲) لاپـ□□دا چاپ و بـ□او کرایـ□وی.

– ئەم کتێبە، دووەمین کتێبی لێکۆڵینەوە و گوتار و خوێندنەوەی شیعریین بە شێوازی (ڕەخنەی شیعری ترپێی) و (شیعری ڕوانین و شیعری ڕەچوون) کە هەر تیەری پێشەوا کاکەیین، لە کتێبی (خەیاڵی کاژفڕەدان)ـدا، دیسان شارەزایی شیعری بەختیار عەلی پێ خوێندراوەتەوە.

– کورتەیەک لە پێشکیی «دەروازەیەک بۆ شیعری بەختیارناسیی»یەوە بەختیار عەلی لە دنیای شیعری هاوچەرخدا ڕووناکییەکە کە دەتوانم ناوی «شاعیری هۆشیاری، شاعیری عەقڵی، شاعیری ئەزەلی، شاعیری سەرمەدی، شاعیری ڕەحی، شاعیری شاری، شاعیری خەیاڵبەر و خەیاڵبڕ، شاعیری زمانی بیر، شاعیری گەردوونی و جیهانی و...» دەیان ناسناوی دیکەی پێ بدەم کە لە خودی شیعرەکانەوە خەیان دەرهاویشتووە، نەک ئەوەی من خەیاڵپڕاوانە و هاکەزایی پێی بدەم. تەنیا لە چوارچێوەی ئەم کتێبەیدا ئەم دەروازەیە بۆ شیعری بەختیارناسی باس دەکەم و نیشانەگەلێکی وەکوو زمانی شیعری، ڕەحی شیعری، بیری شیعری، خەیاڵی شیعری، کەتوار و گۆڕانەوەی شیعریی شاعیر و چەندان دیدی تر کە لە شیعرەکانیەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە خوێندنەوەی شیعر وادا دەکەم تا لەرەوە بگەڕێتەوە بۆ کەی کارەکانی و بنچینەیەکی دەست بکەوێت، یانژی کۆکەرەوەی خوێندنەوەی شیعر و تێوانینی بۆ شیعر بگۆڕێت. جا چ ڕەخنە بێت، چ هۆشاندنەوە و چ بونیادنانەوەیەکی تر، گرنگ ئەوەیە شتێک بخاتە سەر ئەم.

من لە ڕەی شیعرەوە بەختیار عەلیم ناسی، نەک ئەو بناسم و شیعری بخوێنمەوە، بۆیە هۆشیارە، چونکە هۆشیاری لەگەڵ سەردەمەکاندا درێژ دەبێتەوە و گرژی لای خوێنەر دروست دەکات و هەرگیز خۆی بە دەستەوە نادات. وەک ڕووبار دەڵوات و دەپۆیقێت نەک لە گەمەکدا خۆی مەنگ بکات. لە سەردەمەکدا بیر لە شیعر دەکاتەوە کە شیعر نقورچکی لە دەگیرێت و لە هەموو لایەکەوە لێی دەدرێت، هەر لە سەرمایەداری و تەکنەلۆژیاوە بۆ دژەکان کە سەنگەریان لە گرتووە. لەگەڵ ئەوەیشدا شیعرەکانی شێوازی خەیانیان هەیە کە نەمریی شیعر لە «ئەزەلیبوون و سەرمەدیبوون»ـدا دەدۆزێتەوە. ئەزەلیبوون لای شاعیر، بوونی بە سەرتایان هەبوونی هەمیشەیی لە ئابوردووداید. لە شیعرەکانیدا ئاماژە بە شتێک یان بوونەوەرێک دەکات کە هەرگیز دەستی پێ نەکردووە و هەمیشە هەبووە. لە فەلسەفە و ئایینەکاندا ئەم چەمکە زۆر جار بۆ ستایشکردنی خودا یان هەزێکی باڵا بە کار دێت. بەختیار لە شیعردا بەرەو دوو دنیای جیاواز و مەژوو و گرژیمان دەبات کە تێیدا ئارام ببینەوە. ئەزەلی، هیچ کات دەستی پێ نەکردووە، چونکە هەمیشە نەگەڵ بووە و هەبووە و ناکۆتە ژێر کاریگەریی تێپەبوونی کاتەوە. لەوسەریشەوە کە گرژییەکەمان بۆ

تەواو دەکات، شیعرمان بە دەخاتە سەر بەردەوامبوون و بە هەتاهەتایە سەرنجمان بە دەخەک یان شتەک یان گوتارەک ئادەکۆشێت کە هەرگیز کۆتایی نایەت و بە هەمیشە بەردەوام دەبێت، ئەویش شیعرە. بۆیە شاعیر مژدەی سەرهەڵدیبوون لە شیعریدا دەخاتە ڕوو، چونکە بە شێوەیەکی بەردەوام و بە دابڕان درێژە بە قووناییی شیعر دەدات کە شیعر لە ناوەوە جیهان پاڵکێش دەکات بە ناو خۆی و دەتە دەرەوە و هەناسە بە ڕووی هەموو جیهاندا دەدات.

ئەنتی- شانە (پەویستیی بوونی مەژووی بە تکردنەوە).. عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

شانە هونەرەکی زیندوو و ڕووبەڕووە، بۆیە کاریگەرییەکی خەڵکی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤەکان هەیە؛ لەڕووە کاتەک باسی شانەی ئەزموونگەری لەبەرانبەر شانەی تەقلیدیدا دەکەین، لەڕاستیدا باسی شۆشەکی جیاواز دەکەین، دژ بەو یاسا و ڕێسایانەی کە بە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ بەسەر جیهانی درامادا باڵادەست بووە.
کەواتە پێش هەموو شتە شانە پەویستی بە بنەمایەکی پتەوی فیکری و مەعریفی هەیە! ئەو بنەما فیکری و مەعریفییە لە (شانەی ئەزموونگەری کوردی)دا سەرتاکانی دەرکەوتبوو… بەڵام بەچوونە ناخنەییەکەی (شانە دژی شانە- شانەی کوردی بە نموونە) کە لە لایەن دەرهێنەر و ڕێخنەگر (حەمەسوار عەزیز) لە کۆی ٢١ی مەی ٢٠٢٦ بارەگای لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد- هەولێر پێشکەش کرا؛ ئەوەندەی هاوارەک بوو: بە شانەی (نەتەوەیی-نەریتگەری) و (بینەر وەک سەپارتەر)، قسەکردن نەبوو لە بنەما هونەرییەکانی شانەی ئەزموونگەری کوردی… پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر شانەی (نەریتگەریی) کوردی بنەمایەکی فیکری و مەعریفی پتەوی نەبە، چۆن قسە لە (ئەنتی شانە) بکەین؟!.

بە ئەوەی شانەیەکی ڕاستەقینەمان هەبێت، دەبێت ئەو شانە باوەی ئێستا هەیە تێکبشکێنین.

(ئەنتەنین ئارتۆ)

(1)

لە شانۆی تەقلیدیدا، ئەکتەرەکان وا هەڵسوکەوت دەکەن کە بینەر بوونی نییە (دیوارێکی خەیاڵی هەیە لە نێوانیاندا)؛ شانۆی کلاسیکی، نەتەوەیی یان بازرگانی ئاوەنداڵیکە تەنها ئەوەت پێشان دەدات کە دەتوانرێت بیبینیت؛ بەڵام لە شانۆی ئەزموونگەریدا ئەم دیوارە دەوخەنرێت؛ ئەکتەرەکان هاستەوخۆ قسە لەگەڵ بینەر دەکەن، دەنێو هۆڵەکە، و زەرجار بینەریش دەکەنە بەشێک لە نمایشەکە... بە مانایەکی دیکە لە شانۆی تەقلیدیدا هەستی پاڵەوانەکان لەگەڵ چیرۆک و سەرهاتەکە دەردەبڕێت! بەڵام (شانۆی ئەزموونگەری لە دەرەوەی هەڵسا کلاسیکانی نووسین و نمایشکردنەوە، تاقیکردنەوەیکی بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی شێوازی نوێی پێوەندیکردن لەگەڵ بینەردا)... واتە بۆ هەوخاندنی (دیواری چوارەم)ی شانۆی تەقلیدی و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی سەزداری و هەڵبەزی چیرۆکەکان، دەیەوێت لەڕێگای شێککردن و تەکنیکی نوێوە، هاستی کەمەیاتی و سیاسی بە هووتی نیشانی بینەر بدات تا ناچاری بکات بیر بکاتەوە و پرسیار و گومانی لا دروست بێت، نەک تەنها غەرقی گریان یان پێکەنین ببێت! بەو مانایە تەوانینە جیاوازەکانی (سامیێل بێکێت، یۆنێسکۆ، برێشت، ئارتۆ...) لەسەر جێستەی شانۆیکی خاوەن دەسەڵات و مەعریفەی چەسپاو لەدایک دەبێت.

(2)

مرۆقایەتی پێویستی بە گواستنەوەی واقیع نییە، کە لە ناویدا دەژی؛ دووبارە بەرهەمهێنانەوە داهێنان نییە، داهێنان کاتێک هووددات کە هونەرمەند دەڵێت: من واقیع دەبینم، بەڵام هازی نیم بەم شێوازی کە هەیە؛ داهێنان هەنگاونانە بەرەو نادیار؛ داهێنەر واقیعێکی نوێ و شێوازێکی نوێ بەرهەم دەهێنێ؛ ئەگەر (بێکێت) بە جیاوازییەکانییەوە شانۆی گەیاندبێتە لووتکەی بێدەنگی و چاوەڕوانیی پووچگەریی، بێتەواوی نیگای نەرینێ و چۆڕی بینینی کوشتبێ... (ئارتۆ) شانۆی بردبێتییە سەر لووتکەی هاوار و شێککردنی دەمارەکان، یان بە مانایەکی دیکە هەوڵیداوە بینەر لە کورسییەکەی دابماڵێت و هاستەوخۆ توشی شەکی بکات... ئەوا دەرهێنەر و شانۆکارانی ئەزموونگەری و (ئەزموونگەری کوردی) لە دوای کارەساتە گەورەکانی وەک (کیمیاباران، ئەنفال و براکوژی)، شێوەکی هاستەقینێ و ئامانجێکی جیاوازی فیکرییان لە فۆرمی دراماى کوردیدا بونیاد ناوە؛ ئەوان درکیان بەوە کرد کە زمانی باو و گەڕانەوەی ڕیالیزمی تەقلیدی، پێکهاتەیەکی لەبەردەم قەبارەی ئەو شکۆ دەروونییەی بەسەر مرۆڤی کورددا هاتووە؛ بۆیە لەڕێگای شانۆی جێستە و شانۆی

فزا... دەیانویست کاتێک بینەر لە هۆکەی دەتە دڕاوە، وێنەی بریندەکان وەک تاتە لەسەر جەستەی بەندەتاوە، ئەمەش وەک هاوڕێکی فیکری و مەعریفی نوێخوازانە، شانەی کوردی بەرز کردەوە.
شانەی ئەزموونگەری کوردی، تەنها گۆڕینی نمایشکردنێکی جیاواز نەبوو، بەڵکە هاوڕێکی فیکری بوو، بە دەربازبوون لە (شانەی نەتەوەیی-نەریتگەرا)؛ بەو مانایە شانەی ئەزموونگەری بریتی بوو لە تێپەڕاندنی سنووردارکانی بینین و گۆڕانەوەی باو... بەڵام ڕەنگە پرسیاری سەرەکی (حەمەسوار عەزیز) ئەوەبێ: ئایا شانەی کوردی بە گشتی چی لەماوەتەوە؟! چونکە بە بڕوای ئەو کاتێک بڕەی ئەزموونگەری فەرمە مەدڕن و پەست-مەدڕنەکانی ئەوروپایان (کە لەسەر بنەمای پووچگەرایی، دابڕانی مرۆڤی ڕەژئاوایی و شەککردنی بینەر دروست ببوون) بە ناو کەمپەگای کوردی گواستەوە، هەشتا کوردی لە قەناغی ڕزگاری نەتەوەیی و خۆکی و شانەی ناتەواودا بوو؛ واتە ئەوان هاتن دابڕانێکی جیاوازی مەعریفییان لەگەڵ خۆتی (بیرکردنەوە و شانەی ناتەواوی کوردی) دروست کرد و لەوەوە بینەری کوردییان دووچاری سەرلەشێوان کرد! ئیتر بینەری کوردی کە بە چیڕکی ڕیالیزمی تەقلیدی پڕوڕدەکرابوو، نەیدەتوانی لەو کەد و هەما جەستەییە ئاڕازانە بگات، لە ئەنجامدا شانە-هۆکانی چۆکرا و دیوارێک لە نێوان شانە و خۆکدا دروستبوو.
(3)
بە بڕوای من (وەك بینەرێکی شانە) هەموو ئەو خوێندنەوە ڕەخنانەی کە لە دنیای (شانە بەگشتی) قسە لە ململانێی نێوان فەرمە نەتەوەیی/واقیعییەکان و ئەزموونگەراکان و شانەی وێنەیی و شانەی پاش دراما... دەکەن؛ پڕچەکردارن، بڕوایان بە داهێنان و جیاوازی نییە.
بە کورتی (شانەی نەتەوەیی) لەسەر هاوسەزیی ئاستوخێی گشتی و بڕگری نەتەوەیی کار دەکات؛ بەڵام ئەگەر بیوێت لە ئاستی جیهانیدا دەنگ بداتەوە و لە ئاستی ناوخۆشدا هۆشیارکەرەوە بێت، نابێت تەنها ببەتە نمایشکی نەتەوەیی، بەڵکە دەبێت پرسیەکی نەتەوەیی بردەوام بێ: بە خەدزینەوە! واتە کەی ئەو نیگایانە تێبشکێنێت کە هەموو جارێک نەتەوە وەک ئەبژێکی جوان دەخاتە بەرچاوی بینەر تاوەکو هەست بە خەبزلزانی یان خۆپارێزی بکات... (شانەی واقیعی) وەک کاردانەوەیەک دژی ڕۆمانسیزم و کلاسیسیزمی باو، ئامانجی ئەوە بوو ژیانی ئاستەقینەی مرۆڤکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان... بخاتەوو؛ هەمیشە بە ئاستی ئەکدارببوون... (شانەی ئەزموونگەری) خێی لە یاخیببوون و شکاندنی قاڵبە باوەکان دەبینەتەوە و دژ بە تەواوی ڕۆسا و یاسا چەسپاوەکانی شانەی کلاسیک و ڕیالیستییە...

دەموو بەم ئاگار قسە لە تەز و ئەنتی تەز بکەین، لە شانۆی کوردیدا هەموو ئەو کەشە و بەدحالییبوونانە و قسە و باسی ململانێ و دژکان و زەتریش... وەک تەز و ئەنتی تەز دەرناکەوێت، وەک هونەری داهێنان و قبووڵکردنی جیاوازی نییە... هەبەتە شانۆی نەتەوەیی-نەریتگەریی کوردی لە داهێنان و جیاوازی لادایك نەبووە، لەسەر بنەمایەکی قووڵی بەخنەی زانستیی و عەقڵانییەتەکی نووسراو بونیاد نەنراوە... ئایا بەبێ بنەمایەکی مەعریفی، دەتوانرێت چەمکی «دژ» بونیاد بنرێت، کە نازانێت دژی چی دەوەستێتەوە؟! کەواتە نەخشیەکە پەیوەندی بە چەمکی ئەنتی شانۆوە نییە، ئەنتی شانۆ لە بنەڕەتدا پەسەیەکی بەخنەیی و دیالەکتیکی جیاوازە، بەرانبەر سیستەمکی چەسپاو و پتەو.

(4)

هەموو «دژایەتییەک» پەیوەستی بە «ناسینی بەرانبەر» هەیە؛ بەکەت بە تەکشکاندنی کات و زمانی تەقلیدی پەیوەستی بە مەعریفەیەکی جیاوازی هونەری و هەرسکردنی شانۆیی پێش خۆی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەستی بە دنیابینی سەردەم هەبووە! دژە-شانۆ تەنها هەوەشانۆوە نییە، بەکەو دامەزراندنەوەیە؛ ئاگار شانۆیەك لەسەر بنەمای فیکری دانەمەزراوەت، ناتوانێت «دژە-شانۆ» بەرهەم بهێنێت.

(5)

لە سەردەمی ئێستادا، پاشکۆیی هونەر و هونەری شانۆیی زیاتر لە هەر کاتێکی تر لەنێوان دوو هێزی دژبەیەکدا دەژی: هێزی داهێنان و هێزی بازاڕی (بینەر وەك سپۆرتەر)، نەك ئەنتی شانۆ!! داهێنان لە بنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ دەزینەوەی شێوازێکی نوێی بینین و هەستکردن و جیاوازی و ژیاندەستی، داهێنان هەنگاونانە بەرەو نادیار؛ بەڵام زەرجار بازاڕ- بینەر وەك سپۆرتەر- هەوڵدەدات ئەو تەماشاکردنە ئیبداعییە بە کاڵا بگەێنێت، بە شتێك کە بتوانێت هەمووان کە بکاتەوە و قابیلی قبووڵی چەژی هەمووان بێت و بەاوبکرێتەوە و بەخڕایی بخوێندرێتەوە؛ واتە (جەماوەر- بینەر) حەز بەو دۆق و شێوازە نمایشکارییانە دەکات کە پێشتر دەیاناسێت.

ئەڵە پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا دەتوانین ناخی مرۆڤ لە (ئارامیی) و (بێزاری) دابماڵین؟ زەرێك لە مرۆڤەکان لەبەر ئەوەی ناتوانن لە ئارامییەدا بن، پەنا دەبەنە بەر "هەراوهوریای دەرەکی" واتە ناتوانن لەبەرانبەردا بێزاری ناوەخۆیان بکەنە پرسیار، بەو مانایەی کە خودی پرسیارکردن "بێزاری" بە "مەعریفە" دەگەێت!

بەمجۆرە کاتێک دۆق، شانۆ، فیلم، یان تابلۆیەک خەریکی تێکدانی ئارامیی هونەری بینین و بیستن و ئامان... دەبێ، ئەوا (حەزی بازاڕ)ی دەکەوێتە سەر و هەوڵی کۆپیکردن و بە بازاڕکردن و دووبارە

سەپاندنی دادات، چونکە بازاڕ زیاتر حەزی لە (شێوازییە) تا بتوانێت بە شێوەی جیاواز و بە خەرجی پارە بدەست بهێنێ، بەوای بە تەز و ئەنتی تەز نییە، نایەوێت پرسیار دروست بکات! لەرەوە (نرخی کەین) شوێنی (پرسیارکردن) دەگرێتەوە؛ بەڵام ئایا ئاستی داهێنانی هونەریی و فیکری و ئەدەبی لە ماماڵەکردنی بازاڕدا کورت دەکرێتەوە؟!

کەواتە کێشەکە ئەنتی شانۆ نییە، بەڵکە ئەوەیە کە هونەر نابێتە پردی نێوان ئارامیی و بێزاری، هەر زوو بە بازاڕ دەکرێ، واتە ماماڵەکردنی بازاڕی هونەرە جیدییەکانیش هەڵدەلوشێنێت و دەیانکات بە مەدەلێکی دووبارەکراوە، ئەوەی سەرەتا وەک شۆک، نوێکاری یان شکاندنی باو و دابانێکی مەعریفی تەماشا دەکرا، دواتر لە بازاڕدا دەبێتە ستایلێک بۆ بەرهەمهێنانەوە و کۆپیکردن و و زێدەوەنێ... زەرەک لە شێوەشە ئەدەبی و هونەرییەکان، لە سوریالیزمەوە تا پۆستمۆدێرنە، دوای ماوەیەک لەلایەن بازاڕەوە هەرسکراون و بوونەتە بەشێک لە سیستەمی فرۆشتن! واتە بازاڕ توانایەکی گەورەی هەیە، لەوەی نەک ئەرنییەکان تەنانەت نەرنییەکانیش بخاتە ناو ئابووریی خۆیەوە.

(6)

ئایا دەتوانین دژ بە ویستی بازاڕ و سەپاندن، بیر بکەینەوە و بەردەوامیش بین؟! یان دەبێ ملکەچی بینەر و جەماوەر بین و ئاستی زمان و شێوازی داهێنرانە لەگەڵ داواکارییەکانی خوێنەر و بینەر و بازاڕی دامەزراوەکاندا بگونجێنین؟! هەبەتە ئەزامەندیی بازاڕی هەمیشە دیالەگی بەرهەمهێنرانەی نێوان ئارامیی و بێزاری بە کۆپیکردنەوە دەسپێرێ، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پرسیارکردن ئارامیی تێکدەدات.

کەواتە لەبەر ئەوەی دیالەگی نێوان ئارامیی و بێزاری پێویستی بە بیرکردنەوە و ئامانە، ئەوە وایکردووە زەرەک لە بەرهەمە بازرگانییەکان بەر لەوەی هونەری ئاستقینێ بن و هەشیاریی بینەر بریندار بکەن، وێنەی بەهەشکەری کۆپیکراو بن و بە شێوەیەکی کاتی گرژییەکانی ناوەوە بتاڵ بکەنەوە؛ بەو مانایەش مەترسییە گەورەکە ئەوەیە کە ئارامیی ببێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی ئەزامەندیی دەستبەجێ، نەک بێزاری و گومانکردن و بیرکردنەوە.

وەک دەزانین کاری داهێنرانە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە بتوانێت ئەزامەندیی کە و ئاشنایی تێپەڕێنێت؛ کاری داهێنرانە پێویستی بە گواستنەوەی واقیع نییە، پێویستی بەوە نییە لەپێناو زەرورەتی کەمەگا و سەپاندن، واقیع بە وێنەیەک بگەیەنێت کە تەنیا بە سەیرکردن و کەین شیاوە؛ بەڵکە دەبێ شتێک بخاتە جیهانەوە کە پێشتر بوونی نەبووە؛ نەک بە گوێرەی یاسای فرۆشتن و بەکارهێنان کاربکات.

لە چەمکی ئەزامەندیی بازاڕیدا زەرجاران داهێنان پێش ئەوەی ببێتە ئەزموونکی قووڵی هونەری، دەبێتە بابەتی تەرند و سەرنجڕاکێشان، لایک، بینین، هاوبەشیکردن و ئامار؛ هەموو ئەوانە بە هەواشی جێگای هەڵسەنگاندنی هونەری دەگرنەوە! ئەوەش وایکردووە هەندێک بەرهەم زیاتر لەوەی بە پرسیار و گومان و بیرکردنەوە دروست بکرێن، بە خڕایی سەرنج دروست کرێن؛ بەڵام داهێنانی ڕاستەقینە لە دژواری ویستی بازاڕ و سەپاندنی سەرهەڵدەدات، چونکە داهێنان پێویستی بە بیرکردنەوە و کات و ئارامیی و ئەزموونکاریییە؛ لەکاتێکدا بازاڕ پێویستی بە خڕایی و بەردەواميی بەرهەمهێنانەوە هەیە.
دواجار پێیوەندیی شانۆ و دژە شانۆ، وەک پێیوەندی داهێنانی هونەریی و بازاڕی سوودگەرایی، پێیوەندییەکی ئاڵۆز و دژبەیەکە؛ وەک چۆن بازاڕ دەتوانێت هەکاری بەهاوکردنەوەی هونەر بێت، بەهەمان شێوە ئەنتی شانۆش دەتوانێت مامەڵەکردنی هونەریی و کۆپیکردنەوە بتەقێنێتەوە! دەشێ هونەری ڕاستەقینە لە ناو گەرمەی بازاڕیش دەستپێبکات و بینەر وەک هاوبەشی داهێنان، (هاوسەنگی نێوان ئارامیی و بێزاری) بپارێزێت.

هەولێر 22/5/2026

بینەر لەشانۆی کوردی دا.. حەیدە ر عەبدوڵڵە حمان

هەرکات باسی شانۆی کوردی بکەین، دەبێت بینەر وەک پارچەیەکی هەرە کاریگەرو زیندووی جەستەی شانۆ تەماشا بکەین و پرسیاری ئەوە لەخۆمان بکەین، ئاخۆ لەو هەلومەرج و ئاستەنگە دژوارانەی شانۆی کوردی پێیدا تێدەپەڕێ، بینەر لەکوێ ی هاوکێشە شانۆییەکە دایە؟ ئایا بینەر چ ڕۆڵێکی هەیە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەو تا ئێستا لەو ئاستە مەعریفی و هوشیارییە دایە کە بتوانێت چارەنووسی شانۆی کوردی لەئێستە بگرێ و متمانەی پێ بکرێ؟
خۆ دیارە بینەری ئەمە بەدرێژایی دێرکی شانۆی کوردی، هەمیشە تینووی شانۆ بووە، پێی وابووە شانۆ مینبەرێکی کاریگەرە بە

هەبینی دەنگی ئازادی، وروژاندنی هەقیقەت، گوزارشت کردن لە ئەشکەنجەو ئازارکانی میللەت.
وە خاڵیکی دیکە خاوەنی داهێنانی زانستی و فەلسفەی نەبووە هاوشانی شارستانیەتی چینییەکان و هیندۆسەکان و میسریەکان و ئەمەکان و یۆنانییەکان .

ئەم سێ ئاماژەیە وایکردووە کورد وەک نەتەوە بە هەمیشە بەتەنها بمێنێتەوە و کاریگەری ئەرێنی نەتەوەی دیکەی بەسەرەوە نەبێت ، لەهەمانکاتدا خاڵیکی بەهێزیشی ئەوەیە بۆ هەمیشە لەناونەچێت، چونکە خاڵی بەهێز و هاوبەشی هەموو کوردێک ئەوەیە زێدی خۆی و خاکی خۆی و کلتور و زمانی خۆی پاراستووە و کارەکی هاوبەشی هەموو کوردێک بووە .

ناوەڕۆکی هەمانکە بەم شێوەیە :.
لەگەڵی پیاوەکی بۆسلزادە دایک و باوکی" ماد " هەمانکە دەگەڵتەوە سەرەتا وەک گەیدە گشتەکی دەکات بەرەو شارستانیەتییەکانی ناوچەکە ، دواتر هوو لە شانشینی ئۆگباتان دەکات کاتێک دەتە شانشینەکە وەک موغ یانیش وەک پیاوەکی دیندار خۆی نیشان دەدات .
کاتێک دەزانی کەشکی پاشای پێویستیان حیکایەتخوانی نوە هەیە ، ئەم پیاوە دەچێتە کەشک ئیدی ئەم شانشینەکە بەجێ ناهێلێت و لەپاڵ حیکایەتخوانی دەستدەکات بەخوێندنەوەی بنووس و نامەکانی ژووری تەمارکانی کەشک لەسەر مەژووی " شارستانیەتی ماد " نووسراوە ، مەژوویەکی کۆن دەگەڵتەوە .
لەکۆتاییەکانی هەمانکە دەزانین ئەو کەسە بەهەی بەاوبوونەوەی نەخشیەکی کوشندە لەشارکەیدا هەیشتووە ، دوای ئەوەی هاوسەرکەی و دایک و باوکی دەمرن ، دەی دەشکێت .
ئۆگەرچی لەلای ئەو هەموو شتەک لەخۆون دەچێت و هەموو شتەک لەخەیاڵ دەچێت :.
ئارتینی موغ یانیش ئارتینی حیکایەتخوان 3 چیرەک دەگەڵتەوە ، هەر چیرەکەکیان مانایەکی تایبەتی هەیە کەدی نهێنییەکان دەکاتەوە :.
چیرەکی یەکەم //
دەگەڵتەوە پیاوەک هەنگوینی دەفرۆشێ و کارەی دەکەێت قەدەری ژیان وادەکا ئەو شتەی دەفرۆشیت بەهەمان کەش بکەێتەوە ، کاتێک فەڵەی بکەی فەێت لەدەکرێتەوە .
پوختەی چیرەکەکە ئەوەیە باشەی بکە باشە دەتەوە پێش و خراپەی بکە بگومان خراپە دەتەوە پێش ، ئۆگەر ئەو چیرەکە بە پیاوەک هاستبەت بگومان بە شانشینی ئۆگباتانیش هەمان شتە بەیە گەندەڵی وادەکا جیاوازی چینایەتی و نادادی و ستەم دروستبەت .
چیرەکی دووەم //
لەناوەڕاستی هەمانکە نموونەی پاشایەک دەهێنتەوە هەژەک بەردەک لەسەر رێگەی دادنەت و چاوەڕێ دەکات بزانێت خەڵک چ دەڵێن و کە هەستی بەرپرسیاریەتی هەیە و لەخەمی ئەوە دەبەت بەردەکە لابدات لەجیاتی ئەوەی هەخنەی بگرێت و گلەیی بکات .
پوختەی چیرەکەکە پەمان دەێت بەشەوەیەکی گشتی مرۆڤکان دەتوانن شانشینەکیان بپارێزن کاتێک ئەو چیرەکە دەگەڵتەوە هەست دەکرێت هەمووان ناڕازی و بەدەنگن هەموو شتەک کۆتایی

هاتووە .
چیرۆکی سێیەم //
مانایەکی جوان بەدەستەوە دەدا لە سەرەمەرگی خۆیدا ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە :.
چیرۆکی " خۆشبەختی _ سەروەت و سامان _ خۆشویستی " ململانێی دەکەن :.
ئاگەر ئەم ململانێیە بۆ خەزانێک یاخود شانشینی بێت هەمان شتێ ، سەروەت و سامان چەندە گرنگە و خۆشبەختی سەد هێندە گرنگە .
پوختەی چیرۆکەکە پەمان دەڵێت بەبێ خۆشویستی مرۆڤکان ناتوانن بەردەوام ببن !
لەکۆتایی ڕەمانەکە //
کۆشک چۆڵ دەبێت و نێیارەکان کۆشک جێدەهێڵن و هیچی دیکە پاڵپشتی ئەو شانشینە ناکەن چونکە دووبارەکێی و ململانێی خەزانی هەموو شتێک تێکدەدات .
تەنها شتێک بکرێت ئەویە هەموو کوردێک خەمی لێت لێت بوونەکەی بخۆین .
چەند بۆشکی کورتی ڕەمانەکە بەم شێوەیە دەنووسمەوە :.
" خۆنی پاشاکان "
خۆنی پاشاکان لە خۆنی مرۆڤ ئاسایەکان ناچێت پاشاکان کاتێک خۆن دەبینن خۆنکەیان لێکدەدرێتەوە و مەملەکەتەکەی پەهێدەسەگەنرێت ، لەوانەیە هەزارەکان و مرۆڤ ئاسایەکان زەربەی شۆکان خۆن ببینن و هیچکات خۆنکەیان نابێتە باسی دەوروبەر ، ئەمما خۆنی پاشایان جێگەی تایبەتی هەیە .
" لاپەڕە 77 "
" ژووری تەمارەکان "
بەرپرسی تەمارەکان ئەو پیاوەی هەموو شتێکی دەزانی بەدەنگیش بوو بەیەک ووتە هەموو شتێکی دواند :.
" مرۆڤ بە ئەوەی ئەو شتانە پیشانبدات خەی مەبەستیەتی ، هەمیشە ناڕاستی نیشانبدات . " لاپەڕە 66 "
" بابل بەهەشتەکە وەسف ناکرێت "
مرۆڤ هەتا نێگاتە دەروازەکانی شارشتانیەتی بابلییەکان نازانێت مرۆڤ چ داهێنەرێکی مەزنە ، ئەوەی وایکرد هەموو شتێک ببێتە خەیاڵ جێنگی نەبێاوێە .
لەسەردەمی کەندا خەیاڵ ئەوەندە بەهێز بووە بیرکردنەوە و خەیاڵ گەیشتووەتە ئاستی بەپیرزکردنی مرۆڤ و گەیاندنی بەئاستی پەرستن و خوداوەندی .

گەانەوەکان بەشەویکی جیاوازە دەبینرێت دەتوانی وەک بازرگانی یاخود وەک گەیدەیەک یانیش وەک کەیلەیەک ئەو شتانە ببینی کاتێک هەزاران میل دوور دەبینی و شارەکە دەبینی .
کاتێک هەزاران دیل هەن هەزاران کەنیزەک هەن ، هەزاران کەیلە و خواجەیان دەخستە ئیشکانیانەوە بە دروستکردنی ئەو بەهەشتە .
لاپەڕە " 212 و 213 "
" بخارکانی دەستات "
ئەوانە کەمێک بخارن هەر کەسێک خوانیان بە بازنەتەوە بەو جارە دەمی تەدەخن ئەستا دەبینی ئەمانە بەکێکی ئەوە نایەن جارێکی تر متمانەیان پێبکرێتەوە کەسێک توانی یەکجار پشت لە خێکەکەی بکات و بچێتە پاڵ دوژمنەکەی ئەو کەسە شایەنی ئەوە نییە جارێکی تر لەناو هەمان خێکدا بژیت ، لەئەستادا بەدەستی خۆم گرێیەکە نەکەمەوە سبەی ێژبوون بچێند گروپێک و کەسی دیکە ناکرێتەوە . " لاپەڕە 112 "
" میر زەردەشت "
هەموو چاوەڕێی ئەوەبوون شوێنی باوکی بگرێتەوە کەچی پشتی لەهەموو شتێک کرد و ێیشت ، دوای هێبژاردنی ژیانی گۆشەگیری ایگەیاند پەیامی ئایینی بۆهاتووە ، لە ئشکەوتەکە دێتە خوارەوە لەسەر ێگەی بەگوندێک تێپەڕ دەبێت بەیەکەمێک خێک دەبینی و کەیاندکاتەوە و دەچێتە سەرتاشەبەردێک و بەدەنگێکی پە لەبەوا بەخەبوونەوە دێت :.
هەموو بتەکان بشکێنن ئەو بتانەی ئەوە دروستان کردوون بە ئەوەی بیانپەرستن نادەبنە خوداوەند و نادەتوانن خۆیان بپارێزن ، پێش ئەوەی بتە بەبەرد دروستکراو و بەدار دروستکراوەکان بشکێنن ئەو بتانە بشکێنن لەهەش و ناختانن ، هیچ کەسێک پیرۆزمەکەن .
ئەوە ئەی خێکینە دەستهێگرن لە پیرۆزکردن و خەبچووکردنەوەی خۆتان لەبەردەم کەسانی خۆ بەگەورەزان .
پیرۆزیەکان لەسەر زەوی نین و لەشوێنی دیکەن دوای مردن دیانبینن و خوداوەندە کۆنەکان بەکێکی خێکی ماد نایەن .
" لاپەڕە 165 "
" خەونی خاک "
خەونی گەورە ئەو خەونەیە پێویستە بەخاک و شانشینەوە ، نابێت خێک وای لێبێت خەونەکانی ببەستێت بەپاشایەکەوە یا شازادەیەکەوە . " لاپەڕە 13 "
" نهێنی ژیان "

مرۆڤ بۆپاراستنی نەخۆشیەکانی ژیانی بەهەز دەمێنێتەوە ئەو کەسانەی نەخۆشیەکانیان نەماوە بەی بژین ئەو کەسانە تووشی سەرگەردانی دەبن ، پاراستنی نەخۆشیەکانی ژیانی خۆت پاراستنی هەیبەتی ژیانتە . " لاپەڕە 29 "

" پەرچەمی شانشینەکە " *

پێش بەیاردان لەسەر دروستکردنی شارەکە پاشای گەورە داوادەکات هەموویان پێکەوە یەک پەرچەمیان هەبێت و ئەو پەرچەمە بکرێتە نامزی رێککەوتنەکە :.

- دەشتەکیەکان ڕەنگی زەرد هەڵدەبژێرن .
- بناریەکان ڕەنگی سەوزی ناوچەکیان هەڵدەبژێرن .
- کێڵگەریەکان ڕەنگی سوور هەڵدەبژێرن .

سێ ڕەنگەکە پێکەوە دەدوورن و دەبێتە پەرچەمی خەڵکان و دوایی پەرچەمی شارەکە و شانشینەکە و پاشان " شارستانیەتی ماد " .

تێبینی /

- لەئێستادا ئەو پەرچەمە لەکوردستانی ڕۆژاوای وەک ئاڵای کوردستان دەناسرێنەوە . " لاپەڕە 37 "

" نووسینەوەی مێژوو "

من کەمردم ئەوەی لەدوام دەگوترێت چ باشبێت و یان خراپ سوودێکی هەیە ؟!

مرۆڤ مێژووە کەمێژووەکەی پیس بێت چ بەمانی یا نەمانی جیاوازی نییە ، هەستدەکەم مرۆڤ خەی پیس بێت زۆرباشترە لەوەی مێژوو بۆپیسی باسی بکات ، چونکە تەنها مێژووە ناهەقیت مرۆڤی پیس و مرۆڤی پاک ونبن ، هەربۆیە مرۆڤی گەورە تەنها بە ئەم ژیانە ناژیت خەی تەدا بووە بە ئەو ژیانەش دەژیت خەی تەدا نییە . " لاپەڕە 60 "

" گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی "

منداڵیت لەکۆ بێت بەشکی یادەوەریەکانت لەوە دەبن ، مرۆڤ هەتا گەورەبێت مەیلی گەڕانەوەی بۆ سەردەمی منداڵی زیاتردەبێت ، چ دەکەیت بیکە منداڵی بەشە جوانەکەی ژیانتە و گەڕانەوە بۆی ماندوویەتی گەورەیت دەحەوێنتەوە و ئاوپرژینی دەکات ! " لاپەڕە 123 "

پەروەردەکردنی منداڵان بە گەشبینی.. ڕزا شوان

گەشبینی بریتییە لە توانای مرۆڤ، بۆ قبوڵکردنی هەموو شتێک لە ژیاندا، بە باش و خراپییەوە. لە هەمان کاتدا هاوڕێدانە بە گەیشتن، بە خۆن و هیوا و بە ئاواتەکانی. گەشبینی بە تەواوانینکی ئەرێنی و هیواخوازانە لە ژیاندا پێناسە دەکرێت. کە مرۆڤ چاوەڕێی ئەوە دەکات، کە لە هەلومەرجی جەراوجەردا، باشترین ئەنجام بدەستبهێنێت. گەشبینی یەکێکە لە چەمکە ئەرێنییە گرنگەکان لە دەروونناسیدا. نزیکە لە هاوواتای بڕوا بەخۆبوون و سەرکەوتن. گەشبینی بیرکردنەوەیەکی ئەرێنییە، توانای بینینی دیوی ڕووناک و گەشاوەی ژیانە.
گەشبینی یارمەتیی هەموومان دەدات، بۆ ئەوەی بەسەر بەرەکگیری و بەرهەستەکاندا سەربکەوین و ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیانمان ببینەوە. گەشبینی کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر تەندروستیی دەروونی و جەستەییمان هەیە. بەشدارە لە باشترکردنی کوالیتی ژیانی گشتیمان.
گەشبینی گۆڕینی تاریکییە بۆ ڕووناکی. گەشبینەکان لە تاریکیدا ڕووناکی دەدۆزنەوە.

گەشبینی کارامەییەکی فێربوونە، نەک خەسڵەتێکی بەماویی. تۆژینەوەکانی دکتۆر (مارتن سەلیگمان) دەریدەخەن کە لە سەدا حەفتاو پێنجی خەڵکی توانای پەرەپێدانی بیرکردنەوەی گەشبینییان هەیە. لە ڕێگەی ڕاهێنانی ستراکتۆرییەوە. بە بەکارهێنانی مەدەلی (ناخۆشی، باوەڕ، دەرئەنجام، ئارگومێنت، هاندان).
بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، بە چەندین شێوە، پێناسەی چەمکی گەشبینی کراوە. تارە هاوبەشەکانی نێوان پێناسە جیاوازەکانی گەشبینی، بریتییە لە: بیرکردنەوەی ئەرێنی سەبارەت بە داهاتوو. کە کاریگەرییان لەسەر بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانمان هەیە.
گەشبینی و هیوا، پەیوەندییەکی نزیکیان بەیەکەوە هەیە. لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە بەرهەستە و بەرەکگیرییەکان بەکەتایی دەردەکەون. گەشبینی و هیواخوازی، بە داهاتوویەکی گەشتر و ژیانێکی باشتر و ئاسوودەییەکی زیاتر، زەر پێویستن.

چەن دەتوانن گەشبینی لە منداڵەکانتاندا بەوەنن؟
منداڵانی ئەمەمان، لە جیهانێکی پڕ لە هەوراز و نشێو، لە بەرهەست و بەرەکگیری و کارەسات و گوماندا دەژین. چاندنی گەشبینی لە منداڵەکانتاندا، لە هەموو کاتێکانی رابردوو، پڕویستیتر و گرنگترە. دەروازەی داهاتوویەکی دڵخواز و گەشتر بکەنەوە و منداڵەکانتان. فڕی هونەری گەشبینی و هیواخوازییان بکەن. ئاگرچی منداڵان بە سروشتی و بە رەمەکی گەشبینن. تا ئەستاش دەروونناسان نازانن، بۆچی منداڵان لە رادەبەدەر گەشبینن.
پرۆفیسەر (لیا واترز) دەڵێت:"گەشبینی توخمێکی سەرەکیی دەروونییە. دەتوانین لە منداڵەکانماندا بیچێنین.. ئەوە چەکی نهێنی پڕوەردەکردنی منداڵانە، لەسەر بنەمای هێز".
لە جیهانێکدا، کە منداڵان رۆژانە بەرکەوتی میدیای دیجیتاڵی دەبن، پڕوەردەکردن و هاندانەدانی منداڵان لە تەمەنێکی بچووکەوە بە گەشبینی، دەتوانن بە کارامەییەکانی ژیانی بنەڕەتی وەک: خۆڕاگری، کۆنەدان، متمانە بەخۆبوون، بیرکردنەوەی ئەرێنی، سەزداری، بەبگەن. گەشبینی کاریگەرییەکی قووڵی، لەسەر شادی و دڵخۆشی و بەختەوەری منداڵان هەیە، توانایەکی زیاتری سەرکەوتنیان لە ژیاندا پێیاندەبەخشێت.
(دالای لاما) دەڵێت:" زەر گرنگە یارمەتیی منداڵان بدرێت، سەرەڕای سەختییەکان، دەست بە هیوا و گەشبینییەوە بگرن".
گەشبینی کلیلی سەرکەوتنە. ئەو منداڵانەی کە گەشبینن، لە خوێندنی ئەکادیمیدا سەرکەوتوون. بەڵام ئەو منداڵانەی کە دەبنە نەچیری ڕەشبینی، زەرجار لە رووی ئەکادیمییەوە، خۆیان لە دواوە دەبینەوە. زیاتریش تووشی شکستی و کۆشەی تەندروستی دەروونی و ستڕەسی دەبن.
دکتۆر (مارتن سەلیگمان) نووسەری پڕتووکی بەناوبانگ (منداڵی گەشبین) کە پڕفرۆشترین پڕتووکە لە (نیویۆرک تایمز)، دەڵێت:"تێگەیشتم کە فێرکردنی منداڵان بە گەشبینی، لەوە تەدەپڕەت کە تەنها راستکردنەوەی ڕەشبینی بێت. بەڵکو بریتییە لە بنیاتنانی هێزێکی ئەرێنی و تەوانینێکی داهاتووی گەشبینییانەی نەگۆ. دەکرێت بە درێژایی ژیان جێبەجیبکرێت. نەک تەنها بە بەرنگاربوونەوەی خەمەکی و هەساندنەوە لە شکستی. بەڵکو بە ئەوەی وەک بناغەیەک بە سەرکەوتن و چالاکی بێت".
گەشبینی لە ئەدەبیاتی منداڵاندا:

بەرهەمە ئەدەبییەکانی منداڵان، هاوشێوەی فەرمەکانی تری هونەری منداڵان، توانای دروستکردنی کاریگەرییەکی سەزداریان لەسەر خوێنەرانی منداڵان هەیە. نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان، دەتوانن سروشتی گەشبینیانەی کارەکتەری خەیاڵی
بە شێوازێکی جەراوجەر پیشان بدەن. گەشبینی بابەتێکی باوی ئەدەبیاتی منداڵانە، دەکرێت بە چەند ڕەگەزێک تەبینی بکەین:
١ـ کەتاییەکی خۆش: زۆربەی پەرتووکەکانی منداڵان، بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی بە منداڵان نووسراون. بە گەشبینی و ئەرێنی کەتاییان هاتووە. ئەم کەتاییانەش هەستی گەشبینی لە منداڵاندا دەچێنن.
٢ـ سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگییەکاندا: زۆرێک لە چیرۆکەکانی منداڵان، پاڵەوان و کارەکتەرەکانیان، ڕووبەڕووی بەرهەڵستی و سەختییەکان دەبنەوە و بەسەریاندا سەردەکەون. منداڵان لەیانەوە فێری ئەوە دەبن کە بە ئیرادە، متمانە بەخۆبوون، ئازایەتی و هیواداریەوە، دەتوانن کێشەکانیان چارەسەربکەن و بەسەریاندا زاڵبن.
٣ـ پەیامی ئیلهامبەخش: بەشێکی زۆری چیرۆک و هەنراوەکان بە منداڵان پەیامی ئیلهامبەخشیان تێدایە. سەبارەت بە خۆشەویستی و هاوڕێتی و میهرەبانی و ڕەحمی یارمەتیدان و جوانی ژیان. ئەمانەش تێڕوانینێکی ئەرێنی لە منداڵان پەروەردە دەکەن.
٤ـ فانتازیا و خەیاڵ: بەکارهێنانی فانتازیا و خەیاڵ، لە ئەدەبیاتی منداڵاندا، دەتوانن یارمەتیدەری گەشبینی بن. بەو پێیەی ئەم توخمانە ڕێگە بە منداڵان دەدەن، باوەڕ بە ئەستەم نەکەن و ئاواتەخوازی هەناندی هیوا و خەونی گەورەبن.
٥ـ وانەی ڕەوشتی: زۆرێک لە چیرۆک و هەنراوە و شانۆکانی منداڵان، وانەی ڕەوشتییان لەخۆگرتوون کە هاندەری گەشبینین. وەک: گرنگی میهرەبانی، دەستزی، باوەڕ بەخۆبوون، هاوکاری، خۆڕاگری، کەنەدان، سەرکەوتن،... هتد.
٦ـ هەوا: بەشی هەرە زۆری چیرۆک و ڕۆمان و هەنراوە و شانۆکان بە منداڵان، هەستی گەشبینی و هیوای هەناندیی داهاتوویەکی باشتر بە منداڵان دەبەخشن. فێری ئەویان دەکەن، کە لە سەختترین بارودۆخەکانیشدا، گەشبین و هیوادار و خۆڕاگربن.
٧ـ چارەسەرکردنی کێشەکان: ئەو منداڵانەی بە بیرکردنەوەی گەشبینی پەروەردە دەکرێن، توانایەکی باشتریان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا هەیە. لە ڕوانگەیەکی گەشبینییانەوە، فێردەبن و پەند و وانە وەردەگرن و خۆڕاگرییان بەرزدەبێتەوە. زیاتریش کراوە دەبن بەرامبەر بە بۆچوونەکان و

ئەزموونە نوێیەکان.
٨ـ سروشت و جوانی: زۆر جار چیرۆک و هۆنراوکان بۆ منداڵان، جوانی جیهانی سروشت و چۆڵ سادەکانی ژیان وەنا دەکەن. ئامانج پەروەردەیەکی پەیوەندیدار بە ئەفسوونەاوی جیهانی دەوروبەرمان و تێڕوانینێکی گەشبینانەتر.
٩ـ پەندی پێشینان: پەندی کوردی زۆرمان هەیە، کە هاندەرن بۆ گەشبینی و خۆڕاگری و کۆنەدان. دەکرێت مامۆستکانیان بۆ منداڵان رووون بکەنەوە. وەک:
"لە دوای تەنگانە.. شەنەیی دێت"، "سەبر تاڵە.. بەرەکەی شیرینە"، "شیر بەرە بەر.. دەبێتە کەرە"، " ئۆگەر سەبر بکەیت.. لە بەرسیلە حەلوا دەکەیت".
نەرویج: ٢٠٢٦

تیرۆژە ووتار.. نەوزاد بەندی

ـــ تیرۆژ ـ

تیرۆژ بریتییە لە چەپکە تیشکێک لە دیوەکی ئوناکۆی بە دیوەکی تاریک لە ژیگای کونکۆی.. وەک جگای فیشەکێک بە دەرگایەکۆی جگای نوکە چەقیەک بە ئاشماڵکۆی ..
بۆ پێیە تیرۆژ لەچاو خەردا، زۆر بچوکە، بۆیە کاتی خۆی ئەم ووشەیەم بە چیرۆکۆی لکاند، بوو بە تیرۆژە چیرۆک و پێش زیاتر لە چارەکە سەدیەک لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری چەند ئاژنامەیەکی ناخەدا، چەند کەمایەکم لە بەاوکردنۆی، بریتی بوون لە چیرۆکی زۆر کورت .. ئۆی بوو لە یەکێک لەو ئاژنامانەدا تۆڕکیان سەبارەت بە تیرۆژە چیرۆک ئاگیاند و لەگاڵ چەندەها چیرۆکنووسدا گفتوگۆیان ئەنجام دا، کەچی منیان بوارد و دیالۆگیان لە تۆکدا ساز نەدام ئۆی لە کاتۆکدا بوو کە زاراوەی تیرۆژە چیرۆک، خەم دامهێنابوو، کەچی ئای بەجگە لە خەمیان وەردگرت سەبارەت بۆ فەرمە چیرۆکە !!

ـــ ئاسم بەاو بکەنۆی نۆک بەرهەم ـــ

بۆ ئاستی تەماشایەکی پۆگە و تاڵە ئەدەبی و هونەریی و کەمایەتیی

و تەنانەت سیاسییەکانیش بکەن، کاردانەوەیەکی زۆر شەرمەندانەی خەڵک ئەبینیت بەرامبەر بە بەرهەمی نووسەر و بیریاران ..چەندین لاپەڕەی دوور و درێژ سەبارەت بە دیاردەیەک نووسراوە، کەمێنتەکی بە خوێندنەوەک پێ نەنووسراوە ..ژمارەیەکی زۆر کەم تەنها کلیکێکیان لەسەر کردووە، کەچی ئەگەر وێنەیەکی نووسەر و بیریارێکی لەگەڵدا بێ، ژمارەیەکی زۆر باری سەرنج و قسەی خۆش و گفت و گۆ کەدەکاتەوە .. هەر بۆیە ئەگەر ئەتانەوێت کەمێگا بەختەوەر بێت، لە جیاتی نوسین و داهێنان، وێنەی خۆتان بۆاو بکێنەوە.. ئاخر سیاسییەکان لە خەڵا وێنە و پێکەری خۆیان بۆاوناکێنەوە، ئەوان شارەزاترن لە کێف و میزاجی خەڵک و ئەزانن چۆن دڵخۆش و کێفسازیان بکەن.

ـــ هەرە گولە ـــ

ئینجا وەرە تەماشا بکە، گرانیبەڕ هەیە بیست سی ساڵە گرانی ئەیەت، هەشتا پێنجا کەسی لەدەور کۆنبوونەتەوە، کەچی گرانی هەرە گولە بە زیرەکی دەسکرد دروست دەکرێ و هەموو دنیا داگیر دەکات و بە ملیۆنەها خەڵک لە دەوری کە دەبنەوە، تەنانەت هەندێ خەڵکی دەتەقە حەز لە کچەکەی دەکەن کە بە زیرەکیی دەسکرد دروستکراوە .. ئەم حاڵەتە کارەک دەکات زۆربەی کایەکانی نوسین و بیرکردنەوە و بەهرە و داهێنان بکەوێنە ژێر پرسیارەوە ..واتا قوڵەکە زۆر خستە و ..ئەڵێن دوای چارەکە سەدەیەک لە ئێستاوە، ئیتر مرۆڤ پێراوێز ئەخرێت و بێ نیە هیچ جۆرە چالاکیی و جوڵەیەکی لە هیچ بوارێکدا هەبێ..

ـــ قەڵەباغیی جوان و قەڵەباغیی ناشیرین ـــ

هەموو دیاردەک جوان و ناشیرینیشی هەیە.. ئەو کەمێگایانەی کە تەمەڵ و تەوەزەل لەی دانیشتوون، ئەبنە مێگای دیاردە ناشیرینەکان ..بەو جۆرە ئەبنە زەنگاوێکی قەزوون ..
قەڵەباغیی ناشیرین یەکێکە لەو دیاردە قەزوونانەی لای خەمان هەیە، کاتێ مرۆڤەکان لە جێگایەک کەدەبنەوە، دیاردەی ناشیرین سەرهەڵەدات، چاوتێبرینی یەکتریی و تووڕە بوون و قیژە و فیکە و پاپۆنان و کەوتن و خلیسکان و غەڵەبە غەڵەب و خۆ بەیەکتر نوساندن و دەستدرێژیی سێکسیی بە مەیینەکانی ناو قەڵەباغییەکە، ئەم چالاکییە ئاژەڵیی و بەربەریی و ناشیرینانە، هەمووپان لە ژێر چەتری قەڵەباغیدا ئەکرێن.. واتا خەتای خەیان نییە و خەتای قەڵەباغییەکەیە..!
بەڵام لە کەمێگا پشکووتووەکاندا، قەڵەباغیی جوان هەیە، لە

میتـــرەدا، لە پەشانگاکانـــدا هەزاران کەس کە دەبنەوە بە بە ئەوەی کەس لـــە کەس بکەوێ، هەمـــووان لە ســـنووری خەیاندان و سنووری ئەوانی تر ناشکێنن، سواری یەکتریی نابن.. هەمنیی و هاوڕێیی و جوانیی ئەو جۆرە قسەباغیانە بەرەو دەبن.

ـــــ کۆیە ـــــ

پیایدا تێپەڕ ببێ، نە منـاڵێک ئەبینیت بە سکەتەرەکەوە یـان بە پاسکیلەکەوە لە کەنارەکدا بێت وبچێت .. نە پیاوێک بە دوو عەلاگەوە لەبەردەم دەرگایەکدا بێ .. نە دوو ژن ئەبینیت بە دەم گفت و گۆوە، سەرقاڵی بازاڕکردن بن .. نە چوار خوێندکار ئەبینیت، بە مەلزەمە و قسە و پێکەنینەوە، خەیان بکەن بە ڕێستەرانتێکی شاورمە و پیتزادا .. نە کتێبخانەیەک ئەبینی، کەمـڕێ تایتڵی نالی و مەحوی و ئەحلام مەنسووری لەوە دزە بکات بە چاوی پیادەڕەوان ..
ووردتەماشا بکە، نە سکرینێکی گەورەی پۆپاگەندە .. نە سینەمایەک .. نە شانۆیەک ..نە دوو کۆیژگە ئەبینیت بە کەکتەل و توتیی و تەیرلحوبەوە سەرقاڵ بـن . ئاسمانکەیشی نە کەلارێیکـی تێدا دەبینیـت، نە پەڵە مـراوی کەچەڕ.. نە هەڵانەی حـاجی لەقلەق ..نە کەمـڕێ وەرزشکار ئەبینیت خەیان بکەن بە جیمکدا .. نە هەیکەڵی تاوەرێک، نە مـڕێـک ..نە بینـایەکی جـوان ئەبینیـت .. نە دەنگـی گەرانیـێک، نە هەرەی غازفرۆشک ..نە لاواندنەوەی کەنەفرۆشک .. نە مەقاماتی پەشمەکفرۆش و عەمبەروەرەت فرۆشک ئەبیستیت ..نە ژنێک پەردەیەک دابداتەوە نە بەنی شفتە و تەماتە و باینجانی سووورکراوە لە دەلاقەیەکەوە دێتە ناو کەپوی ڕەبواران ..
نە وەستایەکی ئایزەگام ئەبینیت بە پەرەمزەکەوە خەریکی لادیوارە بێت..
بەوا ناکەن ؟ بڕۆن خەتان بە چاوی خەتان ببینن ..

تیکتەکاندن

ئەبە بزانین خوێندەرەکانمان چییان بەسەردا هاتووە و خەریکی چین .. ڕاستتان پێ بڵێم زۆربەیان لە پەگەکانی ئینیستا و تیکتەکن، یان خەریکـی دەڵـێـک تەنهـا دەڵـێـک شیعـرن بە پـارچە مۆسـیقایەکی ڤیقاڵدیەوە، یـان سەرقاڵی بـازاڕ کردنـی ئەمزۆنـن، گەنجـێک و ژنەکەی، بە کاڵـای گەڵاوەی ئەمزۆن، هەرچـی خوێندەرەکانمـانە بە خەیانیان بردووە، بە یەڵا جەماعەت ..یەڵا جەماعەت، هەر یەکەیان وەک یانەیەکی وەرزشییان لە هاتووە، یاریزان و هەواداری خەیان هەیە.
هەر بەیە باشتر وایە بە ئەمان و قسیدەکانتانەوە بڕۆنە تیکتەک و

ئینیستاگرامەوە ، هەوەبدەن هەندێ لە خوێنەرەکانتان بگێڕنەوە ئەگینا مەگەر خوێنەر بە AI بە خۆتان دروستبکەن یان واز لە نوسین بێنن و لەگەڵ دەخوازەکانتاندا فڕەشگایەکی ئینلاینی لە ئابکەشن.

نووسینەوەی ئابردوو لەژێر زەبری دەستکاندا.. ستار ئەحمەد

هەژوو هەمیشە ئەو گۆڕانە پێ لە ململانێیە بووە کە تێیدا ئابردوو وەک کەرەستەیەکی خاو لەلایەن هێزە باڵادەستەکانەوە داتاشراوەتەوە تا بشێت بە بەرگدرووێنی ئەستایان. کاتێک لە چەمکی نووسینەوەی مێژوو دەڕوانین، ناتوانین سەبارەی قورسی دەستکات لەسەر دەڵ و پەڕەکانی فەرامۆش بکەین، چونکە ئەوەی دەمێنێتەوە و وەک ئاستیەکی ڕەها پێشکەش بە نەوەکانی دواتر دەکرێت، زەرجار تێنیا ئەو گۆڕانەوەیە کە لە تاقیگەی بەرژەوەندیەکانی فەرمانڕەوایاندا پاڵوراوە. دەستکاتکان لە ڕۆگەی زاڵبوونیان بەسەر ئامرازەکانی تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەدا، هەمیشە هەوێیان داوە بیری کۆمەڵایەتی بەرەو ئەو ئاراستەیە بەرن کە مانەوەی خێیان مسۆگەر بکات، ئەمەش وایکردووە کە پرسەی نووسینەوەی ئابردوو لە جیاتی ئەوەی گۆڕان بێت بەدوای ئاستیەکاندا، ببێتە ئامرازێکی سەرکی بە ڕەوابوونی فەرمانڕەوایی و داپشینی شکستەکان. لەم سەنگێوە، مێژووی نووسراو هەمیشە لەژێر هەڕەشەی شواندن و سینەوەدایە، کاتێک تاقە یەک دەنگ دەبێتە بیاردەر لەسەر ئەوەی چی بگوترێت و چی بشاردرێتەوە.

ئەم دەستوەردانە بەردەوامەی دەستکاتکان لە گۆڕانەوەی ئابردووداە، زیانێکی گەورە بە ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووریی گەلان دەگەیەنێت، چونکە کاتێک ئابردوو بەپێی خواست و ویستی کاتیی فەرمانڕەواکان سەرلەنوێ دابەژرێتەوە، ئاستیە مێژوویەکان دەبنە قوربانیی بەرژەوەندیە سیاسیەکان. دەستکاتی سەرکوتکەر نێک هەر ڕووداوەکان دەشێوێنێت، بەڵکو هەوە دەدات جۆرە بیرکردنەوەیەکی

دەستکرد لەناو هزر و دەروونی تاکەکاندا بچێنێت کە تێیدا هیچ جۆگەیەک بۆ ڕەخنە و پرسیارکردن نەمێنێتەوە. لەم جۆرە هاوکێشە بەهێزکەرەدا، نووسەر و ڕووناکبیر دەکەونە بەردەم بڕپرسیارێتییەکی گەورە و مێژوویی؛ ئایا ببنە کەرەستەیەک لە دەستی دەسەڵاتدا بۆ جوانکردنی ڕووخساری دزێوی سەرکوتکاری، یان وەک پاسەوانی ڕاستی بمێننەوە و مێژووی ڕاستەقینەی گەلەکەیان لە فەوتان و شێواندن بپارێزن. ململانێی نێوان پێنووس و شمشێر، یان نێوان ڕووناکی و تاریکی، لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هەمیشە پێنووسی ئازاد و بێلایەن بووەتە مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆ سەر ئەو دەسەڵاتانەی کە دەیانەوێت تەنیا یەک دەنگ و یەک گۆڕانەوە لە کۆمەڵگەدا باڵادەست بێت.

ڕکابەرێک مێژوو لەژێر زەبری دەسەڵاتدا دەنووسرێتەوە، ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سادە و قوربانیانی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان بە تەواوی فەرامۆش دەکرێن و ناویان لە لاپەڕەکاندا دەسڕێتەوە. لەڕەدا مێژوو دەبێتە تەنیا تۆمارێکی سەرکەوتنەکانی فەرمانڕەواکان و جەنگ گەورەکانیان، لە کاتێکدا ئازار، ڕەنج، و خەباتی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان بە مانەوە و دادپەروەری پشتگوێ دەخرێت. ئەم جۆرە مێژوونووسییە یەک لایەنییە، کۆمەڵگە لە بینینی ڕاستی و وەرگرتنی پەند لە هەڵەکانی ڕابردوو بەبەش دەکات، ئەمەش وا دەکات کە خولگەی نەهامەتییەکان و دووبارەبوونەوەی شکستەکان بەردەوام بێت. بەپێ، ئەرکی سەرەکیی نووسەرانی ڕاستەقینە لە ئەستادا، سەرلەنوێ خوێندنەوە و پشکنینی ئەو مێژووییە کە بەمان بۆجماوە، تا بتوانن دەنگی کپکراوی قوربانیان و لایەنە شاراوەکانی ڕابردوو زیندوو بکەنەوە و ڕێگە نەدەن مێژوو وەک چەکێک دژی ئازادی و هۆشیاریی گەل بەکاربهێنرێت. ئەم گۆڕانە بەردەوامە بەدوای ڕاستیدا، تاکە ڕێگەیە بۆ ڕزگارکردنی یادەوەریی نەتەوەیی لە کەت و بەندی ئەو دەسەڵاتانەی کە دەیانەوێت داهاتووشمان بۆپێی ویستی خۆیان و لەسەر بنەمای ڕابردوویەکی شێوێندراو دابڕێژن.

ڕەوسیی ئەم ئەرکە لەوەدایە کە دەسەڵاتکان تەنیا بە نووسینەوەی مێژووی فەرمی ناوەستن، بەڵکو سیستەمێکی گشتگیر لە پەروەردە، ڕاگەیاندن، و کولتوور بنیاد دەنێن تا ئەو گۆڕانەوە دەستکردە بکەنە بەشێک لە باوەڕی نگەڵەی تاکەکان. کاتێک منداڵێک لەسەر تەختەی خوێندن تەنیا شانازیی دەستکرد و پاڵەوانێتی دڕێندەی سەرکردەکان دەخوێنێتەوە، هۆشیاریی مێژووییی ئەو لە تەمەنێکی پێشوەختەوە پێکدەخرێت و توانای جیاکردنەوەی ڕاستی و درۆی لەژوت

دەکرێت. ئەم جۆرە داگیرکارییە هەرچیەک، مەترسیدارترین شێوازی مانەوەی دەسەڵاتە، چونکە وایلەدەکات کەمەگەک خەی ببێتە پاسەوانی تۆندوتیژی و سەرکوتکارییەک کە بەسەریدا سەپێنراوە. لەرەوە، خەبات بۆ نووسینەوەی ئاستەقینەی ئابردوو، تەنیا کارێکی ئەکادیمی یان وێژەیی پێتی نییە، بەڵکو ئەهەندێکی بنەڕەتیی ئامیاری و کەمەایەتی هەیە کە ئاستەوخۆ بۆ پرسی ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤەوە گرێدراوە. پێنووسێک کە مل بۆ زەبری دەسەڵات نەدات، دەبێتە تیرۆ پشکێک بەسەر قەڵەمای درێکانیاندا و ڕەگەز خۆش دەکات بۆ ئەوەی گەل لە ڕەگەزی ناسینی ئابردووی ئاستەقینەی خۆیەوە، بتوانێت چارەنووسی داهاتووی بە دەستی خۆی دیاری بکات و چیتر نەبێتە قوربانیی کایە مێژووییەکانی هەڵە باەدەستەکان.

ئەلەم سەرنگێیەوە، پەیوەستە تێبگەین کە پاراستنی ئاستیە مێژووییەکان هاوشێوەی پاراستنی خاکی نیشتمان گرنگ و پێباێخە، چونکە نەتەوەی بە یادگەی ئاستەقینە، نەتەوەیەکی بێ ئاراستەیە کە بە ئاسانی دەخرێتە ژێر کاریگەریی هێزموونی هێزە دەرەکی و ناوخۆییە سەرکوتکەرەکانەوە. ئەوەی کە دەسەڵاتەکان هەمیشە لە ئەرشیف و دەکیەمێنتە کۆنەکان دەترسن و هەوڵی شاردنەوە یان سوتاندنیان دەدەن، سەلمێنەری ئەو ئاستیەیە کە ئابردوو خاوەنی هێزەکی ئزگارکەرە ئگەر وەک خۆی و بەبێ دەستکاری بخرێتە ڕوو. بەیە، نووسینەوەی ئابردوو لە دەرەوەی زەبر و زەنگی دەسەڵات، پەیوەستی بە جۆرەک لە ئازایەتیی وێژەیی و هزریی هەیە کە تێیدا نووسەر ئامادە بێت باجی ئاستگیریەکەی بدات تا بتوانێت نەوەکانی داهاتوو لە تاریکیی نەزانین و چەواشەکاری ئزگار بکات. ئەم پرسەیە لە بنەڕەتدا پرسەی دامایینی ڕەوایی لەو دەسەڵاتانەی کە تەنیا لەسەر بنەمای شاردنەوەی ئاستیەکان و قەرخکردنی گەڕانەوە مێژووییەکان دەتوانن درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، و تەنیا لە ڕەگەزی هۆشیاریەکی مێژووییەوە دەخنەیەوە کە کەمەگە دەتوانێت زنجیرەکانی ژێردەستەیی بپچڕێنێت و بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناکتر و دادپەروەرانەتر هەنگاو بنێت.

دیمەنی کۆمەڵگە: هونەر، وەرزش، سێکس و میدیا.. فەردا چەتین.. وەرگێڕانی: گەران عەبدوڵا

ئازادی؛ پایەی هەشمەندی و هەشیاری مرۆڤ بەرووی کێڵەتی و دوورخستنەوە لە کۆمەڵگە و سروشت، هەروەها تەنگەبەرکردنەوەی ژیان. ئەم هەشیاریەش دەکرێت بەدەستبێت لە ڕێی زانیارییەوە.
ئەنتەنیە گرامشی،(زانیاری لە لایەن هیچ کەسێکەوە مانەپێ نەکراوە هەروەها هەموو کەسێک توانای بیرکردنەوەی هەیە. فەلسەفە دەستێکی تایبەتمەند نییە، یان خوێندنەوەیەکی زهنی نییە تایبەت بە فێلەسوفەکان. هەموو بۆشاییەت فێلەسوفن. هەروەها دەڵێ: لەو کاتەی مرۆڤەکان هۆشیار دەبنەوەو بە ناوی خیانەوە قسەدەکەن و هەڵسوکەوت دەکەن، نوێنەرایەتی میکانیزمی هەڵ بزردەبێت.)
پێ میشێل فۆکۆ بەکەم سێیری ئەو باوەڕەی گرامشی دەکات سەبارەت بە ڕۆڵی تاک لەکۆمەڵگەدا. بەبەوای ئەو، خاڵێک پێویستی بەوە نییە کەسانێک فەریبکات بۆ ئەوەی راستییەکان بزانن. کۆمەڵگە هەموو شتێک بە ڕوونی دەبینێت وە دەتوانێت ئاکامەکانی شیبکاتەوە. بەهەرحاڵ، دەسەڵاتێک هەیە ڕێگری دەکات و زانیارەکان بە قازانجی خۆی بەکار دەنێت.
گرامشی و فۆکۆ ئەوەمان پێدەڵێن، هەموو کەسێک توانای لەکجیاکردنەوەی چاکە و خراپە وبینینی راستەکانیان هەیە، ئەگەر چەواشەکارییەک نەخوڵقێنرێت بە ڕێگرتن لە بینینی راستەکان. ئەجێلان ڕەبەری خەڵکی کورد ئەوەی ڕوونکردەتەوە کە هۆشمەندی گۆشەناکات تاکو کۆمەڵگە گۆشە نەکات، چونکە دەسەڵاتداران لە کۆنەوە بە ئێستا پیادەی ئایدیۆلۆژی بە کێڵە بوونیان کردووە.
" لە کۆمەڵگەی سۆمەری، نهەمی سەرەوەی زیگوڕات (Ziggurat) دانراوە بە خودای هۆشمەندی. نهەمی ناوەڕاست بە ئەو ئایندارانەی کاروباری سیاسیان بەڕێوەدەبرد. نهەمی خوارەوەش سازکرابوو بە پیشەوەران و جوتیاران کە لە هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنانەدا کاریان دەکرد. ئەو مەدەلە لە کۆنەوە بە ئێستا لە ڕووی ناوەرۆکەوە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، تەنها ئاست و قەبارەکەی گەورەتر بووە."
بیرمەندە چەپە سۆشیالیستەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتدارێتی ڕەهایی ئەمڕۆ لەلایەن " خودا نهێنییەکانەوە" بڕیوە دەبرێت. چونکە باوەڕی سەرمایەداری کە هەگری مەرکی زانستی

مەدەرنە لە رێی ئازادکردنی بازارو جیهانگیرییەوە رەوایەتی بە باڵا دەستی خێداوە بەسەر کەمەگە و سروشتدا بەشێوەیەکی جیهانی.
جیهانگیری وەک یەک سیستەمی جیهانی یەکسان و دادپەروەر نمایشدەکرێت، قودسیەتێک بە دونیای مەدەرنەو کاپیتالیزم دەدرێت کە خاڵیە لە هەموو نەرێنییەکی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی و گوناهی سیاسی.
جیهانگیری و جیهان وەک لادێیەک گفتوگۆی پێش خۆتنە، وێنەیەکی خەیاڵی لە مێشکماندا درووست دەکات کە هەموان تیایدا یەکسانن، هەموان براوەن، هەموان دەخەشن. لەگەڵ ئاوەشدا جیهانگیری ناوی سیستەمێکە دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان ئارەزوویانە دەستیان بە هەمان شت بگات، بەڵام تەنها دەوڵەمەندەکان لە توانایاندایە دەستیان بەوە بگات کە دەیانەوێت.
لەسەرەکەوە دەڵێن جیهان بۆتە لادێیەک، لەسەرەکی تریۆ ملیارەها دۆلار خەرجی بەمبی ئۆتۆمی دەکەن بە پاراستنی سنورەکانی ناو ئاو لادێیە. لەسەرەکەوە بە ئامار باس لەوە دەکەن کە چەن کیسە نایلۆنی بازاڕەکان بۆتە مایەی پیسبونی ژینگە و بۆتە مایەی هەڕەشە لەسەر جیهان، لەدەستەکەی تریۆ وەستگە ئۆتۆمبەکان دەکەنەوەو دارستانەکان لەناو دەبەن.
لەگەڵ هەموو ئەمانەی کە ووتەدا، ملیۆنەها لە خەڵکی هەژار لە وڵاتانی جیهاوجیۆرەوە بە پەڕەشووە گوێبیستی ئاو هەواڵ دەبن کە ناسا ئاستێرۆیەکی تری دەزیوەتە کە بە ژیان گونجاوە وەک ئەلتێرناتیڤێک دەتوانرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا گەشتی پێبکرێت.
لە ئاکامدا کەمینەیەک لە خەڵک کە مۆنۆپۆڵی سەروەت و سامانیان کردووە و وایانکردووە ئەم جیهانە بەکەڵکی ژیان نەیەت، هەوڵدەدەن خەیان بدزنەوە لەو بەرپرسیارێتییەی شەو کوشتار و قەیرانی ئابوری و ڕوتاندنەوەی سروشت و بە شێوەیەکی گشتی لەمەی کەمەگە بکەن بە هەژاران و چەوساوەکانەوە.
ئەگەر خەڵک تێنەگەن لەوەی کە ووتەدات، ئەگەر رازیبوون بەوەی کە دەسەڵات دەیانداتێ، پێویستیان بە گۆڕینی دەسەڵات نابێت. لەم کاتەدا تەنها (ئازادی هەڵبژاردنیان) هەیە لەنێوان ئەو پێدانانەی دەسەڵات دەیخاتە پێشیان. گیدنس -Giddens- دەڵێ: (هیچ هەڵبژاردەیەکمان نییە هەڵبژاردننەبێت) چونکە ئەوەی لەگەڵیدا بەرەو ڕووین (کەمەڵێک لە هەڵبژاردەی ئازاد).
سەرمایەداری پێویستی نوێ و جیاوجیاری فراهەم کردووە بۆ بەکارهێنان. داهێنانی پێویستی نوێ واتە دینامیکیەت و نوێبونەوەی سەرمایەداری. لەڕوی ئاوەزانی فیکرو پێویستییەکانی خەڵک دەبن. لەم خاڵەوە هەموو ئەم بوارانە تێکەڵاوی گەمەکە دەبن، تەڵەفزیۆن،

رۆژنامە، گۆڤار، ئیعلانات، سینەما، سێکس، بەشی مەدە، کەمەناس، دونیای خواردن، کلتور و هونەر.
گرنگیدان بە پرسەی "بەسەرمایەداریکردنی زانست، هێز و بنەماکردن لە کۆمەڵگەدا" ئەجێلان ڕۆگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی کۆمەڵگە و گۆشەکردنی، بە مانەپێلکردنی زانست دژگەنتەوە بە هەمان پرسە.
"ئەوەی لە ئەمەدا بۆتە جێگەی گفتوگۆ هەژمونی کەمپانیا زلەبەلاحە جیهانییە مانەپێلکەرەکانن کە توانیویانە گەورەترین هێکشان بە سەرمایەداری بدەن لە ڕووی مێژوییەوە، ئەمە پێیوندییەکی ڕاستەوخۆی بە لێکۆڵینەوەیەکی هەوەشاندنەوەی کۆمەڵگەوە هەیە. بەبە پرسی و بەاوکردنی کۆمەڵگە ناتوانرێت قازانجکی بەمشوێیە کەکبکرێت، بەبە هیچ ئامرازکی بەرهەمهێنان." ناوەندی چارسەری کێشە زانستەکان وەک مزارگەیەک گەاوە بە ناوەندی خوەقەنەری کێشە، نامۆبون و هەژمونی ئایدیەلۆژی.

کێشەو و قەیرانی زانکەکان و ناوەندە ئەکادیمەکان ڕۆگی لەناو ئەو دەخەدایە. بەیە دەسەاتداران، سەرکوتگەران، تەکچەکان، ئەوانەی سەیری کۆمەڵگە دەکەن وەک سەرچاوەیەک بە چەوسانەوە، گرنگترین ئەرک و حیکمەتەک لە زهنیاندابێت وەک یەکمین کار بیرکردنەوەیانە لە کۆمەڵگە لەوەی چۆن بتوانن مانەپێێی هەشمەندی بکەن، ئەمە بەو مانایەی پەرستگە دەبێتە ئەرکی سەرکی. پەرستگە دوو ڕێ دەبینێت.
یەکەم، کەنترێێی هەشمەندی ئەرکەکی بنەەتییە بە زانبوون.
دووەم، زەر گونجاو و لەبارە مامەەکردن لەگەڵ کۆمەڵگە و ئەو ڕوانگەیەی بەلایەوە بەهادارە.
هیچ کێشەیەک لە دووبارە بونەوە نییە: ئەگەر توانیت ئایکۆنەکانی نەتەوە، ئاین، سێکسیزم، وەرزش و هونەر بگەێی، ئەو کاتە دەتوانی کۆمەڵگە بەهەر ئاراستەیەکدا بتەوێت ببەی. دەستبەسەرداگرتنی هەشمەندی بنەەتیترینە بە گۆشەکردن، وادەکات کۆمەڵگە لەمەدا کراوەتربێت بەووی سەرمایەی دراوی جهانیدا لەهەر سەردەمێکی تر."
ئایا کۆمەڵگە و خەکانی سادە ئەم ناکۆکییە گەورەیە و ئەم زوەمە زەر دەبینن؟
بەداخەوە، نا، چونکە ڕێپێدراونییە.
Arundhati Roy دەێ، خەک بە چاو بەیار دەدەن.
خەک فەرکراوە هەژاری نەبینێت. چاویلکە لە چاو دەکەن بە ڕەگرتن لە بینینی چەوسانەوەو زوەم و هەاواردنی جنسی و وەرانکردنی سروشت. بەیە هەموو ناکۆکەکان وەلا دەنێن.
ئەوانەی مانەپێێی زانیاری دەکەن لەێی بە دیلکردنی عەقڵمانەو

دنیە ناو ئەو زمانەی کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین؛ زمانەکی نوێ درووستدەکەن کە ڕێ بە تاقانی و کوشتار و کوشتنی بە کەمەڵ دەدات لە ڕەی هەڵاواردنی سەکسی و خاوەندارێتی تاکگەرایی‌ەوە.
سیستمی جیهانگیری وەک سیستمەک کە هەمووان تێدا یەکسانین نیشان دەدرێت وە هەموو کەس تیایدا دەتوانێت براوەبێت. جیهانگیری و بەجیهانیکردن لە بری ئیمپریالیزم و ئیستعمار بەکار دەبرێت. لە جیاتی سەرمایەداری پێیان باشە بوترێت بازاڕی ئازاد. سەرمایەداری مانایەک دەبەخشێت واتە خاوەن سەرمایەو چەوسانەوە، بەڵام **ئازادی** وشەیەکی باشترە، بازاڕی ئازادیش ئازادی دەنێت.

ئەوانەی کەمەڵ کۆزی دەکەن و ئەوانەی بەدەنگی هەڵدەبژێرن لە بەرانبەر ئەم تاوانە و هەڕەشەدەن بە وشە پێردەپۆشی بکەن. لە جیاتی جەنگساید وشەیەکی ڕەونقدار بەکار دەهێنن (پاکتاوی ڕەگەزی).
پاساو بە داگیرکاری وەتانی تر دەنێوە بە درێی (شەڵ لە دژی تیرۆر).
ئەم کێشەیان وا ناساندووە (پۆیستی بە کۆتایە، سامانیش دیاریکراو) وەریانگرتوا بەسەر هەموو زمانەکانی دونیا،. بەهەر حاڵ پێچەوانەکەی ڕاستە. پۆیستی دیاریکراوە و سامانیش بەشی هەموو جیهان دەکات.
بەدەر لە زمان و بابەت هەمیشە و لە هەموو بنەیەکدا ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنن (ئەوە کەشی خۆتە). ئەم دەستە واژەیە هەموو کەس لە دژی یەکتر بەکاری دەنێت. ئەمە دەربەینکی ئەبەدی سیستمی سەرمایەداریە لە بەرانبەر هاوکاری کەمەڵایەتیدا. بەڵام چی ڕووداوە کاتێک کەسانێک لەبەرانبەر ئەم بارو دۆخە نا مرۆڤانەیەی سیستمی سەرمایەداریدا دەوستێتەوە؟
سەرەتا، ڕەوانە دەکرێن بە چارەسەرکەریش باس لە چارەسەری شەڕشگێڕانە ناکات. بەڵای ئەوانەوە کێشەکە لە بارو دۆخەکەو گوزەرانیاندا نیە، بەڵام لەم سیستەمدا ئەو کەسەی نایەوێت تێدا بژێت و لەگەڵیدا بسازێت بە نۆخش لەقەڵەم دەدرێت.
سەرکەترین و بەرایترین کارەک کە دەکرێت ئەنجام بدرێت لە دایەنگە و قوتابخانە سەرەتایەکاندا فێرکردنی ڕاهاتنە. منداڵان ڕادەهێنرێن بە خۆگونجاندن لەگەڵ سەرکوت و چەوساندەوە لە سیستەمی سەرمایەداریدا. ئەو منداڵانەی جەرەک پێیوندیدارن بە سەربەخۆبوونەوەو پرسیار دەورژێنن لەبەرانبەر ئەو سیستەمە، ئەوانە بە ناسەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن، ئەو منداڵانەی تر کەدەبن بەکارای ئەو سیستەمە بەسەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن.

جۆرج ئۆروێل (George Orwell) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی١٩٨٤ کە لە ١٩٤٩ نووسیویەتی: ئەوان لەمان دەگەڕێن بۆئاگا و بە زانیاریبین لەسەر ئەم بارودۆخە ترسناکە. ئالدۆس هەکسلی (Aldous Huxley) لە ١٩٣٢ لە کتێبەکەیدا The Brave New World لەو کەسانە دەترسێ کە بایی ئەوە زانیاریان کەمکە کردبێت بە ئەوەی خەڵک بە ئاراستەی پاسفیست و خۆپەرستیدا بەرن.
لە ڕۆمانی١٩٨٤ ی جۆرج ئۆروێل (خەڵک لە ژێر هەڕەشەی برسێتیدا کەنترۆڵ کراوە. هەروەها لە ڕۆمانی (دونیایەکی نوێی ئازا ی ئالدۆس هەکسلی) لە فۆزادا رایاندەگرن، نوقمی خۆشییەکی بێلەزەت دەکرێن…
ئیدواردۆ گالیانۆ (Eduardo Galeano) دەڵێ: (بۆفیردان، خۆنمایشکردن و دڕندەقی نابنە مایەی هەڵچونی ناوخۆیی، کارەکی سیرک، هەموو شتەک تەنانەت ڕۆح دەکرێت کاری کەین و فرۆشتنی پێوە بکرێت یان بکرێ بدرێت و بکار بهێنرێت… ئێمە هەموو بەشەکین لەم پڕۆگرامە شوناس جراو جڕ و سەتەلایتە جیهانیە. هەموو شتەکی ئەم گەردوونە تەفسیر کراوە بە ناوەندی هەز، تەفسیر کراوە بە سیستمەکی جیهانی لە درێ). ئۆروێل و هەکسلی پشتاستی دەکەنەوە.
کەواتە، چیبکرێت لەبەرانبەر ئەم دۆخە ڕەشبینییە؟ چیدەکرێت؟
ئاوەنەدانەوە لەوەی چ وانیەک لە قوتابخانە و زانکەکاندا دۆخوێنرێت، هەواڵی ڕۆژنامەو بەرنامە تەلەفزیۆنکان و ئەندازیارە کۆمپانیاتیەکان، لەوە تێبگەن کە ئەم سەرچاوە هەواڵیانە بەڵایەن نین. پرسیارکردن و چالاککردنی هەزی خەمان نیوەی چارەسەرکەیە.
ناڕازیبوون وەرتکردنەوە، جۆشان بەشوێنخەیدا دەهێنێت، چونکە کارکردن باشترین کارەکە بە ئاراستەی ئازادی خەڵکدا. ناڕازایەتی، ڕەتکردنەوە و پرسیارکردن بەواتای ئەوە دێت تاک و کۆمەڵگە لە جیاتی ئەوان بیردەکەنەوەو خەیان دەبنە سەرچاوەی زانیاری بە خەیان. بەرهەمی زانیاری لە هەی ئەم هۆشیاریەوە دەبێتە مایەی تەکۆشان دژ بە دەسەڵات. ئەم هەزە لەم ڕیەوە گۆشەدەکات و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت بەرانبەر ئەو هەزەی کە پێیوایە هەزەکە قابیلی تێکشکان نییە.

فەردا چەتین (Ferda Çetin)
دەرچووی کۆلێژی مافە لە زانکەی ئیستانبوڵ. وەک ڕۆژنامەوان کاریکردووە لە هەتەنامەی Yeni Ülke هەروەها ڕۆژنامەی Özgür Gündem و Özgür Ülke ئەمانە هەموو لە تورکیا باودەبنەوە، هەروەها Özgür Politika کۆلە ئەورووپا باودەبێتەوە. لەم کەناڵە

تەلەفزیۆنانەش کاریکردووە، Med TV, Medya TV, Roj TV, Sterk TV and Med Nuçe TV. ئێندامی یەکێتیی نووسەرانی فەرەنسا SNJو فیدراسیۆنی ڕۆژنامەوانی نێونەتەوەیی IFJ.

سەرچاوە:
Challenging Capitalist Modernity III
Documentation of the 2017 Conference
P55-59

کاریگەریی ژینگە لە سەر زمانی دایك.. فێنک تەعەت

لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری و تەکنەلۆجیا، کۆمەڵگەکان بەگشتی زیاتر بەرووی یەکتردا کراونەتەوە. ئەگەر لە کۆندا بازرگانی و دیپلۆماسیی هۆکاری سەرەکیی پێوەندیی نێوان وڵاتان بوون و زیاتر چینە دەسەڵاتدارەکان لێی سوودمەند دەبوون، ئەوا لەم سەردەمەدا گەشتوگوزار و تێکەڵاوبوونی نەتەوەکان بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی. ئەمەش وایکردووە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك، بەتایبەتی گەنجان، وڵاتی خۆیان جێبهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن.

چەند هۆکارێك لە پشت ئەم کۆچکردنەوە هەن، وەك: ناسەقامگیریی ئابووری و سیاسی، بێکاری، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتر و هەلی خوێندن. بگومان ژینگە نوێیەکە کۆمەڵێك ئاستەنگ بۆ کۆچبەران دروست دەکات، ناچاریان دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەیان، زمانی دووەم (زمانی وڵاتی خانەخوێ) زیاتر بەکار بهێنن.

بە تێپەڕبوونی کات، منداڵانی کۆچبەران زیاتر تووشی داخورانی زمانی دایك دەبنەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارنەهێنانی بەردەوامی زمانەکە و هەندێك جاریش بەهۆی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ نەتەوەی جیاواز. وردە وردە وشە و دەستەواژە ێەسەنەکان لە بیر دەچنەوە و نەوە لە دوای نەوە، زمانی دایك دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. ئەگەر

گریی لەم دیاردەیە نەکرێت، ئەگەری لەناوچوونی زمانەکە کارەساتکی چاوەڕوانکراو دەبێت.

ئەم پرسە تەنیا تایبەت نییە بە کورد، بەڵکو کێشەیەکی جیهانییە و بەشکی زۆری زمانەکانی دنیا ڕووبەڕووی هەمان مەترسی بوونەتەوە. زمانی کوردیش هەرچەندە یەکێکە لە زمانە دەوڵەمەند و دێرینەکان، بەڵام چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات، لە هەردوو ئاستی نووسین و قسەکردندا ڕووبەڕووی داخوران بووەتەوە.

یەکێك لە هۆکارە ناوخۆییەکان، سیاسەتی هەڵەی پەروەردەیی و گرنگیدانی زیاد لە پێویست بە زمانی بیانییە. هەندێك خێزان و ناوەندی پەروەردەیی (بەتایبەت ناحکوومییەکان)، منداڵ لە تەمەنکی زۆر بچووکەوە دەخەنە بەر خوێندنی زمانی بیانی، تەنانەت پێش ئەوەی بە تەواوی شارەزای زمانی دایکی خۆیان ببن.

ئەم کارە وایکردووە کە خۆشەویستیی منداڵان بۆ زمان و نیشتمانەکەیان کەم ببێتەوە. ئەمە لە کاتکدایە کە توێژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە، باشترین تەمەن بۆ فێربوونی زمانی دووەم، تەمەنی (٩-١٠) ساڵییە، واتە دوای ئەوەی منداڵ بەتەواوی لە زمانی دایکیدا قاڵ دەبێتەوە. دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە پەروەردەییە ناتەندروستە، بەووونی دەبینرێت، ئێستە لە ناو منداڵاندا توانای دەربڕینیان بە زمانی کوردی لاوازە. بگومان خێزانەکانیش، بەتایبەتی دایکان، پشکی شێریان لەم بەرپرسیارێتییەدا بەردەکەوێت.

پێشنیاز بۆ چارەسەر:
بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داخورانی زمانی دایك، پێویستە کار لەسەر ئەم خاڵانە بکرێت:
١. چاکسازی لە سیستمی پەروەردە: پێداچوونەوە بە پڕۆگرام و شێوازی وانەگوتنەوە و ڕەچاوکردنی تەمەنی گونجاوی منداڵ بۆ فێربوونی زمانەکان.

٢. پێڕەوکردنی پڕۆگرامی نیشتمانی: گرنگیدان بە وانەی نیشتمانی و مێژوو و ئەدەبی کوردی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

١. پەرەپێدانی زمانی ستانداردی نەتەوەیی: کارکردن بۆ زمانکی ستانداردی یەکگرتوو کە لە سامان و وشەی هەموو زاراوەکان (سۆرانی، کورمانجی، هەورامی، کەڵهوڕی، زازاکی و…) سوود وەربگرێت و لە ناوەندە فەرمی و پەروەردەییەکاندا بەکار بهێنرێت.

٢. ڕۆی خەزان: پەیوەستە گفتوگۆی ناو ماڵ، بەتایبەت لە خەزانە کچبەرەکانی دەرەوەی وڵات، بە زمانی کوردی بۆت بۆ ئەوەی منداڵان لە زمانەکەیان دانەبڕن.

٣. ڕێکخستنی چالاکیی کولتووری: ئەنجامدانی کۆبوونەوە و چالاکیی نەتەوەیی و کولتووری بەردەوام بۆ کوردانی دەرەوەی وڵات.

٤. بووژاندنەوەی ژیانی ئەدەبی: ناوەندەکانی خوێندن و ڕۆشنبیری دەتوانن مانگانە کۆڕی ئەدەبی و شیعری کوردی ساز بکەن بۆ هاندانی خوێندکاران.

٧. پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: هاندانی تێکەڵاوی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، بۆ دروستکردنی نەوەیەکی یەکگرتوو و نیشتمانپەروەر.

تێبینی:
وشەی داخوران ئاماژەیە بۆ ئەو قۆناغەی کە زمان تێیدا بەرەو لاوازی و پووکانەوە دەچێت، ئەگەر چارەسەر نەکرێت، قۆناغی دواتر لەناوچوونی تەواوەتییە.

فەنک تێعەت

کورد لە نێوان مانەوە و خنکیبوونداە. سەدیق سەعید ڕواندزی

میکانیزمی بەرگریی و ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیدەکان لە سەر بوون و ژیاندا، ویستێکی خەرسکانە و فیزیکییانەی هەموو بوونەوەرێکە، بۆ ئامانجی بەرگریی لە خۆکردن و مانەوەی لە ژیاندا. ئەم ویستە، لە دۆخی مەترسیی و هەڕەشەدا لە هەموو کاتێك زیاتر کارایە، چونکە کاردانەوەی ئەو هەڕەشەیە، کە مەبەستێتی کۆتایی بە بوون بهێنێت. لەو سەنگەیەوە کورد وەك نەتەوەیەك بۆ ئێستاشەوە، هەمیشە لە ژێر

هەڕەشەی نەمان و سڕینەوە و توانەوە دایە، بۆیە بڕگریکردن تاکە بژاردەی داکۆکیکردن بووە لەو مانەوەیە و پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی. ئەمە زەرجار بە گوتاری مانەوە ناو دەبرێت، کە گوزارشت لە مانەوە وەک نەتەوە دەکات. ئەم گوتارە گەلێک جار لای نووسەران و بیرمەندانی سیاسیی کان، دەکرێتە هەڵخنەیەکی سیاسی و ئاراستەی کورد خۆی دەکرێتەوە، کە بەچی ئەم نەتەوەیە هەر تەنها لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا ماوەتەوە و هەوڵی خۆیبوون و سەلماندنی خۆی نەداوە، وەک ئەوەی بەختیار عەلی لە کتێبی گوتاری مانەوە و مەسعود بابایش لە نووسینێکی دا، کە لە هەژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردەتەوە باسی دەکەن. بەگومان لە دەخێکدا، کە نەتەوەیەک تەنها بواری ئەوەی هەیە، بڕگریی لە خۆی بکات و گەر ئەو بڕگرییە نەمێنێت، دەسەردێتە وە ولە نێو دەچێت، چۆن دەتوانێت خۆی بێت و بیسەلمێنێت کە خۆیانە بوونی هەیە؟ کاتێ نەتەوە دەکەوێتە بەردەم نەمان، بژاردەی سەرەکی تەنها لەو بڕگریدایە کە نەتەوە دەپارێزێت، ئیدی هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان لە پەراوێز دەبن. لەو سۆنگەیەوە کە کورد وەک نەتەوەیەک، هەمیشە لە نێو گوتاری مانەوەدایە، ئەوا زەبرە مێژوویی و سیاسی و جیۆپۆلەتیکیەکە، ئەو فاکتۆیان سۆپاندوو، نەک ئەوەی کورد هەر بە خۆی خۆنی سیاسی گەورەتری لەو نەبێت، کە بوونی خۆی بسەلمێنێت و خۆیی بێت. ئەم واقیعە، وەک ئەوە وایە، جۆلادەک داوا لە زیندانییەک بکات لە نێو زیندانەدا، بوونی ئازادانەی خۆی و سەربەستییەکەی بسەلمێنێت، لە کاتێکدا هەموو پانتایی ژیانی ئەو لەو چوار دیوارە سۆپنراوەدایە کە زیندانییەکە تیایدایە. بۆیە ئەوانەی هەڵخنە لە کورد دەگرن کە هەر لە هەوڵی مانەوەدایە، ئەوا بەوام وایە هەشتا ماویانە لە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەکەی خۆیان بگەن، کە لە چ بارودۆخێکدایە. ئەمە لە جوگرافیایەک دەژین، تەنراو بە دوژمنان، وەاتەکی دابەشکراوین و لە هەژهەڕەاتەک داین، کە هەمیشە شۆنی شەڕ و ئاژاوە و ململانێ بووە، بۆیە ئەوەی کورد توانیویەتی بیکات، تەنها پارێزگاریکردن بووە لە خۆی کە ئەمەش گەورەترین شانازیی مێژوویی و سیاسییە، چونکە هەر ئەو گوتارییە کوردی وەک نەتەوەیەک هەشتەتەوە و ئەوانەی ئەم گوتارە، بە گوتاری قەتیس بوون لە نێو خودا و خۆینەبوون و خۆ نەسەلماندن لەگەڵ دەدەنەوە، پاساویی ئەو هەڵخنەیان زەرجار بڕاوردکردنی نەتەوەی ئەمەیە، بە نەتەوەکانی دیکەی دنیا، کە ئەمەش لەکەدانەوەیەکی زۆر نالەژیکی و نا سیاسییە، چونکە کاتێ ئەمانیەک خۆی سەلماندووە و توانیویەتی خۆی بێت، ئەوا هیچ مەترسییەکی نەمانی نەبووە، گریمان ئەگەر لە جەنگێکیشدا بەر هەڕەشەیەکی لەو شێوەیە کەوتبێت، ئەوا وەک مێژوو کەتایی هاتووە،

بەڵام کە دەتوانێت گرنتی ئەوە بکات، کورد بەیانی چی لێ نەیێت؟ ئەمە هەموومان چەند ساڵێك بوو، لە دەخێکی ئاسایی و کەمڵایەتی و سیاسیی جگیر و ئاشتەوایی دژیاین، کەچی لە پڕ هەزکی تاریك پڕرست و دواکەوتووی ئیسلامی وەك داعش دەرکەوت و شڵەکی گەورەی بە ئامانجی بە سەر ئەمدا سەپاند و گەر بڕگریەکانی پێشمەرگە و قوربانیدانەکانی نەبووایە، ئێستا کوردستان سەدیەك دەگڵایەوە دواوە، کەواتا چۆن نەتەوەیەك دەتوانێت خەی بێت، یان بوونی سیاسییانەی خەی بسەلمێنێت، گەر سەروەریی، دەوڵەتکی بەهێز، ئاسایشکی کەمڵایەتی و سیاسی و ئابووری جگیری نەبێت؟ لەم دەخانەدا، کورد دەتوانێت هەر ئەوە بکات کە لە گوتاری مانەودا بڕجەستە دەبێت، ئەوانەشی ڕەخنە دەگرن کە کورد ناتوانێت خەی بسەلمێنێت، دیارە لە تەوانینی خیانەوە واقیعەکە دەبینن، نەك ئەوەی کە هەیە!لە ڕاستیشدا، ڕەشنبیری کورد کاتێ ناتوانێ هەزی گڵانکاریەکان بێت، ئەوا لە بەر ئەوەیە یان لە دوای کەمڵگەکەیەتی، یان سەد فرسخ لە پێشەوەیەتی، لە کاتکدا دەبێ لە نەو جڕگەی واقیعەکە و هاوتڕیب لەگڵ کەمڵگەکەی بەوات، تا بە وردی درك بە خەوشە سیاسی و کەمڵایەتییەکان بکات و بزانێت کەموکورتی و خەوشکان لە کوێن، نەك بە ئەقڵکی خڕئاوایانە بەوانێتە نەتەوەیەك کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر، باجی ململانێ و شەڕك دەدات، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوەوە نییە.

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(9659) لە 18/5/2026 بڵاوکراوەتەوە.

چەقبەستوویی سیاسی و خڵگڕایی.. سەلام عومەر

کاتك بڕژەوەندیی حزبی خونی هەموان دەخاتە مەترسیەوە، خڵکان زیندوو دەبنەوە و میلیشیاش چەکەکانی پاك دەکاتەوە، ئەوە چەقینی یاسایە لەنو قوی دەسڵاتکدا کە بنەقیزش دەرچوونی ئێستەم دەبێت، لەڕدا ڕشماڵکانی دەسڵات شماڵك دەتوانێ لوولی دبدا. هەرەمی کوردستان لەوتەی هەیە هەر بەقناغکی مڕژوویی هەستیاردا

تەپەی دەبەت، کە کەمتر مژووی هاوچەرخی کوردی بەقەت ئەمەی تێبینی حزی تاکەکان و فراوانی بنەماکانی کردووە، ئەو دەستکەوتە نیشتمانی و دەستووریانەی کە بە خوێنی هەزاران شەهید و قوربانیی بەشوماری گەلەکەمان هاتنەدی، دواجار نەك هەر نەیانتوانی ببنە سەکۆیەك بۆ ئارامی و خۆشگوزەرانی، بەڵکو ئەمەی لێ بەردەم مەترسیەکی ئاستەقینەی ناوخۆیی و دەرەکیدان، پاشنەری سەرەکی ئەم مەترسیەش، چەقینی پەرلەمان و پەداگریی خەڵکیانیە لەسەر دەسەڵات و پشتبەستنی دوو حزبی بالادەستە بە ستراتیژی سەکردنی دۆخەکە لەپێناوی بەرژەوەندیی کۆنەکانیاندا.
پەرلەمان کە دەبەت ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گەل و جۆگەی یەکلاکردنەوەی قەیرانە نیشتمانییەکان بێت، بەڵکو ململانێی دوو بنەماڵەی سەرەکییەوە تووشی ئیفلیجی و چەقین بووە. ئەم چەقینە تەنها کێشەیەکی یاسایی یان کارگێڕی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتێکی خەڵکی و عەشایەریی سیاسییە کە تێیدا بالادەستی و قەرخکاریی هەز لەپێش هاوڵاتیبوون و دامەزراوەییەوە دادنرێت.
ئەم دوو حزبە کاتێك ناتوانن لەسەر دابەشکردنی کورسی دەسەڵات ڕێکبکەون، پرسەی پێکهێنانی کابینەکانی حکومەت دوا دۆخن و دامەزراوە دەستووریەکان پێکدێخن، یان دەیکەنە منەت و بەبەرامبەر بە هاوڵاتیانی دەفرۆشنەوە، هاوکێشەکە ڕوونە: پشکی زیاتر لە هەرەمێکی پارچەکراو و لاوازدا، لای ئەوان هێشتا بەنرختر لە هێشتنەوەی هەرەمێکی بەهێز و یەکگرتوو، ئاکامی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیش، ڕێشەکێشکردنی هەواشی ئەو خوونە مەزنانەیە کە گەلەکەمان دەیان ساڵە چاوەڕوانی دەکات.
ئەوانەی ئەمەی لەپێناوی دەسەڵاتی زیاتردا کەسپ دۆخنە بەردەم یەکەیزی، تێناگەن کە لە کاتی هەر دامانێکی قەوارەکەدا، خەیان دەبنە نیشانە و یەکەم گوللەی هەرەمایەتی بەر جەستەی ئەوان دەکەوێت، چونکە هەز ناوچەییەکان ڕەز لە لایەنی لاواز و پارچەبوو ناگرن و هەمیشە بانەو درزەکاندا دەن و هەوڵی فراوانکردنی دەدەن، وەك ئەو پلانە ژەهراویانەی هەیەدەنە سەر مەزەکانی هەردوولاو ئەوانیش دژی یەکتری نەشی دەکەن.
ڕەژانە لە میدیاکان و لەدوانی بەرپرسانی ئەم دوو لایەنەدا، شایەتی شەڕە دەنووك و قسە نەقیزە ئاسایەکانین، قسەگەلێك کە تەنها بە بریندارکردنی یەکتری و ڕاکێشانی سەزی کاتیی سەرشەقام بەکاردێن، پرسیارە جوهەرییەکە لەرەدایە، ئەگەر ئەو وزە و کاتەی بەم جۆرە دژایەتییە بەفیڕۆ دەدرێت، بخرایەتە خزمەت گفتوگۆیەکی کراوە و نیشتمانی، ئایا دۆخەکە بەم ئاستە دەگەیشت؟
ئاخر تاکەوی لە بیاردا هەمیشە شکست دەهێنێت، پێویستە حزبە

باڵادەستەکان گوێ لە هەزێ سیاسییەکانی دەرەوەی خۆیان و ڕۆکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نوخبەی ڕۆشنبیر بگرن، پێشاکی خۆ و بنەماڵە لەخۆیان بکەنەوە و چاو لە رابردوو بکەن تا ئایندەیەکی گەش بۆ هاوڵاتیان بدەزنەوە ئەوکات گفتوگۆی نەرم لەپێناوی هاوڵاتیاندا ڕێگەی دەرباز بوونیان دەبێت و دەبێت ئامانجی کۆتایی ڕۆکخوتنکان دابینکردنی بژێوی و خۆشگوزەرانی و پاراستنی کەرامەتی هاوڵاتیان بێت، ئەوکات زمانێ زبر و تیژکان دەگۆڕێن بۆ زمانی لەکتگەیشتن.
کاتێك نیەتکان بەرەو خزمەتی گشتی و نیشتمانی وەربچەرخێن، گەورەترین کێشەی سیاسییەکان کە ئێستا وەك کەوی سەرهێین دەبینرێن، تائاستی بیرچوونەوەی بچووك دەبنەوە، جیاوازیی بیروڕا لە سیستمی دیموکراسیدا دیاردەیەکی تەندروستە، بە مەرجێك نەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ماڵی کوردی لەبەردەم باهێزی دەرکییەکاندا، ئەو باهێزانەی لە سنووردکانەوە دێن و خەریکە تاوەی خەڵکان و دیوەخانی بنەماڵەکان لوولدات.

کاتی ئەو هاتووە پاشکشە بە عەقڵیەتی خەڵگڕایی سیاسی بکرێت و بنەمای هاوڵاتیبوون و پاراستنی خوێنی شەهیدان بکرێتە پێوەری سەرەکی تەنها لەو کاتەدا دەتوانین دنیابین کە گوللەی نەیاران ناگاتە جەستەی ئەم قوارەیە و مەژووش بە شانازییەوە باسی ئەم قەناغە دەکات.

گۆلەری ئارام\ ئالان بادینی و چاخی شاعیران .. کەی د.ئازاد حەمە



کۆچڕیيەکانی ناو شاخۆن.. مستەفا جەلال

هەڵم ئاوازی کۆچڕیيەکانی بە ئاشنایە؛
بە سازی بە وەتەر و
شمشاڵی بە کون
ئازار بەاو دەکەنەوە.

قافڵەکان لە ناو سیيەکانمدا خڕیکی کۆشانی نەخشێ کۆچن،
جەستەی منیان وەک خاکێکی بەخاوەن دەزیوەتەوە؛
بەنی سووتانی ئەو هاگایانیان لە دڵت کە هەرگیز نەیانبەی،
بەنی ئەو هیوایيان لە دڵت کە هەشتا مژوو ناوی نەناون.

شمشاڵکان، تەقینەوەی ئەو هاوارانەن کە لە گەرووی زیندانییەکاندا خنکاون،
بە ئەوەی بەدەنگی تەنیا جەرگی تری قیژە بێت
بەڵام بە ئەلفوبێی کلس و خڕ.

لەمە بەدواوە بیابانەکم لە ناو کیسەیەکی نایلەندا.
کچەریەکان لە ناو دەمارەکانمدا خوێتیان هەڵداوە و
بە بزماری ژەنگگرتووی یادەوەری،
دەم لە قووڵایی ئەم زەویە نامۆیەدا دەچەقێنن.

بۆیە سازی بە وەتەر دەژەنن؛
دەزانن..
کە گۆگەکان هەمیشە بەرەو "هیچ" دەچن،
چونکە تەنیا ئەو "نەژەنراوانە" ڕاستین،
تەنیا ئەو بریسکانە پیرەزن کە شوێنەواری چەقۆیان پێوە نییە.
خەزگە دەبووم ئەو تەزەی کە لە ژێر پێی "گوندرێژەکانیاندا" دەبێت
بە ونبوون،
نەک ئەم هەموو ئاگایەی کە وەک بەرد لە گەرووماندا جێ ماوە.
من نەوەی ئەو سەبرانەم کە خەر نایدەوێستن،
ئاوازی ئەو کچەریانەم کە تەنانەت خاکیش ڕەقی لێیانە.

لە یادگەی منداڵ.. شیعری: هەنگاو ئەسکەندەر

سەرینم قوڵاو یادگەم پەدەشت
مەگەر سەرەتا وشەکە نەبوو؟
ئەی گوناهی دەرکراوم
جەم مەهۆڵ
مەری غەریبی لە سەوکەم مەدە
داستانی زین و مەمکی تر لە ملم گرە مەدە
نە بایەک، نە ووردە لمی ژێر پەرستگایەک
بەسەر نزای چاوی سپیمەوە هاژەی نەکرد

تەوژمێک لە هەوەسی خودام نەشکردووە
وەک خەی شەوکانی ڕووتە و بە خەون هەناسە دەدا
لارسام، تینووی هەتاوە
درز کەوتەتە ڕووم تم
شەوەی لە کەتا هەنسکت دەکا
سەیرانم نشەوو خەمم سپێندار
ڕوحم دەژە و تەش هەواری خاەی

کتێب\ میتەدی فیکر، میتەدی ژیان.. فوئاد سدیق

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

FuadSdiq_MethodDownload

لە ئاوێنەی غەریبیەوە... دکتۆر ئەحمەد فاتح محەمەد

بە جەژنی قوربان...

بە یانییەە...
تەمکی قورس، قژی کەوکانی ئەم وەاتەی داهەناوە،
شەونم لەسەر گەڵای هەنارکان نزا دەکات،
مەلای مزگەوتی گەڕەکیش، بە دەنگکی ماندوو بەیام تژی لە ڕەح،
ناوی خودا بەسەر شەقامی خەواوودا دەبارێنێ.
ئەمڕە جەژنە...
بەیام بە من، جەژن تەنها گەیینی بەرگی کەن نییە،
جەژن، غەریبایەتییەکی قووترە لە ناو ماڵکی بەدەنگدا.

ئەم کەانەکان پێن لێ دابەشکردنی شیرینی و دەنگدەنگ و خۆشی
ووکەشانە،
بەڵام لە ماڵی منداا، بەدەنگیەکی پیرەز و قورس نیشتووە.

چۆن باسی جەژن بکەم، کاتێک بیرماڵەکەی دایکم کەکراوەتەوە و
سەبەری باوکم، چۆ و کێ ومات ماوەتەوە؟
ئەی خودای وشە و ووناکی!
ئەمە لەم جەژنەدا، کە دەبێتە قوربانی؟
مژوو دەڵێت: ئەمە مژوویەکە خەمان و حەسرەتمان دەکەینە قوربانی!
ئەمە، کە لە جیاتی هەموو شتەکانی تری دنیا،
خۆشی غەریبی، خۆشی یادگاری، و خۆشی تەنیاییمان
بەسەر بردی ئەم جەژگارە بەبەزەییەدا هشتووە.
ئەمە، من لە جیاتی دەستەکانی دایکم کە بۆنی نانی گەرم و خوانی
ئازاوەی لەدەهات،
بیرماڵی خیاڵ ئادەخەم ونوێژی شوکرانە دەکەم.
لە جیاتی تەسبیح وچاویلکەکەی باوکم کە جەماوە ،
دەنکە دەنکەی یادگاریەکانیان دەبژێرم و
لەگەڵ هەر دەنکەکەدا، حەسرەتێکی قووڵ بە تەپڵەینەی زەمەن
هەڵدەکێشم.
ئەوان نەماون… بەڵام لە ناو هەموو دڵێکی ئەم شیعرەدا، هەشتا
پیاسە دەکەن.
منیش لێرەم…
تەنیام وەک موسافیرێکی جەماو لە وەستگەیەکی چۆڵدا،
شیعرێک بە جەژن دەنوسم.
شیعرێک کە لە جیاتی دیاری و شیرینی،
ماچ و ئاشتی و سەبوری بەسەر دڵە بریندارەکاندا دابەش دەکات.
ئەی ئەو کەسانەی لە پشت پەنجەرەی تەنیایی خەتانەوە
سەیری ئەم جەژنە دەکەن و چاوتان لە جێ پەی ئازیزانتانە!
ئەی ئەو دڵانەی وەک پەلکە زێڕینە، دوای بارانی غەم، دەرکەوتوون!
جەژنتان پیرۆز…
با ئەم جەژنە، ببێتە جەژنی سەبووری بە دڵە تەنیاکان،
جەژنی ئاشتبوونەوەی مرۆڤ بێت لەگەڵ چارەنووسی خۆی.
جەژنتان هەر شاد بێت و
ڕۆحی ئازیزانتان هەمیشە غەرقی ووناکی… بێت.

مەرگی سەبەرکان لە ئەوارەی کەچدا.. پاقڵە ساڵح

جیهان ئەمڕۆ لە چاوی من، کەنارەکی هەندە دوورە
تەنانەت مەرگیش لێرەدا، وەک نزا کز و ملوورە

لە نێوان تەم و ڕەشەبادا، هاژەی باڵی مەڵەک دێت
دڵی ڕاحی مرۆڤەکە و لە ناو عەرشدا بەدیلکراوە

هەونە وەک زەنگی تەنیایی، لە شوشە و زیوی شکاوم
دەنگی مەڵ نییە، هاواری مرۆڤەکی جەهەنەمدراوە

لە ئاسمانەکی کە و مات، لەو پێی هەشیاریی کاتدا
تەقەی شووشەی دڵەک دێت و کەچی کەسیش پێی نەزانیوە

بە تەنیا لەم ئەوارەیە، سوجدە بە کزیی تیشک دەبەم
تەمەن وەک مەم کورت دەبێتەوە و لە ناو دەستما دەتوێتەوە

پاییز لێرە نییە ئازیز، پاییز لە ناو ڕەگی منە
بەم زووانە چراکەی منیش، لە ڕەشەبادا دەکوژێتەوە

ئازیزەکەم خەزگە ماڵئاوایی فەرمەکی تری هەبووایە، فەرمەک کە
تێیدا پەویستی نەکردبایە مرۆڤ جەستەی خۆی لێرە بەجێبهێڵێت و ڕاحی
ببات بە غەریبی

پاییز کە دێت گەڵاکان ناوەڕن ،ئەوە یادەوەرییەکانن کە لەبەر
قورسیی خەمەکانیان چیتر لقی دارەکان ناتوانن بەرگەیان بگرن.

تراژیدیا ئەوە نییە کە دەڤیت ئەوێیە کە دەزانیت لە دوای خۆت،
ئەو چاوانەی ڕۆژێک نیشتمانی تە بوون دەبنە گڕستانەکی سارد کە
ناوی تەیان تێدا نەژراوە

مرۆڤ کە دەمرێت، نابێتە تەپوتۆز، دەبێتە بەدەنگییەکی هەندە قورس
کە گوێی زەمەن کڕ دەکات

دەمەو ئەوارەیە و کەچێ، کە تۆ خەریکی ماڵئاوایی

دەمو ئەوارەیە و کەچە، کە تە دەست بەرداری منیت

هەموو دونیا غەرق بووە، لە نەو زەردەپەی تەنیایی
ئەوسایە کە تەدەگەیت، مرۆڤ وەک سەبەرەک وایە
هەموو شتەک بەجەدەهەت و خەشی لەناو کاتدا ون دەبەت

دەمو ئەوارەیە، کاتەک تە لە من جیادەبیتەوە،
ساتەوەختی نوقمبوونی ئەژە لە نەو زەردەپەی قەتراندا.

ئەوسا تەدەگەیت کایەی ژیان چەند بەهەحمە،
مرۆڤ پەش ئەوەی شونەکان بەجەبەهەت،
خودی خەی لە ناو چاوی ئەوانەدا دەکوژەت کە جەیان دەهەت.

تە دەبیت بە هیچ
منیش دەبم بە سەبەری ئەو هیچەی کە دوورکەوتەوە.